

# فاتیلا

ڕۆمان

مهاباد قەرەداغی

2016

ناوی کتێب: **فاتیلا**
نووسەر: **مەهاباد قەرەداغی**
جۆری کتێب: **ڕۆمان**
دیزاینیی بەرگ و ناوەڕۆک: **هێمن خدر**
نۆرەی چاپ: **چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٦**
تیراژ: (١٠٠٠)دانە
نرخ: **٥٠٠٠**
......
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٥٦٧)ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە.

**پێشکەشە:**

- بە گیانی پاکی هەموو پێشمەرگە شەهیدەکان و بەتایبەتیش ((ئاتیلا)).
- بە گیانی پاکی هەموو ئەنفالکراوە شەهیدەکان و بەتایبەتیش ((فاتم))

## ((١))

# ئارەقی یەزدانی

بۆ ئەوەی ئەو خەمە گەورە و قورسەی لە یاد بکات، جارێکی تریش خووی دابووەوە بە مەینۆشین. بە گەنجییش ئالوودەیەکی بێوێنەی مەی و ئەو ماددانە بوو کە هۆشیان دەبرد و ماوەیەک گەشتێکیان بە هەست و بیری دەکرد بۆ هەرکوێ خۆی ویستبای، بەڵام دواتر وەرچارخانێک لە ژیانیدا روویدا و ئامانجێکی پیرۆز وای لێکرد دەست لەو رەفتار و خووەی هەڵبگرێت و ببێتە دەروێشێکی تۆبەکاری بەرماڵ لە شان، ببێتە دەروێشی عەشق.

ئالوودەیەکی شەیدای مەی بتوانێ حەوت ساڵ خۆی رابگرێ و دەم بۆ پێک و پیاڵە نەبات، بە بێ چاودێری دکتۆر و بە بێ وەرگرتنی چارەسەریی و دەرمان، دەبێ چ موتیڤێکی مەزنی لە پشتەوە بێت! گومانی تێدا نییە، لە ژیانداهیچ موتیڤێک نییە لە خۆشەویستی کاریگەرتر و مەزنتر بێت، بەڵام ئێستا و لەم دوو مانگەی دواییدا دووبارە خووی داوەتەوە بە مەینۆشی و هەر کاتێ دەیبینی خەیاڵی بڵاوبۆتەوە و هەستەکانی مەستن، ئەی چ موتیڤێکی تر لە پشتی ئەم گەڕانەوەیەیە بۆ خاڵی سەرەتا، خاڵیی بێهودەیی؟!

دەشێ لە هۆکاری هەردوو دۆخەکە پرسیار لەدایک بێت، چی وای کرد ئالوودەیەکی مەینۆش، واز بێنێ و ببێتە دەروێشی تەریقەت و حەوت ساڵ لە بەر ئەو دەرگایەدا نزا بکات و بپاڕێتەوە و تەنها داوایەکی ساکار و سانایشی هەبێت، داوایەکی زۆر ڕوون و ڕەوا، بێ وەرگرتنەوەی بەرسڤێ! ئەی چ وەرچەرخانێکی تر لە ژیانیدا وای کرد دووبارە پەنا بۆ هاوەڵە دێرینەکەی ئەوسای خۆی، هی کاتی لاوێتی، «مەی»، بباتەوە و لەگەڵیدا هۆشی بەرەو گەشتە بێ جوگرافیاکان بنێرێتەوە؟

داخۆ لەبەر ئەوەیە کە ئەو لە دەرگای یەزداندا حەوت ساڵ پاڕایەوە بۆ بەدیهێنانی تاکە ویستێکی

سانا و سەنگین، بەڵام ئەو ویستەی بێ وەڵام مایەوە و نە ئاسمان نە زەمین نەهاتنە دەنگی؟! بشێ ئیتر بێئومێد بووە و دڵنیایە لەوەی کە ئاسمان وەڵامی نزاکانی ناداتەوە و هەرگیز بە مەبەستەکەی خۆی ناگات؟! ئەی مەگەر ناوترێ خوا بەخشندە و میهرەبان و پشت و پەنای مرۆڤەکانە!؟ خۆ دەگوترێ ئەوی مەزن لێبوردەیە و لە گوناهە بچوک و گەورەکان دەبوورێ و وەڵامی نزای بەندەکانی دەداتەوە! کام ئایین وا پەسنی خودای نەداوە، کام پەیامبەر یەزدانی وا بە نەوە و نەتەوەکەی نەناساندووە، ئەی کەواتە بۆ ئەمی هەقناس و راستگۆ و عاشق بێ وەڵام مایەوە؟ چ پرسیارێک هێندە قورسە بە حەوت ساڵ وەڵام نەدرێتەوە، بە تایبەت ئەگەر پرسیارەکە ئاراستەی زانایەک کرابێت، کە لە پێناسەدا داناشە و کارزانیشە، پسپۆرە، بینەرە، بیسەرە، کە پاشای پاشاکانیشە!؟

ئێوارەکی کەمێ فێنک بوو. تازە گەرما وزەبەزێنەکەی هاوینی گەرمیان ماڵئاوایی لێکردبووین و مانگی ئابی شارە بچکۆلەکەمان بە ڕاستی تاقەتپڕوکێنە و خواخوامان بوو کۆتایی بەو وەرزە بێزارکەرە بێت. ئاخر پلەی گەرما لە چلەی هاویندا شاری کفری دەکردە دۆزەخێکی داخراو، شنەبایەکی فێنک هەڵیکردبا پێمان وابوو پەرجووە و لەبەهەشتەوە. پاییز هەر ئەو ڕۆژە لە دەرگای دابووین و بە خۆشییەوە لە پێشوازیدا دەرگامان لە ئاستیدا تا گازەرا خستبووە سەر پشت. بەڵێ هەر ئەو ڕۆژە پاییز بە شنەبای فێنکی خۆیەوە هاتبووە دیدارمان، چونکە بیست و یەکی مانگی ئەیلوول بوو، کە دەکاتە یەکەمین ڕۆژی وەرزی خەزان، لە بیرمە دروست ڕۆژی شەممەش بوو.

ساڵ و مانگ و ڕۆژ و تەنانەت کاتژمێر و خولەک و چرکەکانی ئەو ساڵەم بۆیە هەرگیز لە بیر ناچنەوە، چونکە ساڵی ڕاپەڕین بوو، ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری لە وڵاتی خۆمان، هی باوباپیرانمان، کوردستان، کە وڵاتی خۆمان بوو کەچی ڕژێمێکی داگیرکەر و دیکتاتۆر لێی کردبووین بە تاراوگە و نەیاندەهێشت ڕۆحمان بە ئاسوودەیی چێژی لێ ببینێت.

بەڵێ ساڵی ڕاپەڕین بوو لە دژی ڕژێمێکی دیکتاتۆری داگیرکەر، ڕژێمی بەعس کە لە بەغداوە فەرمانی بۆ مەرگی بەکۆمەڵ و زیندانیکردنی بەکۆمەڵی ئێمە دەردەکرد و جێبەجێدەکرد.

ساڵی هەزار و نۆسەد و نەوەد و یەک، مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو بوو بۆ زۆربەمان، شادی سەرکەوتن تێکەڵ بە خەمی دابڕان و کۆچ بووبوو. ڕووداوەکان خێرا خێرا ڕوویان دەدا و هیچ ڕۆژێکی ئەو ساڵە کۆپی ڕۆژێکی تر نەبوو، چونکە لە هەر یەکێکیاندا ڕووداوێکی تازەتر ڕووی

دەدا، بە جۆرێ لە جۆرەکان پەیوەندیدار بوو بە هەمووانەوە. لە پێنجی ئازاری ئەو ساڵەوە راپەڕین دەستی پێکرد و لە شاری ڕانیەوە یەکەمین پزیسکی شۆڕشی گەل و پێشمەرگە ئاوێزانی یەکتری بوون و ئیتر راپەڕین هێندە بە خێرایی سات بە سات دەهاتە پێشەوە و پێشوازیمان لێ دەکرد، دەتگووت ئاگرێکە و لە دارستانی چڕوپڕی ستەم بەربووە و کوژانەوەی بۆ نییە.

دەمزانی گڕی راپەڕین زوو دەگاتە گەرمەسێر، چونکە دڵی خەڵکی گەرمیان هەمیشە وەک کوورەیەکی جۆشدراوی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی لێیان دەدا. هەموومان تینوو بووین، تینووی ئازادییەک کە ساڵانێکی زۆر بوو لە خۆمان و تەنانەت لە باب و باپیر و حەوت پشتمان و بگرە زیاتریش، قەدەغە کرابوو. دەمزانی مەشخەڵی ئازادی هەر زوو لە شارەکەی ئێمەشدا هەڵدەبێت و خۆمان ئامادەی ئەو پێشهاتە ناوازە و وزەبەخشە دەکرد. هێشتا پیاوانی رژێم لە نێو شاردا بوون و هێشتاش زیندانەکانی ئەمن و پۆلیسی شار پڕ بوون لە رۆڵەی شۆڕشگێری کورد و باڵەخانەو و دامودەزگاکانی بەعس پر بوون لە پیاوانی ستەمکار و ڕەزاگران. پیاوانێک کە زۆر نامۆ بوون بە ئێمە و نە هاوزمان، نە هاوخوێن ونەهاوشاریی ئێمە بوون. لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هێنرابوون و هیچ خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ئێمەدا نەبوو، سەرەڕای ئەوەش پەروەردەکرابوون بۆ چەوساندنەوە و ستەمکردن لە ئێمەی کورد، ئێمەی خەڵکی شارەکە. ئەمە سیاسەتێک بوو پەیڕەوی دەکرا، تایبەت نەبوو بە شارەکەی ئێمەوە بە تەنها، بەڵکو بە هەموو کوردستانەوە.

بە هەنگاوە گورجوگۆڵەکانی دەستەیەک پێشمەرگەی پارتیزانی گەرمیان، کە سەردەستەیان هاورێیان حەمەڕەش و عوسمانی حاجی مەحمود بوو، بۆئازادکردنی دوو شارۆچکەکەی سەرسنوور، کفری و دووزخورماتوو، راسپێردرابوون، هاتن و هەنگاوە گورجوگۆڵەکانیان وەک فڕین وابوو لە ئاسۆی ئازادیخوازیدا و بە پشتیوانی خەڵکی تینووی ئازادی و سەربەخۆیی، شاری کفریمان لە دەی ئازاری ئەو ساڵەدا ئازاد کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی سنووری شارەکە تەماسی لەگەڵ رژێمی داگیرکەری بەعسدا هەبوو، زوو زوو هێرشی دەکرایەوە سەر، یانیش هەر لە دوورەوە بۆردومان دەکرا و خەڵکی سڤیل و پێشمەرگە شەهید دەکران و ماڵی خەڵک وێران دەکرا.

ئەگەرچی راپەڕینی سەرانسەری رەگ و ریشەی رژێمی دیکتاتۆری لە کوردستان هەڵکەند، بەڵام رژێم دەسەڵاتە ناڕەواکەی هێشتا کۆتایی نەهاتبوو، هێشتا لە بەغداوە بڕیاڕی دەدا و پیلانی دەگێڕا و بۆ درێژەدان بە ستەم هەڕەشەی ترسناکی ئاراستەی کورد دەکرد. هێشتا سووپای رژیم لە کوردستاندا، لە شارە سنوورییەکانی کوردستان لە ڕاوەدوونانی خەڵک کۆڵی

نەدەدا و بە چەکی قورس لە پەنای شارەکانەوە ناو شارەکانی بۆردومان دەکرد و خەڵکی ناچاری هەڵاتن و بەجێهێشتنی ماڵ و حاڵی خۆی دەکرد.

دوای راپەڕین و لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا، کە هێشتا تەمەنی راپەڕین ساوایەکی بیست رۆژە بوو، تەواوی خەڵکی کوردستان بەهۆی هەڕەشەی لێدانی رژێم بە چەکی کیمیایی، لە ماڵ و حاڵی خۆ دابڕان و کۆڕەوێک دەستی پێکرد، کە ناوی کۆڕەوی سێ ملیۆنی لێ نرا، چونکە نزیکەی هەموو کوردی باشوور ڕاونران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. هەڕەشەی چەکی کیمیایی شتێکی گاڵتە نەبوو، کەس نەیدەتوانی بە جیدی وەرینەگرێت، ئاخر سێ ساڵ پێشتر سوپای ئەو رژێمە لە شاری هەڵەبجەدا وای بەکارهێنا کە هەردەم لە یادگای کورددا تۆمار بێت و هەرگیز نەسڕێتەوە. لە تەنها کاتژمێرێکدا پێنج هەزار کوردی کوشت و زیاتر لە پێنج هەزاری دیکەشی بریندار کرد. هەڕەشەی بەکارهێنانی ئەو چەکە تا ڕادەی تۆقین سامناک بوو بۆ گەلێکی مارانگەستەی چەندین جار پەلاماردراوی بێ پشت و پەنا، بۆیە کە هەڕەشەی لێدان بەو چەکە هاتەگۆڕێ، هەموو بۆ دەربازبوون لەو چارەنووسە مەترسیدارە شارمان بەجێ هێشت و بەرەو سنووری وڵاتەکانی دراوسێ هەڵاتین.

چەند مانگێکی پێ چوو، تا دنیا بە دەنگمانەوە هات و لەو رژێمە دەستوەشێنە پاراستیانین و زۆنی دژەفڕینیان بۆ دابین کردین و هەڕەشەیان لە رژێم کرد کە نابێ لەو زۆنە نزیک بێتەوە. ئاخر وێنەی ئاوارەبوونی ئێمە و مەرگەساتەکانی رێگای دووورودرێژی کۆرەومان و چیرۆکی دڵتەزێنی مەرگی سەدان لەو رێگایەدا، بە کامیرای رۆژنامەنووسانی بیانی دەگەیەنرایە تەلەفیزیۆن و رۆژنامەکانی جیهان و خاوەنویژدانەکانی ئەوێش بۆ رزگاریمان لەو چارەنووسە، دەستیان بە هەوڵدان کرد. مادام میتەران کە ژنێکی ئازادیخواز و کەموێنەیە لە مێژووی خەبات بۆ مرۆڤایەتی، لە یەکەمین کەسەکان بوو کە هەوڵیدا وڵاتی فەرەنسا قایل بکات بە دەنگی کوردەوە بێت و ئەویش لە لای خۆیەوە وڵاتانی تری دنیا قایل بکات و کورد بپارێزێن. لە نێو ئەو بەدبەختییەشدا کورد ئەو شانسەی هەبوو کە فرانسۆ میتەران سەرۆکی فەرەنسا بوو، مادام میتەرانی هاوسەریشی بوو بە فریشتەی فەریادڕەسی کورد. کورد هەمیشە پێزانینی هەیە بۆ پشتیوانییەکان و مادام میتەرانیش هەرگیز لە بیر ناکات، جێی خۆی بوو کە ناوی دایکی کوردانی لێنرا. نزیکەی هەموو کوردستان، جگە لە کەرکووک لە نێو ئەو زۆنە بوو، بۆیە دوای چەند مانگێک لە ئاوارەیی و دەربەدەریی و ژیانی ژێر کەپر و دەوارەکان لە ئۆردوگاکانی سەر سنوور و نێو وڵاتانی دراوسێ، دووبارە گەڕاینەوە سەر ماڵ و نێو شارەکانی خۆمان، بەڵام کفری ئەو ساڵە هیچ ئارامیی بەخۆیەوە نەدی و بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی پەلامار و بۆردوماندا مایەوە.

بڕوانە چۆن قسە قسە بەکێش دەکات، باسی ئەوەم دەکرد کە ئەو ئێوارەیە، ئێوارەیەکی فێنکی یەکەمین ڕۆژی پاییز بوو. ماوەیەکی ئەوەندە زۆر نەبوو کە لە کۆڕەو، گەڕابووینەوە و دەمانویست ماندووبوونی ئاوارەییمان دەرچێت. ئێمە سێ مانگ لە ژێر ئەو ڕەشماڵ و کەپرانە ڕۆحمان گوشرا و دڵمان تۆقی، کە لە ئۆردوگای گردەنووی تیلەکۆ بۆمان چێکرا، لە نزیک قەسری شیرین. ماوەیەکی کەم بوو گوێمان لە بۆردومان و دەنگی تانک و زریپۆشەکان نەبوو، کە زوو زوو دەهاتنە دەوری شارەکەمان و بە چڕی بۆردومانی ناو شاریان دەکرد و ئێمەش ماڵەکانی خۆمان بەجێ دەهێشت و دەچووینە پشتی کەژەکانی کفری و ئێوارە دەگەڕاینەوە ماڵی خۆمان.
ئەو ماوە هێمنییەی شارم بە هەل زانی کە وەک پیشەی بەردەوامی خۆم کتێب بخوێنمەوە و بیر و باوەڕەکانم بهۆنمەوە و بنووسمەوە، بە تایبەت کە ڕووداوەکانی ڕاپەڕین و مەرگەساتەکانی کۆڕەو سەرمیان قورس کردبوو، کاتێکی ئارامم پێویست بوو بۆ دەربڕینیان. ئەو ئێوارەیەش کتێبێکم بە دەستەوە بوو دەمخوێندەوە و پێنووسێکیش لە نێوانی پەنجەکانی دەستەڕاستمدا بوو بۆ ئەوەی خەت بە ژێر دێڕە دڵخوازەکانی نێو کتێبەکەدا بێنم و جاروباریش ئیلهامی دێڕەکانی بیریان دەهەژاندم و لە پەراوێزی لاپەڕەکانیدا شتم دەنووسی، یان کۆپلەیەک شیعر، یان بیرۆکەیەک لە ڕستەیەکدا، بۆ ئەوەی دواتر بێمەوە سەریان و تەواویان بکەم.

تەواو ڕۆچووبوومە نێو قوڵایی کتێبەکە و ئاگام لە دەوروبەر بڕابوو، بۆیە کە «ئەو» سڵاوی کرد، سوکەڕاچڵەکینێک ڕاچڵەکیم. چاوم هەڵبڕی و بینیم دەستی هێناوە تەوقەم لەگەڵ بکات و منیش زۆر بەگەرمی و خۆشحاڵییەوە دەستم برد تەوقەکەی وەربگرمەوە و بە جۆری تەوقەکەیدا بۆم دەرکەوت ئەمجارە زیاتر لە جاری پێشوو سەرخۆشە. کە تەماشای ڕوخساریم کرد ڕووانیم لە چاوەکانیەوە خەمێکی قووڵ قەتیسماوە و بە ڕامانەوە لە منی دەڕوانی، دەتگووت لە ڕووخساری مندا بەدووی کەسێک یان شتێک دەگەڕێت. وەک ئەوەی ڕووخساری من نەخشەیەکی فراوان بێت و ئەو لە نێویدا بە وردی بەدووی ناوی دێیەکی زۆر بچووک بگەڕێت، لە نێو ئەو دێیەشدا بەدووی کەسێکی ونبوو، یان بێسەروشوێن بگەڕێت، ئاوا سەرنجی دەدام!

«ئەو» هەر بە سەر و سیمایدا جیاوازی دەنواند لە هاوەڵەکانی دیکەی، ڕەفتاریشی جیاوازتر بوو لەوان. بێباک بوو لە هەموو شتێ، بە بێباکییەکەی ناسرابوو، وەک ئەوەی هیچ خەمێکی نەبێت وا دەردەکەوت، بەڵام ئەوە بێخەمی نەبوو، کاردانەوەی کۆژانێک بوو، گەیشتە لووتکە و ئیدی ژانی تری هەڵنەدەگرت. بێباکییەک کە لە دنیای ئەدەبدا بە ئابسورد یان عەبەس پێناسە دەکرێت، لە ڕۆژئاوا بەو جۆرە کەسە بێباکانە دەڵێن هیپی، بەڵام لە کولتووری ڕۆژهەڵاتدا بە

سەرشێت دەبینرێت. ئەو بە ئازادییەکی زیاتر لەوانی دەوروبەری دەجوڵایەوە و تەنانەت زۆر ئازادتر لەوانی تر قسەی دەکرد، لەو جۆرە بوو کە تەنها یەک ڕووی هەیە، یان ئەوەی لە کوردەواریدا پێی دەڵێن هەرچی لە دڵییەتی لە سەر زمانێتی. کە خۆشیویستبای بە تەواوی و بێ سڵەمینەوە دەریدەبڕی، کە خۆشیشی نەویستبای هیچ بایەخی پێ نەدەدای و لە لای ئەو وەک نەبوو وابووی. بایەخی بۆ داب و نەریت و وات و ویت نەبوو، بایەخی بۆماڵی دنیا و شتە مادییەکانیش نەبوو. جۆرێک لە سۆفیێتی، کە بریتی بوو لە بێتەماحی و قایلبوون بەوەی «ئێستا» و «لێرە» هەیە، لە چاوەکانی دەدرەوشایەوە.

لەو شارە نەریتپارێز و بچووکەی ئێمەدا ڕەفتارکردنی ئازادانە بەلای خەڵکەوە نامۆ بوو، چونکە هەموو خەڵک یەکتریان دەناسی و بەو هۆیەشەوە هەموو پابەند بوون بە نەریتەکانی باوباپیرانەوە، ئەگەرچی هەندێ لەو نەریتانە وەک کۆت مرۆڤیان بەند دەکرد و ئازادییەکانی تاکیان زەوت دەکرد، بەڵام زۆرینەی زۆر پەیڕەوییان دەکرد و ئامادە نەبوون دەستبەرداری بن. گەر وەک هەموو ئەوانی تر و بە پێی نەریتە باوەکان ڕەفتارت نەکردبا دەشیا زۆر بە ئاسانی بە شێت، یان لادەر ناوت ببەن. بۆیە هەندێک کەس لەو ئازادییە تێنەدەگەیشتن کە ئەم دەینواند، بە تایبەتی کە سەرخۆش دەبوو، ئازادیی وتن و ئازایەتی دەربڕینە نەریتشکێنەکانی وای کردبوو هەندێ کەس وەک شێتۆکە تەماشای بکەن، بەڵام ئەو هیچ باکی بە کەس نەبوو.

باڵای بەرز و جەستەی باریک و بەهێز بوو، لە ڕۆیشتندا بە ئاستەم پشتی دەچەمانەوە و باڵەکانیشی دەکردەوە، بە گەنجی ئالوودەیەکی مەینۆش و چەقۆکێش بوو، جەربەزە و شەڕانگێز بوو، سەرکێشی وای دەکرد عەقڵ نەیدەبڕیی، زەڕەیەک ترس چییە لە سەری ئەودا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەو سیفەتانەشدا، کە لە پێناسەی کولتووری ڕۆژهەڵاتیانەی ئێمەدا بە خراپ دانراوە، ئەو نەک هەر مرۆڤێکی خراپ نەبوو، بەڵکو زۆر بە بەپێچەوانەوە، ناخی پڕاوپڕ بوو لە خۆشەویستی و چاوەکانی پڕ بوون لە سۆز و میهرەبانی و ڕۆحێکی بێگەردی هەبوو. بەهێزیی و جەربەزەییەکەی بۆماوە بوو لە باوکییەوە، باوکی بە پیاوێکی زۆر بەهێز ناسرابوو، بەهێز تا ڕادەی ئەو پیاوە بەهێزانەی کە لە چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا باس دەکرێن.
چاوەکانی قاوەییەکی تۆخ، نە زۆر گەورە و نە بچووک بوون، برۆکانی چڕ و پڕ و ڕەش بوون، قژی کەمی لوول بەڵام زۆر پڕ بوو، بەسەر شانەکانیدا شۆڕ ببووە و لە تەنیشتیشەوە لەگەڵ ریشە درێژەکەی و سمێڵی پڕیدا لە پەناگوێیەوە تێکەڵ بە یەکتر ببوون. بەم شێوازەدا زیاتر وەک دەروێش دەهاتە پێش چاو. دەوترێ گەر زۆر سەرنجی شێوەی مرۆڤ بدەی دەبینی هەر یەکەو دەچێتەوە سەر شێوەی گیانلەبەرێکی تر جیا لە مرۆڤ، لە سەروسیمای ئەوت ڕوانیبا

دەچووەوە سەر شێوەی شێر، شێرێک لە سەروەختی پشوودانداا. لە دۆخی ئاساییدا گەر نەتناسیبا وات دەزانی توورەیە چونکە کەمێ مات و توورە دەهاتە بەرچاو، بەڵام کە نزیک دەبوویتەوە لێی و دەیدواندی و دەتدواند نەتدەتوانی خۆشت نەوێ و هەست بە میهرەبانییەکەی ناخی نەکەیت.

لەوەتی هاتبووەوە، لە دووەم هەفتەی ئازادکردنی کفرییەوە، بەو جلوبەرگە کوردییەی پێشمەرگایەتییەوە دەبینرا کە ساڵانێک بوو ببووە ستایلی بەرگی ئەو. شاڕواڵ و مرادخانیەکی خاکی و کراسێکی شیریی و پشتوێنێکی قوماشی ڕەش، کە لەسەریەوە پشتوێنێکی قاوەیی قایش بەسترابوو، دەمانچەیەکی لە لاچەپی کەمەری دەبەست، ئەویش هەندێ جار پێی بوو، هەندێ جاریش نا. تەمەنی سی و پێنج ساڵی تەواو بوو، چونکە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦، بوو، بەڵام بەهۆی ئەو خەمەی کە لە خەیاڵیدا دەهات و دەچوو هەروەها ئازاری ئەو دابڕانەی کە سوێی خستبووە نێو هەناوییەوە، بە چەند ساڵێ گەورەتر لە تەمەنی خۆی دەبینرا.

فەرمووی دانیشتنم لێکرد و لەسەر ئەو تاقە کورسییە دانیشت کە خۆم پێش هاتنی ئەو لەسەری دانیشتبووم و لە دنیای کتێبێکەدا نوقمی خەیاڵێکی ئۆقیانووسئاسا فراوان بووبووم. کە دانیشت ئینجا دەستی منی بەردا و منیش لەو نزیکانە کورسییەکی ترم هێنا و لە دووری نیومەترێکەوە لە بەرامبەری دانیشتم. تەواو هەستم بە هەستەکانی دەکرد و دەمزانی دیسانەوە پەرێشانە و خەیاڵی بووەتەوە لانەی خەمەکەی، خەمێک کە تەمەنی گەیشتووەتە نۆ ساڵ، هەر ساڵە و ئاڵۆزتر لە ساڵی پێشوو دەروونی ئەمی گرێداوە.

کە دەهاتە لای من، بە تایبەت ئەو جارە، دەتگووت پەناهەندەیەکە لە پەناگەیەک دەگەڕێت تەواوی بوونی خۆی تیا حەشار بدا و بیەوێ لەو حەشارگە هەمیشەییەدا بۆ ئەبەد بمێنێتەوە. پێدەچوو حەز بکات لە دڵەوە هەرچی لە ناخیدایە بۆ منی باس بکات و بمکاتە هاودەمی ئەو خەمەی و چیرۆکەکەی خۆیم بۆ باس بکات، کە ببوە وێردی سەر زاری هاوڕێکانی و خەڵک و خوا. منیش لێرە و لەوێ و لەم و لەوەوە بەسەرهاتە خەمناکەکەیم بە پچڕ پچڕیی بیستبوو، بۆیە پێم خۆش بوو لە خۆیەوە و بەو هەستە پڕ لە راستگۆیی و گەرمەیەوە کە هەستم بە ژێیەکانی دەکرد، بیبیستم، بۆیە ئامادە بووم بە پەرۆشەوە چەند حەز بکات، گوێی بۆ بگرم.

پێڵووی چاوەکانی بە قورسی هەڵدەهێنا، بەڵام خەواڵوو نەبوو، بە پێچەوانەوە هەموو هەستەکانی بێدار بوون و شەپۆلێک سۆزی ناوازە و وزەی میهرەبانیی لێوە هەڵدەقوڵا و من بە تەواوی هەستم پێیان دەکرد. وەک خۆیشی گووتی چەند شەوێکیش بوو خەو لە چاوەکانی تۆرابوو،

بۆیە زیاتر مەی دەنۆشی، تا مەست بێت و هەستەکانی بحەسێنەوە و بخەون. کە لێم پرسی بۆچی دووبارە دەستی پێکردۆتەوە و هێندە دەخواتەوە، بە دێڕە شیعرەکەی هێمنی موکریانی و بە مەقامەوە وەڵامی دامەوە:

مەی حەڵالە بۆ منی وێرانە ماڵ/ بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین/ بۆ منی دڵ پڕ لە ئازار و برین
ئەم شەرابە تاڵە بۆ بێ دەرد نییە/ لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە.
ئەو شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە/ لێی حەرام بی ئەو کەسەی دەردی کەمە.

دوای تەواوکردنی مەقامەکەی هەناسەیەکی هەڵکێشا و جگەرەکەی نێوان دوو پەنجەی دەستەراستی بەرز کردەوە و توند و قووڵ مژی پێوە نا و بەدەم بەباکردنی دوکەڵەکەشیەوە ئاهێکی ساردی هەڵکیشا. ئەوە یەکەمین جار بوو بە گۆرانی دەنگی ببیستم. ئەو هەر لە هەرزەکارییەوە هونەری گۆرانی کەمەندکێشی کردبوو، ئەوەم بیستبوو، بەڵام ڕێکنەکەوتبوو پێشتر گوێم لە دەنگی بێت و نەمدەزانی تا ئەو ئاستە خۆش و کاریگەر و بەسۆز و خەمناکە. کە گوێم لە دەنگی بوو، چاوم پر بوو لە فرمێسک و دڵم پر بوو لە ئازار.
ئێمە خزمایەتییەک لە نێوانماندا هەبوو لە دیووی دایکییەوە، کە ژنێکی زۆر میهرەبانی دەم بە خەندەی هەمیشە ڕەشپۆش بوو. بە دایکیمان دەگووت «میم گوڵە»، خۆی ناوی گوڵبۆ بوو، خوشکی دادا ئاسکەم بوو. لە گەرمیان بە پوور دەڵێین میمی و بە نەنکیش دەڵێین دادا. سەرەڕای ئەو خزمایەتیەش من کەم ئەوم دەناسی. پێشتر کەم ڕێدەکەوت ببینم، ئەو دە ساڵ لە من گەورەتر بوو، هەندێ ڕەفتارییم وەبیر دەهاتەوە کە دەهاتە ماڵی دادام ئاسکە و ئەویش لێی تووڕە دەبوو پێی دەگووت ئەوە دیسان سەرخۆشی؟! هەموو جارێ لەسەر ئەو سەرخۆشییەی سەرزەنیشتی دەکرد و ئەویش پێدەکەنی و هەر گوێشی لێ نەبوو، بە بێباکییەوە بەدەمییەوە پێدەکەنی.

لە دوای ڕاپەڕین و بە تایبەتیش لە دوای کۆڕەو و گەڕانەوەمان بۆ کفری، بە چڕیی بۆ سەردانی دەهاتە لامان، نەمدەزانی ئەو متمانە و هۆگرییە لەناکاوەی لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لەو چەند مانگەی پێشوو، چەندین جار دەهات یان هەر لە دەرگاوە سڵاوی دەکرد، یان تاوێ دادەنیشت و قسەی خۆشی بۆ دەکردین، ئەگەرچی هەستمان بە خەمی پشتی قسەکانی دەکرد، بەڵام هەوڵی دەدا بە قسەخۆشەکانی خەڵکی تر شادمان بکات. ئەم هۆگرییەی هۆیەکی هەبوو کە من بە هەستی شەشەمم دەرکم پێدەکرد، دەمزانی پێویستییەکی رۆحی هەیە بە نزیکبوونەوە

لە کەسێک کە پەی بە جیهانی ناوەوەی ئەو ببات. دەمزانی  لە کەسێکی وا دەگەڕێت کە زمانی کۆدەکانی رۆح بزانێ و دەرکی بەوە کردبوو من بەهۆی شاعیربوونمەوە لە جیهانی رۆحە گیرۆدەکان و مرۆڤە خاوەنخەماکانەوە نزیکم، بۆیە منی هەڵبژاردبوو بمکاتە هاوزمانی خەمەکانی خۆی، هەر ئاوا ئەو هۆگربوونەییم بۆ خۆم لێک دەدایەوە.

«ئاتیلا» ناوێکی کەمێ سەیر و تایبەتە و کوردی نییە، ئەو ناوێکی تورکی نراوە، بەڵێ ئاتیلا ناوێکی تورکییە، دوو مانای هەیە، یەکەمیان بە مانای «دوارۆژ» دێت و دووەم مانایشی واتە "یاخی»، دواتر باسی دەکەم ئەم ناوەی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە رووی کارەکتەرەوە ئاتیلا لە مانای «یاخی»دا بەرجەستە بوو بوو.
بە «دکتۆر ئاتیلا» بانگ دەکرا و ئەم ناوە ئیدی بۆ هەموو کەس لە کفری و دەوروبەری هەم ئاشنا و هەمیش زۆر خۆشەویست بوو. خەڵکی ئەنفالکراوی هەموو دێیەکانی گەرمیانیش باش ئەویان دەناسی و زۆر خۆشیان دەویست، چونکە دکتۆر خزمەتی زۆربەیانی کردبوو.
لەو هەفتەیەدا سەردانەکانی چڕترکردبووەوە بۆ لای من. ئەوە سێیەم جار بوو دکتۆر ئاتیلا خۆی بکات بە ماڵی ئێمەدا و داواکەی لە من دووبارە بکاتەوە. دوو مانگ پێشتر لە فیستیڤاڵێک لە سەرتەکی بناری بەمۆ یەکترمان بینی، داوای کرد شیعرێکی بۆ بنووسم بۆ گۆرانییەکی زۆر عاشقانەی ئێجگارخەمناک. ئەو لە ساز ژەنیندا شارەزاییەکی باشی هەبوو، دەنگیشی زۆر بڵند و پیاوانە و هەستهەژێن بوو، لەرەیەکی گیانهەژین لە نێو تۆنی دەنگیدا هەبوو کاتێ مەقامی دەگووت، بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکیش گۆرانی دەچڕیی، بەڵام لە گەنجییەوە زیاتر سەرسامی گۆرانیبێژێکی تورک بوو بەناوی زەکی مورەن، کە زۆربەی گۆرانییەکانی وەکو خۆی و باشتر دەوتەوە.

کە داوای شیعری کرد بۆ گۆرانی، دەرفەت دروست بوو داوای لێ بکەم شتێکم بۆ بچڕێت، بە بیانووی ئەوەی بەڵکو لەسەر تۆنی سۆزی دەنگی خۆی شیعرەکەی بۆ دارێژم، داواکەم ئاراستەی کرد. پێدەچوو بیانووی پێویست نەبیت و خۆیشی لە خوای دەویست گۆرانی بڵێت، هێشتا دوا پیتی داواکە لەسەر زارم بوو دەستی کرد بە گووتنی مەقامە بەناوبانگەکەی عەلی مەردان کە شیعرە ناودارەکەی هەردی بوو:
((فاتمە! دووچاوی مەستت، پڕتەلیسمی جوانییە/ پڕشەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانییە/ بەژن و باڵاکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانییە/ لارولەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە گۆرانییە/ بوکی رازاوەی خەیاڵم چاوەکەم ست فاتیمە/ تاقە پڕشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە)).

مەقامەکەی هێند بە تاسە و خەمناکییەوە گووت، چاوەکانی من پێش چاوەکانی خۆی پڕ بوون لە فرمێسک. بۆم دەرکەوت کە ئەو مەیەی کە هۆشی بردووە ئارەقە یەزدانییەکەی دوو چاوی مەستی یارێکە، کە سێ ساڵە بە تەواوی لێی بێ هەواڵە و نازانێ مردووە یان ماوە! گومان دەکات کوشتبێتیان، بەڵام دڵیشی نایەت باوەڕ بەو گومانە بکات! پێنج ساڵی پێش ئەوەش یارەکەی لە نزیکییەوە بوو، دراوسێی ماڵ بەرامبەر یەکتری بوون، بەڵام هێندەی کێوی قاف سەخت بوو بە دیداری بگات. ئێستا نازانێ ئەم کوڵی دڵەی بە چی دامرکێنێتەوە. زانیم داوای شیعرێک دەکات زۆر کاریگەر بێت و دڵنشینی بێت و ئەمجارەیان تایبەت بێت بە فاتیمەکەی خۆی، کە بە فاتە و فاتم ناوی دەبرد. پێم گووت:

– بەسەر هەردووچاوم دکتۆر، شیعرێکت بۆ دەنووسم بە دڵی خۆت بێت.

– بەڵێن بێت؟

– بەڵێن بێت، بەڵام بۆ ئەوەی تەواو بەرجەستە شیعرەکە بە باڵای خەمی دڵی تۆ بکات، پێویستە تەواوی چیرۆکەکەتم بە دەمی خۆت بۆ باس بکەیت. دەمەوێ لە خۆتەوە بیبستم چیت بەسەر هاتووە. من زۆر شتم بیستووە سەبارەت بە چیرۆکی عەشقەکەت، بەڵام هێندە بەس نییە، دەمەوێت بەدەم باسکردنییەوە، من پرسیارت لێ بکەم و تۆش وەڵامم بدەیتەوە.

پێڵووی چاوەکانی بە قورسیی لێک نا، هەستم کرد پێڵووەکانی پەردەی شانۆیەکە و بۆ نمایشی کاریگەرترین دیمەنی داستانێکی بێ نموونە ئامادەی کردنەوەیە. هەستم کرد ئارەقە یەزدانییەکە بە تەواوی مەستی کردووە و لە پەنای پێڵوویەوە چەند دڵۆپێک ئەشکی ڕوون، ڕوونتر لە ئارەقە یەزدانییەکە بەرەو خوارەوە ڕێچکەیان بەست و کە دەگەیشتنە سەر ریشە درێژ و چڕ و پڕەکەی، ون دەبوون. خێرا بە لادەستی ڕاستی، کەناری چاوی سڕییەوە و پێڵووی هەڵهێنایەوە و دووبارە دایخستەوە. پەشیمان بوومەوە لەوەی داوایەکی وام لێ کرد و برینەکەیم کولاندەوە. داخۆ ڕۆژی چەند جار سوێی ئەم برینە هەستەکانی بکزێنێتەوە و دەروونی ڕامالێت! کە دووبارە پێڵووەکانی هەڵدایەوە و ویستی وا بنوێنێت کە تەواو، ئیتر ئاسایی بووەتەوە، چەند دەمارێکی زۆر باریکی نێو سپێنەی چاوی سەرنجیان ڕاکێشام کە سوور سوور ببوونەوە و لە شێوەی نەخشەیەکیش هاتنە پێش چاوم کە کۆدی داستانیکی دڵتەزێنی تێدا شاردرابێتەوە. هەستایە سەر پێ و دەستی خستە سەر شانم:

– بێگومان بۆتی باس دەکەم. وا هەست دەکەم تۆ جیاواز لە هەر کەسێکی تر لە زمانی ناخی من تێدەگەیت. بەڵام ئەمجارە ناتوانم، ڕۆژێکی تر دێمەوە و بۆت باس دەکەم ، بەڵام با ئامانەت بێت لە لات و بیپارێزە.

– مەبەستت چییە بیپارێزم، واتە نهێنییە و بۆ کەسی باس نەکەم؟

– بە پێچەوانەوە، بۆ هەموو کەسێکی باس بکە!
– کەواتە ناوی فاتیمە بوو!
– ئا، ئاخ ، بەڵێ، بانگیان دەکرد فاتم، هێندە تێکەڵ بەڕۆحم بوو هەمیشە دەمگوت تۆ فاتم و من ئاتیلا، گەر ناوەکەمان تێکەڵ بن دەبین بە فاتیلا.
–«فاتیلا»! زۆر ناوێکی جوانە!
کە بۆ رۆیشتن تەوقەی لەگەڵ کردم، لە نێو لەپی دەستییەوە هەستم بە هالاّوی ناخی دڵی دەکرد. زانیم ئەم پیاوە تا پلەی کولاّن ئازارەکانی هەڵدەقولێ و کەس ئاگای لەو تیرە نییە کە لە دڵی عاسی ماوە و دەرچوونی بۆ نییە. ئەو ئێستا لە هەستێکی شاعیرانە دەگەڕێت ببێتە پەنای قوڵترین برینی مێژووی ژیانی و ئەویش بە ژێی سازێک کە لە پیشمەرگایەتیشدا هاوەڵی بوو، وشەکانی بژەنێ و دەیویست هەموو کەس بزانێ دڵی ئەو پرە لە ژیلەمۆ و کوژانەوەی بۆ نییە! بەڵێنیشم پێ دا، لەگەڵ ئاوازدانەر و تیپێکی موزیک بیکەمە ئاشنا، بۆ ئەوەی دەنگی ئەو سنووری بازنەی هاوڕێکانی تێپەڕێنێ و بگاتە هەموو خەڵک، چونکە حەیف بوو ئەو دەنگە پڕ لە هەست و خۆش و دەگمەنە نەگاتە هەموو کەس.

## ((٢))

# ئەندێشەیەک

لە ناوەڕاستی هەفتەدا، جارێکی تریش هاتەوە و ئەم جارەشیان هەر بە خەستی مەست بوو. چەند پەڕە کاغەزێکی لوول دراو لە دەستی چەپی بوو، دەستی راستی بۆ تەوقە درێژ کرد. لە راستیدا من لە پیاوی سەرخۆش کەمێ سڵم دەکردەوە و لە منداڵییەوە لە پیاوی سەرخۆش ترسێندرابووین و وایان تێگەیاندبووین کە پیاوی سەرخۆش لێی نزیک بیتەوە پەلامارت دەدات، بۆیە بە منداڵییش ئێمەی کچانی قوتابخانە و گەڕەک، پیاوی سەرخۆشمان لە هەر کوچە و کۆڵانێ دیبایە یەکسەر تا دەمانتوانی و پێمان بڕی دەکرد، ڕامان دەکرد. ئەو ترسەی منداڵیی کەمێ کاریگەریی مابوو لەسەرم، بەڵام لەوەتی دکتۆر ئاتیلا بەسەرخۆشەییەوە سەردانی دەکردم و ئەو هەموو میهرەبانی و رەفتارجوانی و ئازادی و راستگۆییەم لێ دەبینی، ئیدی بە تەواوی ئەو ترسەی منداڵییم لە دڵ ڕەوییەوە. ئەمجارەیان نزیکەی یەک خولەک دەستی بەرنەدام، بەڵام هیچ رەفتارێکی نەشیاوی نەنواند و منیش چونکە لە نیەتپاکی ئەو دڵنیابووم، زۆر ئاسایی بوو بەلامەوە. تەنها کاغەزەکانی دەستە چەپی هێنایە پێشەوە و گووتی:

– مەهاباد گیان ئەمانە چەند لاپەڕەیەکن لە سەرگوزشتەی من، بیانخوێنیتەوە لە حاڵی دڵم تێدەگەیت. ئەوە بخوێنەرەوە و شتی تریشت بۆ باس دەکەم.

فەرمووم لێ کرد بێتە ماڵەوە و لە هۆڵەکە دانیشێ و قسەکانیم بۆ بکات، بەڵام برادەرێکی تری لەگەڵ بوو لە دیووی دەرەوەی دەرگای حەوشە چاوەڕێی دەکرد، بۆیە نەیتوانی و ماڵئاوایی کرد و منیش هاتمەوە و چوومە ژوورەکەی خۆم و یەکسەر دەستم بە خوێندنەوەی ئەو لاپەڕانە کرد، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ هەر دێڕێکیدا دەمتوانی سەدان حەسرەت بژمێرم.

ئای خودایە، من بوومە ژمێریاری ئەم حەسرەتانە یان بارگاوی بووم پێیان و بوومە بارهەڵگریان؟! هەستم بە قورسبوونەوەی سەر و شانەکانم دەکرد و هەستم کرد تەواو بارگاویم بە تەنەکانی

ڕۆحی ماندووی ئاتیلا. بیرم دەکردەوە خوێندنەوەیان چەند سەختە خودایە، ئەی تیاژیانیان چەند ئەستەم بووە بۆ ئەو پیاوە و بۆ ئەو کچەلاوە. کێ بەرپرسیاری هەموو ئەم ستەمانەیە کە لێیان کراوە؟

هەر حەسرەتێک لە دڵی هەر کەسێکەوە هەڵدەقوڵێت، گوناهێکە و کەسێک یان چەند کەسێک لێی بەرپرسیارە، بەڵام ئاکامەکەی پەخشکردنەوەی وزەی ڕەشە و دنیاکەمان تاریک تر دەکاتەوە. هەندێ جار خۆمان لە بەشێکی ئەو حەسرەتانە بەرپرسیارین و هەستەکانمان و بیرکردنەوەکانمان بۆمانی دروست دەکەن. ژینگە و داب و نەریت و یاسا و ڕێسا و سیستەمەکانی رامیاری و کۆمەلایەتی و ئایینی و پەروەردە، هەموویان لە دروستکردنی لەمپەرەکانی نێوان مرۆڤ و خۆی، مرۆڤ و مرۆڤ بەرپرسیارن و بەردەوام حەسرەتەکان نەفرەتەکان دروست دەکەن و نەفرەتەکانیش دووبارە حەسرەت دێننە دنیاوە.

بەدەم خوێندنەوەی ئەو حەسرەتانەوە فرمێسکم دەڕشت و شەپۆلێکی ئاوێتە لە بەزەیی و سۆز لە کانگای دڵمدا دروست بوو، هەستم بە دەنگ و هاژەی بەخوڕی ئەو شەپۆلە دەکرد کە دەیەوێت بەسەر هۆشمدا دابدات و ببێتە سروشی شیعرێکی سپیتر لە بەفری کوێستان و بێگەردتر لە ناخی دڵی ئاتیلا. بەڵێ دەمویست شیعرێکی هێندە عاشقانە بنووسم کە پڕ بەو کلێشە نائارامە بێت کە شوێن بەخۆی ناگرێت و دوێنێ دەرویشانە ئەم خەلوەت و ئەو خانەقا و ئەو پەرستگا دەگەڕا و ئێستاش ئەم مەیخانە و ئەوی تریان دەگەڕێت و لە هیچ کوێ سکوون ڕوو لە دەروونی ناکات. پێم خۆش بوو ئیلهامی ئەو شیعرە ئەو دیووی دەروونی عاشقێک پیشان بدات، کە دەستی لە دنیا بەرداوە و سۆفی عەشقێکە جاویدانە و بیکۆتایی، هەر دەڵێی چاوەڕوانی فەرمان و میهری ئاسمان دەکات تا هەڵبیڕێت و بتوانێ لە بەرزاییە هەزاربەهەزارەکانی فیردەوسی بەرینەوە بڕوانێتە تەواوی زەمین و لەوێوە وردتر و جوانتر، لە هەموو کون و کەلەبەرێکی زەمین، لە یارەکەی بگەڕێت، ئێ بەڵکو بیدۆزێتەوە! بەڵکو! دەستپێکێکم بۆ شەپۆلی سۆزەکانی ناخم دانا و وشەکانم بەم جۆرە هۆنینەوە..

«ئەی پەری ژین،/ ئەی نازەنین/ توبی و خودای پاکی ئەوین/ بمگەیەنە وێستگەی تەنگی ڕۆژی دواییم/ بۆ لای عەشقی بێ سەرەتا و بێ کۆتاییم/ بۆ لای یارم،/ چونکە گومان دەکەم لەوێ/ لەسەر بەرماڵی عەشقێکی پاک دەخەوێ.
ئەی پەری ژین! بێ ئەو ئۆقرەی نییە گیانم/ بهێڵە با کراسی جەستەم فڕێ دەم/ دوای خەلوەت و نوێژ و نزا/ لە باوەشی خۆمی بنێم،/ دڵمی وێدەم.
ئەی پەری ژین!/ لەوەتی ئەوم لێ ونە،/ هەر وەکو شێت تاوێ دەگریم،/ تاوێ بە خۆم پێدەکەنم/ لە نێو بیابانی خەما/ چی دەبینم وادەزانم ئەوە و خێرا ڕادەچەنم!/ توو بی و خودا،

ئەی پەری ژین/ بمکە هەڵم و با خۆر بۆ خۆی هەڵم بمژێ/. چیتر بەرگەی ژیان ناگرم/ ونبوونی یار/ وەک شاڵاوی ژەهری ئازار،/ بە ڕووی دەروونم دەپرژێ!/ گشت چرکەیەک ئەم تاڵاوی حەسرەتانە/ بە بەردەمی دڵی ویڵما/ بە بەردەمی نیگای لێڵما،/ دێ و دەمکوژێ!/ دێ و دەمکوژێ!

ئەمە سەرەتایەک بوو بۆ ئەو شیعرەی کە دامنا و نەمدەزانی ئایا گوزارە لە دەروازەی خەمەکانی ئەو دەرویشە عاشقە دەکات یان نا، شیعرێکی ئازاد بوو، بە ئازادی لە نێو ئاسمانی خەیاڵی مندا خەمی ئەوی دەچنییەوە و دەیکردە چەپکی وشە، بەڵام حەسرەتەکانی ئەو قابیلی سەدان بەیت و کۆپلەی هۆنراوە بوون، کە لە مێشکی خۆمدا تاوتوێیانم دەکرد و دامنابوو کە تەواو بوو پێشکەشی بکەم و ئەویش بە دەنگە خەمناکەکەی، لەگەڵ ژەنینی سازەکەی، بەجۆشتر لە مەقامەکەی عەلی مەردان، ئینجا ئەم بۆ فاتم، فاتمی خۆی، بە گوێی ئێمەیدا بداتەوە.

لە نێو نەخشەکەی چاویدا ئەم وشانەم دەبینی و منیش تەنها ئەرکی هۆنینەوەیانم لە ئەستۆ گرتبوو. ئەو شاعیر نەبوو، وەلێ هەستێکی شاعیرانەی ئاوێتە بە شێتی و شەیدایی تێدا بەرجەستە بوو. شێتییەکی جوانی هاومانای راستگۆیی و ئازادی و بێ باکیی و بێپەروایی. دامنابوو تا شیعرەکە تەواو نەبێت نەیدەمێ و کۆپلەکانیشی پیشان نەدەم، بەڵام پێدەچوو ئەو زۆر پەلەی بێت، من وام هەست دەکرد خۆی بۆ سەفەرێک ئامادە کردبێت، بۆ کۆچێک و بۆ گەشتێکی جیاواز لە هی پێشمەرگایەتی، بەڵام نەمدەزانی ئاخۆ ئەو هەستەی من راستەقینەیە یان هەستێکی راگوزەریی. ئەی ئەو ئەم پەلە پەلەی لە چی بوو، کە دەیوویست شیعرەکە زوو تەواو ببێت؟ بۆیە سەرەتای شیعرەکەش ئاوا بۆ من هات و داخوازی بوو لە پەری ژین بەرەو لای یاری ببات کە گومانی دەکرد لە وێستگەی رۆژی دواییدا لە خەڵوەتی هەمیشەیی عەشقدا دانیشتبێ و چاوەڕێی گەیشتنی ئەم بکات. کەمێ دواتر چەندین دێڕی دیکەشم نووسی بە «ئەندێشە»ی ئەو، کە لە دەروونیدا هەڵدەقوڵیی و من بە چاوی هەستەکانم دەمبینی چۆن هاڵاویان لێ بەرز دەبێتەوە: کێ دەیزانی ئەندێشەی سادە و گەشی من/ دەبێتە دەریایەکی وا پڕ گێژەن و قووڵ و بێ بن/ خۆشەویستی چەند جوانە، چەند داهێنەرە/ پەیامی پەمەیی خوایە، سروشی شیعر و هونەرە/ بۆکڕووزی ئاگرێکی شاڵاوبەرە ئەوینەکەم/ ئێستا مشتێ خاکستەرە دڵە پڕ لە برینەکەم/ ڕاوەستابووم لەبەر رێژنەی گڕی بارانی ناخی تۆ/ دەمگووت گیانە شیرینەکەم، بۆ یەک دەبین دە خەم مەخۆ/ دەمگووت پەپولەی ئاواتم، نە زریان، نە شاڵاوی قین/ ناتوانن دوورمان خەنەوە لە یەکتری و بۆ یەک ئەبین/ مەرج نییە لەسەر زەمین بێت ئەو گەیشتن بە تۆیە/ گرنگ ئەوەیە ئاوێتەی رۆحم بووە ئەو پشکۆیە/ لێرەش نەبێ لە دنیای دی دەتکەم بە هاورازم، گوڵم/ دەبیتە بووکی بەهەشت و لە باوەشت دەگرێ دڵم/ لەسەر عەرشی بەرینی خۆی ئاهەنگمان بۆ دەگێڕێ خوا/ پەری ئاسمان سەما دەکەن لە زەماوەندێکی ئاوا/ وا نەزانی بیرم چووە بەڵێنەکەم

ئەی شاگوڵی مێرگی هەستم/ بێ تۆ تاریکە دنیای من، لە هەناسەی خۆشم پەستم/ بە من بێ هەر ئێستا بفڕم، لە هەر کوێ بی بگەمە لات/ ببێتە پەناگەی رۆحم، سۆمای چاوت، نسێی باڵات/ تۆش بێدەنگ مەبە، لە هەر کوێی بانگم بکە تا دەتوانی/ با بتدۆزیتەوە گیانم، بزانێ لە کوێ پەنهانی/ گوڵم فاتم، دڵم فاتم، زیاتر مەڕۆ، ئەوە منیش بۆ لات هاتم/ موبتەلاتم، هەموو کاتم، بە گیان و بە دڵ لە لاتم.

هەرچیم دەنووسی، پێم وابوو هێشتا ماویەتی گوزارەی تەواو لەو تەنیایی و تاسە و سۆز و عەشقەی ئەو بکەم، بۆیە هەستم دەکرد هێشتاش ماویەتی ببێتە ئەو شیعرەی کە ئازاری ئەو وەک پەیکەرێکی سەرنجڕاکێش بەرجەستە بکات. دامنابوو تا تەواو نەبێت و تا هەست نەکەم شیعرەکەم ئەو عەشقەی بەرجەستەکردووە، نەیدەمێ، بەڵام خۆزگە وام نەکردایە و ئەو دێڕانەی چڕیبایە، بۆ ئەوەی حەسرەتێکی دیکەش نەچێتە سەر خەرمانی حەسرەتەکانی تری ئەو و، بۆ منیش نەبیتە حەسرەتێکی تر.

((٣))

# سترانێک دەبێ بە ڕۆمانێک

شنەبایەکی نەرمی پاییزی هەڵیکردبوو، تاک و تارا گەڵای لە دارەکان بەردەدایەوە. کاتژمێر دەی بەیانی بوو، منیش هەستێکی قورسی دڵتەنگی ناخمی تەنیبووەوە. هەندێ جار هەستەکانمان پێش ڕووداوەکان دەکەون و ئاگادارمان دەکەنەوە لە ڕوودانی شتێکی خراپ و دزێو، منیش هەستەکانم تێکڕایان و هەستی شەشەمم بە تایبەت ڕادار ئاسا گوێقوڵاخی زانیارییەکان بوو و زەنگی بە گوێمدا لێدەدا بۆ ڕوودانی کارەساتێک، کە دەشێ لەناکاو ڕووبدات. شەوی دوێنێش خەوێکی ناخۆشم بینینبوو، لە خەوما گوێسوانەی سەربانەکەمان ڕووخاوە و منیش بێ ئاگام لێی و هەنگاوم بۆ دواوە ناو لە ناکاو بە پشتدا کەوتمە خوارەوە و سەرم بەر گاشەبەردێک کەوت. لەو کەوتنەخوارەوەیە ڕاچڵەکیم و هەر بەڕاستیش بە ئازاری پشتی سەرم بەئاگاهاتمەوە. سەرئێشەیەکی تووند هەراسانی کردم. هێشتا بوولێڵی بەیانی بوو، کەڵەشێری ماڵی دراوسێکەمان دەیقووقاند. لە ماڵی ئێمە کەس بەئاگا نەهاتبوو، هەمووومان لەسەربان نووستبووین. لەژێر کاریگەریی خەوەکە، یان ڕاستتر بڵێم کابووسەکە، بە سڵەمینێکەوە هاتمە لای گوێسوانەکە و تەماشایەکی گەڕەکم کرد، چۆڵ و هۆڵ بوو، زیڕۆح بەخەبەر نەبوو. لەو بەیانییە زووەوە هەستەکانم وزەی خەمباریيان بۆ کێش دەکردم و لە دڵی خۆمەوە دەمگووت خودایە خێر بێت، دەبێ چی ڕوو بدات؟! ئاخر هیچ کاتێ نەبووە هەستەکانم بە خۆڕایی زەنگیان بۆ لێدابم، بۆیە ترسێک ناخمی تەنیبووەوە و دەتگووت چاوەڕوانی ڕووداوە نادیارەکە دەکەم!

ڕۆژی شەممە بوو، هەموو ڕۆژێ بە قەڵەمێکی سوور خەتێکم دەکێشا بەسەر ڕۆژێکی نوێی ڕۆژژمێرە هەڵواسراوەکەی سەر دیواری ژوورەکەم. ساڵەکە هەزار و نۆسەد و نەوەد و یەک بوو، مانگەکە ئۆکتۆبەر بوو، ڕۆژەکەش پێنج بوو، ئەو ڕۆژەی کە هێڵم بەسەریدا کێشا و لەو کاتەشدا خەوەکەم بە بیردا هاتەوە و وتم خودایە بە خێری بگێڕیت.

ئەو بەیانییە کە هەستام وزەی ئەوەشم تیا نەبوو دەموچاوم بشۆم و قژم دابێنم. چاوەکانم هەڵگلۆفی و باڵەکانم بادا و جلەکانیماڵەوەم بەهی دەرەوە گۆڕی و بە لاستیکێکی ڕەش قژەکەم لە دواوە توووند بەستەوە. پلانی چوونە دەرەوەم نەبوو، بەڵام هەستم دەکرد دەبێ ئامادە بم بۆ دەرچوونێک، کە خۆشم نەمدەزانی لەبەرچی دەبێ دەربچم. بەو ئامادە باشییەوە کتێبێکم لە باوەش نا و لە دالانەکە لەسەر کورسییەکی نایلۆن دانیشتم، بەڵام نەمدەخوێندەوە و ڕۆچووبوومە نێو دەریایەک لە بیرکردنەوەی پچڕ پچڕ و هیچ کام لەو بیرکردنەوانەم بۆ تەواو نەدەکرا و هێشتا بیرێک تەواو نەدەبوو ئەویدی خۆی دەسەپاند و هەمووشیان نەرێنی بوون. خۆشم نەمدەزانی بۆ ئەو ڕۆژە هێندە نەرێنی بیر دەکەمەوە. دەشێ هۆی ئەوە بووبێت کە لە دوێنێوە هەواڵەکان مۆژدەبەخش نەبوون و جۆرێک ترسیان لە دڵی خەڵک دروست کردبوو. تۆ بڵێی دیسانەوە نەیەنەوە و شار بۆردومان نەکەنەوە؟ دوور نەبوو، پێشبینیکراو بوو بۆ شارێکی وەک کفری، کە هەمیشە وەک قەڵغانی کوردستان سنگی بەر بۆمباکانی بەعس دەکەوت و خەڵکەکەشی لە جیاتی جارێ دەیان جار تووشی ماڵوێرانی و تالانی و کوشتن و بڕین و بۆردومان بوو بوون.

دەرگاکەمان خۆی کراوە بوو، بۆیە ئەو بێ لێدانی دەرگا خۆی کرد بە ژوورا. سیمایەکی شڵەژاوی هەبوو، جلە خاکییەکانی پێشمەرگایەتی لەبەر بوو، جگە لە دەمانچەکەی بەرکەمەری، ئەمجارە چەکێکیشی لە شان بوو، کلاشینکۆفێک بە شانی ڕاستییەوە، هەستم نەکرد سەرخۆش بێت، هۆشی تەواو لە جێگەی خۆی بوو. وادیار بوو فەرمانێکیان پێدرابێت بۆ خۆتەیارکردن. نازانم لە دوورتر چەند هاوڕێی دیکەی لەگەڵ بوو، بەڵام خۆی بە تەنیا هات و پێش ئەوەی من شتێک بڵێم، تەنانەت پێش ئەوەی سڵاویش بکات، بە پەلە پەل گووتی:
– مەهاباد، حەیاتم خێراکە بۆ شیعرەکە هاتووم، خۆ تەواوت کردووە؟
– نووسیوومە دکتۆر بەڵام هێشتا تەواوتەواو نەبووە، دەبێ پێدا بچمەوە. ئەم جارە هاتییەوە حەتمەن وەریدەگریت.

لەگەڵ دوا وشەمدا دەنگی بۆمبێک شارەکەی هەژاند. هێند نزیک بوو دەتگوت لە گەڕەکەکەی ئێمە لە زەوی داوە. دەرگا و پەنجەرەکان لەرینەوە و دەنگی شووشەی شکاوم لە ماڵی خۆمان و دراوسێکانەوە، گوێ لێ بوو. خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد و بە خێرایی گووتی:

–حەیاتم شیعرەکە بکە بە چیرۆک، بە ڕۆمان، بە داستان، من دەبێ بڕۆم چاوەڕێمن. ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێت لەوانەیە بۆردومانێکی خەستی شارەکە بکەن. باشترە لە شار بچنە دەرەوە. باشە؟! بڕۆن ها!
–خوات لەگەڵ! باشە، باش.. ئێوەش ئاگاداری خۆتان بن.

لە چاوتروکانێکدا ئەو لە ماڵەکە و لە کۆڵانەکەش دوور کەوتەوە و لە چاو ون بوو. خەڵکی شار لە ماڵەکان هاتنە دەرەوە و لە سۆراخی دەنگی بۆمباکە یەکتریان دەدواند. بۆمبێکی تر و یەکێکی تر و یەکێکی تر ئەو ناوەی هەژاندەوە. خەڵکەکە هەموو بە تەلیس و پریاسکەی جل و خواردنەوە بەرەو کەژوکێوەکان دەچوون، تا لە پەنا شاخێکدا خۆ لە ئاگری ئەو بۆمبایانە حەشار بدەن. ئەوەی باش بوو کەژوکێوەکان زۆر دوور نەبوون، گەر خێرا بە پێ رۆشتبای هەر چارەکێکت پێ دەچوو تا بگەیەتە پشتیان و خۆت لە بۆمباکان بپارێزی.

پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکان دامەزران و شاخی باوەشاسوار ببووە ئامانجی بۆمباکانی دوژمن و سەنگەری پێشمەرگە. کەژەکانی تری دەوروبەری کفری سەنگەریان لێ دامەزرێندرا و دەنگی چەکە سووکەکانی پێشمەرگە بە تەواوی دەناسرایەوە و گرمەی بۆمباکانی دوژمنیش گوێمانی کاس دەکرد. هەندێ کەس کە لە نزیکمانەوە بوون لە پشتی شاخەکان، بۆمباکانیان دەژمارد. گوێم لێبوو یەکێک گووتی ئەوە سەد و بیست دانە بهاوێژێت. خوایە ئەم شارە بچکۆلەیە چۆن بەرگەی ئەو هەموو بۆمبایە بگرێت! ئاوەڵناوی»بچکۆلە« هەر لەوساوە ببووە پێناسەی شاری کفری کە لە سەرەتای ساڵی حەفتا لەتیف هەڵمەتی کوڕی شار و شاعیرە نوێخوازەکەی کوردستان دیوانێکی شیعری بەناوییەوە دانا، دیوانەکەی هەڵمەت بەناوی» خوا و شارە بچکۆلەکەمان« بوو، بۆیە شارە بچکۆلە بوو بە نازناوی کفری.

هەر لە دە و نیوی بەیانییەوە تا کاتژمێر چوار و نیو، لە تۆپخانەکانی دوژمنەوە بێ هەدادان تۆپ دەنرا بە نێو شار و نێو شاخەکانەوە. لە عەسرەوە دەنگی بۆمباکان کەم بوونەوە و کەمتر بوونەوە، دەمەو ئێوارە دەنگی بۆمباکان نەمان و پێدەچوو لە دووربینەکانی پێشمەرگەکانەوە کشانەوەی زرێپۆشەکانی هێزی دوژمن بینرابن کە لە دەوروبەری هەردوو دێی کارێز و قنگربانەوە لە سنووری شارەکەمان کە پێنج کیلۆمەترێک لە کفرییەوە دوور بوو، دامەزرابوون تا ئێمە بۆردومان بکەن. دەنگۆکە گەیشت بەهەمووان کە لە پشت کەژەکانەوە خۆمان لە بۆمباکان دەپارست، گەیشت و خەڵک هێدی هێدی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان.

هەمیشە وایە و هەواڵی ناخۆش زوو بڵاودەبێتەوە تا دڵەکان بتەزێنێ و بلەرزێنێ، بسوتێنێ و بقرچێنێ و ئازار بدات. ئەو ئێوارەیەش هەواڵی ناخۆش هەر زوو تەواوی شاری تەنییەوە و رایچڵەکاندین. هەواڵی شەهید بوونی نۆ پێشمەرگە. هەمووان چووبووینە بەر دەرگا و دەمانویست بزانین کێ ماوە و کێ شەهید بووە؟ پێشمەرگەیەک لەوێوە تێپەڕی زۆر شێواو و خەمبار بوو، کەسێک پرسیاری لێ کرد و ئەویش بە هەستیکی ئازارلاوییەوە وەڵامی دایەوە:

-زۆر بە داخەوە! نۆ پیشمەرگەی قارەمانمان شەهید بوونە. بەداخەوە دکتۆر ئاتیلاشیان یەکێک لە شەهیدەکانە!

بە بیستنی ئەو هەواڵە وەک ئەوەی لەسەر شاخی باوەشاسوارەوە بەردرابێتمەوە، هەستم بە کەوتنی خۆم کرد. لەگەڵ ئەو هەستەدا خەوەکەم بیر کەوتەوە و کەوتنی نێو ئەو کابووسەی کە شەوی پێشتر دیبووم. ئاسان نییە کەسێک چەند سەعاتێک پێشتر لە لات بووبێ و ببیستی شەهید بووە، بە تایبەت دکتۆر ئاتیلاش بێت کە زۆر خۆشەویست بوو لە لام و بەهۆی چیرۆکە دڵتەزێنەکەی ژیانییەوە بە سیمبولی ئازاری عەشقم دەزانی. بێ ویستی خۆم فرمێسک بە چاومدا دەهاتە خوارەوە و لەبەر خۆمەوە وتم: نەخێر وا نییە، هیچ وا نییە.. مەحاڵە! ئەو شەهید نەبووە دەشێ بریندار بێت، بەڵام ئەو بەڵێنی داوە بێتەوە و شیعرەکەی وەربگرێتەوە.

هەرخێرا بیرم کەوتەوە نەخێر وا نییە ئەو بەڵێنی نەدا بێتەوە، بەڵکو شتێکی تری گووت. سەرسام بووم کە دوا وشەکانی سەرلەبەیانی ئەوم بیر کەوتەوە. یەکسەر دوا ڕستەی ئەوم هاتەوە یاد کە ئەو بەیانییە گووتی:
-«حەیاتم شیعرەکە بکە بە چیرۆک، بە ڕۆمان، بە داستان».

سەرسام بووم و قووڵ لەو دێڕە ڕامام. ئای خودایە لەو هەستە بەهێز و ناوازەیە، ئەو دڵی خەبەری پێدابوو کە ئەو شیعرە وەرناگرێتەوە! ئای خودایە، لەو ڕاسپاردنە پرمانایە، ئەو بەو ڕستەیەی مەبەستی ئەوە بووە من داستانی ئەو بنووسمەوە! چیرۆک یان ڕۆمانی ئەوینی ئەو بۆ مێژووی ئەوینداران تۆمار بکەم! جا بۆ نا، ئەوینی ئەو و چیرۆکەکەی چ لە داستانی شیرین و فەرهاد و مەم و زین کەمترە. دەتوانم سوێند بخۆم عەشقی لەیلا ناگا بە هی فاتم و ئاتیلاش لە مەجنوون مەجنوونتر بوو لە پیناوی عەشقەکەی. رۆحی ئەویش وەک هی مەم جوان و دڵی فاتمیش وەک هی زین پڕ بوو لە جوانترین ئەوین. بەڵێ ئەو بە بێ ئەوەی راستەوخۆ بیڵێت داوای لێ کردبووم و رایسپاردبووم بۆ ئەو ئەرکە. ئەی بۆ نا، دەتوانم سەرگوزشتەی ژیان و عەشقەکەی ئاتیلا و فاتم، بکەم بە کتێبێ. ئەی کتێبەکە ناو بنێم چی؟ دەنگی ئاتیلا و ئەو دێڕەی لە گوێمدا زرنگایەوە کە چەند رۆژێ پێشتر گووتی: «هێندە تێکەڵ بەڕۆحم بوو هەمیشە دەمگوت تۆ فاتم و من ئاتیلا، گەر ناوەکەمان تێکەڵ بن دەبین بە فاتیلا. « ناوی دەنێم «فاتیلا»، کتێبەکە ناو دەنێم «فاتیلا». بەڵێ جوانترین ناو بۆ بەسەرهاتی پاکترین عەشقی سەدەی بیستەم.

لەو خەیاڵە بوومەوە و هەر لەبەرخۆمەوە بە دەنگی بەرز بەڵێنم پێی دا، وەک ئەوەی کە لەبەرامبەرم راوەستابیت و تەماشام بکات، وا هاتە بەر چاوم. لێوەکانی خەندەیەکی پڕ لە ئارامیان بەسەرەوە نیشتبووەوە، چاوەکانی نەرم و هێمن بوو، مەستییەکی یەزدانی و پڕ لە بەرائەت مەست بوو، چ سەرخۆشێکی سۆفی و چ سۆفییەکی سەرمەست و بێگوناە بوو، هاوڕێ بێوەرەکەم. رووم تێکرد و پێم گووت: «خەمت نەبێ دکتۆر، شیعرەکەش دەنووسم و چیرۆک و ڕۆمانیش. بەڵێنت پێ دەدەم!»

وام هەست دەکرد خۆی نا، بەڵکو ڕۆحی ئەو بە ئاسوودەییەوە لە نزیکمەوە وەستاوە و بە خەندەیەک وەڵامی ئەو بەڵێنەمی دایەوە، کە بۆ نووسینی چیرۆکەکەی ژیانی پێم دا. ئیتر تەواو لە پەیامی ئەو تێگەیشتم و هۆکاری ئەو سەردانە چڕوپڕەی ئەو دواییە و ئەو متمانە و هۆگربوونەی بە منم بۆ دەرکەوت. زانیم ئەوە راسپاردەی ئەو نییە بە تەنها، بەڵکو راسپاردەی ئافەرێنەرەکەی ئەویش و عەشقەکەی ئەویشە و راسپاردەی رۆحی فاتمیشە و پێویستە بینووسمەوە.

کەواتە فەرموون لەگەڵمدا وەرن، با پێکەوە کۆڵان بە کۆڵانی ژیانی بپێوین، زەنگۆڵ زەنگۆڵ فرمێسکەکانی بژمێرین و کە ناتوانین هی ئەو بسڕینەوە فرمیسکەکانی خۆمان بسڕینەوە، با هەست بە دەنگی هەستهەژێنی خۆی و سازەکەی بکەین، لە میانەی ناڵەناڵی ڕۆحییەوە بە ڕاز و نیازەکانی عەشقەکەی ئاشنابین.

((٤))

# کوردێکی تورکمان

ئێستاش هەندێک دەڵێن کوردە و هەندێکیش هەن دەڵێن تورکمانە. ڕەنگە ئەمە هەر کێشە نەبێت بۆ هەندێ کەس، یان کێشەیەکی ئەوەندە گەورە نەبێ بۆ هەندێکی تر، چونکە مرۆڤەکان خۆیان نین کە دایکو باوکیان، یان شوێنی لەدایکبوونیان، یان نەتەوە و ئایینان هەڵدەبژێرن، بەڵکو ڕێککەوتن و پلانی گەردوونییە کە لە شێوەی ڕێکەوت بۆ ئێمە دەردەکەوێت و دابەشمان دەکاتە سەر خەڵک و نەتەوەی جودا، ئیدی بە زمانی جودا دەدوێین و کلتوورەکانیش دەمانکەن بە خاوەنی باوەڕی جودا و ئایینی جودا و دابونەریتی جودا. ئەوە لەگەڵ بیروباوەڕی هیپیئاسا و بیباکانەی ئاتیلا خۆیشیدا یەکی نەدەگرتەوە کە بایەخ بەوە بدات سەر بە چ نەتەوەیەکە، بەڵام پێویستییەکی ژیانی و گرنگ وای کرد بایەخی پێبدات و بۆ سەلماندنیشی زۆر بەپەرۆش بێت.

لە کاتی ئاساییدا هیچ بۆی گرنگ نەبوو کە سەر بە چ نەتەوەیەکە، بەڵام بۆ ئاتیلا خۆی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کە قۆناغێکی نائاسایی مێژووی وڵاتەکەی بوو، کێشەیەکی گەورە بووە و بە وردی و بە جیدی بەدوایدا چووە و ویستوویەتی کوردبوونی خۆی لە رووی یاساییشەوە بسەلمێنیت و یەکلای بکاتەوە. بۆچی دەیویست ئەمە بسەلمێنێت؟

کورد بەردەوام لە شۆڕش و لە شەڕی بەرگریدا بووە بۆ پاراستنی ژیانی فیزیکی خۆی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی. بۆ بەشداری لەو شەڕ و شۆڕشانەش لاوەکانی خۆبەخشانە چوونەتە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە. لاوانی کورد هەمیشە وەک پیرەمێرد لە شیعرەبەرزەکەی نەورۆزدا فەرموویەتی، «بەعەشقەوە دەچوون بە بەرەوپیری مەرگەوە»، ڕاستە وایان دەکرد بەڵام هیچ کات بە خۆڕا عاشقی مەرگ نەبوون و ئەوان هیچ کاتێک مردنیان خۆش نەویستووە لە پێناوی خودی مردن، بەڵکو ژیاندۆستانە و لە پێناوی سەربەخۆییدا جەنگاون، بۆیە چەند بە عەشقەوە بۆ بەرگری لە خاک و خەڵک شەڕیان کردووە، ئەوەندەش بە بڕواوە کە شەڕی ناڕەوا بەسەریاندا سەپێندرابێت، لێی هەڵهاتوون و نەیان کردووە.

بوون بە سەرباز لە سوپای عێراق شتێک نەبوو بە ویستی پیاوان خۆیان بێت، بەڵکو لاوانی وڵات ناچار بوون بە پێی یاسا و فەرمانی دەوڵەت دوو ساڵ سەربازیی بکەن و کە جەنگیش هەڵدەگیرسا بە زۆر دیسانەوە راپێچی بەرەکانی شەڕ دەکرانەوە.

لاوانی کورد لەو شەڕانە هەڵدەهاتن و نەیاندەویست خۆ بۆ رژێمێک بەکوشت بدەن کە داگیرکەر و دیکتاتۆرە، بەڵام ئەو کێشەیەش هەبوو کە رژێمی زۆرداری بەعس، سەربازی هەڵاتوویان گرتبایە، بێ سێ و دوو و دەستبەجێ لە سێدارەیان دەدا، یان بە بەرچاوی خەڵکی ترەوە گولەبارانیان دەکرد، بۆ ئەوەی چاوی خەڵکی تری پێ بشکێنن و کەس بیر لە هەڵاتن نەکاتەوە لە بەرەکانی ئەو جەنگانەی کە رژێم بە ناڕەوا دەینانەوە.

سەددام هێندە نەبوو ببووە سەرۆک کۆماری عێراق، دوای پیلانگێڕان و وەدەرنانی ئەحمەد حەسەن بەکری سەرکۆماری پێش خۆی، کە هەردووکیشیان لە سەرکردەکانی حیزبی بەعس بوون، کە بەکودەتا هاتبوونە سەر حوکم و هەر لەگەڵ هاتنی ئەوان عێراق گۆرانکاری زۆری بەخۆیەوە دی و دەتتوانی لە جیاتی وڵات ناوی بنێی سەربازگە و جبەخانەی جەنگ. بۆ داکوتانی پێگەی خۆی، سەددام شەڕی لە دژی دەوڵەتی ئێران ڕاگەیاند و ناوی نا شەڕی قادسییەی سەددام. دیسانەوە لاوانی وڵاتیان راپێچی چارەنووسی مردن کردەوە و بە پێی ساڵی لەدایکبوونیان هەر جارەو لەدایکبووی ساڵێکیان بانگ دەکردەوە بۆ سەربازیی. هێندەی پێنەچوو تەواوی لاوان و پیاوانی وڵات بەو شەڕەوە گلان و بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگ دەنێردران. رۆژی چەندان تەرم لەبەرەکانی جەنگەوە دەهاتنەوە، یانیش لە رادیۆکانەوە ناویان لە لیستی بەدیلگیراوانی جەنگ دەخوێندرایەوە. کەس باوەڕی بەوە نەبوو کە ئەمە شەڕێکی ڕەوایە و هەمووان نەفرەتیان لە جەنگ دەکرد.

لاوانی کورد هێدی هێدی دەستیان بەهەڵهاتن کرد لە سەربازیی و دەهاتنەوە بۆ کوردستان و دەچوونەوە ئەو ناوچانەی کە رژێمی بەعس دەسەڵاتی بەسەریاندا نەبوو، پێشمەرگەش ناوی ناوچە ئازادکراوەکانی لێ نابوون. جگە لە دێ و شارەدێکانی سەر شەقامە سەرەکییەکان، ئەوانی دیکە هەمووی ناوچەی ئازادکراو بوون. ژمارەی سەربازانی کوردی هەڵاتوو لە سوپای عێراق هێندە زیادی کرد، کە نزیک بووەوە لە ژمارەی نەوەد لە سەدی لاوانی کورد کە ئامادە نەبوون بەشداری ئەو جەنگی قدسییەی دووەم بکەن. ناونانی ئەو شەڕە بە قادسیەی دووەم بۆ ئەوە بوو مۆرکێکی ئایینی پێبدات و بتوانێ وەک جیهاد لە پێناوی ئیسلام بە خەڵکی بناسێنیت. ئەوە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئەم شەڕە درێژکراوەی شەڕی قادسییەی یەکەمە کە دژی وڵاتی فارس هەڵگیرسێندرا، گوایە بۆ فەتحی ئەو وڵاتە و بە موسوڵمانکردنی خەڵکەکەیەتی، کە پێشتر خاوەنی ئایینی زەردەشتی بوون. ناوی شەڕەکە هەرچی بێت، بۆ کورد نە پیرۆز بوو، نەش کەس

بە ڕەوای دەزانی، بۆیە هەلوێستی گەنجی کورد روون و ئاشکرا بوو کە نایانەوێت بەشداری ئەو شەڕە بکەن و هەڵدەهاتن.

ئەم هەڵوێستەی لاوانی کورد بە هەڵاتن لە سوپا و چوونیان بۆ ناو ریزەکانی پیشمەرگە، شۆڕشی کوردی بەهێز دەکردەوە و لە ترسی ئەوەی جارێکی تر کورد ئەوەندە بەهێز نەبێتەوە کە رژێم ناچاری دانوستان بێت لەگەڵیان، سەددام بڕیارێکی دەرکرد و بە پێی ئەو بڕیارە کورد لە سوپا مەرەخەس دەکران و لە ماڵەکانی خۆیاندا دادەنیشتن. دەستەواژەی «چوارمشقی» بۆ ئەو پیاوانە بەکاردەبرا کە بەهۆی کوردبوونەوە لە سوپا مەرەخەس دەکران و لە ماڵەوە دەمانەوە. مەبەستی سەددام ئەوە بوو، ئەو پیاوانە کە بەشداری شەڕ ناکەن، هیچ نەبێ نەچنە نێو شۆڕشی رزگاریخوازیی کوردستانەوە و ریزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەهێز نەبێت. ئیتر هەموو ئەو پیاوانەی کوردستان کە لە تەمەنی سەربازیی بوون، سەرقاڵی پەیداکردنی کاغەزی فەرمی بوون بۆ سەلماندنی کوردبوونی بنەماڵەکەیان، لە پێناوی ئەوەی لە سەربازیی رزگارییان بێت و بە ئازادی هاتووچۆ بکەن.

لەم سەروبەندەدا دکتۆر ئاتیلا، کە ناچاری سەربازیکردن کرا وەک تەواوی لاوانی تر، دەیویست وەکو کوردێک مەرەخەس بکرێت، بەڵام نەدەکرا و لە سەربازگە پێیان دەگووت نابێت چونکە تۆ لە پەڕاوی فەرمیدا بە تورکمان تۆمارکراویت و کورد نیت.

ئاتیلا بەمە زۆر خەمبار بوو، رقیشی هەڵدەستا، چونکە یادگای ئەو پڕ بوو لە یادگاری کوردایەتی و لە بیرکردنەوەی ئەودا شەهیدبوونی برا گەورەکەی لە پێشمەرگایەتی شۆڕشی ئەیلوولدا، باشترین بەڵگەی کورد بوونیان بوو. سەیر بوو بە لایەوە ئیدی کورد بوونی ئەو گومان هەڵبگرێ لە کاتێکدا لە ماڵەوە بە زمانی پاراوی کوردی لەگەڵ دایکیدا بدوێت و براگەورەکەشی رۆحی خۆی بە کوردستان بەخشیبێت. ئەو هەمیشە لایەلایەکانی دایکی لە بیرە بە کوردییەکی جوان و بە دەنگێکی پڕ لە سۆزی میهر و خۆشەویستییەوە، بۆ ئەمی دەگووتەوە. راستە بە تورکمانیش دواوە، بەڵام لەگەڵ باوکی و زڕ براوخوشکەکانی، ئەمەشیان هۆی خۆی هەبوو.

ئەمە پێویستی بە رۆشنکردنەوەیەکە بە لایتی لۆژیک، یان شیکردنەوەیەک بە گەڕانەوە بۆ چاوگ و بنەچەی بنەماڵەی ئەو. «گوڵبۆ»ی دایکی لە هۆزی زەنگنە بوو، کە زۆربەی خزمەکانی نیشتەجێی دێی بنەکەی خەپەکوێر بوون، کە ئەمەیان مشتومڕ هەڵناگرێ و هەر بە ناوەکەی و بەندیواری هۆزەکەی ڕا دیارە کە کوردێکە ئاو لێڵ ناکات.

بەهۆی باوکییەوە بوو کە وا دەزانرا تورکمانن. سەعدوڵڵا خەلیل چاوشی باوکی بە تورکی دوواوە و پێش گوڵبۆ ژنێکی تری هەبووە کە سەر بە بنەماڵەی چەلەبییەکانی کفری بووە، کە تورکمانبوونی چەلەبییەکانیش ڕوونە و ئاو لێڵ ناکات. لەو خانمە چەلەبییە سێ کوڕ و کچێکی هەبووە و بە تورکمانی لە ماڵەوە دوواون، کە ئەمانە خوشک و برای ئاتیلا بوون لە باوکەوە. لە گوڵبۆی ژنی دووەمیشی بووەتە خاوەنی دوو کوڕ و سێ کچ، کە دکتۆر ئاتیلا یەکێکیانە و ناوەنجییەکەیانە. باپیری باوکی ئیبراهیم وانلی پێ گووتراوە و لە سوپای عوسمانیدا پلەی یوزباشی هەبووە. وانلی واتە خەڵکی شاری وان، وان شارێکی کوردی نێوجەرگەی باکووری کوردستانە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی دژوارییەوە زمانی کوردی تیا قەدەغە بووە و هەموو بە تورکی دوواون. بەو پێیەش کە پلەیەکی لە سوپای عوسمانیدا هەبووە و بۆ پاراستنی ئەو پێگەیەی خۆی، وەک تورک پێناسەی خۆی کردووە و دواتریش ئەو تورکانەی کە دوای کۆتایی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی مانەوە لە عێراق، بە تورکمان ناوبراون، یان خۆیان وا ناساندووە، بۆیە ئەم وانلییەی لەمەڕ ئێمەش، واتە باپیرەگەورەی ئاتیلا وەک تورکمان ناسراوە، ئەوە بۆیە ناوی ئاتیلاش لەم کوڕەزازایەی نراوە، وەک گوتم ئاتیلا دوو مانای هەیە، یەکەمیان «یاخی» و دووەمیان »دوارۆژ».

یاخی هەر مانایەک نەبوو بۆ ناوەکەی، بەڵکو لە کارەکتەریشیدا تەواو بەرجەستە ببوو. دوای شەهیدبوونی براکەی و بوونی بە تاقانە، پەروەردەی تاقانەیەک زیاتر ئەو خەسڵەتەی تیا بەرجەستەکرد. منداڵیی و گەنجێتی لە ژینگەیەکی داخراوی وەک هی شاری کفری بەسەربرد، کە جێگایەکی ئەوتۆی نەبوو بۆ رۆحە ماندووەکان، مەیخانە نەبێت، بۆیە ئەویش و زۆری تر لە گەنجەکانی هاوتەمەنیشی گیرۆدەی پەنابردن بۆ مەینۆشی بوون. ئاتیلا تا پلەی خووگرتن و ئالوودەبوون بە مەی و داودەرمانی هۆشبەر، گەیشتبوو. ساتەکانی شەو وەک ساتەکانی رۆژ بۆ ئەو هەر ساتی خواردنەوە بوون. بەم ئالوودەبییەوە هەر باش بوو توانی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات و لە پەیمانگای ئاژەڵپزیشکی لە بەغدا وەربگیرێت. بە تەواوکردنی ئەو خوێندنە دەبوو بە دکتۆری ئاژەڵان. قۆناغەکەی بەسەرکەوتوویی بڕی، چونکە هەستی دەکرد خێزانە بچوکەکەیان، دایکی و سێ خوشکەکەی، پێویستیان بەوی تاقانەیە بژێوییان بۆ پەیدا بکات و بە تایبەتی خۆشەویستی دایکی کە لای ئەو سنووری نەبوو لە گەورەییدا، وای لێکرد بڕوانامەکەی وەربگرێت و وەک دکتۆری ئاژەڵان دابمەزرێت.

قۆناغی منداڵی ئاتیلا چەندین یادوەری کارەساتباری لەخۆگرتبوو. ئەو لە ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و سێدا دەستی بە خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی کرد. هێشتا لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بوو باوکی کۆچی دوایی کرد. براگەورەکەشی، تەیموور، کە پێشمەرگەیەکی زۆر قارەمان و بەجەرگ بوو، کە ئەم بە نموونەی باڵای خۆی دەزانی، شەهید بوو. کارەساتێکی

تریش کە لە بیرەوریی منداڵیی ئاتیلادا دەهاتوو دەچوو، سووتاندنی ماڵەکەیان بوو لە لایەن ڕژێمەوە، کاتێ کە لە دێی باوەنوور دەژیان، هەروەها بردنی سەدوپەنجا سەر مەڕیان، کە بەوە ئیدی نە حاڵیان ما و نە ماڵ. ئەو یادەوەرییانە ڕاستە ئازاربەخش بوون، بەڵام لە هەمانکاتدا هاندەریش بوون بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات و ببێتە خاوەن موچەیەک و دایک و خوشکەکانی بژێنێت، کە لەو زیاتر هیچ کەسیان نەبوو. ساڵی حەفتا و شەش پەیمانگەی تەندروستی ئاژەڵی تەواوکرد. بە پێی یاسا دوای تەواوکردنی خوێندن، کوڕان لەسەریان بوو دوو ساڵ سەربازی بکەن، ئەمیش دوو ساڵی سەربازییەکەی لە «مێرگەسوور» بەسەر برد و سەرەتای ساڵی حەفتا و هەشت لە بەڕێوەبەرێتی ڤێتەرنەری ناحیەی قەرەتەپە دامەزرا. جگە لە خۆی دوو کەسی تر لەوێ کاریان دەکرد، شەهاب ئەحمەد خەڵکی کفری بوو، ئەبو سەعدیش خەڵکی ناسرییە بوو، لە خوارووی عێراقەوە هاتبوو.

گەورەی دێیەکان دەهاتنە لایان و داوایان دەکرد سەردانیان بکەن و ئاژەڵەنەخۆشەکانیان چارەسەر بکەن. ئەمانیش لیستێکیان کردبوو بە ناوی دێیەکان و بە نۆرە دەچوون و داودەرمانیان بۆ دەبردن.

سەرەڕای ئەو هەمیشەمەستییەشی، لە کارەکانیدا جیدی و جێگەی باوەڕ بوو. هەقدۆست و ڕاستیپەرست بوو. لەوانە نەبوو لە کەس بترسێ و سەری بۆ کەس دانەدەنواند. لەسەرهەق ئامادەبوو شەڕ بکات، بێ ئەوەی زەڕەیەک بترسێ و تەنانەت بیر لە ئاکامەکەشی بکاتەوە.

ڕۆژێکی گەرمی هاوین، لە ئۆفیسەکەی خۆی دانیشتبوو، گوێی لە غەڵبەغەڵبێکی زۆر بوو، چووە دەرەوە و بینی خەڵکێکی زۆر ڕژاونەتە بەر دەرگاکە. پیاوێکی عەرەبی عەگاڵ لەسەری عەبا لە شان، کە سەرۆکی کۆمەڵەی جوتیاران و سەرۆک هۆزی دێی چەرایات بوو، هاتە پێشەوە و پێی گووت:

- وەرن بۆ دێیەکەمان، دەرد لە ئاژەڵەکانمانی داوە.
- ئێمە بە پێی بەرنامەی خۆمان بە نۆرە دێین بۆ دێیەکان، ئێستاش بە پێی خشتەکە نۆرەی دێی ئێوە نییە.
- من شتی وا نازانم دەبێ بێن!
- چی چیت گووت؟
- وتم لەسەرتانە بێن!
- بەڵام من وتم نۆرەی ئێوە نییە.
- من نۆرە و مۆرە نازانم، ئەگەر نەیەن وەک سەگ دەتانتۆپێنم.

دوا وشەی تەواوکرد و نەکرد، ئاتیلا تا هێزی تێدا بوو مستێکی پێدا کێشا و عەگاڵ لە شوێنێک و عەبا لە شوێنێکی تر کەوت و دەمی کابرا پڕ بوو لە خوێن و چەند ددانێکیشی لە نیو دەمیدا شکان. ئەبو سەعد ڕەنگ لە روویدا نەما و بە تەواوی هەڵبزرکا و پێشبینی دۆخێکی زۆر مەترسیداری کرد. هاتە پەناگوێی دکتۆر ئاتیلا و پێی گووت: ئەوە تۆ چیت کرد، ئێستا کارەسات دەقەومێت!

- چیم کردووە، هەقی زماندرێژییەکەییم پێی دا.

-تۆ قوڕێکی خەستت بۆمان گرتەوە.

-بۆ؟ قوری چیی؟

-ئەمە بەعسییە و دەتوانێ تۆڵەمان لێ بکاتەوە.

-من بەعسی و مەعسی نازانم، هەقی خۆی چییە ئەوەی پێ دەدەم. ئەو گەوادە بوو بەو پیاوەی قسە بە من بڵێ!

ئاتیلا هەر خۆی دەمودەست تەلەفۆنی کرد بۆ بنکەی پۆلیس و کە هاتن بە زمانی عەرەبی بە کابرای دەمبەخوێنی گووت خێرا سوار بە با بتبەن و ونت بکەن لەبەرچاوم دەنا دەتتۆپێنم، بەڵام کابرا دەستی بە پاڕانەوە کرد و داوای کرد کە سکاڵای لەسەر تۆمار نەکات، ئەمیش دڵی پێی سوتا و وازی لێ هێنا.

ئەم هەر بە ماتۆڕ هاتوچۆی دەوامی دەکرد، هەموو بەیانییەک لە کفرییەوە دەچووە قەرەتەپە و کاتژمێر دوو دەگەڕایەوە بۆ کفری. دوای ڕوودانی ئەو کێشەیە ترسی ئەوەی هەبوو ئەو کابرایە بۆ تۆڵەسەندنەوە ڕۆژێ ڕێگەی پێ بگرێت و خێڵەکییەکانی عەرەبیش هەموویان چەکدار بوون و ئەمیش بێ چەک و فەرمانبەری میریی، بۆیە بڕیاڕی دا بگوێزێتەوە بۆ ناحییەی سەرقەڵا کە خەڵکەکەی کوردن و نزیکتریشە لە کفرییەوە. بۆ ئەم مەبەستە سواری ئۆتۆمبیلی کرێ بوو بەرەو پارێزگای دیالە، کە بەعقوبەشیان پێ دەگووت، چونکە کفری لە ڕووی ئیدارییەوە، بۆ پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان، لە کەرکووک سەندرابووە و خرابووە سەر ئەو پارێزگایە. چووە لای بەڕێوەبەری گشتی و پێی گووت: دەمەوێ کارەکەم بگوازمەوە بۆ سەرقەڵا.

بەختی هەبوو کارەکەی ڕاست هات، بەڕێوەبەر نەک هیچ بەرهەڵستی نەکرد بۆ گواستنەوەی، بەڵکو پێشی خۆش بوو پێی گووت: سەرقەڵا فەرمانی کارگێڕی هەیە بۆ ئەوەی بەشی ئاژەڵی تێدا بکرێتەوە، بەڵام کەسمان نییە بچێ بیکاتەوە.

- من دەڕۆم.

- لاریم نییە، ئەوە فەرمانەکەیە و بڕۆ بیکەرەوە.

کە رۆیشت بۆ لای بەڕێوەبەر فوول سەرخۆشیش بوو، کەچی کارەکەی بە ئاسانی جێبەجێ بوو. زەردەخەنە بەسەر لێوەکانییەوە بوو کاتێ سواری ئۆتۆمبیل بوو بۆ گەڕانەوە. هەر کە سوار بوو، خەوی لێکەوت و لەبەردەم دەرگای ماڵی خۆیان شۆفێرەکە بەئاگای هێنایەوە و ئەویش دابەزی و هێشتاش کاریگەری مەی و حەبەکان بەرینەدابوو. بە لۆژە لۆژ چووە ماڵەوە.

رۆژی پێنج شەممە بوو، بۆیە ئەو رۆژە هیچی پێ نەدەکرا و رۆژی هەینیش پشووی فەرمی بوو، داینابوو رۆژی شەممە بچێت و بەشی ئاژەڵ لە سەرقەلا بکاتەوە. ئێوارە وەک پیشەی هەموو رۆژێکی چووە یانەی فەرمانبەران و لەگەڵ هاوڕێکانی دانیشت و دەستیان کرد بە خواردنەوە. نە پێکێک و نە دوو و نە سێ، تا توانی پێکی فڕ دەکرد و تا بە تەواوی مەست بوو. ئەم گۆرانی دەگووت و ئەوان چەپڵەیان لێ دەدا. لەبەر مەستیی زۆر بە خاوی گۆرانی دەگووت. گەنجێکی دیکەی لە تەمەنی خۆی لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەدەوری مێزێکی تر دانیشتبوون و یەکێکیان دەستی کرد بە پێکەنین و تەماشای ئەمی کرد، ئەمیش هەستایەوە و بۆکسێکی لێدا و هەرچی لەسەر مێزەکە بوو فڕێی دا و ئەوانی دیکەش هەستان و بوو بە شەڕ. چەند پیاوێکی ئەمن لەوێ بوون، ویستیان لێی بێنە پیشەوە، یەخەی یەکەمیانی گرت و پاڵی پێوە نا و کەوت، ئەویتریش بە هەمان شیوە، هەمیشە چەقۆیەکی دامربۆکسی پێ بوو، چەقۆی دەرهێنا و ئەوانیش چەقۆیان دەرهێنا، لەو شەڕەدا کەسێکی بریندار کرد و پۆلیس گەیشتە سەریان و دەستگیریان کرد و بردیانن.

لە مەرکەزی پۆلیس عەدنان ئینزیبات ویستی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات، لە یەخەی گرت و بە سەر کەللەیەکی لێدا و خستی، یەکێکی تریان هات و ئەویشی بە هەمان دەرد برد. ناچار هیچیان لەگەڵ نەگووت و بردیانە ژووری زیندانەوە. سبەینێ بەهۆشی خۆی هاتەوە و تەماشای کرد لە شوێنێکی جیاوازە. هاواری کرد: وەرن بزانم، من بۆ لێرەم، ئەو دەرگایە بکەنەوە، من چیم کردووە؟

عەدنان ئینزیبات هاتە لای دەرگاکە و پێی گووت: چیت کردووە؟! تۆ دنیات وێران کردووە، ئاگات لێ نییە چیت کردووە؟ کە لێی پرسییەوە و زانی دکتۆری ئاژەڵە سەیری پێ هات و پێی گووت:

-خۆ من وام زانی بێ ئیش و کاری، ئەمە دکتۆریشی ئەوە حاڵتە؟!

-جوان قسە بکە حاڵم چییەتی؟

– نەک هەر لە یانەی فەرمانبەران شەڕت کردووە و پیاوێکت بریندار کردووە، لێرە لە مەرکەزیش لە چەند کەسێکت داوە و گەر سکالات لەسەر تۆمار بکەین ساڵێ لە ژوورەوە دەبیت.

– بەتەمان سکالام لەسەر تۆمار بکەن؟

– نەخێر، سێ رۆژ لە ژوورەوە دەبیت و بەرت دەدەین.

سێ رۆژ لە بەندیخانە مایەوە، لە هەمان بەندیخانەدا چەند پیاوێکی لادێیی کە خەڵکی سەرقەڵا بوون بەهۆی شەری عەشایەرییەوە لەوێ بوون. کە بینی خەڵکی ئەوێن پێی گووتن:

-من دکتۆری ئاژەڵانم و کە لە بەندیخانە ئازاد بووم دێم لە سەرقەڵا بەشی ئاژەڵان دەکەمەوە.

- بەراست تۆ دکتۆری؟ ئەی ئێستا بۆ لە بەندیخانەی؟

- چەند کەسێکم بریندار کردووە بە سەرخۆشی!

رۆژێ پێش دەرچوونی ئاتیلا، پیاوەکانی سەرقەڵا ئازاد بوون و بە خەڵکەکەی ئەوێیان گووتبوو دکتۆرێک دێتە لامان ئێستا لە کفری لە بەندیخانەیە چونکە بە سەرخۆشی چەندین کەسی داوەتە بەرچەقۆ. ئەم هەواڵە لە ماوەیەکی کورتدا بە هەموو کەس گەیشت، بە تایبەتی بە بەرپرسانی ئەوێ، کە دەبووایە بچێتە لایان.

رۆژی دووشەممە، سواری ماتۆڕەکەی بوو چوو بۆ سەرقەڵا. چووە لای بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ناحیەکە، کە پێشتر هەواڵی ئەوی بیستبوو کە لەبەر چەقۆکێشی لە بەندیخانەبووە، ئاتیلا پێی گووت:

- ئەوە ئەمری ئیدارییە، من دکتۆرم و دەبێ بەشی ڤێتەرنەری لە سەرقەڵا بکەمەوە.

- بەخێر بێی بەسەر چاو، زۆر باشە، دەتوانی دەست بەکار بیت.

- دوو ژوورم پێویستە.

- بەسەرچاو دوو ژوور ئەوەتا ئامادەیە.

- ئۆتۆمبیلێکیشم پێویستە، بۆ دێهاتەکان بچم پێی.

- ئەوەش کلیلی ئۆتۆمبیل.

- دوو کارمەندیشم پێویستە لەگەڵم بن.

- ئەویشت بۆ دادەمەزرێنین.

ئاتیلا سەری لەو رەفتارە سوڕما و ئامادەبوونی هەموو شتێک بەو خێرابیە، جێگەی گومان بوو، دواتر زانی کە پیاوەکانی بەندیخانە چۆن وەسفی ئەمیان بۆ هەمووان کردووە و زانی بۆچی هەموویان سڵی لێ دەکەنەوە. دوو ژووری پێ درا بۆ ئەوەی دەست بەکار بەت، ئۆتۆمبیلێکیش بۆ مەبەستی ڕاییکردنی کارەکانی ئەو دێهاتانەی پێدرا. بوو بە بەڕێوەبەری تەندروستی ئاژەڵ لە سەرقەڵا و دوو فەرمانبەریشیان دامەزراند و ناردیان لەگەڵیدا کاروباری ئەو فەرمانگە نوێیە ڕاپەڕێنن. فەرمانبەرەکانی پێشووتری ئەو فەرمانگەیە پێیان دەگووت: لێت دا دکتۆر، لێت دا! نەیدەزانی بۆچی ئەم قسەیە دەکەن و چی لێداوە، کە سەردانی دێهاتەکانی دەست پێکرد ئینجا ئەو مەتەڵەی بۆ هەڵهات.

جگە لە بەڕێوەبەریتی، وەک دکتۆری ئاژەڵان سەرەتا سەردانی بیست و سێ دێی سەر بە ناحییەی سەرقەڵا کەوتە ئەستۆی، وەک سەیدە، شاکەل، دێبنە، کارێزە، حەسیرە، میل قاسم، درۆزنەکان، ئۆمەربل و هیتر. ئاژەڵەکانی ئەو دێیانە بە هاتنی دکتۆر بوژانەوە و لە نەخۆشی ڕزگاریان بوو. داودەرمانێکی زۆری بۆ دەبردن و ئیتر مردن و لارەملێی ئاژەڵ لەو دێیانەدا بەرەو کۆتایی چوو. کە جاری یەکەم دەرمانی بۆ هەرکێ دەبرد، بڕێک پارەیان دەدایە و ئەمیش پێی سەیر بوو، پێی گووتن کە ئەو دەرمانانە بەخۆڕاییە نەک بە پارە، بەڵام ئەوان گوتیان پێشتر ئەوانەی دەرمانیان بۆ هێناوین هەر پارەیان وەرگرتووە. دکتۆر ئاتیلا ئیتر تێگەیشت ئەو ساختەچییانە چۆن فرت و فێڵیان لەم لادێیانە کردووە و دەرمانی خۆڕایی دەوڵەتیان بە پارە پێ فرۆشتوون و بەرتیلیشیان لێوەرگرتوون.
خەڵکی ئەودێیانە زۆر دڵخۆش بوون بە هاتنی ئەو دکتۆرە ئێسک سووکە، کە جگە لە چارەسەرکردنی ئاژەڵەکانیان، زۆر قسەی خۆشیشی لەگەڵ دەکردن. دەستپاک و سەرڕاست بوو لەگەڵیان، ئەگەرچی مەی دەخواردەوە و سەرخۆش بوو، بەڵام بەرتیلی نەدەخوارد، ئەوانەی پێشتر دەچوونە دێکان بۆ دەرمانپێدان سەریان چووبایە نوێژیان نەدەچوو، بەڵام فێڵیان لێ کردبوون و پارە و بەرتیلیان لێسەندبوون. دوو ساڵ، بە بەردەوامی هاتوچۆی ئەو دێیانەی دەکرد و پێویستی ئاژەڵەکانیان دابین بوو بوو، تەنانەت مرۆڤەکانیش کە نەخۆش دەکەوتن بۆ دەرمان لە ئەویان دەپرسی و ئەمیش کە دەچووە کفری لە دەرمانخانە ئاساییەکان دەرمانی دەکڕی و بۆی دەبردن.

ڕۆژێک لە دێی حەسیرەوە بەرەو سەرقەڵا دەگەڕایەوە، لە ڕێگا ئۆتۆمبیلەکەی درایە بەر دەسترێژی گولە. بە شۆفێرەکەی گووت بگەڕێرەوە بۆ دێ بزانین ئەم تەقەیە چی بوو، کە گەیشتنەوە، بینی سەربازێکی زۆر رژاونەتە ناو دێ و گەمارۆی دێکەشیان داوە. خەڵکی دێیەکەیان لە ماڵەکانیان دەرکردووە و لەبەر خۆرەتاو رایانگرتوون و خەریکی پشکنینی ماڵەکانیان بوون. ژن و منداڵیان بە جیا و پیاویان بە جیا وەستاندبوو و میلی تفەنگیان ڕوو لێکردبوون. میلی تفەنگیان لە ئاتیلا وەرگێڕا و پێیان گووت: نەیەیتە پێشەوە، دەتکوژین!
– ناتوانن بمکوژن، من فەرمانبەری میرییم و بۆ کاری خۆم هاتووم بۆ ئەم دێیە. بۆ وا لەو خەڵکە دەکەن؟ ئەم خەڵکە چییان کردووە وا ئازاریان دەدەن؟

ئەفسەرەکە هاتە پێشەوە و کەمێ ئاساییتر لەوان قسەی دەکرد و کە زانی ئەمیش فەرمانبەرە و خەڵکی دێ نییە ریزی لێ گرت، گووتی:
– تێکدەرەکان لە دێ بوونە، ئاگادار کراوینەتەوە ئەمانە خزمەتی تێکدەرەکان دەکەن. ئەمانە دژی حیزبی بەعس و شۆڕشن.
– من لە بەیانییەوە لە دێ بووم هیچ پێشمەرگەم نەدیووە لێرە. دیارە کەسێ بە درۆ خەبەری داوە.

کە ئەمەی بیست ئەفسەرەکە ڕووی لە سەربازەکان کرد و فەرمانیکرد کە تفەنگەکانیان وەرگێڕن و خەڵکەکەیان بەردا، بەڵام لەو پشکنینەی کردبوویان هەرچی پارە و ئاڵتوونیان دەستکەوتبوو بە تاڵان بردبوویان. سەربازەکانی ڕژێم وا پەروەردەکرابوون کە دایان بەسەر هەر شوێنێکدا سەرپشکن لە تاڵانکردن. ئەم کولتوورە لە نێو عەرەبی خێڵەکیدا کە پێیان دەگووترێت بەدووەکان زۆر باوە و ئەم دابونەریتی خێڵەکییە لە لایەن سەرباز و ئەمن و پۆلیسی ڕژێمی عێراقیشەوە پەیڕەوی دەکرا. وشەی فەرهوود کە عەرەبییە بە مانای تاڵانیی دێت و هەرشوێنێ فەرمانی پشکنینی بۆ دەرچووبایە، جگە لە ئازاردانی خەڵکەکەی،ماڵەکانیشیان فەرهوود دەکرا.

وازیان لە خەڵکی دێیەکە هێنا، بەڵام چەند پیاوێکیان گرت و خستیانە نێو ئێڤا سەربازییەکانەوە و بردیانن. لەو ماوەیەدا لە چەند دێیەکی تریش ئەم فەرمانە نابەجێیەیان جیبەجێ دەکرد. ئاتیلا ئەمانەی دەدی و لە ناخەوە تووڕە و هەراسان دەبوو، ئەو ناهەقییە ئاستەم بوو قبوڵ بکرێت. کە شەڕی قادسییەی شومیش هەڵگیرسا و هاوتەمەنەکانی داواکرانەوە بۆ سەربازیی، تەواو نیگەران و بێزار بوو. تا زیاتر بێزار دەبوو، ڕێژەی مەیخواردنەوە و وەرگرتی حەبی مابرۆمید و ڤالیۆمی زیاتر دەکرد. دەیویست ئاگای لە دنیای مادی ببرێت و لە دنیای خەیاڵدا بێخەم بسورێتەوە، بۆیە هەر کە سەرخۆشیی بەری دەدا، دیسانەوە خۆی سەرخۆش دەکردەوە و گیان و جەستەی بووبوون بە ئالوودە و هۆگری ئەلکهول و مادە هۆشبەرەکان.

کە بانگکرایەوە بۆ سەربازیی، لە شاری بەسرە لە خوارووی عێراق خۆی بینییەوە، کە ڕۆژەرێیەک لە کفرییەوە دوور بوو. خوشکەکانی شوویان کردبوو، خەمی بژێوی ئەوانی نەمابوو، هەریەکەیان لە ماڵ و لەگەڵ هاوسەرەکانی خۆیان دەژیان. تەنها دایکی مابووەوە، بۆیە بیری دەکردەوە سەربازی نەکات و هەڵبێت و بگەڕێتەوە. هەرچۆنی بوو مانگێکی لە بەسرە بەسەر برد و مۆڵەتی هەفتەیەکی پێدرا. کە گەڕایەوە بۆ کفری، بە دایکی گووت:»ئیدی سەربازیی ناکەم، فیرار دەکەم.». فیرار وشەیەکی عەرەبییە و بە مانای هەڵهاتن و ڕاکردنی کوردییە. سەربازە کوردەکان زۆربەی هەرەزۆریان کە بە مۆڵەت دەهاتنەوە، فیراریان دەکرد و نەدەڕۆیشتنەوە.

- ئاخر کوڕم ئەم حوکمەتە زاڵمە، بە فیراریی بتگرن لەسێدارەت دەدەن، تۆ ئەمە دەزانی.
- دەزانم، بەڵام لەسێدارەشم بدەن ناڕۆمەوە بۆ بەسرە!
- کوڕم ئەمجارە بڕۆرەوە، خوا کەریمە هیچ نابێت.

گەڕایەوە بۆ بەسرە، بەڵام لەبەر دواکەوتنی چەند ڕۆژێک لە زیندانیان نا، سەد ڕۆژی ڕەبەق لە زیندانی سەربازی تووندکرا، کە بەر بوو یەک هەفتە مۆڵەتی درا و گەڕایەوە بۆ کفری. بە دایکی گووت: بڕوانە تۆ وتت خوا کەریمە و هیچ نابێت، کەچی سەد ڕۆژ لە زیندان بووم.

هەر لەو هەفتەی مۆڵەتەی ئەمدابوو کە بڕیارێک لە سەددامەوە دەرچوو کوردەکان لە خزمەتی سەربازی مەرەخەس بکات، بە مەرجێ ناوی خۆیان لەو فەوجانەدا بنووسن کە ناوی لێنرا «افواج خفیفە». فەوجی خەفیفە واتە فەوجی سووک، دەبووایە بچنە سەربازگەی سەلام لە سلێمانی و خۆیان ناونووس بکەن لەو فەوجانە و هەر فەوجەش سەر بە سەرۆک عەشیرەتێک بوو، کە ئەوان ناویان لێنابوون موستەشار. موستەشارەکان لیستێکی دوور و درێژیان دەکرد لە ناوی سەربازە هەڵاتووەکان و سەری مانگان موچەی هەموویانیان وەردەگرت، بەڵام ئەو پارانەیان نەدەدا بە خەڵک و دەیانکردە تەنکی باخاڵی خۆیانەوە، بەرامبەر بەوەش کاغەزێکی مۆڵەتیان پێ دەدان بۆ ئەوەی نەگیرێن و هەر کە گیران، ئەمان دەیانتوانی لەسەریان هەڵبدەنی و ئازادیان بکەن.

ئەم نازناوی وەنداوی بوو، لە پەڕاوی فەرمی دایەرەی نفووسدا وەنداوی بە تورکمان تۆمار کرابوو، بۆیە ئەستەم بوو ئاتیلا لە سەربازی مەرەخەس بکرێت، بەڵام ئەم دڵنیابوو لە کوردبوونی خۆی. وەنداوییەکانی کفری هەندێکیان خۆیان بە کورد و هەندێکیان خۆیان بە تورکمان دەژمارد. نیهاد بەگ دادوەرێکی خانەنشین بوو، درەختی عەشیرەتی وەنداوی دروستکرد و بنەچەکەی دۆزییەوە و سەلماندی کە کوردن، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە ئەوان تەنها بڕوایان بە تۆماری دایەرەی سەرژمێریی»نفوس» بوو.

ئاتیلا بڕیاری دا بڕوات بۆ هەولێر کە بە مەڵبەندی ناوچەی حوکمی زاتی ناوزەد کرابوو. ناوچەی حوکمی زاتی لە دەستووری عێراقدا لە یانزەی ئازاری ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا دەستیشانکرابوو، بە پێی رێککەوتن لەگەڵ سەرکردەی شۆرشی کورد مستەفا بارزانی نەمر، کە کورد خۆی ئەو ناوچانە بەڕێوە ببات و لە ناوەندی بەغداوە حوکم نەکرێت. ناوچەی ئۆتۆنۆمی بریتی بوو لە سێ پارێزگا، هەولێر و سلێمانی و دهۆک، بەڵام رژێمی بەعس هەر زوو لەو رێککەوتنە پەشیمان بووەوە و هێدی هێدی ئەو ناوچانەی لە دەستی کورد سەندەوە و خستییە ژێر رکێفی خۆیەوە. پیاوانی کوردی سەر بە حیزبی بەعسی دەکردە وەزیر و ئەندام پەرلەمان و ئەندامی ئەنجومەنە خۆجێیەکان و سیاسەتەکانی خۆیانی لەرێگەی ئەوانەوە پیادە دەکرد. لە هەولێر چەند تەلارێک بۆ حکومەتی خۆجێی دروستکرابوو ناویان لێنرابوو ئەمینداریێتی گشتی. ئەمینداریێتی گشتی جێبەجێکردن هەبوو، ئەمینداریێتی گشتی پەروەردە هەبوو، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری هەبوو.

بەیانییەکی زۆر زوو، بوتڵێک مەی خواردەوە و چەند حەبیکی ڤالیۆمیشی قووت دا و سواری ئۆتۆمبیل بوو بەرەو هەولێر. لە رێگا بێهۆش لێی نووست و لەبەردەم تەلاری ئەنجومەنی جێبەجێکردن شوفێرەکە خەبەری کردەوە. یەکسەر چووە ژوورەوە، بەڵام پاسەوانەکان رێیان پێگرت و میلی تفەنگیان لێ هێنایەوە:

- کاکە ڕاوەستە ئەوە بۆ کوێ دەچی؟
- ئێوە کێن؟ لاچن لەبەر چاوم و ڕێم لێ مەگرن دەنا خۆتان نابیننەوە. من هاتووم بزانم کوردم یان تورکمانم.
- تۆ چی دەڵێی، ئێرە مەڵبەندی حوکمی زاتییە.
- ئەی منیش بۆیە بۆ ئێرە هاتووم.. کوا مودیرتان لە کوێیە، بمبەن بۆ لای ئەو.
- کاکە لێرە دانیشە، لە پرسگە هەتا خەبەری دەدەینێ بزانین دەتوانێ بتبینێت.
- باشە، بڕۆن بە برایم زەنگەنە بڵێن ئاتیلا هاتووە، دایکیشم وەک ئەو زەنگەنەیە.

چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و دەبڵ فوول سەرخۆش بوو. پاسەوان و چەک و هەموو ئەو تەلارە گەورەیەی وەک مێرووله و ماڵە مێرووله دەهاتە بەرچاو. جار و بار هەستی دەکرد لە نێو جۆلانێیەکە و ئەمسەر تا ئەوسەری شارەکە جۆلانێی پێ دەکەن. کەمێ پێدەکەنی و کەمێ بێدەنگ دەبوو، ئینجا تووڕە دەبوو، تەماشای دەکردن و دەیگووت: چییە ئەوە، کوا بەڕێوەبەرم بۆ بانگ بکەن بۆ ئێرە، یان من ببەن بۆ لای، خێراکەن!

سەرەتا بردیان بۆ لای پیاوێک جەمالی ناو بوو، ئینجا بردیان بۆ لای برایم زەنگەنە و لە ژوورە شیکەکەیدا لە پشت مێزێکی گەورە دانیشتبوو، فەرمووی دانیشتنی لێ کرد. بەڵام ئاتیلا هەر بە پێوە چەند پەرەکاغەزێکی فڕێ دایە سەر مێزەکەی و لێی پرسی:»من کوردم یان تورکمانم؟«. تەماشایەکی کاغەزەکانی کرد و پێی گووت:»بە پێی ئەمانە بێت تۆ تورکمانی.«

- بەڵام من براکەم پیشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی کوردستان بووە و شەهیدی ڕێگەی رزگاری کوردستانە. دایکم وەک تۆ زەنگەنەیە، تۆ بۆ کوردی و من بۆ تورکمانم. نەخێر لە تۆ کوردترم.
- دایک کوردیش بێت نایخوات. تۆ باوکت وەنداوییە.
- باوکم ئەسڵەن کوردە و خەڵکی شاری وان بوونە. من کوردم و دەبێت کاغەزم بۆ بکەن لە سەربازی مەرەخس بکرێم.
- تۆ کوڕی کێی لە کفری؟
- کوڕی سەعدوڵا خەلیل چاوشم.
- ڕاوەستە، تۆ خزمیشی.
- خزم و مزمم ناوێت، دەمەوێ پشتگیرییەکم بۆ بکەن و تیا بنووسن من کوردم.

کە زانی لە شاری کفری هاتووە و هەندێ ناو و ناونیشانی هەڵدا و ئەو هەموویانی ناسییەوە، پشتگیرییەکی بۆی نووسە بە زمانی عەرەبی تێیدا نووسرابوو (پشتگیری دەکەین کە ئاتیلا سەعدوڵا خەلیل وەنداوی بە ڕەگەز کوردە.) کە کاغەزەکەی برد بۆ بەشی خۆیەتی بۆ ئەوەی

چاپ و تۆماری بکات، کچێکی فەرمانبەری لێ بوو، لێی وەرگرت و گووتی حەڤدەی مانگ وەرەوە بۆی و بیبە. گەڕایەوە بۆ کفری و بینی دایکی زۆر نیگەرانی بووە و بەپەرۆشەوە لێی پرسی لە دوێنێوە لە کوێ بووە:
– دایەگیان چووم بۆ هەولێر تا بیسەلمێنم کوردم و تورکمان نیم. دایەگیان تەواو ئیتر من ناچمەوە بۆ سەربازی و وا مۆڵەتەکەشم تەواو دەبێ. من دەڕۆم بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و تۆش دەتوانی خۆت بژیەنی لێرە.
– ئاخر کوڕم من بە تەنیا چی بکەم لێرە. من بە تەنیا جێدێڵی؟!

کە فرمێسکەکانی دایکی بینی شەپۆلێک لە سۆز و بەزەیی پر بە دەروونی بوو، دەیویست لە شێوەی فرمێسک لە چاوەکانییەوە فوارە بکات، بەڵام نەیهێشت و ڕووی وەرگێرا تا دایکی فرمێسکەکانی ئەم نەبینێت. ئەو دوای شەهیدبوونی براکەی کوڕی تاقانەی دایکی بوو. گەر ڕۆژێ دیار نەبا نیگەرانی دەبوو، بەڵام بارودۆخەکان زۆر جار دەبنە بەربەستی نێوان هەست و سۆزی ئازیزان.

– دایەگیان ناتوانم سەربازی بۆ ئەم رژێمە بکەم و پێویستە بچمە ناوچە رزگارکراوەکان.
– کوڕم کەس وەک من تۆ ناناسێت، تۆ لە لادێ ئیدارە ناکەیت، تۆ شارییت و قەت ناتوانی لەگەڵ ژیانی لادێدا هەڵکەیت.
– ئەی چارم چییە، ناچارم ڕابێم. گەردنم ئازا کە دایەگیان کە بە تەنیا بەجێت دەهێڵم. من سبەینێ دەڕۆم.

میمکە گوڵبۆ، ئەگەرچی ئەم لێکدابڕانەی خۆی و کوڕەکەی زۆر نیگەرانی دەکرد و ئازاری دەدا، بەڵام دەترسا لەوەی بەهۆی ئەو شەڕەوە ئەم کوڕەیشی لەدەست بدات، بۆیە نەیتوانی بەرهەڵستی ئەو ویستەی ئاتیلا بکات و بە بێدەنگی لە جێی خۆی دانیشت و کە ئاتیلا چووە دەرەوە بۆ لای هاوڕێکانی و بۆ خواردنەوە، ئەم بە تەنیا مایەوە و بیرەوەری گەڕاندییەوە بۆ لای ئەو ساتە کارەساتبارەی کە تەیمووری تێدا شەهید بوو. تەیموور، یەکێک بوو لە پێشمەرگە دەگمەنەکان لە ئازایەتی و دڵسۆزیی بۆ کوردایەتی. ئازایەتی ئەو ببووە وێردی سەرزمان و باس دەکرا. ئەو لە شێوەشدا پیاوێکی زۆر بە هەیبەت و کەڵەگەت بوو. خاوەنی هێزێکی ماسولکەیی ناوازەش بوو. ئەو هێزە ناوازەیە بۆماوەیی بوو، لە باوباپیرانەوە بۆی مابووە و باسی هێزی باوکیشی ببووە چیرۆک و داستانی خەڵکی ناوچەکە و سەرگوزشتەی وایان لێدەگێڕایەوە کە مرۆڤی سەرسام دەکرد. ئەو بەسەرهاتەی کە بەردەوام خەڵکی شارەکە لەبارەی سەعدوڵڵای باوکییەوە دەیانگێڕایەوە ئەوە بوو کە ساڵێک لەو ساڵانەی دەیەی رابردوو کە بارانێکی زۆر دەبارێت و چەمی کفریش لە کاتی بارانی زۆردا دەبوو بە لافاو و لە لادێکانی ئەولاوە ماڵ و

تەنانەت چەندین جار لانکەی منداڵیشی دەهێنا. ئەمان لەو بەری چەمەکە دەبن و ئەسپ و باریکی زۆریان پی دەبێت وکە لافاو هەڵدەستێت ئەسپەکان ناتوانن بپەڕنەوە و بارەکان بێنن. سەعدوڵلای باوکی تەیموور ئەسپەکە بە بارەکەیەوە دەخاتە سەر شانی و دەیانگوێزێتەوە بۆ ئەم بەری چەمەکە و رزگاریان دەکات. ئەم بەسەرهاتە  لە بارەی هێزی لەئەفسانەچووی ئەوەوە خەڵک بە چاوی خۆیان دیتبوویان و هەردەم باسیان دەکرد. تەیموووریش لە کەڵەگەتی و هێزیدا بە باوکی چوو بوو. سەروسیمایەکی سامدار و بەهەیبەتی هەبوو، سمێڵێکی ڕەشی گەورەی هەبوو، کە تا پەناگوێی درێژببوەوە و سەری سمێڵەکانیشی بادابوو کە نیشانەی جەنگاوەری و نەترسان بوو. چاوەکانی تیژ و ڕوخساری تووڕە و شەڕانی دەینواند. باڵای بەرز و هەیکەلی جەستەی کەڵەگەت بوو. کەس نەبوو لە ناوچەکەدا تەیموور نەناسێت. چەندین ساڵ پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلوول بوو، داستانی قارەمانەنی تۆمار کردبوو، رژێم لێی دەترسا و وەک سیمبولی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچەیەدا دەیبینی و هەردەم لە هەوڵی لەناوبردنیدا بوون و چەندین جار بۆسەیان بۆی نایەوە و دەرباز دەبوو لەو بۆسانە، بەڵام ئەوجارەیان بۆسەکە سەریگرت و  لە بناری باوەشاسوار بۆی دانیشتن و لەوکاتەی کە لە چەمی کفری دەپەڕییەوە بۆ ئەوبەری کە بارەگای هێزەکانی پێشمەرگەی لێبوو، شەهیدیان کرد. ئەو رۆژەی تەیموور شەهیدبوو کفری بۆ لە دەستدانی ئەو رۆڵە قارەمانەی بەپێوە وەستا، هەموو خەڵکی خەمبار بوون و ئازاریان چێشت و بەداخەوە بوون بۆ لەدەستدانی قارەمانێکی دەگمەنی شارەکەیان.

میمکە گوڵە، کە تەیموور و رۆژە کارەساتبارەکەی شەهیدبوونی وەبیرکەوتەوە نەیدەتوانی ڕێ لەو هەموو فرمێسکانە بگرێت کە ئارەزووی رەهابوونیان دەکرد. لەوەتی تەیموور شەهیدبووبوو زۆر جار کە تەنیا بوایە دادەنیشت و دەگریا و بە دەنگەوە کوڕە گەورەکەی دەلاواندەوە. لاواندنەوەکانی هێندە بەسۆز بوون، کاریان لە تاوێر و بەردیش دەکرد. دەنگی هێندە زوڵاڵ و هەستەکانی هێندە بەجۆش و خرۆش بوون، کە بە دەنگی بەرز دەیلاواندەوە، دراوسێکانیش گوێیان لێ بووایە دەگریان. دەچووە پرسەی هەموو مردوویەکی شار و دەگریا و تەیمووری دەلاواندەوە، زامی جەرگی ئەگەرچی چەند ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیبوو و قەتماغەی بەستبوو، بەڵام لەگەڵ مردنی هەر کەسێکی شارەکە، زامی دەکولایەوە و جەرگی دەکزایەوە. دایکانی پێشمەرگەی شەهیدی تریش لە شارەکە ئەمە پیشەیان بوو، دەچوونە پرسەکان و شیوەنیان دەکرد و کوڕەکانیان دەلاوانەوە، ئەوان شیعرەکانی لاواندنەوەی شەهیدەکانیان جەرگی دەکردە ئاو

***

((٥))

# بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان

یانەی فەرمانبەرانی کفری ئەو ئێوارەیەش جمەی دەهات لە پیاوانی شار و بەتایبەتیش گەنجەکان شەو نەبوو پێک پر نەکەن و مەی نەنۆشن. کۆتایی شەویش سەرخۆشەکان بێ ئاگا لەو وشانەی لە دەمیان دەردەچوو یەکتریان جنێوباران دەکرد و هەندێ جاریش تێک بەردەبوون و بە چەقۆ و دامربۆکس یەکتریشیان بریندار دەکرد.

ئەو ئێوارەیە بۆ ئاتیلا ئێوارەکی ئاسایی نەبوو، ئێوارەیەکی خەمناک بوو، چونکە دوا ئێوارەی بوو لەو یانەیەدا پێک هەڵبدات. ئەو پلانی دانابوو سبەینێ بەرەو ناوچە ئازادکراوەکان بڕوات. بەدیاریکراوییش دێی «بنەکە»ی هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەی، چونکە دێی بنەکە زۆرینەی زەنگنەبوون و خزمی نزیک و دووری دایکی لەو دێیەدا نیشتەجێ بوون.

چەند خولەکێک دوای گەیشتنی ئەم بە یانەی فەرمانبەران، عەباس جەیران هات و هەردوو هاوڕێ پێکەوە دانیشتن. جەیران ناوی دایکی عەباس بوو، وەک زۆر شوێنی تری کوردەواری هەندێ پیاو بە ناوی دایکیانەوە بانگ دەکرێن، عەباسیش یەکێک بوو لەوان. دانیشتنی ئەمجارەیان جیاواز و تەگبیر ئامێز بوو. ئاتیلا پێی گووت:»وەرە با پێکەوە برۆین بەرەو ئەوێ.«

– ئاخر من کێشەیەکم هەیە و دەترسم پێشمەرگە بمگرن و زیندانیم بکەن. وەختی خۆی پێشمەرگە بووم و هاتمەوە تەسلیم بوومەوە و دەمانچەیەک و نارنجۆکێکم لەگەڵ خۆم هێنا، دەترسم پێشمەرگە لەسەر ئەوانە سزام بدات.
– مەترسە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەین. دەمانچەیە دەکڕین و بیبەرەوە بیدەرەوە بە پێشمەرگە.
– تۆ بڵێی بەوە رازی بن و ئیتر سزام نەدەن.
– نە بابە نە، مادەم کەست بە گرت نەداوە و زیانت بۆ کەس نەبووە، کێشەی چەکەکە چارەسەر دەبێت.
– باشە با وابێت.

لەبەر ئەوەی دوا رۆژی خواردنەوەی بوو لەو یانەیە، زۆرتر لە هەر شەوێکی تری فڕکرد و تەواو مەست بوو. کە درەنگانێ گەیشتەوە ماڵ هەستی بەوە کرد دایکی زۆر گریاوە و چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون. دەستەکانی دایکی ماچ کرد و داوای لێکرد بەیانی بە خەبەری بێنێت. خپ لێی خەوت و لەبەر مەستیی نیگەرانی سەفەر و ڕێگاوبانی خەتەری ئەو دیێانە، کاری لێ نەکرد. جوان جوان نووست و تا دایکی بەخەبەری نەهێنایەوە جوڵەی نەکرد، ئەگەرچی درەنگیش بوو، نیوەی رۆژ بەسەرچوو بوو.

نیوەڕۆ چووە ماڵی برادەرێکی کە دراوسێی خۆیان بوو، لەگەڵ ئەودا پێکەوە نانیان خوارد و خەریکی چاخواردنەوە بوون، دایکی هات و پێی گووت برادەرێکی هاتووەتە ماڵەوە و چاوەڕوانیەتی. کە گەڕایەوە ماڵەوە بینی عەباس جەیرانە.

- بەخێربێی عەباس، چۆنی؟
- هیچ باش نیم، خەبەرم لی دراوە و بەدوامدا دەگەڕێن.
- کەواتە هیچ ڕاناوەستین هەر ئەمڕۆ بڕۆین باشە.
- راست دەکەی، بڕۆین باشە. بەڵام ئەمڕۆ نا، دەبێ من ئامادەکاری بکەم و لەگەڵ برادەران هاوئاهەنگی بکەم و دەمانچەیەک بکڕم و ماتۆڕێکی باشیش پەیدا بکەم ئینجا دەڕۆین.
- باشە، بەڵام کەمێ خێرا کە، دنیا باش نییە.

بۆ هەموو ئەو ئامادەکارییانە چوار رۆژ پێویست بوو، ئەو چوار رۆژە هەر پێکەوە بوون و لە ماڵەوە بوون، تەنها پەیوەندییان بەو کەسانەوە دەکرد کە زۆر جێگەی متمانەن. برادەرێکی دڵسۆز ماتۆڕێکی بۆ هێنان و تەگبیریان کرد ئەو ئێوارەیە، هەر کەمێ تاریک داهات، لە کفری دەرچن.

دەستێ جلی کوردی عەباسی هاوڕێی لەوێ بوو، بۆ ئەوەی تاقییکاتەوە، لەبەری کرد. بۆ یەکەمین جار بوو لە ژیانیدا جلی کوردی لەبەر بکات، چونکە ئەو بەردەوام پانتۆڵی کابۆی و کراسێکی سپی یان شینی دەپۆشی، بە زستانان قەمسەڵەیەکی ڕەشی دەپۆشی و پێڵاوەکانیشی وەرزشی بوون. حەزی لە پۆشینی جلی شیکی وەکو قات و بۆینباغ و پێڵاوی فستگلاس نەبوو. لە کفری بە «فێرست کلاس»یان دەگووت فستگلاس، وەک زۆر وشەی تری ئینگلیزی ئەو وشەیەش لە کفری وای بەسەر هاتبوو نەناسرێتەوە، بۆ نموونە «ئینتەرناشناڵ»ی ئینگلیزی بوو بوو بە «عەنتەرناش» و بەو تراکتۆرانە دەگووترا کە جوتیارەکان لە مەزراکاندا بەکاریان دەهێنا و خەرماشەیان پێوە دەبەست بۆ زەوی کێڵان. بە «باک»ی ئینگلیزی کە ماناکەی بە کوردی دەبێتە دواوە لە کفری بوو بوو بە «بەگ» کە بۆ دواوە ئۆتۆمبێلیان لێخوڕیبا دەیانگووت بەگ دەکەم. پێدەچوو ئەو وشانە هی ئەو کاتە بن کە ئینگلیزەکان لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی

عێراقەوە، عێراقیان کۆلۆنی کردبوو و بێگومان کە کوردستانیش ئەودەم دابەش کرا و بەشێکیان دابوو بە عێراق، لە کوردستانیشدا لە زۆر شوێن سەرا و دامودەزگای بەڕێوەبردن بەدەستی ئیبگلیزەکانەوە بوو. لە کفری هەندێ پیرەمێرد هەبوون ئەگەرچی نەخوێندەواریش بوون، بەڵام تەنانەت دەیانتوانی بە ئینگلیزییش قسە بکەن و لە یادیان مابوو. هەمیشە قسە دێ و قسە رادەکێشێ ئەم باسەشمان لە پێڵاوە فستگلاسەکەوە بۆ کرایەوە و خۆی ئەوەش دەمی برینێکی ترە و دایخەین باشترە.

شەرواڵ و مرادخانییەکی خاکیی و پشتێنێکی ڕەش. بەو جلەوە کەمێ سەیر دەهاتە بەرچاو، چونکە سەروسیمای لەگەڵ جلوبەرگەکەیدا نەدەهاتەوە. قژی درێژ و پڕ و کەمێ لوول بوو، تا سەرشانی هاتبوو، سمێڵی باش بەخێو کردبوو، بەهەمان شێوە ریشێکی پڕ و ڕەش و لاجانەکانیشی تێکەڵ بە قژ و بە سمێڵ و ریشی بوو بوو. لە سەرەوە کوڕە شارییەکی بێباک و بێخەم، لە خوارەوەش پێشمەرگەیەکی سەردەم، بۆیە کاتی دەویست تا ڕابیت لەگەڵ ئەم جلوبەرگانە و پێکەنین گرتی کاتێ لە ئاوێنەیەکی باڵاروانی باریک تەماشای خۆی کرد، بەڵام جلە کوردییەکانی داکەند و پانتۆڵە کابۆکەی لەبەر کردەوە، پێڵاوێکی ئەدیداسی وەرزشیشی لە پێکرد.

جانتایەکی بچووکی هێنا و دەستێ جلی تراکسۆدی وەرزشی تێکرد وهەندێ پێداویستی تریش. سازەکەی لە جەنتا تایبەتییەکەی خۆیدا دانا و ئامادەی کرد. کە سازەکەی دەپێچایەوە خەیاڵی چووە لای گۆرانییەکانی زەکی مورەن کە بەردەوام گوێی لێ دەگرتن و بە تەواوی دەیتوانی گۆرانییەکانی بڵێتەوە. سەرەتا گۆرانی» بز ئایریلامایز»ی بیر کەوتەوە کە بە کوردی دەبێتە «ئێمە جیانابینەوە»، ئینجا گۆرانی»ئەلبەتە بیر گوین بولوشوجایز»ی هاتەوە بیر، کە دەبێتە»هەڵبەتە رۆژێ یەکدەگرینەوە»، بەڵام چاوەکانی پر بوون لە فرمێسک کاتێ گۆرانی (ئانە ئانە ئانەجم) ی هاتەوە یاد، کە دەکاتە (دایە دایە، دایەگیان). نەیتوانی سۆزی خۆی رابگریت و دەستی برد و سازەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە گووتنەوەی گۆرانییەکەی دایە دایە دایەگیانی زەکی مورەن، بە شێوەی هەمان دەنگ و ئاوازی ئەو و بگرە بەکولتریش، هەر کۆپلەیەکی کە بە تورکی دەیگووت بە کوردیش دەیگووتەوە:

مازیدە قەڵەن، هاتیر گیبی/ شەفکاتلی کۆڵلارنی ئەچ بەنە ئانە
گێجەلەر چۆک سەووک سەسسز ڤە کەرانلک/ئۆیشیدیم ئویستمی ئوێرتەسەن ئانە
ئانەم، ئانەم، ئانەجم
(یادێ وەکو لە رابردوو ماوە/ قۆڵە بەسۆزەکانتم بۆ بکەرەوە دایە
شەوان زۆر سارد و بێدەنگ و تاریکە/ دەلەرزم، بە پەتوو دامپۆشە دایە
دایەم، دایەم، دایەگیان)

ئویاندم، ئویوکودەن ئەرادم سانی/ ساغمە، سۆڵمە، باکندم ئانە
گێجەلەر چۆک سەووک سەسسز ڤە کەرانلک/ ئویشیدیم ئویستمی ئوێرتەسەن ئانە
ئانەم، ئانەم، ئانەجم
(نووستم و خەونم دی بۆ تۆ دەگەڕام/ تەماشای لای راستم و لای چەپم دەکرد
شەوان زۆر سارد و بێدەنگ و تاریکە/ دەلەرزم، بە پەتوودامپۆشە دایە
دایەم، دایەم، دایەگیان)
یانمدە ئۆڵمانی نە چۆک ئیستادم/ دزنە یاتپدە ئویوردم ئانە
دیلمدە دووا، گوێزمدە روویا سن/ سانی چۆک ئوێزلادم، هەستەیەم ئانە
ئانەم، ئانەم، ئانەجم
(لەلات مانەوەم چەندێ ئاوات بوو/ پاڵکەوتم لەسەر ڕانت خەوتم دایە
لە زمانمدا نزا، لە چاومدا خەونی/ زۆر بیرم کردی، ناساغم دایە
دایەم، دایەم، دایە گیان)

وشە بە وشەی گۆرانییەکەی هێند بە سۆزەوە گووت، وەک ئەوەی وشەکانی لەنێو دیواری ناخی دڵیدا هەڵکۆڵرابن. مرۆڤەکان ئاوان، کە پر دەبن لە سۆز، هەستێکی وایان لا دروست دەبێت و پێیان وایە ئیتر ئەو ئازیزانەیان جارێکی تر نابیننەوە، بە تایبەت لەو بارودۆخە زۆر دژوارەی شەڕی قادسییەی شووم و رژێمی بەعس کە بەسەر ئەو گەنجانەی هێنابوو، هیچ متمانەیان بە خولەکی داهاتوو نەبوو، چونکە هەموو چرکەیەکیش ئەگەری ئەوە هەبوو بگیرێن و بخرێنە زیندانەکانەوە، یاخوود بە دەستڕێژی بیانکوژن، یاخوود پەلکێشی بەرەکانی جەنگیان بکەن و لەوێش چارەنووسێکی خراپتر لە پێشوازییان بوو، یان دەکوژران، یان بریندار دەکران و کەمئەندام دەبوو، یانیش بەدیل دەگیران و دەکەوتنە نێو زیندانەکانی ئێرانەوە، هەڵبەتە چارەنووسی ئەوانیش لە ژێر دەستی رژێمی ئێران خراپتر دەبوو.

دوای ئەوەی لە گۆرانییەکەی زەکی مورەن بووەوە کە هەموو هەستەکانی وروژاندبوو، تەماشایەکی ماڵە ساکارەکەیانی کرد و وەک ئەوەی دوانیگای بێت و ئیتر ئەو ماڵە نەبینێتەوە، هەوڵی دەدا یادگارییە شیرینەکانی لەو ماڵەدا وەبیر بێتەوە، بەڵام زۆر کەم لەو ساتانە هەبوون لە منداڵیی ئەودا شادیهێن بووبن. مەرگی باوکی و شەهیدبوونی براگەورەکەی بەردەوام لە نێو ئەو ماڵەدا خەمیان هەڵدەقولان و دڵی دایکی ئەویان دەکولان. زۆرجار کە دەهاتەوە بۆ ماڵەوە بەسەر گریان و لاواندنەوەی ئەو بە دەنگی بەرز دا دەکەوت و دەستی دەکردە دڵدانەوەی دایکی. یادگارییەکان بۆ ئەو جۆرێک خەمۆکییان هێنا، بۆیە دەستی برد و لە گیرفانییەوە حەبێکی مابرۆمۆبیدی هۆشبەری دەرهێنا و بە پەرداخێ ئاو ئاودیووی ناخی پر لە خەفەتی خۆی کردەوە، تا لەو ئازارە رۆحییانە دایببڕێت، ئەگەرچی بێ سوودیش بوو، چونکە دابڕانێکی کاتی و درۆنگانە

بوو. چەندین پاکەت لەو حەبانەی ئاخنییە نێو جانتاکەیەوە و چەند بوتڵێکیش مەی، ئەگەرچی باشیش دەیزانی خواردنەوە لە لادێکاندا ئەستەمە و داینابوو بە دزیی ئەوانەوە بخواتەوە و کەس پێی نەزانێ.

جانتایەکی دیکەشی هێنا پڕی بوو لە داودەرمان و دەرزی، هەندێکیان تایبەت بە ئاژەڵان بوون و هەندێکیشیان هی مرۆڤ. زیاتر حەبەکانی ئازارشکێن و دژەهەوکردن و دژە بەکتریا بوون، چونکە دەیویست پیشەکەی بخاتە خزمەتی لادێ نشینەکان بە خۆیان و ئاژەڵەکانیانەوە. تا ئەو ئەمانەی ئامادەکرد، عەباسیش ماتۆرەکەی ئامادە کرد و یەکسەر ماتۆڕەکەی لە حەوشە دەرهێنا، ئاتیلا بۆ خواحافیزیکردن لە دایکی، هەنگاوی بەرەو ژوورەوە نا و لەبەردەمیدا دانیشت و دەستی ماچ کرد.
- کوڕم ئەڕۆی؟!
- دایە گیان گەردنم ئازا کە.
- ڕۆڵە گیان خوا ئاگادارت بێت، گەردنت هەزار جار ئازاد بێت.
- ئاگات لە خۆت بێت دایە گیان.
- خوا ئاگای لێمان دەبێ کوڕەکەم.
بۆ ئەوەی نیگەرانی نەکات، ئاسایی کوڕەکەی بەڕێخست و نەگریا. ئەمیش بۆ ئەوەی نیگەرانی نەکات بە خەندەیەکی ئومێدبەخشەوە دووبارە دەستەکانی ماچ کردەوە و بەرەو دەرگای دەرەوە هەنگاوی نا.

دوو کوڕی گەنج بە ماتۆڕەوە و بەم هەموو جانتایەوە دەبوونە جێگەی گومان گەر بە ڕێگای ئاسایی و جادەدا بڕۆن، ئەگەرچی شەویش بێت، بۆیە ڕێگەی تریان گرتە بەر بۆ ئەوەی خۆیان لە خاڵەکانی پشکنینی ڕژێمی بەعس ببوێرن. عەباس دەمانچەیەکی حەوت خۆر و نارنجۆکێکیشی پێ بوو، بەڵام ئەم چەقۆیەکی دامربۆکسی هەڵگرتبوو، ئەوە تاقە چەک بوو کە بەردەوام پێی بوو، نەک بۆ ئەو سەفەرەی کڕیبێت، تەنانەت کاتێ قوتابیش بوو لە بەغدا لە پەیمانگای تەندروستی ئاژەڵان، ئەو چەکە سووکەی هەڵدەگرت، نەوەک کاتێ سەرخۆشە کەسێک زەفەری پێ ببات و چونکە بەردەوامیش سەرخۆش بوو، بۆ خۆپاراستن هەڵگرتنی ئەو چەقۆیەی کردبوو بە خوو.

بڕیاریان دا ڕێگەی دەربەندتاڵە بگرن و بڕۆن. کە کەوتنەڕێ خۆر ماوەیەک بوو ئاوابووبوو، شاری کفری وەک ئەوەی سەرپۆشێکی ڕەشی تەنکی بەسەرەوە بێت، بە تارمایی داپۆشرابوو. بەهۆی شەڕ و زۆری سەربازی فیرار لە شارەکەدا، هەر کە ئێوارەی لێ دەهات شار چۆڵ دەبوو، هەر کەس دەچووەوە ماڵەوە، یان لە ماڵی یەکتریدا خزمان و دراوسێکان شەوگاریان بەسەر

دەبرد. لە دانیشتنەکانیشدا باس هەر باسی بەرەکانی شەڕی ناڕەوای قادسییەی سەددام بوو. کە پێکەوە لە ماڵان دادەنیشتن تاقە ئامرازێ بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە هەواڵەکانی دنیا ڕادیۆو تەلەفیزیۆن بوو. لە تەلەفیزیۆنەکانەوە هیچی تر نەبوو جگە لە هەواڵی شەڕ و پیشاندانی سەددام لە بەرەکانی شەڕ و خوێندنەوەی بەیانی شەڕ و درۆی شاخدار لەبارەی سەرکەوتنەکانی عێراق بەسەر ئێرانەوە. هەندێ ماڵ بە نهێنییەوە تەلەفیزیۆنەکانیان دەخستە سەر کەناڵی ئێران و لەوێش باس هەر باسی سەرکەوتنەکانیان بوو بەسەر عێراقەوە. خەڵک زیاتر بۆیە پێیان خۆش بوو تەلەفیزیۆنی ئێران ببینن، چونکە لەوێ ناوی سەربازە بەدیلگیراوە عێراقییەکانیان دەخوێندەوە و هەندێ جاریش بە وێنەوە پیشانیان دەدا. زۆر کەس کوڕیان لە بەرەکانی شەڕ نەهاتبووەوە و وەکو ونبوو تۆمار کرابوون، دەیانگووت بەڵکو ئەمە خوایە نەکوژرابێت و بەدیلگیرابێت. وای لێ هاتبوو خەڵک کە کوڕی لە شەڕ بووایە نزای دەکرد تەنها نەکوژرێت ئیتر قەیناکات با بەدیل بگیرێت.

یەکەم وێستگەیان دەبووایە بۆ»گۆبان عارەب« بێت، چونکە دەبووایە لەو دێیە ماتۆڕەکە بۆ خاوەنەکەی بە سوپاسەوە بگەڕێننەوە، کە ناسیاوێکی عەباس خاوەنی بوو. بە ڕێگای نهێنیدا ڕۆیشتن و بەهۆی تاریکییشەوە نەیاندەتوانی بە تەواوەتی ڕێگاکە ببینن. لەو بێدەنگییەی شەودا دەنگی ماتۆڕ ترسناک دەهاتە گوێ، بەتایبەت بۆ ئەوان کە دەیانویست بە نهێنی و بێدەنگی لە شار دەرکەون. دەبوایە کاتژمێر نۆ بگەنە جێی مەبەست، بەڵام بەهۆی هەڵەکردنی ڕێوە گەیشتن بەو شوێنە هەندێ دوور کەوتەوە. ئەوان بە ڕێگای خۆڵدا ڕۆیشتبوون نەک بە جادەی قیرتاو، جادە خۆڵەکانیش، کە تەپۆڵکە و شاخاویش بوو، هەر تاوناتاوێ لقێکی لێ دەبووە و دەبوایە بە مەزەندە یەکێکیان بگرنەبەر. ئەوان چاوساغێکیان لەگەڵ نەبوو ڕێگە شارەزابێت، عەباس گوایە پێشتر بەو ڕێیەدا هاتبوو، بەڵام دیسانیش سەخت بوو بۆی لەبیری مابێت، بۆیە کە ڕێگەیەکیان دەگرت و دوای ماوەیەک گومانیان دەکرد ئەو ڕێگایە خۆی بێت دەگەڕانەوە و ئەویتریان دەگرت.

ئەمجارە سێ ڕیانێکیان هاتە پێش و ئەوەندەی تر سەرلێشێوێنەر بوو کە مەزەندەی کامیان بکەن. لەبەردەم هەر دوو یان سێ ڕێیانێکدا لە ماتۆڕەکە دادەبەزین و تێدەفکرین کامەیان بگرن. ئاتیلا ئەگەرچی پێشتر بەو ڕێگایەدا نەڕۆیشتبوو مەزەندەی دەکرد ڕێگاکەی لای چەپ ئەو بێت، بەڵام عەباس پێی وابوو هەر ڕاست بڕۆن و بە هیچ لایەکدا لانەدەن.
جگەرەیەکیان پێکردبوو بەدەم تێفکرینەوە دەیانکێشا، هەر کە جگەرەکە تەواو بوو، سواری ماتۆڕ بوونەوە و بە ڕێگا ڕاستەکەدا ڕۆیشتن. ڕاستەکەیان گرت و گووتیان ناڵێین خوا ڕاستە و ڕاستی لا خۆشە، کەواتە با ئەمە تاقیبکەینەوە، بەڵام دوای نیو کاتژمێر ئەملاولاکردن زانییان ئەو ڕێگەیە خۆی نەبوو، لە دوورەوە هەستیان بە هەبوونی ڕەبایەیەکی سەربازی کرد بەسەر شاخێکەوە بوو.

ماوەیەک بە دەست ماتۆڕەکەیان لێ خۆڕی بۆ ئەوەی دەنگی نەیەت و نەوەک سەربازەکان دەستریژییان لێ بکەن، کە کەمێک دوورکەوتنەوە و ڕەبایەکەیان لێ دیار نەما، سواری ماتۆڕەکە بوونەوە و گەڕانەوە هەمان خاڵ و ئەمجارە ڕێگاکەی چەپیان گرتە بەر، باش بوو چەپەکە ڕاست دەرچوو و بە شوێنی مەبەست گەیشتن. بە گەیشتنی ئەمان سەگەکانی دێی گۆبان عارەب دەستیان بە وەڕین کرد، بۆیە برادەرەکەی عەباس، ئەوەیان کە ماتۆڕەکەی لێ خواستبوو بەرەو پیرییان هات و بردنییە ماڵی خۆیان.

ئەمان برسییان بوو، بەو شەوە درەنگەش جگە لە هێلکەو ڕۆنی خۆماڵیی هیچ شتێک نەبوو بە پێنج خولەک ئامادە بکرێت و کابانی ماڵ بەو شەوە بەخەبەرهێنرا ئامادەی بکات و میواندۆستانە لە سینییەکی فافۆنی گەورەدا هێلکە و ڕۆن و نان و دۆیان بۆ دانرا و نانیان خوارد. دوای نانخواردن هەر لە دیوەخانەکە لێی نووستن.

عەباس خزم و ناسیاو و برادەریشی لە لادێکان هەبوو، پێشتریش پێشمەرگایەتی کردبوو، بەڵام ئاتیلا ئەوە یەکەم جاری بوو بۆ مانەوە لە لادێ بمێنێتەوە. ئەو پێشتر تەنها بۆ چارەسەرکردنی ئاژەڵەکان سەردانی لادێکانی کردبوو، بەڵام دوای یەک دوو کاتژمێر گەڕابووەوە، ئەمجارەیان هەستێکی جیاوازی هەیە، چونکە بۆ ئەوە هاتووە ئیتر لادێ ببێت بە شوێنی پاراستنی و نەیدەزانی چ چارەنووسێک لەوێ چاوەڕێی دەکات.

خانەخوێ بەیانی زۆر زوو بەخەبەریان هێنانەوە و پێیان گووتن خێرا دەبێ لێرە بڕۆن چونکە هەواڵ گەیشتووە سەرباز وجاشێکی زۆر بەڕێوەیە بۆ ئێرە و دەگوترێ تەیارەشیان لەگەڵدایە. ئەودەم نزیکەی کۆتایی ساڵی هەزار و نۆسەد و هەشتا و دوو بوو، فەوجگەلێکی زۆری جاش دروست بووبوون و ڕژێم بەکاری دەهێنان بۆ ڕێنومایکردنی سەربازەکان و هاوکاریکردنیان بۆ ڕاوەدوونانی پێشمەرگە. هەر هەواڵیان پێگەیشتبا کە پێشمەرگە لە دێیەک دابەزیووە، خێرا سەربازیان ئامادە دەکرد و جاشگەل پێشیان دەکەوتن بۆ هێرشبردنە سەر ئەو دێیە. زۆر جار شەڕی گەرم لەو دێیانەدا رووی دەدا و ئەگەر هێزێکی باش لەگەڵ پێشمەرگە نەبووایە شەهیدیشیان دەدا و دیلیشیان لێ دەگیرا، بەڵام ئەگەر هێرش کرا با و پێشمەرگە خۆی بۆ ئامادەکردبایە و هێزی باشیان لەگەڵ بوایە، گورزێکی باشیان لێ دەوەشاندن و جاش و سەربازی زۆریان لێ دەکوشتن و بەدیلیشیان لێ دەگرتن. هەواڵەکانی ئەو شەڕانە لە ڕێگەی ئێستگەی دەنگی شۆڕشی کوردستان بڵاو دەکرایەوە و خەڵک بەهۆی ئەوەوە ئاگاداری هەواڵەکانی پێشمەرگە دەبوون. رادیۆکە شەپۆلێکی کورت بوو، ڕژێم بەهەموو شێوەیەک هەوڵی سانسۆرکردنی دەدا و ژاوەژاوی دەخستە سەر، بەڵام خەڵکی کوردستان زۆر بە پەرۆشەوە و بێگومان بە نهێنییەوە گوێیان لێ دەگرت. دەنگی گڕی بێژەرەکانی بووبوون بە دەنگێکی ئاشنا و خۆشەویستی خەڵک، کاتێ

بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە چالاکییەکانی پێشمەرگەیان دەخوێندەوە، یاخوود لە بەرنامەی کاروانی شەهیداندا ژیاننامەی پێشمەرگە شەهیدەکانیان دەخوێندەوە. هەموو ماڵێ گوێیان بۆ رادیۆکە هەڵدەخست، بە تایبەتیش ئەو ماڵانەی کە کوڕیان پێشمەرگە بوو، مەحاڵ بوو رۆژێ لە دەستیان بچێت. چالاکییەکانی پێشمەرگە موچورکی شادی بە هەمووواندا دەهێنا و شمشاڵە زۆر خەمناکەکەی بەرنامەی کاروانی شەهیدانیش فرمێسکی بە خەڵک هەڵدەڕشت. باسی چالاکییەکانی پێشمەرگە بەهۆی ئەو شەپۆلە کورتەوە، دەماودەم وەک داستان دەگێڕدرایەوەو ورەی خەڵکی بڵند دەکردەوە. کە ماوەیەک چالاکی پێشمەرگە زۆر دەبوو، مەزەندەی ئەوە دەکرا هەر زوو ئەو رژێمە دیکتاتۆر و شەڕانگێز و داگیرکەرە بڕوخێت، بە تایبەتیش چونکە ئەو ڕژێمە لە شەڕێکی قورسدا گلابوو بەرامبەر بە دەوڵەتێکی گەورەی وەک ئێران. کەس باوەڕی بەوە نەبوو کە عێراق سەرکەوتووە بەسەر ئێراندا لە شەڕەکاندا، ئەگەرچی مەکینەی راگەیاندنی بەعس بەردەوام دەیویست ئەو درۆیە وەک ڕاستییەک بخاتە مێشکی خەڵکەوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکانی بەغدا بەهەموو جۆرێک و وەستایانە لە چەواشەکردنی خەڵکدا کاریان دەکرد و سەددامیان وەک پاڵەوان و وەک سەرکردەی نەتەوەی عەرەب و تەنانەت وەک ئەسحابەش دەناساند بە خەڵک. شەڕی قادسییەیان وەک پیرۆز پێناسە دەکرد و تەنانەت وەک جیهاد لە پێناوی خوا ناویان دەبرد. دەستەواژەی «الله اکبر»یان بۆ ئاڵای عێراق زیاد کرد و هەموو ئەوانە لە پێناوی ئەوەی مێشکی خەڵک بشۆنەوە، بە ئێرانییەکانیان دەگووت مەجوسی و ئاگرپەرست، مەبەستیان ئەوە بوو ئەوان موسوڵمان نین و زەردەشتیین و ئاتەشگەیان هەیە و ئاگر دەپەرستن. ئێران لە شەڕی قادسییەدا لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام بە شەڕی خوێناوی و لە سایەی شمشێردا فەتح کرابوو، خەڵکەکەی کرابوو بە موسوڵمان، بۆیە سەددام ئەم شەڕەشیانی ناو نا قادسییەی دووەم، تا رەهەندێکی ئایینی بە جەنگەکە بدات و وەک جیهاد بیناسێنێ بۆیە هەردەم لە راگەیاندنەکاندا فورسی مەجوسی بەکاردەهێنا، واتە فارسە ئاگرپەرستەکان. ماکینەی راگەیاندنی عێراق هێندە ئەوەی گوتبووەوە لە ناو مێشکی خەڵکەکەدا تۆماری کردبوو کە ئەوان کافر و ئاگرپەرستن و شایانی کوشتنن.

کە هەواڵی هاتنی سەرباز و جاشیان گوێ لێبوو، ئاتیلا و عەباس یەکسەر خۆیان ئامادەکرد بۆ دەرچوون و جێهێشتنی دێیەکە، نەوەک بەهۆی ئەمانەوە هێرش بکرێتە سەر ئەو خەڵکە بێگوناهە و ماڵ و حاڵیشیان تاڵان بکرێت.
خانەخوێ نان و ماستیان بۆ میوان دانا و چایەکی خەستیشی لەگەڵدا بوو. بە پەلەپەل نانیان خوارد و نیوەی چایەکەیان فڕ کرد و خێرا لە ماڵەکە هاتنەدەرەوە و خاوەنماڵ رێیەکی پیشان دان کە بیگرنە بەر بۆ دێیەکی تر.

چەند هەردەیەکیان بڕی و کەمێ لە دێ دوورکەوتنەوە، بەڵام هەر لەوێدا خۆیان مات دا و تا

کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ نەڕۆیشتن و لەوێ خۆیان حەشار دابوو. پاش کاتژمێر یەک بڕیاڕیان دا دەست بکەنەوە بە ڕۆیشتن و بە پێ و بەو هەردە و زەلامەزێیانەدا بڕۆن تا دەگەنە ئۆمەر بل.

ئەو ڕێگایانە زۆر چۆڵ بوون و کە لە دۆڵەکانەوە هاوارت کردبا لە شاخەکانەوە دەنگی دەدایەوە. ئاتیلا هەستی کرد ئەو شوێنانە بۆ گۆرانی گووتن زۆر نایابن و ئەو شنەبا سازگار و دیمەنی شاخە سەرسەوزانە، ئیلهامبەخشن و دەنگیش خۆشتر دەبێتەوە لە گوێی مرۆڤ. تا چاو بڕ بکات هەردە و چۆڵ بوو. هەر کاتژمێرێ دەڕۆیشتن و تاوێ دادەنیشتن و بۆ ئەوەی ماندوێتییان دەربچێت جگەرەیەکیان پێدەکرد و دەیانکێشا. ئاتیلا دەستی دەکردە پەناگوێی و گۆرانی دەگووت، جارێ بە عەرەبی و جارێ بە کوردی و جارێ بە تورکی. کە گوێی لە سەدای گۆرانییەکانی خۆی دەبوو بەو شاخانەوە هەستی بە سۆزێکی تایبەت و چێژێکی تایبەت دەکرد. تاقە گوێگریشی کە هانی دەدا گۆرانی تر بلێت عەباسی هاوسەفەری بوو، کە وەک برادەرانی دیکەش زۆر بە دەنگی هاوڕێکەی سەرسام بوو. ئەو سەرخۆش و ئەم سەرسام، بە دەم ڕۆیشتن و حەسانەوە و ڕۆیشتن و گۆرانیگووتنەوە دەمەو عەسر گەیشتنە دێی ئۆمەربل.

هەروا بە هەڕەمەکی لە دەرگەی ماڵێکیان دا و بوون بە میوانیان. خواردنیان بۆ دانان و ئەم ئەوەندە ماندوو بوو هەر لە جێی خۆی خەوی لێ کەوت. خەوێکی هێندە قووڵ و بێباکانە لێی خەوتبوو کە تا چوار کاتژمێر بەخەبەر نەهاتەوە. جگە لە ماندووبوونی چەند کاتژمێرێکی ڕێگا، کاریگەری ماددەی هۆشبەر خستبوویە ئەو خەوە قووڵەوە. کە بەئاگا هاتەوە بینی جێگاکەی عەباس نەماوە و عەباس دیار نییە. لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و لە خاوەنماڵەکەی پرسی، زۆر نیگەران بوو کە پێیان گووت دوو کاتژمێر دەبێ پێشمەرگە هاتوون و عەباسیان بردووە.

## ((٦))

# بنەکە بوو بە بنکەی ژیانی

هێشتا مابووی بگاتە وێستگەی مەبەست، پێشمەرگەش عەباسیان بۆ شوێنی دیکە بردبوو، بۆیە دەبوو تا دەگاتە ئاوایی مەبەست بەردەوام بێت و بە تەنیا بڕوات. بۆ سبەینێ سۆراخی ڕێگەی بنەکەی کرد و پێیان پیشان دا. ئۆمەربلی بەجێهێشت و بەو هەردە و چۆڵەدا ڕێی گرتە بەر. دوو جانتای کۆڵە پشت و جانتای سازەکەی پێ بوو. بە هەمان پانتۆڵی کابۆی شارەوە بەو هەردە و هەڵاتانەدا بە تەنیا هەنگاوی دەنا و شارەزای هیچکوێش نەبوو. تەنیایی ئەگەرچی هەندێ جار خۆشە، بەڵام لەو ڕێگا چۆڵانەدا هەستی مەترسی لای مرۆڤ دروست دەکات و سۆزەکانیشی دەهێنێتە جۆش و خرۆش. دەرۆیشت و کە ماندوو دەبوو دادەنیشت و مەقامێکی دەگووت و گوێی بۆ سەدای دەنگی خۆی رادەدێرا. تا عەباسی لەگەڵ بوو هەستی بە دووری ڕێگاکە نەدەکرد چونکە بەدەم ڕێوە پێکەوە قسەیان دەکرد و نوکتە و بەسەرهاتی خۆشیان دەگێڕایەوە و هەندێ جاریش ئەم گۆرانی دەگووت و ئەو گوێی دەگرت و هانی دەدا.

ماوەیەک بێ پەروا ڕۆیشتبوو هەر کەسی نەهاتەڕێ پرسیارێکی لێ بکات و نەیدەزانی تەواو هاتووە یان ڕێی وێڵ کردووە. ئەو دەشت و هەردە هەمووی لە یەک دەچێ و هەر دەڕۆی و ناگەیت، وەک ئەوەی لە نێو بازنەی بەتاڵدا بسوڕێیتەوە. ماندوێتی تەواو کاریگەری لەسەر جوڵە و هەنگاوەکانی دانابوو، هێواشتر دەڕۆیشت و هەر تەماشای ڕاست و چەپ و سەرو خواری دەکرد، لەبەر ئەوەی شوێنەکان لە یەک دەچوون وای دەزانی دەگەڕێتەوە بۆ دوواوە و سەری لێدەشێوا کام ئاراستە بگرێت. چووە سەر گردێکی بەرزتر لەوانیتر و تەماشای هەرچوار لای خۆی کرد. لە دوورەوە تارمایی زەلامێکی بینی و کەپرێکی بچووکیشی لێ دیار بوو. زۆر دڵی خۆش بوو کە ڕەنگە نزیکی ئاوەدانییەک بێت بۆیە وا دەرکەوتنی کەسێکی بەدیکردووە. لە دڵی خۆیدا هەندێ لێکدانەوەی کرد و گووتی ڕەنگە شوانی ئەو دێیانە بێت و بۆ لەوەر مێگەلەکەی هێنابێتە ئەوێ، بەرەو لای تارمایی زەلامەکە هەنگاوی نا و چارەکێکی پێچوو تا گەیشتە لای و کە

نزیک بووەوە سڵاوی لێکرد و لە تەنیشتییەوە دانیشت. کابرا سڵاوەکەی سەندەوە و بەخێرهاتنی کرد، پێی گووت:
- خێرا هەندێ نان و ئاوم بدەنێ خەریکە لە تینووا دەخنکێم و لە برسا دەمرم.

کابرا بانگی لە ژنەکەی کرد کە لە ناو کەپرەکەدا بوو، ئەویش خێرا نان و دۆی مەشکەی بۆی هێنا، پێدەچوو نانیشیان نەمابێت، تەنها قەراغە کولێرە بوو، دۆیەکەش لە جامێکی چینکۆی تەنکدا بوو. هێندەی برسی بوو وەک ئەوەی لە چێشتخانەی هوتێلێکی پێنج ئەستێرەدا قۆزی و برنج بخوات و کۆلا بخواتەوە، چێژی لەو قەراخی نان و دۆیە بینی. کە لێبووەوە و هۆشی هاتەوە بەر، خاوەن کەپرەکە لێی پرسی: «تۆ کێی برا؟ چۆنە بە تەنیا لەم هەردە و چۆڵەی؟» بە وردی بەسەرهاتی خۆی بۆ باس کرد و پیاوەکە دەستی کردە پێکەنین و گووتی:
- بێ قەزا بی ترسام، خۆ من پێم وابوو شێتی بەم سەروقژەتەوە.
- کەواتە لە ترسا نان و ئاوت پێدام؟!

دەستیان کرد بە پێکەنین و قسەکردن و دیاربوو پیاوەکە زۆر ڕای لە قسەخۆشەکانێتی، بۆیە حەزی دەکرد تاوێکی تریش لە لای دابنیشێ، بەڵام ئاتیلا پرسیاری ڕێی لێ کرد و دەیویست لە وەختدا بگاتە جێ.

- ئێستا گەرەکتە بۆ کوێ بچی؟
- بۆ ئاوایی بنەکە.
- هەر ئەم ڕێیە بگرە و بەرەو ئەو گردە بڕۆ، هەر دوای گردەکە دێی حەمەی مارف دەرئەکەوێت، ئیتر مەترسە، ئەم ناوە ئاوەدانییە و پێشمەرگەیشی تیایە. دوای ئەوەش بپرسە و ڕێت پیشان ئەدەن، ئەوەنە دوور نییە.
- زۆر سوپاس مامە گیان.
- خوا ئاگای لێت بێت. زۆر قسە خۆش و کوڕی باشی، خۆزگە جاری تریش بتبینمەوە، هەر لە دێی بنەکە دەمێنییەوە؟
- بەخوا نازانم هێشتا. دۆعا بکە هاورێکەشم زوو بدۆزمەوە.
- بەتەمای خوا هەر زوو ئەیدۆزیتەوە.

ڕێگاکەی گرتە بەر و بەچاو وا دیار بوو زوو دەگاتە گردەکە، بەڵام چارەکێ زیاتری پێچوو تا گەیشتە گردەکە و لە سەرگردەکەوە لە دوورەوە دێیەکی بینی و دڵنیابووەوە کە ئەوە دێی حەمەی مارفە. چارەکێکی تر ڕۆیشت و گەیشتە دێ. ئەو شەوە لە دێی حەمەی مارف مایەوە و بەو شێوە سەیرەیەوە بوو بە میوانی ماڵێکی دێ. خەڵکی دێ کە بە جلی پانتۆڵ و کراسی

شارەوە کەسانێکیان ببینیایە وایان دەزانی مامۆستایە. چونکە تەنها تاک و تەرا مامۆستا بەو جلانەوە دەبینران کە بۆ ماوەیەک دەهاتنە دێیەکان. خەڵکی لادێ خۆیان هەموویان بە پیاو و بە ژنەوە جلی کوردییان دەپۆشی، تەنانەت منداڵەکانیش کوڕ و کچیان جلی کوردییان دەپۆشی. پیاوەکان یان رانکوچۆخە، یان کەواو سەڵتەیان دەپۆشی و جامانە یان مشکییان لەسەر دەنا، پێڵاوەکانیشیان کاڵاشی کوردی بوو، هەندێ جاریش پێڵاوی لاستیک. گەنجەکانیان یان تەنیا کڵاوێکیان دەکردە سەر، یان جامانەیکیان بەسەرەوە دەبەست و لە شێوەی بەستنەکەیدا هەستت بە جیاوازی دەکرد و ئەمان هەوڵیان دەدا کەشخەتر و جوانتر بیبەستنەوە و قۆزتر بنوێنن بۆ سەرنجراکێشانی کچانی دێ، بە تایبەت لە کاتی چوونیان بۆ سەرکانی. لە هەموو لادێیەکدا چەند کانییەک هەبوو کە ژنان ئاوی خواردنەوەیان لێ دەهێنا و بە گۆزەوە پۆل پۆل دەچوونە سەر کانی. لە سەرکانی دەبوو بە باسی جۆرا و جۆر و بەدەم پڕکردنی ئاو و شوشتنی قاپ و جلەوە، کچان و ژنانی دێ هەموو هەواڵی دێیان بە یەک دەگەیاند. لەوێدا کچان باسی کوڕانیشیان دەکرد و بۆ یەکتریان دەدرکاند دڵیان بە کام لاوی دێکەدا چووە و پەیمانیان لەگەڵ کێدا بەستووە. کانییەکان زۆربەی جار لە قەراغی دێیەکان بوون و هەندێ جار کەمێ دووریش بوون لە دێ. تا دوورتر بووایە بۆ کچان و کوڕانی دێ خۆشتر بوو، چونکە ئاوهێنان و کاروبارەکانی سەرکانی تاقە هۆکار و شوێن بوو بۆ حەزحەزۆکێ و دڵگۆڕینەوە و پەیمان بەستن. لە سەر رێگەی چوون بۆ کانی و گەڕانەوە بۆ دێ کوڕان بە کلاوی قوچەوە دەوەستان و بۆ سەرنجڕاکێشانیان هەندێ جار گۆرانیشیان دەگووت. کچان و ژنانی دێ جلی کوردی ئاودامانیان لەبەردەکرد، بەڵام بەو جلە شۆرانەشەوە چاپووک و گورج و گۆڵ بوون و بە گۆزەکانی سەرشانیانەوە لەنجەولاریان دەکرد و کە دەگەیشتنە ئاستی ئەو کوڕانەی کە سەرنجیانی راکێشاوە، بە تیلەی چاو تیری عەشقیان تێدەگرتن و ئەو بروسکە رووانینانە بەس بوون بۆ شەیداکردنی کوڕان و ئاگرتێبەردانیان. هەندێ لە کچانی دێ بوێرتر بوون و دوای بەستنی پەیمان ژووانیان لەگەڵ دڵدارەکانیان دادەنا و بە نهێنی و دوور لە چاوی خەڵک، دەچوونە پەنا و پەسیووان و پێکەوە قسەیان دەکرد و عەشقئاوێزانی یەکتریش دەبوون. ئاشکرابوونی هەر عەشقێ کارەساتێک بوو بۆ خۆی، چونکە عەشق وەک شورەیی سەیر دەکرا و شووکردن و ژنهێنانەکان لە لادێ یان دایک و باوک بۆیان دەستنیشان دەکردن، یانیش بۆ برا بە ژن دەدران و ژنبەژنکردن باوترین جۆری هاوسەرگیری لادێکان بوو. بۆیە کچانێ کە بۆ ژووان چووبان بە بوێر دەژمێردران و وزەی عەشق لە دڵیاندا نەبووایە نەیاندەتوانن ئەوەندە بوێر بن و رێگەی ئەو مەترسییە بگرنە بەر. بە تایبەتیش ئەگەر بە رێکەوت کەسێ لە ژوواندا ببینیبان و لەو دێ بچووکانەدا ناویان دەزڕا و ڕووبەڕووی مەترسی لێدان و تەنانەت کوشتنیش دەبوونەوە گەر لەگەڵ دڵدارەکانیان پەیوەندی خۆشەویستییان گەیشتبایەتە ئاڵوگۆڕی چێژی جەستە. نەشکوژرابان بۆ لەکۆڵکردنەوەیان دەیاندا بە پیاوی زۆر پیر و ژیانیان دەبووە دۆزەخ لەگەڵ ئەو پیاوانە.

ژنانی لادێ بە گشتی و کچان بە تایبەتی جلی ئاڵاوواڵای تەنکیان لەبەر دەکرد و خەناوکەی مێخەک و شیلانیان لەمل دەکرد. ئافرەتەکان سەروبەستیان بە گوڵەنگی رەشی بە دەزووی زێڕین بەستراو لە سەری خۆیان دەسبەست و سەرپۆشی تەنکی رەنگاورەنگیان لەسەر دەکرد. گەنجەکانیان سەریان نەدەبەستەوە، تەنها سەرپۆشێکی تەنکیان بە ئاستەم بەسەری خۆیاندا دەدا و لە ژێرییەوە پرچە درێژەکانیان و کەزییەکانیان بەدیار دەکەوتن. سوخمە و مێخەکبەند و کەمەربەند و کۆڵوانە و کەوا و کراسی ژنانی لادێ هێندە سەرنجڕاکیش بوون، لە کۆنەوە بووبوونە بەستە و گۆرانی و پیاوان بەسەرسامیی و عەشقەوە دەیانگووتەوە. گۆرانی فۆلکلۆری کوردی ئیلهامی لە شەنگی ڕوخسار و جلوبەرگ ئاڵاو واڵا و کەمەر و باڵای ژنانی لادێوە وەرگرتووە و عەشقە سەختەکانیان بوونەتە سەدان بەیت و لاوک و حەیران و ستران. لە بەیت و باڵۆرە و گۆرانییەکاندا حەسرەتەکان و مەینەتەکان و تامەزرۆییەکانی پیاوان و ژنان بۆ یەکتری و نەگەیشتنیان بە یەکتری گوزارەیەکی سێکسی لێکراوە کە هەندێ جار ئەو گوزارانە لە قسەکردندا ناگوترێن و تەنها لە گۆرانی و نوکتەدا کورد دەیانگێڕێتەوە. «کۆڵوانە سوور تۆبە بێ، چارۆکە سوور تۆبە بێ» و» بە کراسی ڕەش جەرگی سوتانم»و»سوخمەی زەردی سەر مەمکان» و» میخەکبەندی نێوان مەمان»و»دەستم برد بۆ مەمانی» و» گرتم دەست و شیلکەی ڕانی» و «پێم گووت بمدەرێ ماچێ» و زۆری تریش کە گوزارە لە ژووانگەکان و ماچ و موچی پەنا و پەسیوانی ژیانی کوردەواری و بەتایبەت دێکان دەکات. هەر لەو گۆرانییانەدا باس لە دلسۆزی پەیمان و پەیمانشکێنی دەکات و باسی ئەو کچە نازدارانەشی کە بە پیاوانی پیر دەدرێن و دڵیان هەر لای دڵدارەکانیانە و دڵدارەکانیان سوورن لەسەر گەیشتن پێیان، «دایکی حەوت کوڕ بی هەر بە تەماتم» گوزارەیە لەو دۆخە دژوارەی کە دڵخواز و دڵدار لە یەک دابڕێندراون و چارەنووسێکی تریان بۆ هەر یەکەیان داناوە و ئەمانیش بە کوڵ و دڵ حەسرەت بۆ یەکتری هەڵدەریژن. «عەمرەکەم، چاوەکەم، ئەو تەگبیرەی بۆ تۆی دەکەم، ئەگەر بەخۆت رازی بیت، دایکت دەرمانخوارد دەکەم، باوکت دەرمانخوارد دەکەم» گۆرانییەکی چەند باو و چەند ڕووداوئامیزە. دابڕینی خۆشەویستان لە یەکتری تەنانەت بەرەو تاوان پاڵ بە کوڕانەوە دەنێت و دوور نییە کچانیش هەندێ جار لە ساتە پڕ سۆز و حەسرەتەکاندا ببنە هاوکاری ئەو تاوانانە. خۆشەویستی چ سروشتی و چ کردەوەیەکی خوایی و پر لە حیکمەتە و چلۆن دەروونەکان ئارام دەکاتەوە و چ سەرچاوەیەکی خۆڕسکیشە بۆ داهێنان، کەچی لە کوردەواریدا دەکرێتە مایەی ئازار و ژان و دابران بۆ کچان و کوڕان. هەرچی ڕووبدا و دنیاش ببێتە بەربەست و ڕێگر، چونکە سروشتییە و سەرچاوەکەی لە خواوەیە، تا دنیا دنیا بێت، کچان عاشقی کوڕان دەبن و کوڕانیش ئامادەی گیانبازین لە پیناوی عەشقی کچان.

بەیانی زوو ئەوێشی بە جێهێشت و ڕێگەی دێی تەپەسەوزی گرتە بەر، لەوێشەوە ڕێگەی دێی»بنەکە»ی پێ پیشان درا. دیسانەوە گەشتێکی تەنیای لەسەر بوو، هەنگاوی گورجی

بەرەو دێی مەبەست دەنا و بەدەم ڕێگەوە بیری لە ژیانی سەختی پێشمەرگەکان دەکردەوە کە ساڵانێکی زۆرە بە شاخەوەن و تێدەکۆشن و هەزاران میل ڕێگای سەختی شاخاوی بە پێ دەبڕن. لە دڵی خۆیەوە هەر لێکی دەدایەوە و دەیگووت، مەحاڵە خوا وەڵامی ئەم تێکۆشانە سەختەی پێشمەرگە نەداتەوە و بێگومان کورد هەر دەگاتە ئامانج. جۆرێک لە هەستی گەشبینی تێکەڵ بە هەستی شانازی تێدا دروست بوو، لەبەر خۆیەوە دەیگووت لەمەودوا منیش هەتا پێم بکرێ بە پیشەکەم  خزمەت بە پێشمەرگە، بە خەڵکی ئەم دێیانە و بە کوردستانەکەم دەکەم.

دوای ماوەیەک ڕۆیشتن بە پێ بە سەر ئەو ڕێگا خۆڵانەدا، تراکتۆرێک لە ڕێگەی ڕاوەستا و فەرمووی سواربوونی لێکرد. تراکتۆرەکە بۆ بنەکە دەچوو، ئەمیش زۆرخۆشحاڵ بوو کە ڕێگاکەی بۆ کورت دەبێتەوە و هاوکات تەنیا نییە و ڕێی لێ ون نابێت.

سەرەڕای هارەهاڕی مەکینەی تراکتۆرەکە، لەگەڵ خاوەنەکەیدا جار و بار قسەیان دەکرد و ئەم پرسیاری لەبارەی چۆنێتی ژیانی دێوە لێ دەکرد و ئەویش بە پرسیارەکانی تەواوی زانیاری لەسەر ئەم پەیدا کرد و کە زانیشی دکتۆری ئاژەڵانە کۆڵی خۆشحاڵ بوو، چونکە خۆیشی جوتیار و ئاژەڵدار بوو، دەیزانی بەکەڵکیان دێ. خزمانی دایکی هەموویان لە بنەکە بوون، ناوی هەرکەسێکیانی دەگووت خاوەن تراکتۆرەکە دەیناسیینەوە و دیار بوو بە خزمایەتییەکی دووریش دەگەیشتنەوە بە یەک، بۆیە داینەبەزاند تا نەیگەیاندە ماڵی عومەری ئامۆزای دایکی.

بە هاتنی کۆڵێ خۆشحاڵ بوون، خزمەتێکی زۆریان کرد و یەکەم شتیش کەپێشکەشیان کرد قاتێ شەرواڵ و مرادخانی و کڵاشێکی کوردی بوو، چونکە ئیتر گونجاو نەبوو لە دێدا پانتۆڵی کابۆی لەپێ بکات. ئاویان بۆ گەرم کرد خۆی شوشت، چونکە سێ ڕۆژ بوو بە ڕێگەوە بوو لەو ڕێگە خۆڵانەوە تەواو غەرقی تەپوتۆز بووبوو. دوای خۆشوشتن جلە کوردییەکانی لەبەر کرد. هەستی بە حەوانەوەیەکی زۆر کرد لە نێو ئەو جلە فراوانە و هەستێکی وای هەبوو کە ئیتر ئەم جۆرە جلانە دەبنە ستایلی نوێی ئەو لەم ژیانە نوێیەدا کە سێ ڕۆژە ڕێگای بۆ دەبرێ و ئەوەتا گەیشتە شوێنی مەبەست. هەستی کرد ئیتر  پانتۆڵی تەسک و وشکی کابۆی لەبەر ناکاتەوە، ئەگەرچی ئەو مۆدێلە لە شار زۆر دڵخوازی بوو، لاوانی شار هەموویان بەهۆی فیلمە ئەمریکییەکانەوە کە ژیانی لادێکانی ئەوێی پیشان دەدا و کاوبۆی مانای گاوانە و گاوانەکان ئەو جۆرە پانتۆڵانەیان لە پێ دەکرد بە شەفقەیەکی گەورەوە، ئیدی بوو بە باو و لاوانی وڵات ئەو ستایلەیان هەڵبژارد و وەک کاوبۆیە ئەمریکییەکانیش لاجانەکانیان درێژ دەکرد و هەندێکیشیان ڕیشی درێژیان بەر دەدایەوە. هۆی ئەوەی ئەو جلانە بوونە خواستی زۆربەی لاوان، ئەوە بوو کە ئەکتەرەکانی ئەو فیلمانە شەڕانگێز و بەهێز بوون و لە ئاکشنەکاندا توندوتیژی و لێدانیان بەکاردەهێنا. لاساییکردنەوەی ئەو ئەکتەرەبەهێزانە لە لایەن لاوانەوە بە گشتی باو بوو، نەک

تەنها لە جلوبەرگ و ستایلی قژ و ریشدا، بەڵکو لە رەفتاریشدا، بۆیە لاوان خوویان دەدایە مەیخواردنەوە و هەڵگرتنی چەقۆ و دامربۆکس، گەر پێیان کرابا وەکو کاوبۆییەکان دەمانچەشیان هەڵدەگرت، بەڵام چەک قەدەغە بوو، کەس نەیدەتوانی بە بێ مۆڵەت دەمانچە هەڵبگرێت لە دەوڵەتی عێراق و تەنها بۆ بەعسییەکان لوابوو دەمانچە بە بەرکەمەرییانەوە شۆڕ بکەنەوە و پۆزی پێ لێبدەن، بۆیە گەنجەکانی تر چەقۆیان هەڵدەگرت و زۆرجاریش لە کاتی سەرخۆشیدا پێکەوە بەشەڕ دەهاتن و یەکتریان بریندار دەکرد.

پانتۆڵە کابۆکەی خستە نێو جانتاکەیەوە و هەستی دەکرد ئیتر دەریناهێنێتەوە. نەیدەزانی چەند هەفتە و مانگ و ساڵ لەوێ دەبێت، بەڵام لەوە دڵنیابوو کە تا شەڕی قادسییەی شووم تەواو نەبێت ناگەڕێتەوە.

خزمەکانی دایکی لە ماوەیەکی کەمدا ئاگادار بوونەوە و هاتنە ماڵی عومەر بۆ بینینی و هەر رۆژە و ماڵێ داوەتی نانخواردنیان دەکرد و هەموو ماڵەکانی ناسی و بە دیداریان خۆشحاڵ بوو. خزمەکانی لادێ زۆر حەزیان لە پەیوەندی بوو بە خزمەکانی شاریانەوە و ئەوانەی خزمی شار سەری لێدابان زۆر شانازییان بەو سەردانانەوە دەکرد. خەڵکی شار لای ئەوان سیمبولی زانین و رۆشنبیری و تەنانەت دەوڵەمەندییش بوو، چونکە خەڵکی لادێ دەرفەتی خوێندن و زانین و خۆرۆشنبیرکردنیان بۆ هەڵنەکەوتبوو. زۆربەی هەرە زۆری لادێکان خوێندنگەیان نەبوو، جاری وا هەبوو منداڵانی چەند دێیەک پێکەوە دەچوونە یەکێک لەو دێیانەی کە دوو ژووری ماڵێکی بۆ دەکرا بە خوێندنگە و یەک یان دوو مامۆستاش لە شارەوە بۆ فێرکردنیان دەنێردران. هەموو دێیەک مزگەوتێکی لێ بوو، بەڵام خوێندنگە و بنکەی تەندروستی تەنها لەو دێیانەدا هەبوو کە لەسەر جادەی سەرەکیین یان نزیکن لە جادەکانەوە. منداڵانی دێ دەبوایە چەندین کیلۆمەتر رێگا بە پێ ببڕن بۆ وەرگرتنی چەند وانەیەک لە رۆژدا، کە ئەمەیان لە رۆژانی زستاندا زۆر سەخت و دژوار بوو، بەهۆی ئەوەی کە جادەکانی نێوان گووندەکان بە دەگمەنیان قیرتاو بوو، زۆربەیان خۆڵ بوون و لە وەرزی بارانباریندا دەبوو بە قوڕاوێک ئەوپەڕی دیار نەبێت.

هەفتەیەک تێپەڕی و هەر لە ماڵی ئامۆزاکەی دایکی بوو، کە چەند پێشمەرگەیەکی تیپی پەنجا و یەکی گەرمیان بوون بە میوانی ماڵەکە و ئەمیشیان لەوێ بینی و زۆر خۆشحاڵی خۆیانیان بۆ هاتنی و نیشتەجێبوونی لە دێ، پیشان دا. زۆربەی پێشمەرگەکانی دەناسییەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە خەڵکی کفری بوون، هەندێکی تریشیانی ناسییەوە چونکە ئەوانیش کوڕی ناوچەکە بوون و ساڵانێک پێش ئەم هاتبوون و ببوون بە پێشمەرگە. ئەوانەی نەشیان دەناسی ناوی ئاتیلایان بیستبوو، بەهۆی تایبەتمەندییەکەی و سیفەتە ناوازەکان لە کەسایەتیدا خۆشیان دەویست. ئەو وەک پیاوێکی ئالوودەی مەی ناسرابوو، بەڵام وەک پیاوێکی بەهێز لە رووی

جەستەییەوە، خزمەتگوزار لە رووی پیشەییەوە و راستگۆ و هەقخواز لە رووی کەسایەتییەوە، ناسرابوو. بە فرسەتی زانی هەواڵی عەباس لەو پێشمەرگانە بپرسێت و ئەوانیش دڵنیایان کردەوە کە لە لایانە و بۆ هەندێ لێکۆڵینەوە بردوویانە و چەند رۆژێکی تر ئازادی دەکەن. ئاتیلا رایسپاردن کە ئازاری نەدەن و پێی گووتن کە ئەو بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت و دەبێتە کەفیلی.

سێ مانگی پێچوو ئینجا عەباس هاتەوە بۆ بنەکە و بۆ لای کە تا ئەوسا هەر لە ماڵی خزمانی بوو، هەر ئەو رۆژە بە ماتۆڕ هاوڕێیەکی تریشی پەیدا بوو، بورهان هات و گووتی ئەوە منیش شارم بە جێ هێشت و لێرە دەمێنمەوە، ئاتیلا پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد کە پێکەوە خانوویەک بگرن و سەربەخۆ تیا دانیشن. ئەمەیان لە لایەکەوە بۆ ئەوەی ئەرک نەخاتە سەر خزمەکانی دایکی و بەمانەوەی درێژخایەنی عەزیەتیان نەدات، لە لایەکی تریشەوە کە ئەمەیان بۆ ئەو گرنگتر بوو ئەوە بوو ئەگەر لە خانوویەکی سەربەخۆ نەبێت ناتوانێ مەی بخواتەوە و خۆی بێهۆش بکات، چونکە ئەو راهاتبوو لەسەری و کە نەیخواردبایەتەوە وەک نەخۆشی لێدەهات. عەباس پێشنیارەکەی پی خۆش بوو، دەستیان بە پیادەکردنی ئەو بیرۆکەیە کرد. حەمەجان شێت، کە برای عومەر بوو خانوویەکی هەبوو لە چوار ژوور پیکهاتبوو، خزمەکانی ئەو خانووەیان پێدا و هەر یەکەیان ژوورێکیان بۆ حەوانەی خۆیان ساز کرد و ژوورێکیشی کرد بە کلینیک و دەرمانخانە.

حەمەجان بەهۆی ناتەواوی باری دەروونییەوە لە دێدا پێیان دەگوت شێت. ئەو لەگەڵ ئەوەشدا بە شێت ناوی دەبرا قسەی زۆر بەجێشی دەکرد و تەنانەت پیشبینی هەندێ شتی دەکرد و هەندێجار بە ڕاست دەگەڕا، بۆیە لەو رووەوە پرسیاری رووداوەکانی داهاتوویان لێدەکرد و ئەویش لە خۆیەوە شتی دەگووت و شتی لێکدەدایەوە. تێکچوونی باری دەروونی ئەو چەندین ساڵ بوو دەستی پێکردبوو، بەهۆی وەرنەگرتنی چارەسەرییەوە لێی بووبوو بە نەخۆشییەکی درێژ خایەن. حەمەجان دوو ساڵ سەربازی کردبوو، هەرلەو قۆناغەدا وردە وردە باری دەروونی تێک چووبوو، بەوهۆیەوە گەڕایەوە دێ، بەڵام حەزی لە ماڵەوە نەدەکرد و لە دەرودەشت دەمایەوە. دواتر خووی دایە کۆکردنەوەی مەسینە و دارێکی درێژی هەڵدەگرت و بیست سیی مەسینەی پێوە دەبەست و دەیگووت مەسینە برای پشتە. جاروبار دەچووە کفری و دار و مەسینەکانیشی هەر لەگەڵ خۆی دەبرد. حەمەجان شێتی بنەکە لە کفریش دەناسرا و کە دەهاتە شار گەنجان سەریان دەنایە سەری و بۆ ڕابواردنی خۆیان پێی پێدەکەنین، هەندێ جاریش بە سەرسامییەوە باسی قسە نەستەق و پێشبینییە بەڕاستگەڕاوەکانیان دەکرد. ئیدی کەسایەتی ئەویش وەک جۆرێک ئەفسانە دەماودەم دەگێڕدرایەوە و شتی دەخرایە سەر و شتی دەدرایە پاڵ. حەمەجان پێویستی بە ماڵ نەبوو، چونکە وەک دیوانە هەر دەمەی لە شوێنی بوو، لەم سەر کانی و ئەو دۆڵ و ئەو شاخ و ئەم دی و ئەو دێ، ئەگەرچی ژوورێکیشیان لەو ماڵەدا بۆی هێشتەوە، بەڵام نەدەچووەوە ماڵ و لەگەڵ مەسینەکانی لە دەشت و دەر دەمایەوە.

## ((٧))

# تیرێکی عەشق و دوو نیشان

ئیتر ئەو ماڵە بوو بە ژینگەی تازەی ئاتیلا و عەباس و بورهان، کە تیایدا دەمانەوە و پێشوازییان لە هاورێکانیان دەکرد، کەنعانیش ماوەیەک بوو بە ماڵەوە هاتبووە ئەو دێیە لەبەر هەڵهاتن لە سەربازیی، ئەویش دەهاتە لای ئاتیلا و دۆستایەتییان زۆر بەتین بوو. جگە لەو مامۆستا غالیب لە کفرییەوە بۆ ئەو دێیە هاتبوو، هەروەها حەسەن، کە هێندە بە ئەبو فەلاح بانگ دەکرا کەس ناوەکەی خۆی لەبیر نەمابوو. ئەم هاوڕێیانە پێکەوە زۆر خۆشیان رادەبوارد، ئێوارانیش دەرگاکانیان دادەخست بۆ ئەوەی خەڵکی دێ پی نەزانن، خواردن و خواردنەوە و مەزەییان دادەنا و دەیانخواردەوە. چەندین هاورێی تر دەهاتنە میوانی و خۆیان خواردنی خۆشیان بۆ خۆیان لێ دەنا و بە بەزم و گۆرانی و نوکتە و قسەی خۆش کاتیان پێکەوە بەسەر دەبرد.

هەر ئەو ماڵە وەک بنکەیەکی تەندروستیش لە لایەن خەڵکی دێوە چاوی لێ دەکرا و کە ئاژەڵەکانیان نەخۆش دەکەوت دەیانبردە ئەوێ و کە مرۆڤەکانیش نەخۆش دەبوون هەر پەنایان بۆ دکتۆر ئاتیلا دەهێنا، بۆیە ئەویش ناردی کتێبە سەرەکییەکانی کۆلێجی پزیشکی و فەرهەنگی پزیشکی و دەرمانی بۆ بهێنن تا لە نەخۆشییەکانی مرۆڤیش شارەزا بێ و باشتر بتوانێ یارمەتییان بدات. ناوی دەرمانەکانی دەنووسی و لە کفرییەوە بۆیان دەهێنا و بەخۆرایی نەخۆشەکان و بریندارەکانی پێ چارەسەر دەکرد. ئەو زۆر رۆحسوک و خۆبەخش بوو بۆ یارمەتیدانی هەر کەسێک کە پێویستی بە هاوکاری ئەم بووایە، لە هەر بارودۆخێک بووایە بە دەمیەوە دەچوو. قەت دەستی نەدەنا بەڕووی کەسێکەوە کە پێویستی بە هاوکاری ئەم بێت. ئەوەندەی پی نەچوو بە هەموو دێیەکانی دەوروبەردا بڵاوبووەوە کە دکتۆرێک لە بنەکە هەیە و عەیادە و دەرمانخانەی هەیە و بە خۆرایی خزمەتگوزاری پیشکەش بە خەڵکی دێیەکان و ئاژەڵەکانیشیان دەکات. هەر رۆژەی لە شوێنیکەوە دەهاتن و یان هەر لەوێ دەرمانی دەدانێ یانیش خۆی لەگەڵیاندا دەچوو بۆ دێیەکانیان و دەرزی لێدەدان و دەرمانی بۆ دەبردن.

خانووەکەیان لە ژووری ژوورەوەی دێی بنەکە بوو. لە پشتییەوە بە دووری پەنجا مەترێک کانییەکی ئاو هەبوو، خەڵکی دێ هەندێکیان لەوێوە ئاویان بۆ پێداویستییەکانیان دەبرد. ماڵێک لە بەرامبەر ماڵەکەی ئەمان بوو، لە خزمەکانییەوە بیستبووی کە ماڵی شێخە، بەڵام لەو ماوەیەدا کە دوو مانگیش تێپەڕیبوو بەسەر نیشتەجێبوونیان لەوێ، ڕێکەوتی نەکردبوو کەسیان ببینێت. هۆی ئەوەش ئەوەندەش بوو کە بەردەوام دەرگای خۆیان دادەخست و دەیانخواردەوە، نەوەک خەڵکی دێ پێ بزانن کە ئەمان دەخۆنەوە، بەڵام خەڵکی هەر گومانی کردبوو کە ئەم گەنجانە ڕەنگە لە ماڵەوە بەزمی مەیخواردنەوەیان ساز کردبێت بۆیە وا دەرگا خڕ کلیل دەدەن. لە لادێ باو نییە دەرگا دابخرێت، خۆیان هەمیشە دەرگاکانیان لەسەر پشتە و بە گەرمی پێشوازی میوان دەکەن.

لە کانییەکەوە جۆگەلە ئاوێک ببووەوە و دەهاتە خوارەوە. ئەم جۆگەلە ئاوە بەناو خانووەکەی ئەمان و خانووەکەی ماڵی شێخیشدا تێدەپەڕی. ماڵەکەی شیخ لە ماڵەکەی ئەمان بەرزتر بوو، بۆیە ئاوەکە لەوێوە بەرەو لای ئەمان دەهات.

خانووی ماڵی شێخ ڕووبەرێکی فراوانی هەبوو، چونکە شێخان خاوەنی تەکیە و دیوەخانی گەورەن و ڕۆژانە بە دەیان میوان لە دوور و نزیکەوە ڕوویان تێدەکات. لە کوردەواریدا خەڵک شێخان وەک پیرۆز تەماشا دەکەن و جۆرێک لە پەرستن دەیانپەرستن. شێخان خاوەنی ڕێبازی تایبەتی پەرستن و باوەڕن و ئەوانەی کە باوەڕ بە ڕێبازەکەیان دەهێنن دەبن بە دەروێش و موریدیان. داب و نەریت و باوەڕی خەڵکەکە وایە کە ئەو شێخانە نزیکی خوان و بەوهۆیەشەوە هێزی شیفەبەخشینیان تێدایە، بۆیە کە نەخۆشیان دەبێت بۆ تەکیەکانی ئەوانی دەهێنن، تا شێخ دەستێ بهێنێ بەسەریاندا و چاکیان بکاتەوە. ئەو باوەڕە لە هەندێ کەسدا ئەوەندە بەهێز و بەرجەستەیە کە ئامادەن لە پێناوی شێخدا بمرن، یان ئەگەر شێخ پێیان بڵێ بمرن دەمرن. باوەڕبوون بە جنۆکە و غەیب لە کوردەواریدا هێندە بە هێزە و لە پەروەردەوە نەوە دوای نەوە ماوەتەوە، ئەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە لەو باوەڕەدان ئەمانە جنۆکە دەستی لێ وەشاندوون یان جنۆکە چووەتە کلێشەیانەوە و تەنها شێخ دەتوانێ لەگەڵ جیهانی غەیبدا لە پەیوەندیدا بێت و لەو جنۆکەیە ڕزگاریان بکات. هێزی هەر شێخێکیش جیاوازە لەو بارەیەوە بە پێی بەرز و نزمی پلەی کەرامەتەکەی، بۆیە تا پلەکەی بەرزتر بێت لایەنگری زیاتر دەبێ و دەروێش و مورید زیاتر لە دەوری کۆدەبنەوە. دەروێشەکان کە دێن بۆ زیارەتی شێخ دەستی ماچ دەکەن و لە حزوریدا وەک کۆیلە دەوەستن و چاوەڕێی فەرمانین. ئەوان کە دێن شت و مەکی زۆری خواردەمەنیش بۆ تەکیە دەهێنن و خواردنی تەکیەش وەک پیرۆز دەبینرێت. دیوەخان و تەکیەی شێخ هەمیشە جمەی دێ لە میوان و حەرامسەرای شێخ بۆ ژن و کچەکانن و تەنها میوانە ئافرەتەکان بۆیان هەیە بچنە ئەوێ، بەڵام دیوەخان و تەکیە پیاوەکان و دەروێشەکان تیا دادەنیشن و پەرستشی تێدا دەکەن و شەوانیش هەر لەوێدا دەخەون.

ماڵی شێخی دراوسێی ئەمیش تەکیە و دیوەخان و حەرەمسەرای لێ بوو. وژەی دەهات لە میوانی دوور و نزیک، لە دەروێشی ژن و پیاو، لە نەخۆشی جۆراو جۆر و لە شێت و دەستلێوەشاو، کە بۆ مانەوە و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانیان روویان لە تەکیە دەکرد بۆ ئەوەی شیفایان بۆ بێت.

لەو دوو مانگەدا هیچ سەرنجێکی ئەوتۆی نەدابووە ئەو ماڵە دراوسییەی و تەنها بیستبووی ماڵی شێخن و بڕایەوە. لە ژیانیدا نە نوێژی کردبوو، نەش باوەڕی بە ئەفسانەکانی غەیب هەبوو، بەڵام بێ باوەڕ نەبوو، لەناخەوە هەستی بە خۆشەویستی و پەیوەستبوونێکی قووڵ دەکرد بەرامبەر بە هێزێک کە دەیبزوێنێ بەرامبەر بە چاکە و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی مرۆڤ، هەر ئەو هێزەیە کە خەڵکی تر ناوی جۆراوجۆری لێ دەنێن و ئایینی جۆراوجۆری بۆ دروست دەکەن. ئەو پێی وانەبوو بۆ گەیشتن بە خوا پێویست بە خەڵکی تر بکات وەک شێخ و مەلا و پیاوانی ئایینی. بە لای ئەوەوە ئازارنەدانی مرۆڤ و خزمەتکردنی مرۆڤ وەک پەرستنی خوا وایە و هیچ پێی وانەبوو کە مەیخواردنەوە لادان بێت لە ڕێگەی خوا یان خراپەکاریی بێت، چونکە بەسەرخۆشییش ئەوەی لەبیر نەدەکرد کە پێویستە هەق سەروەر بێت.

ئەگەرچی کانییەکە لە سەرووی ماڵیی ئەم سێ گەنجەوە بوو، لەناو حەوشەوە دەیانبینی ژنان و کچانی دێ بە گۆزەکەی سەرشانییانەوە دەچنە ئەوێ و دێنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵکی دێ لێیان بێزار نەبن، پەیڕەوی داب و نەریتیان دەکرد و تەماشای کەسیان نەدەکرد. لە ناو دێشدا کچان و ژنانی خزمیان کە سڵاویان لێ دەکرد، چاوی هەڵ نەدەبری و بە ڕێزەوە وەڵامی دەدانەوە و تێدەپەڕی.

خانووە فراوانەکەی ماڵی شێخ لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشێکیان تەکیە و دیوەخان بوو دەرگایەکی سەربەخۆی هەبوو، بەشەکەی تریشیان بۆ خێزان بوو. شێخ زۆر بەتەمەنیش نەبوو، لە شەست کەمێ لای دابوو، بەڵام هەر قیت و قۆز بوو. ژنێک و هەشت منداڵی هەبوو، سێ کچ و پێنج کوڕ، کە دووان لە کوڕەکان هاوسەریان هەبوو، چەند منداڵێکیشیان هەبوو. ژمارەیان بە شێخ خۆیەوە دە کەس بوون، بەڵام بەردەوام دوو ئەوەندەش میوانیان هەبوو، دەروێشەکان و نەخۆشەکان و هەندێ کەسی تر کە بەردەوام لەوێ دەبوون بۆ خزمەتکردن.

لە نێوان هەردوو حەوشەکەدا دەرگایەک هەبوو، بۆ ئەوەی هەر لە ناوەوەی خانووەکەوە هاتوچۆ بکەن. لە خانووی تەکیەکەدا ژوورێک و بەرهەیوانێکی گەورەش هەبوو کەمێک دوور بوو لە تەکیەکەوە، لە نزیک دەرگای ماڵە خێزانییەکەشیانەوە تەنووربانێک هەبوو، کە لە بەرامبەریشیدا ژوورێکی بچووک هەبوو بۆ کا، کە کادانیان پێ دەگووت. لە نێو حەوشەی پانوپۆڕی ماڵی شێخدا چەندین کولانەش هەبوو، کە مریشک و کەڵەشێر و جوجەڵەکان لە لایەک و کەروێشک

لە لایەکی ترەوە بەنێو حەوشەدا تەراتێنیان دەکرد.  چەند مەڕ و بزنێکیش لە گۆشەیەکی تری حەوشەکەوە بەسترابوونەوە، ماڵی شێخ دەتگووت مەملەکەتێکی سەربەخۆیە.

ئەگەرچی دوو مانگ بوو لەوێ بوو، بەڵام هیچ کاتێ نە تەماشای ماڵی شێخی کردبوو، نەش حەزی دەکرد بزانێ کێن ئەو هەموو میوانە زۆرەی روو لەم دراوسییەیان دەکەن. بەڵام نیوەڕۆیەک غەڵبە غەلبەکە برێک بەرز بوو، دەنگی گورەی ئۆتۆمبیلیش دەهات، ئاسایی نەهاتە بەر گوێی و  دەرگای کردەوە تا بزانێت ئەو دەنگەدەنگە چییە.

بینی ئەوە ماڵی شێخە چەند میوانێک بەڕێدەخەن. ئاسایی وەستا بوو تەماشای دەکرد و ویستی بچێتەوە ژوورەوە، چاوی لە نیگای کچێک گیر بوو کە لەو ناوە ڕاوەستابوو، ئەویش لەگەڵیان هاتبووە دەرەوە و خواحافیزی لە میوانەکان دەکرد. وەک ئەوەی تەزوویەکی زۆر بەهێزی کارەبا بیگرێت گیانی کەوتە لەرزین و دڵی کەوتە لێدانی خێرا و بەجۆرێک دەنگی ترپەی دڵی بەرز بووەوە کە هەستی دەکرد بە گوێیەکانی خۆی دەیبیستێت. هەستی کرد گیانی گەرم داهات و هەستی کرد وەکو پەیکەر لە جێی خۆی وشک بووە و نابزوێت. وەک ئەوەی هەنگاوی بە بەردەرگاکەوە نووسابێت وەستابوو، چاوەکانیشی لەسەر ڕوخساری ئەو کچە نابزوێ و ئەبڵەق بووە. لەناکاو بینی سەرنجی کچەکەش هاتە سەر ئەم و وەک ئەوەی لە چاویەوە تیرێکی هاویشتبێ، بە پێکان لە ڕێگەی چاوەکانییەوە بەرەو دڵی ڕۆچوو. هەستەکەی ئەوەندە سەیر و لە ناکاو و خۆرسک بوو، کە نە دەیتوانی بزانێ چی رووی داوە و نەش ئاگای لە چواردەوری خۆی و مرۆڤەکانی تر مابوو، ئەوانی هەر نەدەبینی. تەنها ڕوخسارێکی دەبینی کە وەک مانگ دەدرەوشێتەوە و هەستی کرد بۆ یەکەم جارە لە ژیانیدا وزەیەک وەردەگرێت و ئەویش وزەی ڕووناکییە لەو مانگەوە. چەند سەیر بوو بە لایەوە ئەو هەستە، کە نەیدەزانی پێناسەیەکی بکات، چونکە لە ژیانیدا پێشتر ڕووی نەدابوو تا هەستی پێ بکات یان بیناسێتەوە.

دوو چاوی ڕەشی گەورە و برژانگی دریژ و برۆیەکی پان، دەموچاوێکی هێلکەیی گەنمرەنگێکی خوێن گەرم بوو ئەو شۆخەی بەرامبەری وەستاوە. بەژن و باڵایەکی مامناوەندی و پرچێکی دریژی خورمایی کە لە ژێر سەرپۆشێکی تەنکەوە دیارە و لێوێکی ئەستوور و ئاڵی بێ ئارایش، هەر یەک لەو ئەندامانە بە شێوەیەک سەرنجی ئەمیان دیل کرد و تیری نیگاکەشی لە هەمووی کاریگەرتر ئەمی پێکا، بە تایبەت کە بەدەم سەرنجەوە خەندەیەکی جوانی پێ بەخشی و بەو خەندەیەوە ئەوان چوونە ژوورەوە و ئەمیش وەک ئەوەی بووبێت بە پەیکەرێک نەیدەتوانی هەنگاو بەرەو ژوورەوە بنێت.
بە تەنیا بوو، چونکە عەباس و بورهان چەند رۆژێک بوو بۆ دێی تر چووبوون و و بۆ لای ناسیاوەکانی دیکەیان سەفەریان کردبوو. کە هاتەوە ژوورەوە وەک ئەوەی لە ناکا و کارەباکە

بەریدابێت لەسەر جێگەی نووستنەکەی کەوت و وەک ئەوەی بوورابێتەوە ماوەیەک چاوی داخست و ئەو نیگا و ئەو چاوانە و ئەو روخسارە و ئەو بالآیە و ئەو خەندەیەی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی و دووبارە و سێبارە و دەبارەی دەکردەوە. خەیاڵی وەکو مەل هەڵفڕی و لە جیهان دابڕا و تەنها و تەنها بیری لەو شۆخە دەکردەوە. دوو کاتژمێر زیاتر لە نێو ئەو خەیاڵە پەمەییەدا ئاهەنگی دەگێڕا و کە کەمی بەخۆیدا هاتەوە لەبەر خۆیەوە گووتی: ئەوە من چیم لێ بەسەر هات؟! خوایە ئەو کچە بۆ وای لە من کرد؟ ئاخۆ ئەو کچە کێیە؟ کچی ئەوماڵەیە یان میوانیانە؟ ناوی چییە و چۆن بتوانم جارێکی تر بیبینمەوە. خوایە تۆ بڵێی ئەمە عەشق بێت؟! بێگومان ئەمە عەشقە، من عاشقی ئەو کچە بووم خوایە! ئێستا من چی بکەم!

وەک ئەوەی هۆشی لەسەر خۆی نەبێت، بە شێواوی لە ماڵ چووە دەرەوە و چووە ماڵی هەندێ لە خزمەکانی و پرسیاری جۆراوجۆری لەبارەی ماڵی شێخەوە لێ دەکردن، تا لە وەڵامەکانەوە ئەوە هەڵێنجێ ئەو کچە کێیە کە گیرۆدەی کرد. لەوانەوە زانیاری وەرگرت و زانی ئەو شۆخ و شەنگە کچی گەورەی شێخە و شووی نەکردووە.

رۆژەکانی دوای ئەو بروسکە دیدارەی بەردەرگای نیگاکانیان، ئاتیلا ئیتر ئاتیلایەکی تر بوو، نە خەوی ما و نە خۆراک، بەردەوام بیر و خەیاڵی لەو بەرەوە بوو. بەردەوام چاوەکانی لەسەر دەرگای ماڵی شێخ بوو، بەڵکو بۆ ساتێکی تریش ئەو شۆخە ببینێتەوە کە لە دڵی ئەمدا هێلانەیەکی گەرم و نەرم و سەیری چێکردووە. بیری دەکردەوە لەوەی وەک دراوسێ پەیوەندی لەگەڵ ماڵی شێخدا دروست بکات، یان بچێت بۆ تەکیە و لەگەڵ شێخدا دانیشێ ئێ بەڵکو لەو کاتانەدا کچە شێخ دەربکەوێ و بیبینێت. دەچووە بەر دەرگا و دەهاتەوە ژوورەوە، دووبارە دەچووەوە بەر دەرگا و تەماشای دەرگای ئەوانی دەکرد و دەهاتەوە ژوورەوە. لە ژوورەوە ئارامی نەبوو، بۆیە بەرەو دەرگا هەنگاوی دەنا، لەبەردەرگاش زۆر نەدەمایەوە، لەوە دەترسا لە داب و نەریتی دێ لایدابێت و بەوەش گەر پێی بزانن ماڵەشێخ نیگەران و تووڕە بن لێی. هیچ نەیدەزانی چی بکات و چی نەکات. پێی خۆش نەبوو لە ماڵی خۆی دوور بکەوێتەوە، چوونکە نزیکی ماڵی ئەوان بوو. کە دەهاتن بە دوایدا بۆ دێیەکانی تر، دوای چارەسەری نەخۆشەکانیان یەکسەر دەگەڕایەوە و شەوان لە هیچ کوێی تر نەدەمایەوە. جاران کە دەچووە دێیەکانی تر دوو سێ شەو دەبووە میوانی ئەو دێیانە، بەڵام ئێستا وەک ئەوەی موگناتیسێکی زۆر بەهێز کێشی بکاتەوە بەرەو بنەکە، دەگەڕێتەوە و لە هیچ کوێ بەن نابێت.

هێشتا هەستی ئەویشی نەدەزانی، بەڵام کە ئەو خەندەیەی دەهاتەوە بیر کە لە بەردەرگا پێی بەخشی و تیری ئەو نیگایەی کە بۆی هاویشت، مەزەندەی دەکرد کە ئەویش سەرنجێکی ئەمی دابێت، بەڵام هیچ شتێک بۆی روون نەبوو و تەنها لە خزمەکانییەوە زانیبووی کچی شێخە و ناوی فاتمە.

دوو هەفتە زیاتر تێپەڕی بوو بەسەر سەرنجگۆڕینەوە و پێکانی نیگاکانیان. فاتم خەو و خۆراکی نەمابوو و لە دڵی خۆیدا هەر لێکی دەدایەوە و لێکی دەدایەوە. ئاخۆ ئەو کوڕەش عاشقی ئەم بووە یان نا، کە بەو شێوە لەبەر دەرگاوە سەرنجی دەدا و بەو تیرانەی چاوی دڵی ئەمی پێکا. لە دڵی خۆیەوە دەیگووت، ئەو کوڕە پێدەچێ خەڵکی شار بێت، لە کوێ منێکی کچە لادێیی نەخوێندەواری دەچێ بە دڵدا، ئەو رەنگە لە شار خۆشەویستێکی هەبێت یان کچێکی دەزگیرانی هەبیت، هەرچۆنێک بێت ئەو روانین و سەرنجەی تەنها رێکەوت بووە و بە مەبەستەوە نەبووە. دەیویست واز بێنێت لە بیرکردنەوە لەو، بەڵام وەک مەحال دەهاتە بەرچاوی، چونکە هەستی دەکرد نە بە دەستی خۆیەتی، نەش بڕیاری ئەوی تێدا بووە، هەموو شتێک لە خۆیەوە و خۆرسک روویداوە. نەیدەتوانی رێ لە بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆی بگرێت. رووخساری ئەو بەردەوام لەبەر چاوی بوو، بە چرکەش لا نەدەچوو، تەماشای دار و بەردەکانیشی بکردایە هەر شێوەی ئەو دەهاتە بەر چاوەکانی. بیری دەکردەوە سەر و سیمای و قژە دریژ و بژ و لوولەکەی لە هی دەرویش دەچێت و دەیگووت خۆزگە ئەو کوڕە دەروێشی ماڵی ئێمە بووایە تا لە تەماشاکردنی تێر ببوایەم. خەیاڵی دەهێنا و خەیاڵی دەبرد، سەرەتای خەیاڵی پرسیارئامێزبوو سەبارەت بە ناسنامەکەی. ئاخۆ ئەو کوڕە کێیە و ناوی چییە و خەڵکی کوێیە و چۆنە بووەتە دراوسێیان؟ناڕاستەوخۆ لەم کچی دێ و لەو ژنی تری دەپرسی و تا زانیاری لەبارەیەوە پەیدا کرد و زانی کوڕە شارییەکی خەڵکی کفرییە وناوی ئاتیلایە، دکتۆرە و ژنی نەهێناوە، تەمەنی بیست و چوار ساڵە و لەسەربازی هەڵاتووە و هاتووە لەم دێیەدا وەک هێزی پشتگیری پێشمەرگە دابنیشێت و لەپاڵەوە خزمەتی خەڵک و پیشمەرگە بکات وەکو دکتۆر.

کە زانیارییەکانی لەبارەیەوە زانی و لێکی دایەوە، زۆر خەمبار بوو، لە دڵی خۆیەوە دەیگووت من و ئەو جیاوازیمان زۆرە، ئەو شاری و من لادێیی، ئەو دکتۆر و من نەخوێندەوار، چۆن ئەو عاشقی من دەبێت و بۆ من دەبێت، ئەمە خەونە من دەیبینم، ئەمە ڕاستی نییە، نەخێر، دەبێ ئاقڵ بم و وازبهێنم. ئەم هێنان و بردنەی نێو خەیاڵ بە دەستی خۆی نەبوو، چونکە هەر کە بڕیاڕی دەدا ئیتر بیری لێ نەکاتەوە، چرکەیەکی نەدەبرد دکتۆرە شارییەکەی کە دڵی پێکا و خەوو خۆراکی شێواند، دەهاتەوە نێو سەری و نێو دڵی و روخسارەکەی دەهاتەوە بەرچاوی و لێی جیا نەدەبووەوە.

لەسەر جۆگەی نێو حەوشەکەدا کە قاپ دەشوا و کە جل دەشوا، لە سەر تەنوورەکەدا کاتێ نان دەکات، لە ژووری نووستندا، لە موبەقدا، لە حەوشە و داڵاندا، لە هەموو شوێنێکدا ئەو کوڕە دێتە بەر چاوی و بە سەرنجەکانی دڵی دەپیکێ و وازی لێناهێنێت. هەست بە تاسەیەکی بەردەوام دەکات بۆ دیداری و دەچێتە ژوور و داڵانەکەی بەرامبەر تەکیە و لەسەر رەفەکەی ژوورەوە قورئانەکە هەڵدەگرێ و دەیخاتە سەر سەری و ماچی دەکات و بلندی دەکاتەوە و دەپاڕێتەوە

لە خوا: »خوایە، ئەگەر ئەو کوڕە عاشقی من نییە و ئەگەر بۆ من نابێ و ناگونجێ، لە دڵیشم دەریبێنە خوایە. خوایە شیفای دڵم بدە کە بەو تیرەی سەرنجی ئەو دکتۆرە بریندار بووە.«

قورئانەکە ماچ دەکاتەوە و دەیخاتەوە شوێنەکەی خۆی و بەرماڵەکەی دادەخات و دەست دەکات بە نوێژکردن. کە وەستاوە و ئایەتەکان دەخوێنێتەوە، کە چەمیوەتەوە و کە کرنۆشی بردووە، راستە هەموو ئایەتەکان و وشەکانی نوێژ دەخوێنێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بیری لایان نییە و تەنها و تەنها ڕوخسار و نیگاکانی ئەو دەبینێ و هۆشی بردووە.

نوێژ تەواو دەکات و دەست دەکات بە نزا و لە خوا دەپاڕێتەوە کە یارمەتی بدات. سەرسامە بەوەی لە ناکاو تووشی ئەم دەردی ئەوینە هات و ئەم سۆز و خۆشەویستییە بێ سنوورەی بۆ ئەو کوڕە هەیە. نزا دەکات خوا یارمەتی بدات و ئەو کوڕە تێبگەیەنێت کە ئەم چەند خۆشی دەوێت. نزا دەکات شارییبوونەکەی، خوێندەوارییەکەی، دکتۆرییەکەی نەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەو خۆشەویستییە. نزاکان نزای رەوای کچە عاشقێکن و لەوپەڕی بڕواوە لە ناخییەوە هەڵدەقوڵێن.

چاوە چاو دەکات بزانێت کەی جارێکی تر دێتەوە بەر دەرگا و بیبینێت. نیگەران دەبێ لەوەی کە ئەو هەموو جارە دەچێتە بەر دەرگا و ئەو نابینێت، دڵی ختوورەی ئەوە دەکات ئەو کەسێکی تری خۆش بوێت و بیری هەر لە لای ئەمیش نەبێت. بەخۆی دەڵێ گەر ئەویش منی خۆش ویستبایە هەڵبەتە وەک من چاوەچاوی دەکرد و دەهاتە بەر دەرگا و یەکترمان دەبینی. بیری دەچێتە لای ناوەکەی، ناوی ئاتیلایە، ناوەکەی زۆر سەیرە بەلایەوە بەڵام زۆریشی پێ خۆشە و زۆریش حەز دەکات رۆژێ بێت پڕ بە دەم لە دوورەوەش بێت بانگی بکات و ئەویش ئاوڕی لێ بداتەوە. کە ئاوڕیشی لێی دایەوە ئەویش بانگی ئەم بکاتەوە و هەردووکیان بە عەشقێکی بێپایانەوە بەرەو یەکتری بێن و کە بەیەک دەگەن توووند باوەش بە یەکتریدا بکەن و تێر تێر یەکتری ماچ بکەن.

لەناکاو بەو خەیاڵەی خۆی قەڵس دەبێ و هەست بە شەرم و بە ترس دەکات، لەوەش ناخۆشتر هەست بە گوناهێکی گەورە دەکات. لۆمەی خۆی دەکات لەوەی بیری لە شتیکی ئاوا کردۆتەوە و بە خەیاڵ ماچی خۆشەویستەکەی کردووە. ترسی گوناە دایدەگرێ و گیانی دەکەوێتە لەرزین. داوای لێبوردن لە خودا دەکات و جارێکی تریش خەمێکی قووڵ دایدەگرێتەوە و بیری دەکەوێتەوە کە ئەو کچە شێخە و لە بنەماڵەی ئەودا شووکردنی کچ سنووردارە و نادرێ بە بێگانە، نادرێ بە کەسێ کە نوێژ نەکات و رۆژوونەگرێت، بەڵام زانیارییەکانی کە وەریگرتووە لەبارەی ئەم خۆشەویستەیەوە دەیسەلمێنێ کە ئەم کوڕە نەک نوێژ ناکات و رۆژوو ناگرێ، بەڵکو مەی دەخواتە و بەردەوام سەرخۆشە. دەکەوێتە لۆمەکردنی خۆی و بەڵێن بە خۆی دەدات واز

ببێنێت لە خۆشەویستی ئەو کوڕە، بەڵام هەر زوو بە خۆی پێدەکەنێت، چونکە چەندین جار لە ڕۆژانی ڕابردوو ئەو هەوڵەی داوە و نەیتوانیوە چرکەیەکیش ئەو لە بیر و خەیاڵی دەرکات.

بە دەنگی دایکی خەیاڵەکانی پەرت و بڵاو دەبنەوە کاتێ داوای لێدەکات تەنوورەکە دابخات و دەست بکات بە نان کردن. لەماڵەوە خوشکەکانیشی هەست بە گۆڕانی دەکەن، ئەوان لەو منداڵترن و پێیی دەڵێن دادە، یەکتریان زۆر خۆش دەوێت و پێیان خۆشە هاوکاری بکەن و بە خەمباری نەیبینن. هەست بەو گۆڕانە دەکەن لە سیمای و لە ڕەفتاریداروویداوە و لێی دەپرسن نەخۆشە یان چی کە ئاوا خەمبار و سەرسام و داهێزراوە، ئەم هیچ نادرکێنێ، چونکە هێشتا بۆ خۆیشی روون نییە کە چی ڕووی داوە و چی ڕوو دەدات.

هێز دەداتە خۆی و بەرەو لای تەنوورەکە هەنگاو دەنێت، هەست بە شەپۆلێکی سۆز و خۆشەویستی دەکات لە نزیکییەوەیە. لە خۆیەوە ڕەنگی گەش دەبێتەوە و کوڵمەکانی ئاڵ هەڵدەگەڕێن، زەردەخەنەیەک دێتەوە سەر لێوەکانی و بیری ئەو زەردەخەنەیەی دەکەوێتەوە کە لە بەردەرگا و لە یەکەم نیگادا بۆی هاویشت.

ئاگری تەنوورەکە گەش گەش دەبێتەوە. تەشتێکی گەورە هەویر دەهێنێ و بە تەنیا دەست دەکات بە نان کردن. بە دەم نانکردنەوە نووزەنووز لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێ، سۆزێکی گەرمیانی لە دەمی کچەعاشقێکەوە دێتە دەر و هەموو بوونی گەرم دادێنێ، گڕی تەنوورەکە هێندەی تر خوێنی گەرم کردووە و روخسارە گەنمرەنگییەکەی جوانتر دەدرەوشێتەوە. چوار نانی بە تەنوورەکە داوە و خەریکن جوان جوان دەبرژێن.

دەستی برد و یەکەم نانی برژاوی دەرهێنا، ویستی لەسەر ئەو سەبەتەیەدا داینێ کە لەسەر سەکۆی تەنوورکە دایناوە، ڕێک ئەوی بینی لەبەردەمیدا ڕاوەستاوە و بە ڕامانەوە تەماشای دەکات. لە جێی خۆی سەرسام بوو، جوڵەی نەکرد. دایکی بانگی لێکرد: »فاتم چەند نانێک بدەرە دکتۆری دراوسێمان.» نانەکەی بۆی گرت و بەدەم وەرگرتنی نانەکەوە هەر سەرنجی دەدا و هیچ نەیتوانی یەک وشەش بڵێ.

ئەو لەوبەرەوە لە بەیانییەوە هەر تەماشای کردبوو، دەهات و دەچوو بەڵکو ئەم ببینێت، ئەوە چەند مانگە لە خەیاڵی ئەمدایە و ڕۆحی سرەوتی نییە. کە بینیبووی نان دەکات، بە بیانووی داواکردنی نانەوە هاتبوو ئەم ببینێ و داوای لە دایکی کردبوو، ئەویش ناردبووی بۆ سەر تەنوورەکە بۆ وەرگرتنی نان. نانەکەی وەرگرت بەڵام پێی ڕێی دانەگرت بڕواتەوە، دایکی بانگی کرد و گووتی: «دکتۆر بێ زەحمەت سەیرێکی ئەو مانگایەشمان بۆ بکە، ماوەیەکە شیری کەم بووە و خواردنیشی زۆر نییە.»

باشترین بیانووی بۆ دروست بوو کە پێی بکرێتەوە بۆ بە ماڵی شێخ. پێدەچوو دۆعاکانی گیرا بوو بێت کە وا بە ئاسانی ژنی شێخ داوای یارمەتی لێکرد. لە دڵی خۆیەوە زۆر سوپاسی خودای کرد کە وەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند.

ئەمیش لەملاوە بەو داوایەی دایکی زۆر دڵی خۆش بوو، لە دڵی خۆیدا دەیگووت ئەو کوڕە بەهۆی مانگاشەوە بێتە ماڵمان هەر باشە. بەڵکو وردە وردە ئەویش هەست بە هەستەکانی من بکات و منی خۆش بوێت. بەهۆی وروژمی ئەو بیرانە و شڵەژانییەوە نانەکانی نێو تەنوورەکەی لە بیر کرد و چەند نانێک سووتان و بۆنی سووتان بڵاوبووەوە. هەوڵی دا هەستەکانی خۆی کۆبکاتەوە نەوەک دایکی هەست بە شتێک بکات. دەستی کردەوە بە نان کردن، بەڵام بە تیلەی چاو هەر بەو لایەیدا دەڕوانی کە مانگاکەیانی لێیە و دکتۆر بەرەو ئەوێ هەنگاوی دەنا. لەو ساتەوە هەستێکی خۆشەویستی زۆر قوڵیشی بۆ دروست بوو بەرامبەر بە مانگاکەیان، چونکە دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ نزیکبوونەوە لە دکتۆر، چەند مانگایەکی ئەفسوناوی هاتە بەرچاوی، مانگایەکی خوێنشیرین و چاوجوان!

ئاتیلا گەیشتە لای مانگاکە، بەڵام بە تیلەی چاو سەرنجی لای تەنوورەکەی دەدا. لە دڵی خۆیەوە دەیگووت تۆ بڵێی ئەو کچە هەست بەو ئاگرە بکات کە لە دڵی منی بەرداوە؟ تۆ بڵێی هەست بکات چەندم خۆش دەوێت و ئامادەم ژیانم دانێم لە پێناویدا، تۆ بڵێی بەختم هەبێت و ئەم کچە ببێت بە بەشی من لە ژیانمدا و ئاسوودەم بکات؟ چەند بەختەوەرییە کەسێ هاوسەرت بێت، کە وا بە تین و تەوژم خۆشت بوێت!

بۆ ئەوەی پشکنین بۆ مانگاکە بکات، زۆر بە سۆزەوە دەستی بەسەر پشتی مانگاکەدا هێنا و بینی کەسی لێوە دیار نییە دەمی بردە نزیک چاوە جوانەکانی و ماچێکی مانگەکەی کرد و پێی گووت زۆر سوپاس حەیاتم. هەستی دەکرد ئەم مانگایە لەمەودوا دەرگای گەیشتن بە دیداری یاری بۆ دەخاتە سەر گازەرای پشت. لە دڵی خۆیدا گووتی، هەر ئەوەندە ڕێگەم بۆ بکرێتەوە بێم و بچم وردە وردە لەگەڵ باوک و براکانی دەبم بە ئاشنا و وردە وردە لە فاتمیش نزیک دەبمەوە و بەڵکو بتوانم هەستەکانی خۆمی بۆ دەرببڕم.

دایکی فاتم هاتە لایەوە و جامێ دۆی ساردیشی پێبوو کە نەریتی لادینیشەکان بوو بۆ پێشوازی لە میوان، دای بە دکتۆر و لێی پرسی:»مانگاکەمان چییەتی دکتۆر؟»

– گوانەکانی هەویان کردووە و دەبێ تا هەفتەیەک هەموو ڕۆژێ دوو دەرزی لێ بدەم. یەکێکیان بەیانی و یەکێکیان ئێوارە.

– عەزیەتیشە بۆ تۆ دکتۆر هەموو ڕۆژێ دوو جار بێی بۆ ئێرە.
– نا بابە عەزیەتی چی، هیچ شتێ بۆ ماڵی شێخ عەزیەت نییە. ماڵی شێخ ماڵی خوایە.

لەسەر تەنوورەکەوە بە دەم ڕوانین بە تیلەی چاوەوە گوێی لەو وتووێژەی نێوان دایکی و دکتۆر بوو. شادمان بوو کە هەموو ڕۆژێکی ئەو هەفتەیە دوو جار دێتە ماڵیان و دەرزی لە مانگاکەیان دەدات. لە دڵی خۆیدا هەر تاوتوێی ئەوەی دەکرد چۆن وا لە دکتۆر بکات هەست بەو ئاگرە بکات کە لە دڵی ئەمی بەرداوە، هەست بەو خۆشەویستییە بێ سنوورە بکات کە بۆ ئەو هەیەتی!

کە خواحافیری لە دایکی کرد و هەنگاوی بەرەو دەرەوە دەنا، لە دواوە هەر سەیری باڵای دەکرد. ئاگری دڵی لە هی تەنوورەکە گەرمتر دەگڕیی و وەک ئەوەی ژیلەمۆ لە هەناویدا بێت، تای لێ هات. خۆزگەی دەخواست بە سەختی نەخۆش بکەوێت بەڵکو بانگی دکتۆری بۆ بکەن و پشکنینی بۆ بکات. بە چرپە بەخۆی دەگووت، ئەو کاتەی کە دێت پشکنینم بۆ بکات دەرفەت دەهێنم و پێی دەڵێم:»دەزانی من بە قەد هەموو دنیا تۆم خۆش دەوێت!«

بەڵام یەکسەر هەستێکی تاڵ بەرۆکی دەگرێ و بیری دەکەوێتەوە کە گەر نەخۆشیش بکەوێت دکتۆری پیاوی بۆ بانگ ناکەن. ئەی کەواتە کەی و چۆن بزانێت کە ئەم ئەوی ئەوەندە خۆشم دەوێت. تەگبیری ئەوەی هات بە مێشکدا کە ئەو دێت بۆ دەرزیلیدانی مانگاکەیان فرسەت بهێنێت و ناراستەوخۆ هەستی خۆی پیشان بدات. دەیزانی دەربڕین و وتنی شتێکی وا سەختە و بۆ کچ مەحاڵیشە، بەڵام دەربڕینی بە شێوازێکی تر، بە خەندەیەک بە ڕوانینێک و بە ناز و عیشوەیەک ئاسانترە و تێی دەگات.

نانەکانی کۆکردەوە و بردنییە ژوورەوە، چووە موبەق و دەستی کرد بە لێنانی پڵاو، خوشکێکی سەرقاڵی گسکلێدان بوو، ئەویتریان لەسەر جۆگەلەکە جلی دەشوشت. خێزانێکی گەورە بوون و کاریان هەر تەواو نەدەبوو، جگە لەوەش بەردەوام میوان پر بە تەکیە بوو. ئەوانەی دەهاتن بۆ تەکیە خۆشیان کاریان دەکرد، بە تایبەتی ژنەکانیان دەهاتن و وەک کچەکان و بووکەکانی شێخ کارەکانیان ڕادەپەڕاند، بەڵام کار هێندە زۆر بوو، بەردەوام هەڵدەسوڕان.

کە پڵاوەکەی لێ دەنا بیرێکی زۆر چاکی بۆ هات، بە دایکی گووت ئەو کوڕە دکتۆرە غەریبە و تەنیایە لێرە با هەندێ چێشتی بۆ بەرین، چونکە کەسی نییە خواردنی بۆ لێ بنێ، دایکیشی پێی وابوو ئەوە خێرێکی باشە و با بۆی ببات، بەڵام هەر لە دەرگاوە بیداتە دەستی و زوو بێتەوە.

هاڵاوی پڵاوەکەی لێ بوو بە بۆنی میسک و عەنبەر، هێند بۆنخۆش دەهات بە لووتی هەر وێنەی نەبوو. پڵاوەکە بوو بە بیانوویەک بچێت و هەستی خۆی بۆ دەربڕێت، بەڵام ئایا بوێری

ئەوەی هەبو بتوانێ وەو هەستە ناوازە و بێنازەی خۆی دەربرێت.

قاپێکی پڕ لە پلاوی کردە سەر سینییەک و قاپێکیش شلەی بامیەی دانا و جامێکی گەورەش دۆی مەشکە، خستییە سەر دەستی و تا ئاستی شانی بەرزی کردەوە. بەرەو لای دەرگای ماڵە دراوسێی بەرامبەریان بەڕێکەوت. ئەو دراوسێیەی کە ماوەیەکە هۆشی ئەمی گیرۆدەی داوی خۆی کردووە. لە دەرگای دا و دوای تاوێ دەرگاکەی لێ کرایەوە. «فەرموو دکتۆر خواردنم بۆ هێناوی.» لەگەڵ وشەکانیدا دەنگی دەلەرزی و لەرەکانی پڕ بوون لە ترس و سۆز، لەرەیەکی ئاسایی نەبوون، چونکە وروژمی هەستی خۆشەویستی ناخی دڵی وا شالاوی دەهێنا کە ترپەکانی دڵی خێراکردبووە و وەک ئەوەی لە غاردان هاتبێتەوە، هەناسەی سوار کردبوو.

کە ئاتیلا ڕوخساری ئەمی بینی لە بەرامبەری وەستاوە، نە دەیتوانی باوەڕ بە چاوەکانی خۆی بکات و نەش دەیتوانی بەر بە لافاوی ئەو سۆزە بگرێت کە لە ناکاو بەرەو ناخی شالاوی هێنا. سینییەکەی لە دەستی وەرگرت کەمێ دەستی بەر دەستی کەوت، ڕێک وەک تەزووی کارەبا هەموو لەشی هاتە لەرزین، بەلام هەوڵی دا هیچی پێوە دیار نەبێت. ئەو هەموو تەگبیرەی کە لە خەیاڵی خۆیدا کردی بۆ دەربڕینی هەستەکانی، لە کاتی بینینی ئەودا لە بەر شەرم و لەبەر ترس هیچی جێبەجێ نەکرد.

ئاتیلا بە سەرسامییەوە وەکو ئەبلەقبووبێت، تێی دەڕوانی و لە دڵییەوە خۆشەویستییەکەی هاتبووە کوڵ بەلام وەک ئەوەی زمانی بەسترابێت هیچی نەوت و لەم دەرفەتە زێڕینەشدا هیچی نەدرکان، تەنانەت نەیتوانی سوپاسیشی بکات! هەردووکیان گەڕانەوە بە بێ ئەوەی کەسیان بە ئاماژەیەکیش بۆ یەکتری ئاشکرا بکەن کە چ لە ناخیاندا ڕووی داوە و چ دیاردەیەکی پەرجووئاسا لە بوونیاندا ئەم ڕووداوانەی دروست کردووە کە هەستی پێدەکەن.

کە ئەو ڕۆیشتەوە، هەر لە جێی خۆی وەستابوو تەماشای بالای دەکرد و بە هێواشی دەستی بە چرینی گۆرانی کرد، ئەو شیعرەی کە گۆران گوزارەی لە دۆخێکی ئاوا کردووە، کە بەرامبەر ئاوێنەی ئەوینت بوەستیت و نەتوانی هیچ بڵێی، هیچ دەربڕی:

«هەرچەند ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم/ بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم
لێکدانەوەی دەروون قسەی زمانم/ بۆچی وەها دوورن لە یەک نازانم
دەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار/ دەرکەوتایە وشەی جوانتر لە بەهار
دەرکەوتایە ئاوات هیوا خەوبینین/ پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قووبەی شین»

بێ ئەوەی بوەستێ و بێ ئەوەی بە تایبەت بیری لێکردبێتەوە، گۆرانییەکی تری بەسەر زماندا هات، بە عەرەبی مەقامەکەی نازم غەزالی دەست پێکرد، کە بۆ عەشقی کچە دراوسێ چڕدراوە:
«اقول وقد ناحت بقربي حمامة.. ايا جارتا لو تشعرين بحالي
معاذ الهوى ما ذقت طارقة النوى.. ولا خطرت منك الهموم ببالي
ايا جارتا ما انصف الدهر بيننا.. تعالي أقاسمك الهموم.. تعالي
أيضحك مأسور وتبكي طليقة.. ويسكت محزون .. و يندب سالي
لقد كنت اولى منك بالدمع مقلة.. ولكن دمعي في الحوادث غالي»

ئەو شەوە قۆناغێکی نوێ دەستپێکردبوو لە ژیانی هەر یەک لەوان، بەڵام بێ ئاگا لە یەکتری ئازاریان دەچێشت. ئەوە تاقە ئازارێکە لە ژیان کە چێژێکی سەیریشی هەیە. هەر یەکەیان سەری نابووە سەر سەرین و هەتا بەیانی تاوتوێی ئەو عەشقەیان دەکرد کە کەسیان نەیانزانی بۆ و چۆن روویدا و کەسیشیان نازانن شاڵاوی ئەم ئاگرە بە کوێ دەگا و ئاخۆ دەکوژێتەوە یان تا دنیا دنیایە بڵێسەکەی دەمێنێتەوە و خامۆش نابێت.

شەو هەر تەواو نەدەبوو، درێژی ئەو شەوە بە سەدان هەنگاو لە شەوی یەڵداشی بردبووەوە. نەک سات بە سات، بەڵکو چرکە بە چرکەی دەژمارد بۆ هاتنی کاتی دەرزیلیدانی مانگایماڵی شێخ. لە راستیدا کەمێ هەستی بە شەرمەزارییش دەکرد بەرامبەر بەو مانگایە کە بەکاری دەهێنێ بۆ مەبەستی دیتنی یارەکەی خۆی، چونکە ئەم لەوانە نەبوو کەس بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربهێنێت، تەنانەت بۆ ئاژەڵیش ئەمەی پێ ناخۆش بوو بیکات، بۆیە لە دڵی خۆیدا داوای لێبوردنی لێ دەکرد، بەڵام چاری ناچار بوو چی کردبا بۆ ئەوەی کەمێ یاری لە نزیکەوە دیتبایە و ئەو ئاگرەی لە دڵیدایە خامۆشی کردباوە، پێویستی بە هاوکاری زەمین و ئاسمان، دار و بەرد، مرۆڤ و ئاژەڵیش هەبوو.

لە ڕاستییدا مانگەکە نەخۆش بوو، بەڵام دوو دەرزی بەس بوو بۆ چارەسەریی، بەڵام ئەم حەوتی گووت تا دەرفەتی زیاتر چوونە ماڵی شێخ مسۆگەر بکات، لە دڵی خۆیدا گووتی دەرزییە زیادەکانی لێنادەم، تەنها لەگەڵ خۆمدا دەیبەم و با وا بزانن دەرزیم لێی داوە، تەنها دەست دێنم بەسەر پشتیدا و سوپاسی دەکەم، ئەو ئێستا تاقە هاوکاری منە بۆ گەیشتن بە دیدارێکی یار.

شەوی درێژی عاشق بە چی تەواو دەبێت؟ سازەکەی دەرهێنا و دەستی کردەوە بە گۆرانی بە دەنگێکی زوڵاڵ، بەو زمانانەی کە دەیزانی، ئەو گۆرانییانەی کە گوزارەیان لە دڵ و لە هەستی ئەو دەکرد، سەرەتا بۆ درێژی ئەو شەوە شیعرەکەی نالی وەکو دەرمان فریای دەکەوت، دیوانی شاعیرەکانی لا بوو، بۆ گۆرانییەکانی بەکاری دەهێنان، بە مەقامێکی خەمناک وتیەوە:

شەوی یەڵدایە یا دەیجورە ئەمشەو/ کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نوورە ئەمشەو
دڵم وەک حاکمی مەعزولە قوربان/ خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوورە ئەمشەو
دڵیش مایل بە دیدەی تۆیە بۆیە/ لە من وەحشی و ڕەمیدە و دوورە ئەمشەو
لە خەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە چاوت/ هەمیشە وایە یا مەخموورە ئەمشەو
سروشکم نەقشی چاوی تۆ دەکیشێ/ کە جێم سەر دارەکەی مەنسورە ئەمشەو

بەو شەوە کە دێ کش و مات و چۆڵ و بێدەنگە، سەدای گۆرانی زۆر دەڕوا و ماڵەکانی تری دێ دوورترن بەڵام ماڵی شێخ ڕێک لە بەرامبەرە و دەشێ دەنگەکە بۆ ئەوان بڕوات، بەڵام لەبەر ناڵەی دڵی و شاڵاوی هەستەکانی هیچ ئاگای لە کات و شوێن نەمابوو.

ماڵی شێخ هەموو لە خەوێکی قووڵدا بوون و پرخەیان دەهات، بەڵام فاتم بێدار مابووە و لە بەر بیرکردنەوە خەوی زڕابوو بوو. بیرکردنەوە لەو نەیدەهێشت خەوی لێ بکەوێت و گوێی لە دەنگی گۆرانییەکەی و دەنگە زوڵاڵەکەی بوو، زۆری پێ خۆش بوو، هەستی دەکرد وزەی دەنگی ئەو تەنها ناچێتە گوێیەکانی، بەڵکو دەچێتە ناخی و لەوێدا جێگیر دەبێ. ئەمیش لەبەر خۆیەوە دەیگووت ئاخۆ ئەم بێدارییەی بۆ منە و ئاگاداری عەشقی منە یان هەروا خەوی لێنەکەوتووە و مەی خواردۆتەوە و مەستە و گۆرانی دەڵێ!؟ خەیاڵی دەکرد و لەو ختوورەی خەیاڵەدا خۆزگەی دەخواست هاوسەر بوونایە و لە پاڵییەوە خەوتبا و دەستی بە سەر و پرچە دەرویێشئاساکەیدا هێنابا و ماچی ناو دەمی کردبایە و ئەویش گۆرانی تەنها بۆ ئەم گوتبایە. گوێی لە گۆرانییەکی تر بوو تێنەگەیشت بە چ زمانێکە، چونکە جگە لە زمانی کوردی ئەوانی دی نەدەزانی، لەو کاتەدا خۆزگەی خواست ئەویش زمانەکانی تری بزانیایە، تەنها لەبەر ئەوەی لەو گۆرانییانە تێبگات کە ئاتیلا دەیڵێت و ئەم جگە لە کوردییەکان نەیدەتوانی لەوانی تر تێبگات، بەڵام هەر چێژی لە سۆزی دەنگە خەمناکەکەی وەردەگرت. لە دڵی خۆیەوە دەیگووت: ئەم دەنگە چییە خودایە، ئەڵێی لە بەهەشتەوە دێ!

لەوبەرەوە بەهۆی خەوزڕانی عەشقەوە پێکێکی هەڵدا و بۆ ئەوەی لە هۆشی خۆی بچێ دانەیەکی تری بۆ خۆی تێکرد و خواردەوە. وردە وردە خەو چووە چاوەکانی و هەر کە نووست و نەنووست خەوی بینی و لە خەویا لە ڕێگایەکی زۆر دوورەوە بە ئاستەم تارمایی فاتم دیارە و بەرەو لای ئەم دێ، نزیک دەبێتەوە و دەیەوێ باوەشی پێدا بکات، لەو ساتەدا بارانێکی ڕەش دەبارێ و هەردووکیان غەرق دەبن لە بارانێکی قەترانی و بارانەکە هێندە تاوە ناتوانن یەکتری ببیننەوە. دەگەڕێت و تەماشای هەموو لایەکی خۆی دەکات، دیار نامێنێت و نازانێت چی لێهات. بانگی دەکات، بەڵام دەنگی دەرنایەت و ئەو نایبیستێ.

کە لە خەو ڕاچڵەکی بینی غەرقی ئارەقەیە، وەک ئەوەی لەبەر بارانەکەدا خوسابێت. لەهەناوییەوە هەستی بە گەرماییەکی زۆر کرد، تایەکی گەرمی هەبوو، هەستی بە لەرزێک کرد کاتێ با لە کراسە تەڕەکەی دا، دانی چۆقەی پێ کەوت، هەستا و کراسەکەی گۆڕی و کراسێکی وشکی لەبەر کرد. ئەو خەوە سەیر و ترسناکە باری ڕۆحی شێواند. دووبارە خەوی لێ نەکەوتەوە و کەوتە لێکدانەوەی خەوەکەی، لەبەر خۆیەوە گووتی ڕەنگە ئەم خەوە مانای ئەوە بێت کە من و فاتم نەتوانین بەیەک بگەین، باشتر وایە بێدەنگ بم و هێشتا بۆی نەدرکێنم کە خۆشم دەوێت، دەترسم گەر ماڵەوەیان بزانن کێشەی گەورەمان بۆ دروست بکەن.

لەو بەریشەوە فاتم هەر بێدارە و تەنانەت بەشی خەوبینینێکیش خەوی لێ نەکەوتووە. خەو نابینێ بەڵام زیندە خەو دەبینێ، خەیاڵی هەڵدەفڕێ و بیر دەکاتەوە ئاخۆ ئەم عەشقەی بە کوێ دەگات و ئاخۆ دەگاتە ئەنجامێ! بیر لە باوکی و براکانی دەکاتەوە کاتێ بەم عەشقە بزانن چی دەڵێن و چۆن بەرخورد لەگەڵ ئەم و ئاتیلا دەکەن. ترسێکی سامناک دڵی دادەگرێ و داگیر دەکات. خۆی بەوە ڕازی دەکات کە بێدەنگ بێت و هێشتا هیچ بۆ ئاتیلا نەدرکێنێت.

بۆ ئەوەی چیتر ئەمدیوئەودیووی ناوجێ نەکات و بەو خەیاڵانە ترس وئازار نەچێژێ، هەڵدەستێ و دەچێتە حەوشە. گسکی حەوشەکە دەدات و ئاورشێنی دەکات، هەرچی قاپ و قاچاخی فافۆنی نێو موبەقەکە هەیە، دەیهێنێتە لای جۆگەلەکەی ناوحەوشە و هەموویان بە سیم دەهێنێتە بریقە. دێت و دەڕوا و چاوێکی هەر لە ماڵی دراوسێکەیە. بێ ویستی خۆی سەرنجی ئەو ئاراستەیە دەگرێ. سەرنجی دەهێنێتەوە لای کارەکانی، بەڵام بەن نابێ و دووبارە دەگەڕێتەوە لای دیوارەکانی ماڵی دکتۆر.
ئاتیلاش تا دەیگرێت، بۆ ئەوەی حەبێکی پاراسیتامۆل قوت بدات پێویستە هەندێ نان بخوات، چایەک دەمدەدات و کاسەیەک ماستی مەڕ دێنێ. ئەو نانەی دوێنێ بە گەرمی لەسەر تەنوورەکەی ماڵی شێخ لە فاتمی وەرگرت لەسەر ڕانی دادەنێت. دەست دەبات لەتێکی لێکاتەوە بۆ خواردن دڵی نایەت و هەڵێدەگرێ و بۆنی دەکات. هەست دەکات ئەمە بۆنێکی زەمینی نییە و بۆنی بەهەشتە. هەست دەکات بە لێشاو وزەی خۆشەویستی لەو نانەوە وەردەگرێت و نانێکی دەگمەن و سیحراوییە بەلایەوە. تۆ بڵێی تەنوورەکەی ماڵی شێخ ئەفسوناوی نەبێت یان ئەو گەنمەی ئاردی ئەو نانەی لێ دروست کراوە لە درەختە قەدەغەکەی بەهەشتەوە نەبێت کە حەوا دای بە ئادەم! گەر وا نییە بۆچی جیاوازی ئاسمان و ڕێسمان لە نێوان تامی ئەو نانە و هەموو ئەو نانانەدا هەیە کە لە ژیانیدا خواردوویەتی. دەبێ نهێنییەکی تێدا بێت ئەم نانە!تەنانەت شەراب و مەی هێندە مەستی نەکردووە وەک بۆنی ئەم نانە مەستی کرد، هەست دەکات ئەوە مەستبوونی ڕاستەقینەیە، نەک ئەوانی تر! تایەکەی زۆرە و ناخی وەک تەنوور گڕ دەگرێت. دەست دەبا وەک ئەوەی دەست بۆ شتێکی پیرۆز ببات، پارچەیەکی لێ دەکاتەوە وەک ئەوەی

موفەڕک و شیفابەخش بێت، لەگەڵ ماستەکەدا دەیخوات. قەت لە ژیانیدا هێندە چێژی لە نان و ماست وەرنەگرتووە. ئەمە چ نانێکی سەیر و، چ ماستێکی دەگمەنە! وزەی ئەو نان و ماستە بە ڕۆحی گەیشت، بە یەک بەیەکی ئەندامانی جەستەی گەیشت و گەش گەشی کردەوە. لە جامە فافۆنەکە ئاوی هێنا وحەبیکی پاراسیتامۆلیشی بە چەند قومێک ئاوەوە قووتدا. نەیویست ئاو زۆر بخواتەوە، بۆ ئەوەی تامی ئەو نان و ماستە دەگمەنە هەر لە دەمیدا بمێنێتەوە. لەبەر خۆیەوە گووتی: «ئەم حەبەش زیادەیە، نانەکەی فاتم بەسە بۆ ئەوەی چاکم بکاتەوە.»

## ((٨))

# دانپێنانی عاشقەکان

بەیانییەکی جیاواز بوو، لە هیچ بەیانییەکی تر نەدەچوو. ئاتیلا هەستی دەکرد ئەم بەیانییە زۆر ڕووناکتر و خۆشترە لەوانەی پێشوو. لە ژیانیدا وەک ئەو بەیانییە هەستی بە تیشکەکانی خۆر و شنەبای بەیانی نەکردبوو. دەیزانی پەرجوویەک لە ژیانیدا ڕوویداوە و تام و بۆنی هەموو شتێکی لای ئەو گۆڕیوە، ئیتر تێگەیشت ئەمە عەشقە و هاتووە و وەرچارخانی لە ڕۆح و جەستەیدا دروستکردووە. چووە بەردەم ئاوێنەکە و تەماشایەکی ڕوخساری خۆی کرد. بریسکانەوەیەکی جیاوازی لە چاوەکانی خۆیدا دی. دەستی بە قژەکەیدا هێنا و ئینجا شانەکەی هەڵگرت و کەمێ قژی شانە کرد. شانەکەی بە ریشیشیدا هێنا و دەیویست جوانتر دەربکەوێت. لە ژێر سمێڵییەوە لێوەکانی بە ئاستەم دەردەکەوتن، بینی خەندەیەکیان لەسەر نیشتووە. هەستی دەکرد دڵی خۆشە، موچوڕکی پێدا دەهات، دەیزانی ئەمە لەرزێک نییە پەیوەندی بە تایەکەیەوە هەبێت، تەنانەت تایەکەشی تایەکی ئاسایی نەخۆشی نییە. دڵنیابوو لەوەی ئەوە تای عەشقە ناخی کردووە بە تەنوور. دیمەنی بەر تەنوورەکەی ماڵی فاتم بووە دیمەنێکی بەردەوام و لە هەموو تابلۆکانی سروشت جوانتر بوو لە لای. تەنانەت کە لە نێو ئاوێنەکەشدا لە خۆی دەڕوانی، ئەو تابلۆیەی دەبینی. خەندەکەی سەر لێوی خۆی، خەندەکەی سەر لێوی فاتمی دەهێنایەوە پێش چاوی کە لەگەڵ یەکەم نیگادا بینی و وەکو موگناتیس کێشی کرد بەرەو لای خۆی.  تەماشای چاوی خۆی دەکرد، لە بریسکانەوەکەی چاوی خۆیدا ئەو نیگا تیرهاوێژەی ئەوی بیردەکەوتەوە کە نەیتوانی پێشی پێ بگرێ و بواری نەدا قەڵغانی بۆ هەڵگرێ و دەمودەست دڵی پێکا. بەڵام ئاخۆ ئەو بەم پەرجووی عەشقە دەزانێ کە لە لای ئەمدا ڕوویداوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو، کە دەترسا بە دەنگی بەرز بیکات و لە دڵی خۆیەوە دەیکرد.

لەوبەریشەوە فاتم چرکەکانی ئەو بەیانییە دەژمێرێت و چاوەڕێی دەرکەوتنی ئەو کوڕە شارییە دەکات کە چەندین شەو نەیهێشتووە خەو بچێتە چاوەکانی و ماوەیەکی زۆرە بەردەوام لەبەر

دیدەی خەیاڵیدایە و بەجێی ناهێڵێت. دەچێتە بەر ئاوێنە و تەماشای روخساری خۆی دەکات و دەپرسێ بشێ ئەو منی بە دڵ بێت؟! سەرپۆشەکەی دەکاتەوە و دەستیک بە قژیدا دەهێنێ. بە شانە دارەکە پرچە درێژەکەی دادەهێنێ و تەماشایەکی تری روخساری خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و بەخۆی دەڵێ گەر منیش وەکو کچانی شار ئارایشتم کردبا لەوانەیە بمتوانیایە سەرنجی رابکێشم، بەڵام من جگە لە کل کە جاروبار چاوانمی پێ دەرێژم، هیچ ئارایشتم نییە. دەست دەبا و لە پشتی ئاوێنە چوارگۆشەیەکەوە کلدانەکە دەردەهێنێ و دارەکەی بە نێویدا دەسورێنێ، دەیهێنی بە چاوی راستیدا و دەبینێ گەشتر دەنوێنێ، ئینجا دەیهێنێ بە چاوی چەپیشیدا و دەبینێ روخساری جوانتر دەنوێنێ. ئینجا بەخۆی دەڵێ ئەم ڕەنگە بۆرەم لێ نایەت و با کراسە سوورەکەم لەبەر بکەم. کراسەکەشی دەگۆڕێت و دەبینێ جوانتر دەردەکەوێت. مێخەکبەندەکەش بۆنێکی خۆش دەبەخشی و لە ملی بکەم باشترە، وا بەخۆی دەڵێت و دەست دەبات بۆ مێخەکبەندەکە کە بە بزمارێکی گەورەوە هەڵواسراوە لە لای ئاوێنەکە، لە ملی دەکات و دەیگرێ و بۆنێکی دەکات. بەخۆی دەڵێ عەیبی چییە مێخەک لە عەتری شار بۆن خۆشترە و دڵنیام بە دڵی دەبێت، بەڵام بیری دەکەوێتەوە ئەو کەی دەتوانی ئەوەندە لێی نزیک بێتەوە تا بۆنی مێخەکەکەی بکات. بیر دەکاتەوە و دۆش دادەمێنێ و بە خۆی دەڵێ دەشی هەمووی بەتاڵ بێت ئەم خەیاڵانە و دەشێ ئەو هیچ ئەمی لە بیر نەبێت. دەیزانی ئەم ژیانی گۆڕاوە و عاشق بووە بەو کوڕە، بەڵام لە خۆی دەپرسی ئاخۆ ئەو بەم پەرجووی عەشقە دەزانێ کە لە لای ئەمدا روویداوە؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو، کە دەترسا بە دەنگی بەرز بیکات و بەردەوام لە دڵی خۆیەوە دەیکرد.

لەگەڵ لە دەرگای حەوشە درا زانی خۆیەتی خێرا بەرەو پیری چوو. لە دەنگی لێدانی دەرگاکەوە هەستی پێکرد، چونکە وەک ئەوە وابوو لە دەرگای دڵی ئەم بدات. دەرگاکە دانەخرابوو، تەنها پێوە درابوو. دڵی هێند خێرا لێی دەدا دەترسا کەسانی تریش وەک خۆی دەنگەکەی ببیستن، دەترسا زۆر عەیب بێت گەر ئەو کوڕە بزانێت ئەم عاشقی بووە، بە خۆی وت: «ئاگات لە خۆت بێت فاتم هیچ نەدرکێنی و با هەست بەم گرمەگرمەی دڵت نەکات.» دەرگاکەی کردەوە و روخساری ئەوی دی، ناخەوەی شڵەژا بەڵام زوو هاتەوە خۆی و هەوڵی دا زۆر بە ئاسایی پێشوازی بکات و گووتی: «فەرموو، فەرموو دکتۆر یاخوا بە خێر بێی.»

ئەو پێشوازییە ئاساییە لە لای ئەم وا لێکدرایەوە کە ئەم نە سەرنجی فاتمی راکێشاوە و نەش ئاگای لەو ئاگری عەشقەیە کە ئەمی سووتاندووە. هاواری ناخی هەراسانی کردبوو، بەخۆی دەگووت: «دەبێ فرسەتێ بهێنی و غیرەتێ بدەیت بە خۆت و پێی بڵێی کە چەند خۆشت دەوێت. پێی بڵێیت من بۆ ڕابواردن و دەستبازی تۆم ناوێ و نیازم پاکە و دەمەوێت تۆ بکەم بە هاوسەری ژیانم.» بە دەم ئەم غایەلەیەوە هەنگاوی بۆ ژوورەوە نا و بەرەو لای مانگاکە چوو،

لەنێوەڕاستی حەوشەدا دایکی فاتم پێشوازی گەرمی لێکرد و بەخێرهاتنی کرد. باوکی فاتمیش لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و فەرمووی لێکرد و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرد. بەم پێشوازی و پەیوەندییە نوێیەی لەگەڵ ئەواندا زۆر خۆشحاڵ بوو. یەکەم جار بوو دوای ئەو ماوەی دراوسێتییە کە شێخ لە نزیکەوە ببینێت و قسەی لەگەڵ بکات. شێخ پیاوێکی باڵا مامناوەندی بوو، پێستی دەموچاوی سپی و رەنگی چاوەکانی ڕەش بوو. جلوبەرگێکی کوردی پاک و بێگەردی لەبەر بوو، جەمەدانییەکی رەش و سپی لەسەر بوو. جلەکوردییەکانی فەقیانەیەکی سپیشی هەبوو کە بە قۆڵییەوە پێچابوویەوە.

کە دەرزییەکەی ئامادە دەکرد بۆ لێدانی مانگاکە شێخ و ژنەکەی وەستابوون و فاتمیش کەمێ لەولاتر وەستابوو تەماشای دەکرد. بە تیلەیەکی چاو بە شێوەیەکی بروسکەیی و خێرا تەماشای کرد و بینی ئەویش لەم دەروانێ. هەستی کرد دەستی دەلەرزێ کە دەرزییەکەی بە دەستەوەیە و ترسا هەستی پێبکەن و هەوڵی دا کۆنترۆڵی هەست و نەستەکانی خۆی بکات و بە زمانی نهێنی ناخەوەی بەخۆی گووت: «ئاتیلا وەرەوە سەر خۆت و خۆت مەشڵەژێنە، وەرەوە خۆت و با پێت نەزانن و ئابڕووت نەچێ لە لایان». بۆ ئەوەی بارودۆخەکەی ناخی هێدی بکاتەوە داوای ئاوی کرد. فاتم خێرا ئاوی بۆ هێنا و کە ئاوەکەی لێوەرگرت و بەدەم خواردنەوەی ئاوەکەوە، بواری سەرنجدانێکی هێمنتر و درێژخایەنتری بۆ رەخسا و وەک فریشتەیەکی پیرۆزی لە ئاسمانەوە دابەزیووی دیبێت بە رێزێکی بێپایانەوە جامەکەی دایەوە دەستی و سوپاسی کرد. دەروونی ئارام بووەوە و بە شێنەیی دەرزییەکەی لە مانگاکە دا و کە تەواو بوو شێخ فەرمووی لێکرد بۆ ناو تەکیە و پێکەوە چوونە ئەوێ.

تەکیەکە ژوورێکی لاکێشەیی گەورە بوو، فەرشێکی گەورەی ئەستووری تێدا راخرابوو. لەملاو لەولایەوە لە عەرزەکە دۆشەک راخرابوو، سەرینی خڕ لە چەند شوێنێک دانرابوو و پشتیی رەنگاوڕەنگیش بە دیوارەکانەوە نووسێنرابوون. لەسەر دیوارەکان چەند دەفێک هەڵواسرابوو، دەفەکان پلپلەی زیویان پێوە بوو. دومبەڵەکێکیش لەسەر دۆلابێکی دار لە گۆشەی لای راستی ژوورەکە دانرابوو، لە سەرووی ئەوەشەوە چەند خەنجەرێک بە کێلانەکانییەوە بە مێخسکەوە هەڵواسرابوون.
جاری یەکەم بوو بچێتە نێو تەکیەیەکەوە و لە ژیانیدا تەنانەت نەچووبووە مزگەوتیشەوە. ئەلحەمدووی دەزانی و ئەو ئایەتانەی کە لە وانەی ئایینی قوتابخانە خوێندبوونی هەمووی لەبیر مابوو، بەڵام لە بیست و شەشساڵی رابردووی ژیانیدا قەت رۆژێ بەخەیاڵیدا نەهاتبوو نوێژ بکات. کەشی ئەو تەکیەیە کە جێی پەرستنی خوایە بۆ ئەو نوێ و سەرنج راکێش بوو، بە تایبەت کە کەمێ دوای دانیشتنی ئەو کۆمەڵێ دەروێش هاتن و دانیشتن و دەستیان بە گفتوگۆ کرد. گوێی لێیان دەگرت و جار و بار قسەیەکیشی دەکرد گەر پرسیارییان لێ کردبایە، بەڵام باسەکانی

ئەوان تەواو جیاواز بوو لەو شتانەی کە ئەم دەیزانین و ئەم بیری لێدەکردنەوە. دوو دنیای تەواو جیاوازیان هەبوو ئەوان و ئەم کە لە شارەوە هاتبوو، دووساڵ لە پایتەخت خوێندبووی و ساڵانی گەنجێتیشی لە مەیخانەکان بە خواردنەوە و بەبەزمی گۆرانیگوتن بەسەر بردبوو. دەروێشەکان هەر لە قسەیەکی ئاساییەوە باسەکانیان دەگواستەوە و دەبردەوە سەر باسی ئەسحابەکان و پێغەمبەر و باسی ئاکار و گوتارەکانی ئەوانیان دەکرد و گازەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئێستا خەڵک پەیڕەوی ئەو رەفتار و گوتارانەی ئەوان ناکەن. وایان دەردەبڕی جگە لە کەسانی وەک خۆیان کە پابەندی شێخەکانن و لە ریگەی تەریقەتی ئەوانەوە پەیڕەوی فەرمانەکانی خوا دەکەن، کەسی تر بە ڕاستی موسوڵمان نییە. سەرزەنیشتی ئەوانەیان دەکرد کە نوێژ ناکەن و رۆژوو ناگرن، نەفرەتیان لەوانە دەکرد کە مەی دەخۆنەوە و لۆمەی ئەوانەیان دەکرد کە هەر خەریکی کار و پارەپەیداکردنن و دوای ماڵی دنیاکەوتوون و ئەودنیایان لە بیر نییە. باسی گوناهی دڵداریی و پەیوەندی نێوان ژن و پیاویان دەکرد و هەموو ئەو باسانەی کە دەیانکرد، ئەم گوێی لێی بوو، نیگەرانی دەکرد و بێومێدی دەکرد لەوەی کە شێخ لەو تێبگات و ریز لەو عەشقەی بگرێت کە بەرامبەر بە کچەکەی هەیەتی. زۆر نیگەران بوو و هەستی بەوە کرد کە ریگای عەشقەکەی زۆر لەوە سەختترە کە وێنای بکرێت.

کاتی نیوەرۆ شێخ و هەندێ لە کوڕەکانی و دەروێشەکانی هەستان و لە تەکیە چوونە دەرەوە و لە جۆگەکەی ناو حەوشە دەستنوێژیان هەڵگرت و هاتنەوە و یەکێکیان لەمی پرسی ئایا دەستنوێژی هەیە، ئەمیش بەدەمیدا هات بڵێ بەڵێ. بە دوو ریز وەستان بۆ نوێژ کردن و شێخیش پێشنوێژیان بوو. پێش ئەوەی دەست بە نوێژکردن بکەن شێخ رووی لێکرد: «دکتۆر مادەم دەستنوێژت هەیە، هەستە لە ریزدا لەگەڵ ئێمە نوێژ بکە.»

هیچ چارێکی تری نەبوو جگە لەوەی هەستێ و بچێتە ریزی دواوە و لەگەڵ دەروێشەکاندا بوەستێت. نە دەیزانی نوێژی نیوەڕۆ چەند رکعاتە و نەش دەیزانی لە نوشتانەوە و کرنۆشبردندا دەبێ چی بڵێت، بە تیلەی چاو سەیری ئەوانی تری دەکرد چی دەکەن تا ئەمیش وا بکات. لە جموجۆڵدا وەک ئەوان هەڵدەستا و دەنوشتایەوە و کرنۆشی دەبرد، بەڵام بیر و خەیاڵی هەر لای فاتم بوو، سیما و روخساری، پرشنگی چاوەکانی، خەندەکەی، ئەو شاڵاوی عەشقەی کە بۆ ئەوی هەبوو، هەموو ئەمانە هانیان دەدا بۆ ئەوەی لە ماڵی شێخ نزیک بێتەوە و وا بکات شێخ خۆشی بوێت، بەڵکو ئەمە خوایە ئەگەر بە فاتمی وت و فاتم رازی بوو، شێخ لاری نەبێت و کچەکەی خۆی بداتێ. دوای تەواوبوونی نوێژ، هەموو دەستیان کرد بە نزا و ئەمیش نزای دڵی خۆی گەیاندە خوا. ئەگەرچی نوێژی نەدەکرد و هیچ روکنێکی ئایینی ئیسلامی پەیرەوی نەکردبوو، بەڵام باوەڕی بە هێزی باڵای سروشت و بە خوا هەبوو. لە کاتی نزاکردندا فرمێسک لە چاوەکانی هاتنە خوارەوە و داوای لە خوا کرد فاتمیش ئەمی خۆش بوێت و عاشقی ببێت، باوک و براکانیشی ئەمیان خۆش بوێت و نەبنە رێگر لەبەردەم خۆشەویستییەکەی.

لە حەوشەکەی دیکەشدا ئافرەتە میوانەکان کە ژن و خوشک و دایکی دەروێشەکانی ئەمدیو بوون، لە سەر هەمان جۆگە دەستنوێژیان هەڵگرتبوو، کۆری نوێژیان دابەستبوو، ژنی شێخ پێشنوێژی دەکردن. فاتم لە ریزی دوواوە نوێژی دەکرد و خەیاڵی هەڵفڕیبووە ئەمدیوو. کە نوێژ تەواو بوو دەستیان بە نزا کردن کرد، دەستەکانی هەڵبڕیبوو ڕوو لە ئاسمان و بە بێدەنگی و لەدڵی خۆیەوە دەپارەیەوە لە یەزدان کە ئاتیلا هەست بە عەشقە گەورەکەی ئەم بکات و ئەویش ئەمی خۆش بوێت، کە خوا هیدایەتی بدات و نوێژ بکات و باوکیشی ئەوی خۆش بوێت. لە نزاکەیدا داوای لە خودا دەکرد جگە لە ئاتیلا هیچ کەسێکی تر نەکات بە قسمەتی و دڵی نەشکێنێ.

لە دوای نوێژەکان سفرەی نانی نیوەڕۆ لە تەکیە دانرا و دەروێشەکان بە شێوەیەک دەیانخوارد وەک ئەوەی هەموو دەنکە برنجێک و هەموو پارووە نانێ، هەموو قوومە ئاوێکی ماڵی شێخ موفەڕک و شیفابەخش بێت. ئاتیلاش جیاواز لە بیرکردنەوەی ئەوان بەڵام بەشێوەیەکی تر هەستێکی وای هەبوو ئەو نان و ئاو و خۆراکەی ماڵی شێخ وزەبەخشە چونکە بە دەستی فاتم ئامادە کراوە و بە تایبەتیش نانەکە کە دەڵێی لە گەنمەکەی بەهەشتەوە چێکراوە و فریشتەیەکی یەزدانی لە تەنووری خۆردا برژاندوویەتی.

پێش ئەوەی بڕواتەوە داوای کرد تەماشایەکی تری مانگاکە بکاتەوە و بیپشکنێ و بزانێ کاریگەری دەرزییەکە چۆنە لە سەری. شێخ فەرمووی لێکرد بڕوا بیبینێ و خۆی لەگەڵ میوانەکان مایەوە. ئەمە زۆر خۆشحاڵی کرد لەبەر دوو هۆ، لە لایەکەوە هەستی کرد شێخ متمانەی پێی کردووە بۆیە خۆی لەگەڵی نارِوات و بە تەنیا بۆ حەوشەی خێزانی خۆی دەینێرێت، لە لایەکی تریشەوە دەشێ دەرفەتی ئەوەی بۆ دروست ببێت لەگەڵ فاتمدا بە تەنیا یەکتری ببینن و بەڵکو ئەمە خوایە ئەویش دەرفەتی دا و توانی رازی دڵی پەرێشانی خۆی بۆ دەربڕێت.

لە تەکیە هاتە دەرەوە و بەرەو ئەودیوو هەنگاوی نا و نزای دەکرد فاتم بەپیرییەوە بێت و بە تەنیاش بێت. زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی دەمودەست نزاکەی وەڵام درایەوە و فاتم لە لای جۆگەلەکەی ناوحەوشە بوو خەریکی قاپ شوشتن بوو، بە تەنیاش بوو. کە ئەمی بینی بە ڕوویەکی خۆش و کراوەتر لە جاری پێشوو بەرەوپیریە هات و فەرمووی لێکرد، ئەم گووتی: «هاتم بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بڕۆمەوە سەیرێکی مانگەکە بکەمەوە.»

- فەرموو دکتۆر، ماڵی خۆتە، فەرموو وەرە ژوورەوە.
- ناوم دکتۆر نییە فاتم، ناوم ئاتیلایە، پێم بڵێ ئاتیلا.
- ئاتیلا؟ هەروا بە بێ هیچ پێت بڵێم ئاتیلا؟
- بەڵێ فاتم، وەک چۆن منیش هەروا پێت دەڵێم فاتم.

ژنەشێخ هاتە نزیک و ئەویش فەرمووی دکتۆری کرد بۆ لای مانگاکە. مانگاکە خەنی بووبوو لە ژیانیدا ئەوەندە بایەخی پێ نەدرابوو ووەوەندە دەستی بەسەردا نەهێنرابوو. پێدەچوو کاریگەری دەرمان و دەرزییەکەش لەو چەند سەعاتەدا بە تەواوەتی دەرکەوتبێت. چاوەکانی مانگاخان گەشتر دەینواند لە کاتی بەیانی، بە زەوقێکی باشترەوە ئەو تۆکڵە شووتییانەی دەخوارد کە بۆیان دانابوو. کە دکتۆر دەستی بەسەریدا دەهێنا هەستی بە چێژی بایەخدان دەکرد و کەمێ کلکی خۆی بادەدا وەک ئەوەی ناز بکات. فاتمیش هاتە نزیکەوە و دەستی بەسەر پشت و ملی مانگاکەدا هێنا. هەردووکیان لە دڵەوە سوپاسگوزاری ئەو مانگایە بوون کە کارێکی خێری لەو جۆرە دەکات و ئەم دڵانە لە یەکتری نزیک دەکاتەوە. ژنەشێخ بە دەم میوانەکانەوە چوو، دووبارە ئەم دووانە بە تەنیا مانەوە. سەیری یەکترییان کرد و هەردووکیان لە دڵی خۆیاندا هەمان گوزارەیان بەوی تر دەگووت: «زۆرم خۆش دەوێی، زۆرم خۆش دەوێی!» بەڵام ئەمجارەش کەسیان ئەم گوزارەیەیان بە دەنگی بەرز بە یەکتری نەگووت.

ئەم ئاگرە لە دڵیدا هەر پەرەی دەسەند. ئاتیلا پێی وا بوو هەر خۆیەتی وا دەسووتێ و فاتمیش پێی وابوو ئاتیلا لەم سوتانەی ئەو بێئاگایە. ئەگەرچی تا دەهات چاویان ئەو ئەوینەی ئاشکراتر دەکرد و نهێنییەکە بۆ هەردووکیان ڕوون ببوەوە، بەڵام هەریەکەیان بە جۆرێک ترس دەبووە بەربەستی دەربڕینی ئەوینەکەیان بۆ یەکتری و بێدەنگ دەبوون.

ناوەڕاستی ساڵی هەشتاوچوار بوو، ساڵێ زیاتر تێپەڕیبوو بەسەر یەکەم پزیسکی ئەو ئاگرەی کە لە دڵی ئەمدا هەڵایسابوو، کە جگە لە عەشقی خودایی هیچ ناوێکی تری شایان نییە، ماڵی شێخ میوانیان هاتبوو. لەگەڵ ئەو میوانانەی کە بۆ تەکیە هاتبوون کچێکی نەخۆشیان پێبوو بۆ ئەوەی لە تەکیە شیفای بۆ بێت و شێخ دۆعای بۆ بکات. چەند ڕۆژێک کچەکە لە ماڵی شێخ مابووەوە تا دەهات خراپتر دەبوو، بۆیە شێخ و ژنەکەی لەبەرچاوی فاتم تەگبیری ئەوەیان کرد بنێرن بە دوای دکتۆر ئاتیلا بەڵکو ئەو چارەسەری بکات.

بە بیستنی ئەوەی دەنێرن بە شوێن دکتۆرا، خەیاڵی چالاک بووەوە و دەستی کرد بە گفتوگۆیەکی ناوەکی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەودا. لە خەیاڵیدا گرتەیەکی زۆر چڕی ڕۆمانسی دروست بوو، تیایدا دکتۆر ددان بە ئەوینی خۆیدا دەنێت بۆ ئەم و ئەمیش بە پەرۆشەوە وەڵامی دەداتەوە و خۆشەویستی بێ پەروای خۆی بۆ دەردەبڕێت. لەم گرتە خەیاڵییەدا کە لە دەرگا دەدرێت ئەم خۆی دەچێتە دەرگا و دکتۆر بە جانتای دەرمانەکەیەوە دێتە ژوورەوە. چاوەکانی دەبریسکێنەوە و پڕاوپڕن لە خۆشەویستی. ئەمیش بە هەمان خۆشەویستییەوە سەیری دەکات و چاوی ناترووکێنێ. دەستی دەگرێت و دەڵێ فاتم من بە قەد هەموو دنیا تۆم خۆش دەوێت، تۆ ئەوە ئەزانیت؟ ئەمیش فرمێسک لە چاوەکانییەوە دێنە خوارەوە و پێی دەڵێ: ئاتیلا، بە ڕاستیتە؟ خۆ من وام

دەزانی تەنها من تۆم خۆش دەوێت. من بە قەد گشت دنیا تۆم خۆش دەوێت. دەستەکانی توووند دەگوشێ و هێدی هێدی بەرەو باوەشی خۆی رایدەکێشێ و کە خۆی لە ئامێزی ئەودا دەبینێتەوە هەست دەکات پەپوولەیەکی رەنگینە و بەرەو گوڵزاری بەهەشت هەڵدەفڕێ، بۆ ئەوەی تاسەی لێی بشکێ چاوەکانی ناتروکێنێ و تەماشای قوڵی ناوچاوی دەکات، ئەویش وەک ئەوەی بیەوێ نیگاری هەمیشەیی ئەم لە ناو بیلبیلەی چاوەکانیدا بکێشێت قووڵ قووڵ سەرنجی دەدات. لێوەکانی ئەو وەک ئەوەی رێبوارێکیشەکەتی تینوو بێت و کانی ئاوی ژیانی دۆزیبێتەوە، مژ بە لێوەکانی ئەمەوە دەنێ و لێوەکانی ئەمیش وەک سەرچاوەیەکی بەخشندە تێراوی دەکات. توووندتر و توووندتر ئاوێزانی یەکدی دەبوون و خۆیان بە تەواوی بە یەکتر بەخشیبوو تا بێ پەروا چێژی پاکترین ئەوینی خودا پیادە بکەن. لەم چرکەیەدا لەدەرگادانی راستەقینە لە خەیاڵە پڕچێژەکەی دەیهێنێتە دەرەوە و لەو ساتە خۆشەی دایدەبڕێت و دەچێ دەرگا بکاتەوە. کەشی خەیاڵەکەی ئەوەندە پر لە سۆز و هەستی راستگۆیانەی خۆشەویستی بوو پێی وابوو بە راستی وایە و روویداوە و یەکتریان لە وامێز گرتووە، بۆیە کە دەرگاکەی کردەوە و ئاتیلای بینی شڵەژا و یەکسەر وتی:

- کوڕە بڕۆ دوایی دەمانکوژن.

- بۆچی دەمانکوژن؟
- زووکە بڕۆ.

زۆری پێ سەیر بوو کە فاتم ئەو قسەیەی کرد، خۆ هێشتا ئەم پێی نەگووتبوو کە خۆشی دەوێت و عاشقی ئەوە، بەڵام بەو هەڵوێست و شڵەژان و رستانەیدا زانی کە فاتمیش ئەوی خۆش دەوێ و هەمان هەستی لەگەڵ دەگۆڕێتەوە. هەستی بە بارسووکییەکی زۆر کرد و پێی وابوو هەزاران تەن قورسایی لە کۆڵ کردووەتەوە. ئیتر بۆی ئاسان بوو خۆشەویستی خۆی دەرببرێت و هۆیەک دروست بوو بۆ ئەوەی پرسیاری لێ بکات.

بەرەو ژووری خێزان چوو تا ئافرەتە نەخۆشەکە ببینێت. دوای بینین و پشکنینی گەڕایەوە بۆ ماڵ بۆ ئەوەی دەرزییەک بێنێ و لە نەخۆشەکەی بدات. لە گەڕانەوەیدا دووبارە فاتم لای دەرگاکە بوو. پێی گووت: »ڕاوەستە فاتم، بزانم بۆچی وات گووت؟ بۆ گووتت دەمانکوژن؟ تۆ بۆ ئەوەندە تەماشام دەکەیت؟ توخوا راستیم پی بڵێ بزانم ئەوەی لە دڵی مندایە لە دڵی تۆشدا هەیە؟«

لێی نزیک بووە و لەو زیاتر شڵەژا بوو، دەمی تەتەڵەی دەکرد، بە دەنگێکی نزم و بە ترسەوە گووتی: »کوڕە ئەرێ وەڵا ئەوەندەم خۆش ئەوێی ئەوەندەم خۆش ئەوێی هەتا خوا ئەڵێ بەس. لەم دنیایە لە هەموو کەسێ خۆشەویستتری لە لام.«

– توخوا فاتم گیان ئەوەم پێ بڵێ لە کەیەوە منت خۆش ئەوێ؟
– هەر لەو ڕۆژەوەی کە یەکەم جار تۆم لەبەر دەرگاکە بینی و سەیرت دەکردم، هەر لەو ڕۆژەوە شێت و شەیداتم.
– فاتم گیان کەواتە مەترسە، منیش هەر لەو ڕۆژەوە عاشقی تۆم، لەو ڕۆژەوە لەناو دڵ و مێشکی منیت و بەردەوام بیرت لێ دەکەمەوە. من نیازم پاکە لەگەڵ تۆ و ئەمەوێ ببینە هاوسەری یەکتری، هیچ لە من مەترسە باشە؟!

بە ڕاگەیاندنی ئەو خۆشەویستییە ڕەنگی ڕووی هەردووکیان گۆڕا، وزەی خۆشەویستیان لە چاویانەوە و لە هەناویانەوە بەرەو یەکتری دەنارد و هەردوکیان هەستیان کرد لەو چەند خولەکەدا یەکتری پڕ دەکەن لە خۆشەویستی. لە ڕاستیدا سەخت بوو بە هەستەکان بە کردار بۆ یەکتری دەرببڕن، بەڵام خەیاڵ قەرەبووی دەکردەوە، وەک ئەوەی بیانەوێت قەرەبووی ماوەی سوتانی بێئاگا لە یەکتری بکەنەوە، هەر یەکەیان لای خۆیەوە بەردەوام خەیاڵی چالاک دەکردەوە و دەڕۆییە لای یارەکەی، لێک نزیک بوونەوە و توووند دەستی یەکتریان دەگووشی و ماچی یەکتریان دەکرد و لە وامرزی یەکتردا دەحەسانەوە. کە لەو خەیاڵە چێژئامێزەدا نوقم دەبوون، ئیدی نە هەستیان بە کات دەکرد و نە هەستیان بە شوێن دەکرد. هەستییان بە خۆشی و چێژی ئەوین دەکرد و پێیان لە سەر زەویی بڕابوو، وەک ئەوەی لە ئاسماندا وەک دوو باڵندە بە جووتە هەڵبفڕن. پرشنگی چاویان یەکتری تیرباران دەکرد، بەڵام بارانی خۆشەویستی دوولایەنە ئازاری نییە و چێژی پێ دەبەخشین. پاکیی و جوانی ئەو ئەوینە تابلۆیەکی ئەوندە ڕەنگین و ڕۆمانسی و خۆرسکی پێکهێنابوو، وەک ئەوە وابوو گرتەیەکی شانۆی خوایی بێت و بینەرەکانی فریشتە و پەرییەکانی ئاسمان بن. خۆشیان هەستیان دەکرد مرۆڤ نین و فریشتەن. فریشتەیەکی نێر و یەکێکی مێ کە لە حزوری یەزداندا ئاهەنگی عەشقیان دەگێڕن وماچی یەکتری دەکەن و خواش زاتی خۆی پیرۆزباییان لێدەکات. بێگەردی ئەوینەکەیان وەک پەڵەهەورێکی بەر خۆر دەدرەوشایەوە و لە تابلۆیەکی ناوازەی ئاسمانێکی ساماڵ دەچوو. هیچ هەستیان بە بوونی هەسارەی زەوی نەدەکرد کێشیان بکات، لەو چرکەیەوە کە عەشقەکەیان بۆ یەکتری دەربڕی، هەستی بە باڵندەبوونیان تیا دروست بوو، باڵەکانیان بە ئازادییەوە دەکردەوە و لێکدەدا بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئەو هەوری ئەوینە بەرز دەبوونەوە کە لەبەر خۆر، هەروەکو خۆر دەدرەوشایەوە.

خودایە، چ پەرجوویەکە ئەوین و چلۆن مرۆڤ بۆ ئاستە هەرە باڵاکان بەرز دەکاتەوە! چەند ئازادە مرۆڤ و چەند بە توانا و مەزنە ئەو کاتەی عاشقە! عەشق نەبێ مرۆڤ کەی دەتوانی ئەوەندە بەرز بفڕێ! عەشقە وا دەکات مرۆڤ بگاتە لووتکە و ئەویش بەجێبهێڵێ و بەرزتر و بەرزتر ببێتەوە. کە تینووی بوو دەچێت لە رووباری خۆردا رووناکی دەخواتەوە. عەشق نەبێ مرۆڤ لە سەر زەوی و هەر لە نزمایییەکاندا دەمێنێتەوە و کە تینووی بوو لە نێو زێرابی ڕق و تۆڵەدا

تاریکیی دەخواتەوە. عەشق نەبێ مرۆڤ لە توونێلە تاریکەکانی تەنیاییدا سەر دەنێتەوە. عەشق کرۆکی مرۆڤبوونە! عەشق خۆی بوونە! دەبوایە نیتشەی فەیلەسوف گوزارەکەی  بە جۆرێکی تر بگوتایە، کۆجیتۆکەی نیتشە دەبوایە بە جۆرێکی تر بگووترێت، لە جیاتی ئەوەی بڵێ»من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم»، دەبوایە بیگوتایە:»من عاشقم کەواتە من هەم.»

## ((٩))

# ئەهریمەنەکانی عەشق

راستە خۆشەویستی ژیان دەخولقێنێ و مانای بوون بەرجەستە دەکات، بەڵام خۆشەویستی ئەهریمەنیشی زۆرە. تەنها مردن نییە کە دوژمنی ژیان بێت، تا ئەو کاتەی مردن زەفەر بە ژیان دەبات، سەدان دوژمنی لە مردن بەهێزتر یەخەی ژیان دەگرێ و کارێکی پێ دەکات خۆزگە بە مردن بخوازێت.

ژیان عەشقە و عەشقیش ڕووناکی راستەقینەی مرۆڤە، تیشکێکە لە پێناسەکان یاخییە، عەشق گیانی مرۆڤە، بۆیە ئەوەی عاشق نییە نازانێ کە ئەو گیانی تێدا نییە، ئەوەشی کە عاشقە هەست بەو ڕاستییە دەکات کە عەشق گیانی شیرین و پیرۆزیەتی و هەست بە جیاوازی نێوان ژیانی بێ ئەوین و ژیان بە ئەوینەوە دەکات.

بەردەوام ئەهریمەنەکان بەدوای عەشقەوەن تا نەهێڵن ڕووناکی ببەخشێتە دڵەکان. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوژمنەکانی عەشق زۆر و جۆراوجۆران، کولتوورەکان و دابن و نەریت و یاسا و رێساکان هەموویان دوژمنانە مامەڵە لەگەڵ ئەویندا دەکەن و دەیکەن بە عەیبە و قەدەغە و حەرام، بەڵام کێ لەبەدوژمنکردنی ئەمانە بۆ ئەوین بەرپرسیارە، بێگومان مرۆڤ خۆی، مرۆڤ خۆی داهێنەری ئەو دوژمنانەیە و زۆرجار دەیداتە پاڵ خودا. خودا بێبەرییە لەو قەدەغەکارییەی عەشق، بە پێچەوانەوە خودا خۆی عەشقی داهێناوە و مەحاڵە دژی بێت. مرۆڤەکانن داوەکان دەچنن و پێی یەکتری تێ دەکەن. مرۆڤەکانن بەناوی خوداوە دەرگای خۆشەویستی دادەخەن. کە دەرگای خۆشەویستی داخرا ئیتر رق دەبێتە سەرکردەی ژیانیان. سەرکردەیەکی وێرانکار و دیکتاتۆر. ئای لە مرۆڤ، مرۆڤ قەت قەت بەخۆیدا نەچووەتەوە و و خۆی ڕاست نەکردۆتەوە لەو هەڵانە، خۆی پاک نەکردۆتەوە لەو گوناهانە. چەندین هەزارەیە هەڵەکانی خۆیان بەرهەم

دەهێننەوە و بەردەوام گوناهەکان خۆیان دووپات دەکەنەوە. ئاخۆ کەی مرۆڤ بە خۆیدا دەچێتەوە و هەڵە و گوناهەکانی خۆی دەبینێ؟ ئاخۆ کەی مرۆڤ لەوە تێدەگات کە خۆشەویستی یاسای سەرەکی ئەم گەردوونەیە و بە عەشقەوە ژیان وەک خەونێکی خۆشە و بێ ئەو ژیان کابووسێکی ترسناکە. ئاخۆ تا کەی مرۆڤ شەرم دەکات لە خۆشەویستیکردن و شەرم ناکات لە تاوانکردن؟ کەی تێدەگات ئەو بۆ ئەوە هاتووەتە دنیاوە تا هەبێ و بژی، واتە تا خۆشەویستی بکات، خۆشەویستی بە هەموو مانا جوانەکانییەوە، هی تایبەت و هی گشتی، هی خۆی و هی هەموو گەردوون. کەواتە مرۆڤ هاتووە تا جیهان بە خۆشەویستی ئاوەدان بکاتەوە و یاسای گەردوون، واتە فەرمانی خودا جێبەجێ بکات. فەرمانی خوداش بۆ ژیان تەنها خۆشەویستییە، خۆشەویستی بێ مەرج و ڕەها و ئازاد، ئازادتر لە باڵدار لە سەروەختی فڕین و باڵلێکدان لە ئاسۆی بەرینی بێ سنوور. تا کەی مرۆڤ ئەم یاسای خودایە دەشکێنن و بەناوی خوداوە سەدان بەربەست لە نێوانی عاشقەکاندا دادەنێن. تا کەی مرۆڤەکان خۆیان بە دڵشکاندنی یەکتری، بە ڕەتکردنەوەی خۆشەویستی و بە نەزانینی یاسای خۆشەویستی خۆیان لە رووناکی ڕاستەقینەی بوون بێبەش دەکەن و بە بێ گیان لە سەر زەوی دەسورێنەوە!

بە دەربڕینی ئەو عەشقە، قۆناغێکی تر لە ژیانی ئەم دووانە دەستی پێکرد. ساڵێ زیاتر بە شەو و رۆژەکانییەوە، بە سەعات و خولەک و چرکەکانییەوە هەر یەکەیان چاوەڕی بوون ئەویتر عەشقی خۆی دەرببڕێت، ئێستا ئەم ئەوینەیان بۆ یەکتری ئاشکرا کردووە و هەر یەکەیان دەزانێ ئەویتر چەند بە پەرۆشی دیدارە و هەردووکیان لە شوێنێ دەگەڕێن بیکەن بە ژووانگە و لە کاتێک دەگەڕێن گونجاو بێت بۆ ژووان. بەڵام کات و شوێن بە دەستی مرۆڤەکانەوە بووە بە پەند. کات لەم دەڤەرەدا بۆ هەڵرێژانی رق و بۆ فیتنەیی و بۆ دووبەرەکی نانەوە و بۆ دزی بەکار دەهێنرێت نەک بۆ ژووان، شوێنیش، هەموو شوێنێکیش بەردەوام لە ژێر چاودێری چاوە پیسەکانە نەوەک بکرێت بە ژووانگە. چەند سەیرە شوێنێ کە تاوانی تێدا ئەنجام دەدرێ بە لای خەڵکەوە ئاساییتر تێی بڕوانرێت وەک لە ژووانگە. ئەمەیە میراتی کولتووری چەند هەزارەیەکی ئەم دەڤەرە! رۆژهەڵاتی ناوەڕاست!

لەو ساتە گرنگ و مێژووییەی ئەوینیاندا کە ددانیان بەوخۆشەویستییەدا نا کە بۆ یەکتری هەیانە، هاتنی کەسێ لەو ژووانە خۆرسکەی دابڕین. براژنی فاتم هاتە نزیکیان، باش بوو فاتمی نەبینی لەگەڵ ئەودا ڕاوەستاوە و ئەویش بۆ ئەوەی ئەو هەست بە هیچ نەکات، بە دەنگی بەرز پرسیاری کرد:

- ئەرێ حەمەی سێ خرانی لە تەکیەیە؟
- بەڵێ!

چووە تەکیە و وای پیشاندا کە بۆ دیتتنی حەمەسێ خرانی هاتووە. حەمە ئاشنایەکی ماڵی شێخ بوو بەردەوام سەردانیانی دەکرد و پیاوێکی راستگۆ و تێگەیشتوویش بوو، ماڵی شێخیش زۆریان خۆش دەویست و پرس و ڕایان پێ دەکرد و بە قسەیان دەکرد. ئەمیش برادەرێتی لەگەڵدا پەیداکردبوو، هەوڵی دەدا بەهێزتریشی بکات، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا هاوکاری بکات و بە تایبەت ئەگەر شێخ رازی نەبوو کچەکەی بداتێ، ئەم بکات بە تکاکار لە لای.

ئەگەرچی هاتوچۆی ماڵی شێخیشی دەکرد بەڵام هێشتاش هەر دەیخواردەوە و بە تایبەتیش دوای رۆیشتنی عەباس و بورهان بە تەنیا مایەوە و دڵی تەنگ دەبوو، بەڵام زۆر بە نهێنی و درەنگانێکی شەو لە ژوورەوە دەیخواردەوە تا کەس نەیبینێ. هاوڕێکانی تری بەردەوام سەریان لێی دەدا، ئەبو فەلاح و کەنعان و غالب و پێشمەرگەکانیش کە دەهاتنە دێ سەریان لێ دەدا. کاری دکتۆرییەکەشی خۆبەخشانە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەکرد، لەو دوو ساڵەدا هەشتاوسێ گووندی دیبوو، کە بۆ سەردانی نەخۆش و بریندارەکانیان چوو بوو. هەفتە نەبوو دوو یان سێ جار بۆ چارەسەری نەخۆش و بریندار بانگ نەکرێتە ئەم دێ و ئەو دێ. دەستی سووک و دڵی خاوین بوو، بۆیە شیفای خێرا بۆ ئەوانە دەهات کە ئەم چارەسەری دەکردن. هەموو خەڵکی دێکان شارەزای بووبوون و داوێنپاک و دڵپاکییەکەی بۆ هەموویان دەرکەوتبوو، بۆیە تەنانەت کە ئافرەتەکانیش نەخۆش دەکەوتن دکتۆر ئاتیلایان بانگ دەکرد بۆ پشکنین و چارەسەرکردنیان، بێ ئەوەی دڵیان شتێ بکات، وەک تر لە لادێکاندا ئەستەم بوو دکتۆری پیاو نەخۆشی ژن ببینێت.

ئەو دوو ساڵەی کە عاشقی فاتم بووبوو، کە نەشیدەتوانی پێی بڵێت و کە وای دەزانی یەکلایەنە خۆشی دەوێت، زیاتریش مەی دەخواردەوە، بەڵام کە عەشقەکەی دڵی دەربڕی و زانی فاتمیش شێت و شەیدای ئەوە، ئیتر کەمتر مەی دەخواردەوە و هەوڵی دەدا هۆشی بە خۆیەوە بێت و بیری دەکردەوە لەوەی چۆن ئەم ئەوینە بە هاوسەرگیری بگەیەنێت و ئیتر خۆی و فاتم بەیەکەوە بژین و ئەم هەموو حەسرەتەش کۆتایی پێ بێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە نهێنییەوە مەی دەخواردەوە بەڵام لێرە و لەوێی گونددا قسەی لەسەر دەکرا و دەگووترا کە نوێژ ناکات و عارەق دەخواتەوە. باوەڕدارێتی لە گونددا زۆر لە هی شارەکان زیاتر بوو. گەنجانی لادێ زیاتر روویان لە ئایین دەکرد و خوایان دەپەرست، ئەگەرچی زۆریان نەخوێندەوار یان کەمخوێندەواریش بوون. شتێکی دەگمەن بوو کە کوڕی لادێ مەی یان مادەی دیکەی هۆشبەر بەکاربهێنێت، چونکە مەیخۆرەکان لە کولتووری خەڵکی لادێدا نەفراتلێکراو بوون، بەڵام جگەرەکێش زۆرینە بوون و هەندێ جار ژنانیشیان جگەرەی دەکێشا.

ماوەیەک بوو دکتۆر شەتڵی خونچەی بۆ هاتبوو، پێشمەرگەیەک شەتڵەکەی بۆ هێنابوو، خۆی لەو ڕووەکەی دەخوارد و بۆی دەرکەوتبوو گیایەکی ئارامکەرەوە و سەرخۆشکەرە، شەتڵەکەی بە دکتۆریش ناساند، ئەمیش هەر لە حەوشەکەی خۆیدا چاندبووی و خۆی و هاوڕێکانیشی لێیان دەخوارد و هەستی دەکرد تەواو ئارامی دەکاتەوە، بەڵام دیارە ئەم هەواڵە لە راپۆرتی نهێنیدا بە سەرکردایەتی دراوە و لەو راپۆرتەدا دکتۆر ئاتیلا بەوە تۆمەتبار کراوە کە رووەکی هۆشبەری چاندووە و دەیەوێ خووی خەڵکی لادێکان و پێشمەرگە بشێوێنێ، لەوەش خراپتر راپۆرتنووسی بێویژدان وای بۆ تێگوشیبوو کە لەسێدارە بدرێ، نووسیبووی ئەم پیاوە لە لایەن رژێمەوە بۆ تێکدانی شۆرشی نوێی گەلەکەمان نێردراوە!

هێشتا عەشقەکەی تازە وەک خونچە دەمی کردبووەوە و دەیویست چێژ لە بینینی کرانەوەی پەڕەکانی ئەو گوڵە ئەفسوناوییە وەربگرێت، بەڵام بینی مەفرەزەیەک پێشمەرگە هاتن و قۆڵبەستیان کرد و بردیان، لە مەڵبەندی یەکەوە داواکرابوو بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرسە، مەڵبەندیش لە دێی بەلەکجاڕ بوو. رۆژی دەی مانگی دوانزەی ساڵی هەشتاو پێنج، گەیاندیانە مەڵبەند و بڕیاری بەندکردنی درا و گومانی زۆر هەبوو ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بێتەوە لە سێدارە بدرێت!

لەم جۆرە راپۆرتنووسە بێویژدانانە کەم نەبوون لە نێو پارتەکانی شۆرشی رزگاریخوازی کورد، زۆر مرۆڤی دڵسۆز دەکەوتە داوی رقی ئەستووری خەڵکیکی بێ ویژدانەوە کە خۆیان بە دڵسۆزی شۆڕش پیشان دەدا و خەڵکیان بە تۆمەتی بێ بنەما رەش دەکردەوە. دەمایەوە سەر ویژدانی ئەوانەی کە لە نێو شۆرشدا رۆڵی بەرپرس و حاکمیان دەگێڕا و بڕیاریان دەردەکرد. لێکۆڵینەوە لەسەر کەیسی دکتۆر ئاتیلا دەستی پێکرد، پێشمەرگەیان بۆ چەندین دێ نارد بۆ پرسیارکردن سەبارەت بەو، لە رێکخستنی شاری کفری داوا کرا لە خێزان و بنەماڵە و خزمەکانی بکۆڵنەوە و بزانن پاشخانی ئەم دکتۆرە چییە و ئایا کەس هەیە لە بنەماڵەیان سەر بە رژێمی بەعس بێت؟ وەڵامەکان پۆزەتیڤ دەهاتنەوە، خەڵکی لادێکان سوێندیان بۆ پاکی و دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی دکتۆر دەخوارد، لە شاریشەوە راپۆرتی دیکە هات و جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەو پیاوە مەیخۆر بووە و حەبی هۆشبەری خواردووە، شەڕانگێز بووە و چەندین جار لەسەر چەقۆکێشی بەندکراوە، بەڵام پیاوێکی سەرراست و دڵسۆز و دڵپاک بووە، ناهەقی قبوڵ نەکردووە و زۆر بێباکیش ژیان بەسەر دەبات وماڵی دنیا هیچ بە گرنگ نازانێ تا بۆ پارە خەڵبخەڵەتێندرێ و بۆ رژێم کار بکات!

پێشمەرگەکانی کفری بە گشتی چەندین جار دەچوونە لای کاک سامان گەرمیانی و تێیان گەیاند کە ئەو پیاوە بێتاوان و پاکە و ئەوەی بۆی هەڵبەستراوە دوورە لەراستییەوە و ئەم تەنها خۆی حەزی لە مەی خواردنەوەیە و زیانی بۆ کەس نییە و کەسیش هان نادا بۆ خواردنەوە و بەنگکێشان. پێیان گووت ئەگەر سەرکردایەتی ئەم پیاوە بکوژێت، دەبێتە پەڵەیەکی رەش بە نێوچاوییەوە و هەرگیز لێی نابێتەوە، بنەماڵەیەکی نیشتیمانپەروەرن و خاوەنی برایەکی شەهیدە کە لە شارەکەدا وەک ئەفسانە باس لە ئازایەتی و دڵسۆزی ئەو دەکرێ. کاک سامان ئەم قسانەی وەرگرت ولێکۆڵینەوەکانی چڕتر کردەوە بۆ گەیشتن بە راستی.

ئەم لێکۆڵینەوانە کاتیان ویست و دکتۆر لە بەندیخانەی مەڵبەند مایەوە، هیچ گرنگ نەبوو بەلایەوە گیراوە و لەوێیە، چونکە دەیزانی ئەو تۆمەتەی بۆی هەڵبەستراوە بێ بنەمایە و راستییەکان دەردەکەوێت، تاقە شتێ کە ئازاری دەدا، دووری ئەو بوو لە فاتم، لەو خۆشەویستە نازدارەی کە تازە دڵی خۆیان بۆ یەکتری کردبووەوە وخۆشەویستییان بۆ یەکتری دەربڕیبوو.

بیست و پینجی یەکی هەشتاوشەش ڕاستییەکان دەرکەوتن و بڕیاڕی ئازادکردنی دەرکرا و گەڕایەوە بۆ گەرمیان. دەستە دەستە برادەرانی چەندین گووند دەهاتنە پێشوازی، گەیشتەوە دێی بنەکە، خەڵکی بنەکە و لادێکانی دەوروبەریشی بۆ پێشوازی چوون و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە ئازادبوونی و هەر یەکەی بە جۆرێک ئەم خۆشحاڵییەی خۆی بۆ دەردەبڕی. ئەویش بەم پێشوازییە شادمان بوو، هەستی کرد خزمەتکردنی ئەو خەڵکە دڵپاکەی لادێکان بەفیڕۆ ناچێت و سەرسام بوو بەوەی چەند بەوەفا و دڵسۆزن و چاکەیان لەبەر چاوە. ماندوێتی ئەو هەموو سەفەرانەی دەرچوو کە بۆ ئەم دێ و ئەو دێ دەیکرد و بە پێ و بە ماتۆڕ و بە تراکتۆر دەمودەست دەگەیشتە سەر نەخۆش و بریندارەکانی خەڵک و پێشمەرگە.

لەو چاڵەی کە بۆیان هەڵکەندبوو، کە دەیانویست خۆی و هیوا و ئاواتەکانی بنێژن، رزگاری بوو. ئەو ئەزموونە تاڵەی بینی، بەڵام سوودیشی هەبوو بۆی، ئەو ماوەی بەندیخانەیە، کە لە مەی و هەموو جۆرە مادەیەکی هۆشبەر دوور بوو، ئالوودەبییەکەی نەهێشت و وەک مرۆڤێکی ئاسایی لێهاتەوە. لە دڵی خۆیەوە گووتی ئا ئەمەیە کە دەڵێن کەس نازانێ خێر لە چیدایە، ئەوەی دەیویست بمکوژێ و لەسێدارە بدرێم، رزگاری کردم لە ئالوودەبوون بە مەی و مادەی هۆشبەر.

زۆر بیری فاتمی دەکرد، دەیزانی ئەویش ئێستا زۆر بیری دەکات و نیگەرانیەتی. چاوەچاوی بوو لە شوێنێکەوە دەرکەوێ و ئەو ئاگری تاسەیەی بکوژێنێتەوە. لە پشتی ماڵی شێخ بیرێکی ئاو

هەبوو بە جەنجەڕ ئاویان لێوە هەڵدەکێشا. ئافرەتەکانی ماڵی شێخ، خانەخوێ و میوانەکانیش دەچوون لەو بیرەوە ئاویان هەڵدەگواست و بۆ هەندێ لە کاروبارەکان بەکاریان دەهێنا. لە حەوشەی ماڵی خۆیانەوە تەماشای لای بیرەکەی دەکرد و بینی فاتم لەوێیە و بە دەست ئاماژەی بۆ دەکات کە بچێتە ماڵیان و لای کادانەکە چاوەڕێی بکات. تا ئەو لەسەر بیرەکە هاتەوە ئەم خۆی گەیاندە کادانەکە. فاتم سڵی دەکردەوە لەوەی لێی نزیک بێتەوە لە ترسی ئەوەی ئەگەر کەسێکیشیان هات بە سەردا گومانی خراپیان لێ نەکات ، پێی وت:»کە رائەوەستین لە دوورمەوە راوەستە و لێم نزیک مەبەرەوە.» ئاتیلا بەو قسەیە برێک پەست بوو، کەمێ بە تووڕەییەوە پێی گووت:

– دەماغسز بۆ وا دەڵێی؟

– دەماغسز مانای چییە؟

– یانی بێ مێشک! بۆ تۆ وا ئەزانی من بۆ ڕابواردن تۆم دەوێ. من تۆم دەوێ ببیت بە هاوبەشی ژیانم بە هاوسەرم و بە هەموو کەسێکم.

بەم قسەیە زۆر شادمان بوو، هیچ گومانێکی نەما و متمانەی تەواوی پەیداکرد کە ئەم کوڕە درۆزن و ساختەچی نییە و هەڵیناخەڵەتێنێ. بۆی دەرکەوت شارییبوونی ئەو و لادێیبوونی ئەم کار ناکات و خۆشەویستییان سەروەرترینە. متمانەی پەیدا کرد کە نەخوێندەوارییەکەی هیچ گرنگ نییە بە لای ئەوەوە و تا ئەوپەڕی سنووری خۆشەویستی خۆشی دەوێت. ئەویش تاسەی خۆی بۆی دەربڕی و پێی گووت کە چەند بیری دەکرد و چەند خەوی ناخۆشی دیووە لەو ماوەیەی ئەو دوور بووە.

هەفتەی جارێک لەو جێژووانە تەنگ و ترسناکەدا یەکیان دەبینی و هەموو جارێ پەیمانیان بۆ یەکتری نوێ دەکردەوە. رۆژێ کە سێیەم جاریان بوو لە کادانەکەدا یەکتری ببینن، زۆر گریا و پێی گووت:

– دەترسم من نەدەن بە تۆ و بنەماڵەکەم رازی نەبن ئەوسا من چی بکەم؟!

– مەگری چاوەکەم، گشت کەسەکەم خوا کەریمە، خوا یارمەتیمان دەدا.

– ئاخر خۆ من شێت دەبم ئەگەر بۆ تۆ نەبم، تۆ نازانی من چەندێ تۆم خۆش دەوێ.

– چۆن نازانم، رۆحەکەم دە با ئێستا پەیمان بە یەکتری بدەین کە یان بۆ یەکتری بین یان هەرگیز هاوسەرگیری لەگەڵ کەسی تر نەکەین.

– کەواتە هەرچیش رووبدات تۆ بەجێم ناهێڵی و چاوەڕێم دەکەی.

– دڵنیابە بەجێت ناهێڵم.

- سوێند بخۆ!
- بە خوای مەزن بەجێت ناهێڵم، مەگەر دنیا وێران بێت!
- کەواتە منیش سوێند دەخۆم بە خوای مەزن و بەڵێنت پێ دەدەم یان بۆ تۆ بم یان بۆ گڵ.
- فاتم گیان گشت کەسمی!
- ئاتیلا گیان تۆش گشت کەسی منی!
- دەزانی تۆ فاتم و من ئاتیلا، گەر ناوەکەمان تێکەڵ کەین دەبێت بە «فاتیلا».
- ئێمە نەک ناومان، تازە ڕۆحمان تێکەڵی یەکتر بووە.

ئەو ژووانانەی ناو کادانەکە زیاتر و زیاتر هۆگری یەکتری دەکردن، زیاتر و زیاتر خۆشەویستییەکەیان پەرەی دەسەند، زیاتر و زیاتر نیگەرانی ئەنجامی ئەو عەشقە دەبوون. لەو ژووانانەدا تەنها قسەیان دەکرد و عەشقی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕی، هیچ جارێ هەوڵی نەدەدا دەستی بگرێ یان بە جۆرێ لێی نزیک بێتەوە، ئەگەرچی ئەو عەشقەی ئەوەندە بەهێز بوو حەزی دەکرد باوەشی پێدا بکات، ماچی بکات، بەڵام خۆی دەگرت و نزیک نەدەبووەوە. پێدەچوو ئەم حەزە لای فاتمیش بەهێز بێت، ئەویش ئەوەندە بە تەوژمەوە ئەمی خۆش دەویست حەزی دەکرد نەرم نەرم بچێتە باوەشییەوە و دەمی لە نێو دەمی بنێت، بەڵام خۆی دەگرت و ئەوانەیان هەڵدەگرت بۆ ژیانی هاوسەریێتی. کە لە کادانەکەدا دەبوون دەرگایان دانەدەخست، بۆ ئەوەی کەس گومانی خراپیان لێنەکات و ئەگەر کەسێ بە ڕێکەوت هات بەسەریاندا یان ئەو نانێکی بداتێ و یان ئەم مەتارە ئاوەکەی بداتێ کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا. ئەگەرچی ئەو هەمووە خۆیان دەگرت، بەڵام جارێکیان کە بە تەواوی هەستی خۆی بۆ دەردەبڕی، فاتم دەستی هێنا تا دەستی بگرێت و ئاتیلا دەستی کێشایەوە و پێی گووت:»من سوێندم خواردووە کە تۆم بۆ ڕابواردن ناوێت و تا نەبیتە هاوسەرم دەستیشت ناگرم.»

سوتان بە بێ ئاگری ئاسایی هەر بەردەوام بوو. بڵێسەی عەشق هەموو کاتی تاوی سەندبوو، بەڵام لە ژووانەکاندا زیاتر کڵپەی دەبوو. لە ژووانی داهاتوودا داوای لێ کرد نوێژ بکات:»ئاتیلا گیان ئیتر ئەبێ نوێژ بکەیت و هەردووکمان نزا بکەین بۆ ئەوەی خوا یارمەتیمان بدا و بۆ یەک بین.»

- تۆ چی بڵێی من وا دەکەم.

گەڕایەوە بۆ ماڵ، یەکەم شت کردی فڕێدانی هەر شتێک بوو کە پەیوەندی بە مەی ومادەی هۆشبەرەوە بوو لە ماڵەکەیدا، ئینجا چوو لەو جۆگەلەیەی لە ماڵی فاتمەوە بەرەو ماڵەکەی ئەم دەهات دەستنوێژی گرت و چووە سەر بەرماڵ. ئەمە جاری یەکەم بوو بە بڕواوە روو لە خوا بکات و وەک ئەوەی ئەوە داوای فاتم نەبێت لێی و فەرمانی ئاسمان بێت، بە تەواوی بڕواوە دەستی پێکرد. نوێژی کرد و ماوەیەکی دوورودرێژ نزای کرد. کە نزاکانی دەکرد سەری بردبووە کڕنۆش و تاقە داوایەکی کە دەیکرد ئەوە بوو خوا بە فاتم شادی بکات و فاتمیش بەم شاد بکات. پێشتر لە تەکیە ناچاری نوێژکردن کرابوو لەگەڵ دەروێشەکان و بە پێشنوێژی شێخ، بەڵام ئەو کات تەنها لە روودامان بوو، بە باوەڕەوە نوێژی نەدەکرد، بەڵام ئەمجارە بە تەواوی بڕواوە تۆبەی ڕاگەیاند و نوێژی دابەست و نزای کرد. دوای نزاکان دڵی ئاسوودە دەبوو، هەستی دەکرت جگە لە خۆیان خووداش ئێستا ئاگای لە راز و نیازەکانی دڵیانە و یارمەتیدەریان دەبێ لەم رێگا سەختەدا. گۆرانییش بۆ ئەو وەک نزاکان دڵیان ئاسوودە و رۆحیان ئارام دەکردەوە، مەقامێکی گووت وشەکانی پر بە پێستی ئەو دۆخەی بوون کە ئەمی تیا گیرۆدەبوو؛ شیعرەکەی هێمن بوو، وەک ئەوەی مام هێمن گوزارەی لە دۆخی  دڵی ئەم کردبێ وای هۆنیوەتەوە:

تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژووان ببمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەو لێوە با جوان ببمەوە
شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە

قۆناغێکی تری ژیانی دەستی پێکرد، کە بە تەواوەتی هەستی بە ماناکەی دەکرد. بەراوردی دەکرد لەگەڵ ژیانی پێشووی، ژیانی پێش هاتنی ئەو عەشقە و پێی وابوو کە زۆر بێ مانا بووە. هەستی بەو هەموو گۆڕانکارییە کرد کە لە دوای ناسین و خۆشویستنی ئەم کچەوە لە ژیانیدا ڕووی داوە. لەو باوەڕەدا نەبوو قەت بتوانێ دەست لە مەی و مادەهۆشبەرەکان هەڵبگرێت. جەستە و رۆحی بە جۆرێک ئالوودەی ئەوانە بوو بوو، بە مەحاڵی دەبینی بتوانیت وازیان لێ بهێنێت، کەچی ئێستا زۆر بە ئاسانی و لەبەر داوایەکی فاتم ماڵئاوایی لەو ماددانە کرد. هەستی دەکرد وەک چۆن ئەوسا ئالوودەی مەی بوو، ئێستا ئالوودەی خۆشەویستی فاتمە، وەک چۆن گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بوو، ئێستا گیرۆدەی داوی عەشقی فاتمە. قەت لەو باوەڕەدا نەبوو خۆشەویستی کچێک وای لێ دەکات. فاتم باوەڕدارێکی کەموێنە بوو بە خودا، هیچ نائومید نەدەبوو و پێی وابوو خودا هەر بە یەکیان شاد دەکات. بەردەوام هانی دەدا نوێژ بکات، رۆژوو بگرێت، نزا بکات. جارێکیان کە لە بەر خۆشەویستی دڵی دەکوڵا و بەرگەی نەگرت و دەستی

کرد بە گریان، بە دەمگریانەوە پێی گووت: «تۆ خودای خۆت بپەرستە و نزا بکە بەیەک بگەین، ئەگەر لەم دنیاش بەیەک نەگەین لەودنیا بەیەکمان دەگەیەنێت.»

تەنانەت بەوەش ڕازی بوو کە لەودنیا پێی بگات، تەنها پێی بگات و هیچی تر. لەبەر خاتری فاتم تا دەهات نوێژەکانی ڕێک و پێکتر دەبوون و کە ڕەمەزانیش هات هەر سیی ڕۆژەکەی دەگرت. لە ڕۆژانی ڕەمەزان بەرماڵەکەی دەکردە شانی و دەچووە تەکیە، تەزبیحەکەی بەدەستەوە بوو لا الە الا اللە ی دەخویند، بە باوەڕەوە لە پشتی شێخەوە نوێژی دەکرد و لەگەڵ دەروێشەکاندا گفتوگۆی ئایینی دەکرد. چەندین کتێبی ئایینی پەیدا کرد و خوێندییەوە تا شارەزایانە لە حزوری شێخدا باسی ئایین بکات. چیرۆکی پێغەمبەرەکانی هەمووی خوێندەوە. ناوی هەر پیغەمبەرێک لە دەمی دەروێشێکەوە دەرچووبا، ئەم چەندین نموونەی لەسەر ئاکارەکانی دەهێنایەوە.

بۆ خۆی لە نێو هەموو پێغەمبەرەکاندا چیرۆکی حەزرەتی یوسفی بەلاوە جیاواز و سەرنج ڕاکێش بوو، چونکە پەیوەست بوو بە عەشقێکی ناوازەشەوە. بەسەرهاتی حەزرەتی یوسف و زولەیخا زۆر سەرنجی ڕادەکێشا. عەشقەکەی زولەیخا زۆر ناوازە بوو بۆ یوسف، ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێی کرد و کۆڵی نەدا، ئەو هەموو ڕووداوە ڕوویان دا و ئەو هەموو ساڵە یوسف لە زیندان مایەوە و زولەیخا هەر بەردەوام بوو، لە خۆشەویستی ئەو نەکەوت. خۆشەویستی دەبێ ئاوا بێت، پرچی سپی هۆنییەوە و دەستی لە عەشقەکەی هەڵنەگرت، چاوەکانی کوێر بوون و باکی نەبوو دەیگووت من بە چاوی دڵم یوسف دەبینم. زولەیخا ئەشکەنجەی عەشقی کێشا و هەر بەردەوام بوو، دڵی یوسفی بۆ نەرم نەدەبوو، یوسف عەشقی خوا ببووە یەکەمین و گەورەترین عەشقی ژیانی، عەشقەکەی زولەیخای بە عەشقی ڕۆحی نەدەزانی و پێی وابوو ئەو عاشقی جوانی روخسارییەتی، کە خودا بە شێوەیەکی زۆر ناوازە پێی بەخشیبوو و جوانییەکەی یوسف بووە وێردی سەر زمانی هەموو کەس، بۆیە خۆی لە عەشقی زولەیخا دەبوارد و هەر خۆی لێ وێڵ دەکرد. ڕۆژێک لە میانەی ئەو عەشقە موعجیزەئاساییەوە زولەیخا ڕاستی ڕەهای بینی، عاشقی ئەو ڕاستییە رەهایە بوو کە یوسفی گیرۆدەی ئەوینی باڵای یەزدان کردبوو، سۆفیانە ستایشی خودای دەکرد و خۆی لە نێو تاسەی عەشقی خوادا تواندەوە.

کە عاشقی خودا بوو تێگەیشت کە ئەو بێ ئەوەی بە خۆی بزانێ بۆیە عاشقی یوسفە چونکە یوسف نوری رەهای خودای تێدا بەرجەستەیە و ئەو کە تەماشای یوسف دەکات، ئەو تیشکە دەبینێ، بەڵام پێشتر بە نیازی عەشقی جوانی و جەستەی یوسف دەربڕیوە. کە بەو راستییە گەیشت، خودا دڵی یوسفی بۆ نەرم کرد و بە موعجیزەش چاوەکانی بۆ گەڕاندەوە و تەمەنی

گەنجێتی پێ بەخشییەوە. ئەو تەمەنە نوێیەی پێ بەخشی تا سەرلەنوێ و بە شێوازێکی دروست عەشقەکەی پیادە بکات. زوڵەیخا بە یوسف گەیشت، یوسف لەو پەیامە گەیشت کە خودا بۆی نارد. چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە ئەوەی یوسف، کە خوێندییەوە بە خۆیدا چووەوە و بەخۆی گووت: «من ئێستا ئەبێ بە راستی خۆش بوێت، عەشقی یەکەمم ببێتە خودا و هی دووەمم ببێتە فاتم.» دەیویست وانە لە چیرۆکەکەی یوسف و زوڵەیخا وەربگرێت. کە چیرۆکەکەی زوڵەیخای دەخوێندەوە گەشبینی دایدەگرت و پێی وابوو ئەمانیش بە شێوەی موعجیزەش بێت بە یەکتری دەگەن.

داوای کردەوە ببینێ و هاتەوە بۆ لای. ژووانێکی نوێ لە نێو کادانەکەدا بەڕێوەچوو. فاتم ئەوجارە زۆر بەکوڵ گریا، فرمێسکەکانی ئەو جەرگی ئەمی دەسوتاند، لەبەر ئازار دڵی هەلا هەلا ببوو. فاتم ئەو جارە زۆر نائومێد دەهاتە بەرچاو، هیچ کاتێ وا نەیدیبوو. ئەو باوەڕی بە خوا و نزاکان هەبوو، کەچی ئەو جارە ورەی تەواو روخابوو. بە هەنیسکەوە پێی گووت:»من بۆ تۆ نابم، چونکە من شێخم و تۆ مسکێنی، ئەمڕۆ لەماڵمان باسی ژن و ژنخوازی کرا ئەیانوت ئەوانەی شێخن و کچ ئەدەن بە مسکێن هەقە سەریان بتەقێنی.»

هەنیسکەکانی لە قورگیەوە نا، بەڵکو لە ناخی دڵیەوە دەردەچوو، ئەو قسەیە وا ڕوخاندبووی کە رۆشناییەکی بۆ دەربازبوون لەو کێشەیە بەدی نەدەکرد. وەک ئەوەی لەناو تاریکییەکی قەترانیدا ون بووبێت، هەنیسکی دەدا و بە دوای چارەسەردا دەگەڕا. کە ئەو وای وت، ئەم خەوەکەی بیر کەوتەوە کە لە سەرەتای عاشقبوونەکەیەوە بینی، کە بینی بارانی ڕەش دەبارێ و ئەمانیش لەو تۆفانەدا لە یەکتری ون بوونە و یەکتری نادۆزنەوە. ئەو قسەیە و وەبیرهاتنەوەی ئەو خەونە زۆر کاری لێکرد، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی بداتەوە پێی گووت:

- خوا گەورەیە فاتم، ئەو کارەی خوا بیکات کەس ناتوانی دەست بێنێتە ڕێی.. بێئومێد مەبە گیانەکەم.
- من ئەزانم ئەمانە زۆر بێ ڕەحمن و تا ماوین ناهێڵن بۆ یەک بین، مەگەر خودا خۆی بیکات.

ئەم زانیارییە لەبارەی شێخ و مسکینەوە و ئەم هەڵوێستەی ماڵی شێخ لەبارەی ژن و ژنخوازی نێوان شێخ و مسکێن، زۆر نارەحەتی کرد. لە لایەکەوە گڕی عەشقی فاتم لە دڵیا بڵێسەی ئەدا و لە لایەکی ترەوە بیرکردنەوەی لەو مەحاڵە هەراسانی کردبوو. ئەو کە عاشقیش بوو بەردەوام وەک دکتۆر یارمەتی خەڵکی دێیەکەی دەدا و لە دێیەکانی تریشەوە دەهاتنە لای و دڵی کەسی نەدەشکاند و دەستی نەدەنا بە رووی کەسەوە. ماندوونەناسانە تیماری بریندار‌ی

پێشمەرگەی دەکرد و تەواوی ناوچە ئازادکراوەکانی گەرمیان گەواهی ئەو لە خۆبووردوویی و خزمەتەی بوون. کە ئەم قۆناغە نوێیە لە ژیانیدا دروست بوو بەوەی زانیاری لەسەر مەحاڵبوونی بۆیەکبوونی خۆی و فاتمی بۆ دەرکەوت، پەریشان و هەراسان بوو. نەیدەزانی پەنا بۆ کێ ببات و رازی دڵی لای کێ بدرکێنێ، نەیدەزانی کێ بکات بە تکاکار و داواکار کە ئەوەندە کاریگەر بێت شێخ دەست نەنێت بە روویەوە. ئەگەر ئەوە هەڵوێستی شێخ بێت و پێی وابێت ئەو شێخەی کچ بدا بە مسکێن شایانی ئەوەیە سەری بتەقێنی، چۆن رازی دەکرێت کچەکەی بدات بە کوڕێکی مسکێنی تازە تۆبەکار، کە ساڵانێکیش لە ژیانیدا ئالوودەی مەیخۆری بوو. هەرچەند بیری لەمانە دەکردەوە خەریک بوو دڵی بوەستێ. لەبەر ئەوەی فاتم پێی وتبوو باسی عەشقەکەمان لای کەس مەکە و با کەس نەزانێ، ئەوەندەی تر فشار بۆ دەروونی دروست دەبوو، ناچار رووی دەکردە هەردە و دەشت و چۆڵ و هاواری دەکرد، گۆرانی و مەقامی دەگووت، بەڵام ئەوانە گۆرانی نەبوون زریکەی ناخ بوون، لەو هەردە و دۆڵانەدا دەنگی دەدایەوە و سکاڵاکانی هەر خۆی بە تەنیا دەیبیستنەوە. خەڵکی بەم دۆخەی دەروون و رۆحی ئەویان نەدەزانی، هەبوون پێیان وابوو لەخۆبایی بووە و سڵاویان لێ ناکات، هەبوون پێیان وابوو شێت بووە و ئاگای لە دنیا براوە، هەشبوون دەیانگووت مەیخۆرە و مەستە و ئاگای لە خۆی نییە. هیچ کەس دەردی دڵی ئەمی نەدەزانی، هیچ کەس نەیدەزانی کوێی دێشێ و بۆ وا گۆڕاوە. ئەم ئەیتوانی یارمەتی بریندار و نەخۆشەکانی تر بدات، بەڵام کە خۆی لە رۆحەوە بریندار بووە و نەخۆش کەوتووە کەس نییە بتوانێ تیماری بکات. دادی بۆ لای کێ بەرێ، نەیدەزانی!

لەوە بەدوا کە یەکتریان دەبینی زیاتر دەگریان و کەمتر قسەیان دەکرد. دووراو دووری یەک دادەنیشتن و سەیری یەکتریان دەکرد و دەگریان و خۆشەویستییان بۆ یەکتر دەردەبڕی. خۆشەویستی کە خۆی جوانترین پاداشتی خودایە، بۆ هەندێ کەس دەبێتە سزا. ئەشکەنجەی زۆریان دەچێشت لە پای ئەو عەشقە. داوایان لە یەکتری دەکرد نوێژ بکەن و نزا بکەن بەڵکو ئەم مەحاڵە بکاتەوە بە حاڵ و بەزەیی پێیاندا بێتەوە و دڵی شێخ نەرم بکات.

بێ ڕیاکاری و بەڕاستی ببوە دەروێش و رۆژ نەبوو نەچێتە تەکیە. رۆژێ لە کۆڕی دەروێشەکاندا دانیشتبوو باسی کەرامەتی شێخیان دەکرد و باسی موعجیزەکانیان دەکرد و دەیانگووت شێخ ئاگای لە غەیبە و دەزانێ دڵمان چی تێدایە. لە دڵی خۆیەوە گووتی: «حەرام ئەگەر شێخ هیچ ئاگای لە دڵەکان بێت و هیچ لە غەیب بزانێ، ئەو تەنها لە عەیب دەزانی و پێی عەیبە خزمایەتی لەگەڵ ناشێخ بکات. گەر کەرامەتی ئیلاهی هەبووایە دەیزانی دڵی من چۆن بۆ کچەکەی گڕی گرتووە، گەر بەزەیی خوای لە دڵدا بووایە بێ سێ و دوو کچەکەی دەدامێ و بەهەشتی مسۆگەر دەکرد.»

وشەی مسکێن لە چەقۆ تیژ تر بە ناخیدا ڕۆ دەچوو. ئەو جیاکاری و چین و توێژە ئاینییەی کە هەر خۆیان دروستیان کردبوو، ئازاری ئەمی دەدا. حەزی دەکرد بتوانی گفتوگۆیەکی شارستانییانەیان لەگەڵ بکات و تێیان بگەیەنێ کە خودا هەموو کەسی بە یەکسانی دروست کردووە و جیاوازی ناکا لە نێوان مرۆڤەکان، پاشا و گەدا، شێخ و مسکین، دەوڵەمەند و فەقیر، پیاو و ژن لە لای خودا یەکسانن و ئەو جیاوازی ناکات لە نێوانی بەندەکانی خۆی.

حەوت مانگی ئەم قۆناغە سەختە تێپەری و شتەکان هەر وەکو خۆیان بوون. سووتانەکان و ئازارەکان و گریانەکان زیاتر بوون و کەم نەبوون، مەحاڵ بوو بتوانن واز لە یەکتری بێنن و یەکتری لەبیر بکەن، مەحاڵیش بوو بە یەکتری بگەن. لە نێوانی ئەم دوو مەحاڵەدا دەتلانەوە و ئەشکەنجەیان دەچێشت. ئاتیلا لەو حەوت مانگەدا تا دەهات زیاتر نوێژی دەکرد و نزای دەکرد. شەوێک تا بەیانی بە دەنگەوە و بە ئاوازی خۆشترین مەقامەکانی قورئانی خوێندەوە و دوای ئەوە دەستی بە نزا کرد:

«خوای گەورە، کەسێکی وەکو من کە مەی نان و ئاوم بوو، تۆبەم کرد و بڕوای ڕەهام بۆ دروست بوو کە تۆ میهرەبانی و مەزنییت و دەستم کرد بە پەرستنت. خودایە بیئومێدم مەکە لە میهر و بەزەیی خۆت و لەم دنیایەدا من و فاتم دڵشکاو مەکە و لەگەڵ ئەو کچەدا بەیەکمان بگەیەنە و بە یەکترمان شاد بکە! خودایە!"

ڕۆژێکی تریش یەکتریان بینییەوە، بەڵام ئەمجارە ئیدی لە وزەیدا نەمابوو بەرگەی ئەو ئازارە بگرێ. ئەمجارە خراپتر رووی دابوو، هەواڵی ناخۆشتری پێ بوو لە خێزانەکەیانەوە. دەگریا و بە سەرپۆشەکەی چاوەکانی دەسڕیی. چ ئەندێشەیەکە کە وا بیبینێ و لە جێی خۆی نەبزوێ! حەزی دەکرد بیگرێتە باوەشییەوە و ئەو فرمێسکانەی بە لێوەکانی بۆ بسڕێت، حەزی دەکردهەزاران ماچی بکات و بە ماچی ناو دەمی ژیری بکاتەوە، بەڵام نەک وای نەکرد، تەنانەت لێیشی نزیک نەدەبووە و سوێندەکەی نەدەشکاند. بە گریانی ئەو زیاتر دەسووتا، دەروونی زیاتر کڵپەی دەگرت، لە وەڵامی ئەوەی بۆچی دەگریی، وتی: «تۆ نازانی ئەمشەو لە ماڵی ئێمە چییان وتووە.»

– ئەبێ چییان وتبێ؟

– باوکم بە تەمایە لە کەلار خانوو بکات و وتی فاتم و مناڵەکان دەنێرم بۆ کەلار و تا خانووەکە تەواو دەبێ و مناڵەکان دەنێرمە مەکتەب، زۆر هەوڵی لەگەڵمدا تا بچم بۆ کەلار بەڵام من رازی نەبووم. وتم گەر بشمکوژن من ناچم بۆ کەلار و لە کەلار ئۆقرە ناگرم.

- بە ڕاستی باوکت بە تەمای شتێکی وایە؟
- پێم بڵێ من چۆن لە تۆ دوور بکەومەوە، بەخوا بێ تۆ ژیانم ناوێت.

ئەو دەگریا و ئەمیش دەسووتا، هەواڵی نوێ پڕی بوو لە ئازار و تەواو بێ تاقەتی کرد. بیری ئەو هەموو نزایەی دوێنی شەوی کەوتەوە و لە بەر خۆیەوە گووتی: «من دەپاڕێمەوە لە خوا نزیکمان بکاتەوە لە یەکتری، کەچی ئەو دوورمان دەکاتەوە.» ڕووی لە فاتم کرد و گووتی:»جا چی بکەین، خۆ من ئەگەر یەک رۆژ نەتبینم کوێرابیم دادێت. ئەگەر لێم دوور بکەویتەوە گیانم دەردەچێت.»

کە ئاتیلا ئەوەی گووت، فاتم قوڵپی گریانەکەی زیاتر بوو، جۆشی ناخی بەهێزتر بووەوە و داوای لێکرد دەستی بخاتە نێو دەستی و پەیمان تازە بکاتەوە. ئاتیلا بیری خستەوە کە لەبەر سوێندەکەی دەست نانێتە نێو دەستی بەڵام پەیمان تازە دەکاتەوە و دووبارە بە یەکیان گووتەوە کە یان بۆ یەکتری دەبن یان بۆ خاک. پێی گووت بۆ ئەوەی کە سوێندم خوارد و وتم دەستم بەردەستی نەکەوتووە، خوا شایەتم بێت و بەڕاستم بێت. خواحافیزییان لە یەک کرد و هاتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام لە ماڵەوە ئۆقرەی نەگرت و چووە دەرەوە، بەرەو هەردە و چۆڵەکان هەنگاوی نا و بەرماڵەکەش هەر بە شانییەوە بوو. لە دووری دووری دێ لە سەر گردێک دەستی بە نوێژ کردن کرد و هاواری بۆ خوا برد:

« خودایە، من کەوتوومەتە داوی ئەو شۆخەوە بەڵام ئێستا دەیانەوێ لە یەکترمان دووربکەنەوە، خودایە خۆت چارەی ئەم دەردەمان بکە خودایە. خودایە رێگە مەدە کەس ئەوم لێ دوور بخاتەوە، تکات لێ دەکەم خودایە!.“

((١٠))

# گرێکوێرەی مەحاڵ

بە دەنگێکی ئەوندە بەرز و بە گریانێکی ئەوەندە بەکوڵەوە ئەم نزایەی دەکرد، دەتگووت دار و بەرد و گرد و دۆڵ و چۆڵ بۆی گریان و چاویان وەک چاوی ئەو تەڕ بوو. هەورێکی تەنک لە سەر سەریەوە دەستی کرد بە بارینی نەرمی تنۆک تنۆک و وردە وردە بارانەکە زۆر بوو. لە جێی خۆی نەبزوا و پێی خۆش بوو بارانەکە نەک هەر جەستەی بەڵکو ناخیشی بشواتەوە. باران باری و ئەم گریا، هەموو شتێک لە دەوروبەرییەوە لە گریاو ئەچوو. بەرماڵەکە خوسا و قورستر بووەوە، خستییەوە سەر شانی و بەرەو دێ هەنگاوی نا. دیمەنی ئەو دیمەنێکی تری عاشقیکی کۆنی وەبیردەهێنایەوە کە لە کتێبەکاندا پەسن کراوە. قەیسی وەبیردەهێناوە کە بۆ عەشقی لەیلا دەگریا و هێندە لەو عەشقەدا توایەوە تا هەموو هۆشی لای عەشقەکەی بوو بێ ئاگا لە حاڵی خۆی، بەویان دەگووت مەجنوون واتە شێت. جا بۆ سەرزەنیشتی شێت بکرێت، کێ ئاگای لە فشاری دەروونی ئەوانەیە کە عاشق دەبن و ئەو دوژمنانەی عەشقەکەیان کە پێکگەیشتنیان لێ دەکەن بە مەحاڵ. قەیس بوو بە شاعیر، عاشق کە ببیت بە شاعیر شێت نابێت. ئەوە راست نییە کە ئەفلاتوون لەسەر شاعیری وتووە، شاعیر شێت نییە، عاشقە، دڵی سیخناخ بووە بە ئەوین و سەری سیخناخ بووە لە خەونی شیرین. «خۆزگە منیش شاعیر بام!» بەم خۆزگەیە کۆتایی بە وەرەوردەکەی ناخی هێنا.

کە گەیشتەوە ناودێ شڵپەی دەهات لە باران. قژە دریژ و پڕەکەی چۆرەی ئاوی لێدەهات. بەرماڵێکی تەڕی قوڕاوی بە شانەوە بوو، باران فرمیسکەکانی روومەتیان شوشتبووەوە، تەنها بە چاوە سورهەڵگەڕاوەکانیدا دەزانرا ئەم عاشقە گریاوە.

شەوێکی تری درێژیان بردە سەر، هەردووکیان بڕیاریان دابوو ئەو شەوە نەخەون و تا بەیانی لە خوا بپاڕێنەوە لە یەکتری دووریان نەخاتەوە. چاوە گەش و ڕەشەکانی فاتم لەو دوو سێ

ساڵەدا هێندە فرمێسکیان ڕشتبوو کز بووبوونەوە. ئەو جەستە چوست و چالاکەی کە کارەکانی خێزانێکی گەورەی میوانداری ڕادەپەڕاند، وەک جاران نەماوە و داهێزراوە. عەشق خۆی داهێنەر و بوژێنەرەوەیە، بەڵام کە ئەو هەموو بەربەستەی لەبەردەمدا بێت دەبێتە ئەشکەنجە و مرۆڤ دەڕوخێنێ. تا بەیانی نزایان کرد.

فڕۆکەکانی شەڕی ئێران لەو ماوەیەدا بەردەوام هێرشیان دەکرد و بۆمبابارانی شارەکانی عێراقیان دەکرد، لەو دواییە چەند شارێکی کوردستانیشیان کردە ئامانج. بەیانی زوو فڕۆکەکانی ئێران لە کەلاریان دابوو، چووە تەکیە تا بزانێ چ خەبەرە، یەکێ لە کوڕەکانی شێخ رووی لە باوکی کرد و گووتی:

- تازە کەلار بووەتە ئامانجی فڕۆکەکانی ئێران و بەردەوام ئەبێ لە لێدانی.
- کەواتە منداڵەکان نانێرم بۆ کەلار.

بیرۆکەی ناردنی فاتم بۆ کەلار، بەهۆی فڕۆکە جەنگییەکانی ئێرانەوە، شکستی هێنا. زۆری بە لاوە سەیر بوو کە پارانەوەکەی ئەمجارەی ئەنجامی هەبوو. ئومێدی هاتەوە بەر و نوێژ و نزای زیاتر کردەوە.

بەیانییەک لەو ڕۆژانە دیسانەوە فاتم لەبەر تەنوور وەستابوو نانی دەکرد. لە دوای شکستهێنانی بیرۆکەی ناردنی بۆ کەلار، وەکو گوڵی نازناز گەشابووەوە و نازی دەکرد. بە پێکەنینەوە سڵاویان لە یەکتر کرد و فاتم بە چرپە گووتی: «خوا هات بە هاوارمانەوە. بە تەمای خوا بۆ یەکتر ئەبین، بەڵام ئەترسم ڕۆژێ بە جێم بهێڵی و بڕۆی!» بە خاک و ئاوی نیشتیمان سوێندی خوارد کە هەرگیز بەجێی ناهێڵێ. پەیمانیان بۆ یەکتر تازە کردەوە کە هەر دەبێ بۆ یەک بن.

ئەوکاتەی فاتمی ناسی تەمەنی خۆی نزیکی بیست و شەش و هی فاتم حەڤدە ساڵ بوو، چوار ساڵ تێپەڕی بەسەر ئەو ئەوینە قووڵە و هێشتاش بەردەوامن. لەو ماوەیەدا ئاتیلا کەسێکی تر بوو، وەک ئەوەی ئاتیلاکەی پێشوو مردبێت و یەکێکی تر لە جێگەی لەدایک بووبێ ئاواهی بوو. ئەم بووە بە بیست و نۆ و ئەویش بە بیست و یەک ساڵ، بە هەموو پێوەرێک هەق وایە ئیتر پێکەوە بژین و عەشقەکەیان بە هاوسەرگیریتی پیرۆز بکرێت و مەشقی بکەن. بەڵام ئەمە چۆن روو بدات؟

هەموو ڕۆژێ دەچووە تەکیە، شێخ خۆی خوێندەواری نەبوو، ئەم باسی ئەو کتێبە ئایینییانەی بۆ دەکرد کە دەیخوێندەوە. شێخ زۆری پێ خۆش بوو کە دکتۆر لەسەر دەستی ئەو تۆبەی کردووە و بووە بە دەروێشێکی وا پابەند بە ئایینەوە. ئەم خۆشحاڵییەی بۆی دەدرکاند: «کوڕم ئافەرین کە بەم شێوەیە بە دروستی پەیڕەوی روکنەکانی ئایین دەکەی!“

ئەو وای دەزانی کاریگەری شێخ ئەم گۆڕانە ئەرێنییەی بەسەریدا هێناوە، نەیدەزانی ساڵانێکە تەریقەتی لە کچەکەی وەرگرتووە. وای پیشان دەدا کە شێخ کاری تێکردووە، فاتمیش ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو، پێی دەگووت هەرچی دەکەی بیکە هەرچی دەڵێی بیڵێ تەنها خۆت لە باوکم نزیک بکەرەوە و خۆت خۆشەویست بکە لە لای بەڵکو منت بداتێ.

کە باسی ژن و ژنخوازی دەهاتە پێشەوە لە ناو تەکیە، شێخ دەیگووت گوناهە کچ رابگیرێ و دەبێ لە کاتی خۆیدا بدرێت بە شوو. دەیگووت باش نییە کچ زۆر بمێنێتەوە و باوک و برای گوناهبار دەبن ئەگەر رێ لە شووکردنی کچەکانیان بگرن. کوڕانی شێخ بە باوکیان دەگووت «کەواتە با گوناهبار نەبین و فاتم بدە بە شوو، فاتم ئێستا بیست و یەک ساڵە و چەند ساڵێک شووکردنی دواکەوتووە.» شێخ دەیگووت «کەسێکی ئیمانداری باش نییە بیدەمێ.» کە شێخ وای دەگووت ئەم لە جێی خۆیەوە پیشی دەخواردەوە و خەریک بوو دڵی بتۆقێ. لە دڵی خۆیەوە بە شێخی دەگووت «ئەی چاوت من نابینێ، ئەوە نییە ئیماندارم و شەو و رۆژ نوێژ دەکەم. خۆ کوێر نیت جەنابی شێخ! بۆ من نابینی بە بەرماڵەوە!“ شێخ هەمیشە باسی چاوی باتینی و کەرامەتی دەکرد و وای پیشان دەدا کە ئەو خاوەنی چاوی وایە و دەروێشەکانیشی شایەتییان بۆ کەراماتی دەدا، ئەویش لە دڵی خۆیەوە پێی دەگووت «گەر وایە بۆچی ئەو چاوە باتنییە لە ئاستی مندا کوێر بووە و بۆ ئەم ئاگرە نابینێ کە وەکو بۆرکان لە دڵی مندا هەڵگیرساوە. ئەی کوا ئەو کەراماتەت یا شێخ کە نازانی منی مەینۆشی هەمیشە مەست لەبەر عەشقی فاتم رووم کردە مزگەوت و تەکیە، بۆ نازانی یاشێخ گیان گەر تۆ خاوەنی چاوی باتن و کەراماتی.»

بۆ ئەوەی هێدی هێدی ئەو باسە لای شێخ بکاتەوە، باسی گشتی لەبارەی شووکردن و ژنهێنانەوەی دەوروژاند. هەندێ جار رەخنەی لێ دەگرت بەڵام بە زمانێکی دیپلۆماسی. رۆژێ لە وەڵامی ئەو پرسیارەی یا شێخ ئێوەی بنەماڵەی شێخان چۆن کچ دەدەن بە شوو، شێخ گووتی: «با عەرزت بکەم، ئێمە وەک مسکێنەکان ژن بە ژن ناکەین و باوکەگەورەمان لێی قەدەغەکردووین ژنبەژن بکەین. کچ ئەبێ رەزامەندی لەسەر ئەو کەسە بێت کە شووی پێ ئەکات. ئێمەی شێخان کچ بە زۆر نادەین بە شوو.»

– یا شێخ ئەمانەی تۆ ئەیڵێی هەموویان فەرموودەی پێغەمبەرن درودی خوای لەسەر بێت، لەوانەیە باوکە گەورەشتان هەر مەبەستی قسەکەی پێغەمبەر بێ کە گوتوویەتی ژن بە ژن مەکەن.

– رۆحم بە قوربانی پێغەمبەر بێت، ئاخر پێغەمبەر باوەگەورەی ئێمەیە.

– ئەی یا شێخ ئێوە بە هەموو کەسێ ژن دەدەن، بۆ نموونە هەر کەسێ کە ئیماندار و راستگۆ و خزمەتگوزار بێت و حەزی لە چاکە بێت و رقی لە خراپە بێت؟

- ئەگەر شێخ بێت بەڵێ دەیدەین، بەڵام ئەگەر مسکێن بێت نابێت و نایدەین.
- یا شێخ بۆچی جیاوازی دەکەن و ئەی خوا مرۆڤی بە یەکسانی دروست نەکردووە.
- ئەوە جیایە و ئەمە جیایە.
- یا شێخ ئەوەی پەیڕەوی شەریعەتی خوای گەورە نەکات بە چی دەژمێردرێت.
- بە کافر.

نەیوێرا بە دەنگی بەرز بیڵێت بەڵام لە بیر و لە دڵی خۆیدا گووتی «ئەی بۆ تۆ پەیرەوی ئەو یەکسانییە ناکەیت یا شێخ کە شەرعی خودایە و بە من دەڵێی مسکێن و خۆت پێی لە من گەورەترە.» بەڵام بۆ سبەینێ کە هاتە تەکیە خۆی نەگرت و بە شێخی وت: «یا شێخ تۆ بە من ئەڵێی مسکین و خۆت پێی بەرزترە ئەمە دژایەتی هەیە لەگەڵ شەرعی خودا و سونەتی پێغەمبەر. یا شێخ ئایا ئەزانی مسکێن لە چییەوە هاتووە؟ یا شێخ «مسکێن» نییە و «مسکین»ە، وشەکەش عەرەبییە و لە قورئانی پیرۆزیشدا باسی مسکینی کردووە کە دەبێ دەوڵەمەندەکان زەکاتی بدەنێ. ئێوە خۆتان زەکات لە خەڵک وەردەگرن، کەواتە ئێوەش مسکینن. یا شێخ باپیرەگەورەتان، واتە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی «لا فرق بین عربی و عجمی الا بالتقوی.»

شێخ ئەگەرچی حەزی بە رەخنەکانی نەبوو، بەڵام پێیشی خۆش بوو کە ئەم خوێنەوارە و قورئان دەخوێنێتەوە و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەڵێتەوە. هێشتا نەیدەزانی ئەم بە تەمای فاتمە و گومانیشی بۆ ئەوە نەدەچوو کە خۆشەویستییەک لە نێوانیاندا هەبێت، بۆیە قسەکانی بە ئاسایی وەردەگرت و خۆی شێخ کەسایەتییەکی هێمنیشی هەبوو زوو هەڵنەدەچوو، زۆر بەرگەی دەگرت و نەرم و نیانیش لەگەڵ خەڵک دەدوا. هەموو ئەوانەش بۆ ئەوە بوو جیاواز بنوێنێ و ستایش بکرێت. ئەمەش روویدابوو، هەموو خەڵکی گووندەکە و گووندەکانی تریش رێزیان لێدەگرت، باوەڕیان بە دەمونفوسی هەبوو، ژمارەیەکی باش دەروێشی هەبوو لە دێیەکان، کە نەخۆش یان شێتیان هەبووایە دەیانهێنا بۆ لای، ستایشی چاوی باتنی و کەراماتیان دەکرد.

لەو ماوەیەدا ئاشناییەتییەکی زۆر باش و پەیوەندییەکی زۆر تووندوتۆڵی پەیدا کرد لەگەڵ شێخ و کوڕەکانی. ئەگەر رۆژێ دیار نەبووایە و بۆ چارەسەری نەخۆش چووبایەتە دییەکی تر، دەهاتن و هەواڵیان دەپرسی. شێخ گفتوگۆکانی زۆر پی خۆش بوو وای پیشان دەدا کە خۆشی دەوێت. کوڕەکانی هەندێ جار ئەمەیان دەدرکان و دەیانگوت «باوکم وەک ئێمە تۆی خۆش دەوێت». لە دڵی خۆیدا دەیگووت بەڵکو دڵی نەرم بێت و کچەکەیم بداتێ. شێخ پەسنی ئەوی بۆ خەڵکی دێیەکە ئەکرد، باسی ئەو پەرجووەی دەکرد کە ئەم دکتۆرەی گۆڕی، وەک نموونە بە دێهاتییەکانی دەگووت «گەر خوا مەیلی لێ بێت پیاو وەک ئەم دکتورە دەگۆڕێت.» ئەوان

خوێندەوارییان نەبوو ئەم قورئانی دەخوێندەوە و کتێبی ئایینیشی زۆر و زۆرتر دەخوێندەوە، بۆیە لە گفتوگۆکاندا ئەوان هەڕەمەکی قسەیان دەکرد و ئەم نموونەکانی لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و چیرۆکی پێغەمبەرانەوە دەهێنایەوە. وای لێهات لە دێ گۆڕانەکەی وەک پەرجوویەکی خوودا سەیر بکەن و زۆریان خۆش دەویست، چونکە پێیان وابوو خوا خۆشی دەوێ بۆیە گۆڕیویەتی و موعجیزەی لەسەر ئەو پیادە کردووە. ئەوەی شێخ ستایشی بکردایە بۆ هەمووان دەبووە جێگەی ڕێز و خۆشەویستی، ئەمیش بەردەوام شێخ ستایشی دەکرد. خودی ئەو ستایشە بە مەبەستیشەوە بوو، تا بۆ خەڵکی بیسەلمێنێت کە لەسەردەستی ئەو گۆرانکاری رووی داوە و خوا ئەوی کردووەتە ئامرازی ئەو موعجیزەیە. ئەم ستایشەش رووی دەدا و لە شێخیان دەپرسی کە چۆن ئەوەی ئەنجام داوە و چۆن توانیویەتی ئاوا مرۆڤێ بگۆرێت. لەو رۆژانە تەنانەت برادەرێکی کۆنی خۆی کە ئەبو فەلاح بوو سەری لەو گۆرانە سوڕمابوو کە لەمدا روویدا، کە زۆر ئاگاداری ئاتیلا بوو بە گەنجی و ئێستاش کە دەیبینێ گەیشتووەتە ئەو پلەی دینداریە، سەری سوڕدەمێنێ و لە شیخ دەپرسێ ئەوە تۆ چیت لەم دکتۆر ئاتیلا کردووە جەنابی شێخ کە ئەم موعجیزەیە روویداوە. ئەبو فەلاح چۆن بزانێ ئەوەی کە هاورێکەی گۆڕیوە شێخ نییە و شێخزادەیە، تەریقەتی عەشق ئەوی گۆری و ژیانی ئەوی وەرچەرخان. ئەو نهێنییەی کە لە دڵیدایە و ناتوانی بۆ کەسی باس بکات، بێگومان وا دەنوێنێت کە شێخ کاریگەرە نەک شێخزادە. بەڵام ئاخۆ تا چەندی تر ئەم نهێنییە هەڵدەگرێ و بۆنی ئەم عەشقە کەی و چۆن بڵاو دەبێتەوە. چەند مانگی دیکەش تێپەڕی و رۆژێ وەک جاران لەبەر دەرگا ڕاوەستابوون پێکەوە قسەیان دەکرد، دوای خواحافیزی، چووە ماڵی خزمێکی خۆی کە دراوسێی ماڵی شێخ بوو، دیواریکیان لە نێواندا بوو. ژنی ماڵەکە لێی پرسی: «تو ئەو خودایە دکتۆر پرسیارێکت لێ ئەکەم راست وەڵامم بدەرەوە.» ئەو نەیزانی لەبارەی فاتمەوە پرسیاری لێدەکات بۆیە سوێندەکەی خوارد:

- بەخوا ڕاست وەڵامت دەدەمەوە.
- تۆ و فاتم چی لە نێوانتان هەیە وا ئەوەندە زۆر پێکەوە قسە ئەکەن.
- سوێند بخۆی لای کەس باسی ناکەی پێت دەڵێم.
- بەو خوایە لای کەس باسی ناکەم.
- من و فاتم یەکتریمان خۆش دەوێ. سوێندت خوارد لای کەس باسی نەکەی.
- باسی ناکەم بەڵام ئەوان شێخن و تۆ مسکێنی، ئەوان ژن نادەن بە تۆ. تۆ دوای کڵاوی بابردوو کەوتووی. شێخ بەمە بزانی دۆعات لێدەکات. تۆ نازانی ئەمانە چەند پڕن و دۆعا لە هەرکەس بکەن ڕاست نابێتەوە. بۆ خاتری خوا تا زووە دەست لەو کچە هەڵگرە و با تووشی گیروگرفت نەبی.

ئەو ژنە ئەگەرچی سوێندی خواردبوو بەڵام جێی باوەڕی دکتۆر نەبوو، دەیناسی کە کەسێکی وایە حەزی لە قسەهێنان و بردنە، بۆیەش بۆی باس کرد چونکە سوێندی دا راستی بڵێ و ئەمیش

سوێندی بەخوا خوارد و ترسا ئەگەر ئەو سوێندە بشکێنێ و بۆی باس نەکات خوا نەفرەتی لێ بکات و بەهۆی ئەو نەفرەتەوە فاتمی لێ بستێنێتەوە و خۆشەویستییەکەیان تێک بچێت. بە ژنەکەی گووت: ئیتر هیچ چارەیەکی تری نییە جگە لەوەی بچم بۆ خوازبێنی، چونکە قسە کەوتە زارێ ئەکەوێتە شارێ. ئەویش سوێندی بۆی خوارد لای کەس باسی نەکات و هەرچی کارێکیشیان هەبێت بۆیان بکات و گووتی: لەبەر ئەوە هاوکاریتان دەکەم چونکە بەزەییم پێتان دێتەوە.

کە فاتمی بینییەوە و بۆی باس کرد کە ئەو ژنە پێی زانیووە و پرسیاری کردووە و ناچار بووە بۆی باس بکات لەبەر سوێندەکەی، فاتم زۆر ترسا و زۆر خەمبار بوو، سەرزەنیشتی کرد کە ئەو نهێنییەی درکاندووە و ئەو خۆشەویستییەی بۆ کەسێک ئاشکرا کردووە. لە ترسا دەگریا و دەیگووت تازە تەواو مادەم ئەو ژنە زانی مانای ئەوەیە هەموو خەڵکی دێیەکە زانیویەتی. نەیدەزانی چی بڵێ بۆ دڵدانەوەی، بۆ هێورکردنەوەی دەروونی، ترسەکە بە تەواوی کاری تێکرد و ڕەنگی هەڵبزرکاند، تەنها ئەوە نەبێت کە پێی بڵێ گشتکەسەکەم فاتم گیان خەم مەخۆ ئەو سوێندی خوارد لای کەس باسی نەکات، منیش چارەیەکی هەر بۆ دەدۆزمەوە، من ئەبێ ئیتر داوات بکەم لە باوکت، لەمە زیاتر چاری تر نییە.

ڕاستە دڵی ئەوی دەدایەوە و دەیویست ئارامی بکاتەوە، بەڵام کە گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، ماڵە چۆڵ و بێ هاودەمەکەی خۆی، بینی دەروونی زۆر لە هی فاتم ئاڵۆزترە و دڵی هێندە تەنگ و بی ئارامە خەریکە لە قەفەزی سنگی بێتە دەرەوە.
پێشتر ژیان جۆرێک و ئێستا جۆرێکی ترە، بیری دەکردەوە لەو گێژاوەی کە تێی کەوتووە، لەو ئازارەی سەرەتاکەی دیار بوو بەڵام کۆتاییەکەی نابینێ و دیار نییە.

بیری دەکردەوە و ڕابردوو وەکو تۆمارێکی سینەما بە بەرچاویدا تێدەپەڕی و دەیبینی. کە قوتابی بوو لە پەیمانگای تەندروستی بەغدا چەندین کچی جوانی پایتەخت هاوپۆلی بوون، هاوڕێیەتی نێوان کچ و کوڕ لەوێ زۆر ئاسایی بوو، تەنانەت دەیانتوانی دڵدارییش بکەن و لەگەڵ دڵدارەکانیان پێکەوە بچن بۆ پیاسە، لە پایتەخت دڵدارەکان لە پەنا و پەسیوان ماچ و مووچیشیان دەکرد. دەچوونە گازینۆ و قاوەخانەکانی سەر لێواری رووباری دیجلە و فورات و پێکەوە ئاسایی دادەنیشتن و قاوەیان دەخواردەوە و پێدەکەنین و نوکتە و قسەی خۆشیان دەکرد. کچەکان تەنوورەی کورتیان لەبەر دەکرد و کراسی قۆڵ رووت، هەندێکیشیان پانتۆڵی تەسکی کابۆیان دەپۆشی و زۆر ئازادانە هەڵسوکەوتیان دەکرد. ئەگەرچی یەکێکیان زۆر دەیویست سەرنجی ئەم بۆ لای خۆی رابکێشێ و هەستی دەکرد ئەو کچە قژکاڵ و لێو ئاڵە خۆشی دەوێ، بەڵام ئەم هیچ هەستی نەبوو بەرامبەر ئەو و هیچ کام لەوانە، وەک هاوڕێ و ئاسایی لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتی

دەکرد. لەوێش هەمیشە مەست بوو، شەوان لە بەشی ناوخۆیی دەمایەوە و ئەگەرچی قەدەغە بوو قوتابیان لە بەشی ناوخۆییدا مەی بخۆنەوە، بەڵام ئەمیش و هاوژوورەکان شەوان دەرگای ژوورەکەیان دادەخست و دەیانخواردەوە.

ئەو بێباکی و سادەیی و بێخەمییەی جارانی لە کوێ و ئەم سووتان و گریان و تلانەوەی ئێستای لە کوێ! بیری دەکردەوە ئایا دەتوانێ دووبارە ڕەوڕەوەی ژیان بگەڕێنێتەوە و ببێتەوە بە کوڕە بێباک و هیپییەکەی جاران، خۆی سەرخۆش و بێهۆش بکات و ئاگای لە دنیا ببڕێت، وەک مەحاڵ دەیبینی، چونکە ئەوسا دڵی بۆیە بێباک بوو، فاتمێکی تێدا نەبوو ئێستا تێیدایە و هەموو گەردیلەیەک لە گیانی، لە دڵی، لە جەستەی بووە بە فاتم. بە مەحاڵی دەبینی تەنانەت بیریش لەوە بکاتەوە چرکەیەک وازی لێ بهێنێت. بۆ ئەوەی لە نێو شەپۆلی بیرکردنەوە و ئازارەکاندا شێت نەبێت، هەستا و چووە دەرەوە، دیسانەوە بەرەو هەردە و دۆل و چۆڵەکان هەنگاوی نا، لە سەر گردێ دانیشت، نوێژی کرد و نزاکانی دەست پێکردەوە: خودایە چارێکمان بکە، لە تۆ زیاتر کەس ئاگای لەم ئازار و سوتانەی من و فاتم نییە. خودایە ڕێگایەکی ڕوونم پیشان بدە بۆ ئەوەی بیگرمە بەر بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەم، خودایە دەلیلێکم بۆ بنێرە، یارمەتیم بدە خودایە!

بە دەم نزاوە دەگریا، تەنیا و بێ دەرەتان و بێ کەس، فاتم ببوو بە هاودەمی بیر و هۆشی. دوای پارانەوە و نزا دوور و درێژەکەی، دەستی کرد بە گۆرانی گووتن، بە تورکی و بە کوردی و بە عەرەبی. لە گۆرانییەکەی عەلی مەردانەوە دەستی پێکرد: فاتیمە دوو چاوی مەستت شێتی کردم فاتیمە، تاقە پرشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە. ئینجا بە تورکی تێی چریکاند و گۆرانییەکی زەکی مورەنی گووت: ، ئینجا گۆرانییەکی نازم غەزالی گووت.

کە بە تەنیا و لەسەر ئەو گردە گۆرانی دەگووت، بیری کۆڕی هاوڕێیانی کفری دەکەوتەوە کە لە دەوری کۆدەبوونەوە و هەر یەکە و داوای گۆرانییەکیان لێ دەکرد. بە حەزەوە گوێیان بۆی ڕادەگرت و بە الله الله هانیان دەدا. هەموو مەست بوون و بە دەنگی ئەم مەستتر دەبوون و بە وشەی گۆرانییەکان دەچوونە دنیایەکی تر. وشەکانی گۆرانییەکان ئەوسا ئەوەندە ئازاری نەدەدا کە هێشتا عاشق نەبوو، ئێستا وشەکان وەک چەقۆ لە برین ڕۆبچێ ئاوا ئازار بە دڵی دەبەخشن. بیر دەکاتەوە لە دڵ، دڵ چ موعجیزەیەکە، چەند بچووکە کەچی چەندیش ئازار دەگرێ، چەند ناسکە کەچی چەندیش بەرگەی برین و کولانەوە دەگرێ، چەند جار دەشکێندرێ کەچی چاک دەبێتەوە. سوپاسی دڵی خۆی کرد کە ئەوەندە بەرگەگرە، شاخیش ئەو ئاگرەی تێبەربوایە دەتوایەوە، کەچی ئەو دڵە بەو بۆرکانەی چوار ساڵە تێیدا هەڵگیرساوە، هێشتا ماوە و لێدەدا و ژیانی پێ دەبەخشی و بێئومید نەبووە. سوپاسی مێشکی خۆی کرد، کە ئەویش موعجیزەیەکی بێهاوتایە وەک دڵ، ئەو هەموو بیرکردنەوەیە، ئەم شەو و ڕۆژ کارکردن و هەوڵی دۆزینەوەی

چارەیە، کەچی هێشتا تێک نەچووە و شێتی نەکردووە. کە ئەم سوپاسەی ئاراستەی مێشکی کرد، هاوکات بیریشی کردەوە و گومانیشی کرد: باشە تۆ بڵێی من شێت نەبووبم، کێ دەڵێ من شێت نەبووم و بە خۆم نازانم و پێم وایە عاقڵم. جیاوازی نێوان من و شێتێک چییە؟ شێت ناتوانێ چارەی دەردی دڵی بکات و منیش هەروام ناتوانم، شێت لەماڵەوە ئۆقرەی نییە و ڕوو دەکاتە هەردەو وچۆڵ و دۆڵەکان، ئەوەتا منیش هەروام، شێت جاروبار گۆرانی دەڵێ و منیش وام کردووە، شێت هەندێ جار دەگری و هەندێ جار پێدەکەنێ، منیش دەگریم و سەرەڕای ئەو هەمووە ئازارەش جار و بار پێدەکەنم. جیاوازی نێوان من و شێتێک چییە؟

ئایا ئەوە ڕێکەوت بوو لە کاتی گەرمەی ئەو بیرکردنەوەیە لە شێتی و ناشێتی و بەراوردکردنیان و گومانکردن لە شێتبوون و نەبوونی خۆی، لە دوورەوە حەمەجان دەرکەوت بە خۆی و مەسینەکانی سەرشانییەوە. لە دڵی خۆیەوە گووتی باش بوو هاوڕێیەکم بۆ پەیدا بوو. بانگی حەمەجانی کرد و بە گۆرانییەوە بەرەو لای هات. کە گەیشتە لای لە جیاتی سڵاوکردن گووتی :

- مەسینە برای پشتە بۆ پیاو.
- حەمەجان بۆم باس کە چۆن برای پشتە.
- مەسینە لە برا باشترە، مەسینە خزمەتت ئەکا بێ ئەوەی داوای هیچت لێ بکات.
- خزمەتی چیت ئەکا، تۆزێ ئاوی تێ ئەکەیت و تاراتی پێ ئەکەی لەوە زیاتر خزمەتی چیت ئەکا؟
- وا مەڵێ عاجز ئەبم، مەسینە برای پشتە بۆ من.
- دە باشە پێم بڵێ، مەسەلەکەی من چی لێ دێت؟
- کام مەسەلە؟
- ئەوەی لە دڵمایە.
- هیچ، قوڕت بەسەر، هیچ نابێ.
- حەمەجان هیچ نەبی تۆ قسەیەکی خێرم بۆ بکە بە قوربانت بم.
- خێر نامێنێ، شەڕ بە ڕێوەیە.
- شەڕ؟ شەڕی چی؟ ئەوە نییە شەڕی شومی قادسییە ماڵی هەموومانی وێران کرد و دەربەدەری کردین، ئیتر شەڕ لەمە زیاتر ماوە.
- هی تریش لە ڕێیە، خراپتریش لە ڕێیە.
- چییە حەمەجان، جنۆکەکان پێت دەڵێن شەڕ ئەبێ؟
- دنیا کاول ئەبێ، قیامەت هەڵئەسێ. مەگەر مەسینە فریامان بکەوێ، مەسینە برای پشتە، مەسینەت هەیە؟
- مەسینەم هەیە حەمەجان، بەڵام هێشتا وام لێ نەهاتووە لەگەڵ خۆم بیگێڕم و بە برای پشتی

بزانم. خوا رەحم لە عەقڵمان بکات! نایەیتەوە بۆ دێ؟ با بڕۆینەوە.
حەمەجان نەهاتەوە و بە تەنیا هەڵسایەوە و هەنگاوی بەرەو دێ نایەوە، بەڵام هەر گوێی لێ بوو کە قسە دەکات وەک ئەوەی سەد کەسی لەگەڵ بێت. تا دووریش کەوتەوە هەر گوێی لێ بوو حەمەجان جار و بار دەڵێ مەسینە برای پشتە، دنیا وێران دەبێت و مەگەر مەسینە فریامان کەوێ.

((١١))

# کوونکردنی شاخ بە دەرزی

عەشقەکەی پێی نایە نێو پێنج ساڵەوە و هێشتا بازنە داخراوەکە دەرگایەکی لێ نەکرایەوە بۆ دەربازبوون. قسەکانی حەمەجان هێشتا لە گوێیدا دەزرِنگایەوە، بە تایبەتی مەسینەکە، چونکە ئەوەندە دەیگووت و دەیگووتەوە لە مێشکی ئەو کەسانە تۆمار دەبوو کە لەگەڵی دابنیشتایەن و سەریان بنایەتە سەری و پرسیاریان لێ بکردایە. وەک ئەوەی ڕیکلام بۆ مەسینە بکات ئەوەندە دەیگووت و دەتگووتەوە مەسینەی لا دەکردی بە تەیارە. ریکلامەکانیش هەمان مەبەستیان هەیە کە لە تەلەفیزیۆنەکانەوە دەیکەن، بە تایبەتی ئەوانەی بۆ بیبسی کۆلا و کۆکا کۆلا دەیکەن و ئەو خواردنەوەیان لە خەڵک کرد بە شتێکی زۆر گرنگ، کەچی وا نییە و ناگاتە قولەپێی جامێ ماستاو یان دۆی مەشکە. لە دەرگا درا و کۆڵێ خۆشحاڵ بوو، هیچ نەبێ کەسێ دێ و لەو بیرکردنەوەیە رزگاری دەکات. گیانی بەوە بوو خۆشەویستی برادەرانی بوو و سەریان لێی دەدا و بانگیان دەکردە لای خۆیان، پێشمەرگەکانیش کە دەهاتنە دێ تا سەریان لێ نەدایە نەدەڕۆیشتنەوە. تەنانەت چەند جارێک لە سەرەتای هاتنییەوە دەیویست لەگەڵیان بچێ بۆ جەولە و دەیگووت منیش پێم خۆشە بێم لەگەڵتان، بەڵام ئەوان پێیان باش بوو ئەم چەکەی هەبێ و هێزی پشتگیری بێت و وەکو دوکتۆر خزمەت بە پێشمەرگەکان و خەڵکەکەیش بکات، بەڵام هەندێ جار بەشدار دەبوو لە شەڕەکان و لەوێش زیاتر تیماری بریندارەکانی دەکرد لە سەنگەرەکاندا.

میوانەکەی ئەمجارەی حەمە سێ خڕانی بوو، ئەو ئاشنایەکی زۆر باشی ماڵی شێخ بوو، هاوکات زۆر برادەری ئاتیلا بوو، لەوەتی هاتبووە دێ و هەر لە سەرەتاوە ئاشنایەتی لەگەڵ حەمە پەیدا کرد و حەمەش زۆر ئەمی خۆش دەویست. دوای بەخێرهێنان و چاکوچۆنیکردن، دانیشتن و حەمە بە پەرۆشییەوە لێی پرسی:

– دوختۆر لەم رۆژانە ئەتبینم زۆر بێ تاقەت دیاری و هەست ئەکەم تووشی کێشەیەک بوویتە،

لەوە ئەچێ کەوتبێتە داوی خۆشەویستییەوە. ڕاستم پێ بڵێ تا یارمەتیت بدەم چونکە تۆم زۆر خۆش ئەوێ، خۆت ئەزانی.
– وەڵا حەمەگیان چی بێ لە تۆ نهێنی. ئەرێ بەخوا ئەو داوە گرتوومی و ئارامی لێ بڕیووم، مەگەر تۆ چارەیەکم بکەیت، خۆتیش نەهاتیتایە دامنابوو من بێم بۆ لات و داوای یارمەتیت لێ بکەم و بۆم داوا بکەی.
– وەی بەسەر چاو، کێیە ئەو کچەی کە خۆشت دەوێ، کچی کێیە؟
– فاتمی کچی شێخ.

حەمە وەک ئەوەی لەسەر شاخێ بەرتدابێتەوە ڕاچڵەکی و ڕەنگی تێکچوو، بە هەردوو دەستی دای بەسەری خۆیدا و بە دەنگێکی کەمێ بەرز گووتی:
– ئەی قوڕ بە سەرم بۆ خۆت و خۆشەویستیت، ئەوە تۆ شێت بووی عاشقی کچی شێخ ئەبی، پێم بڵێ شاخ بە دەرزی کون ئەکرێ؟
– نەخێر.
– دە ئەوەی تۆش وایە، وەکو شاخێکە بە دەرزی کونی بکەی.
– دە تۆ مەمترسێنە، بۆ وا گرانت کرد؟ چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە.
– هەوڵت بۆ ئەدەم، وەعد بێ هەوڵت بۆ ئەدەم، بەڵکو دڵی شێخ نەرم بێ و بە قسەمان بکات.
– ئا بە قوربانت بم، شێخ تۆی خۆش ئەوێ، خۆت بە کوشت بدە و من ڕزگار کە.
– بەخوا هەوڵت بۆ ئەدەم، داواییت بۆ ئەکەم ئەگەر زانیومە شێخ لێشم عاجز بووە.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە کاکە حەمە هاتەوە بۆ لای، بە پەرۆشەوە لێی پرسی چی کردووە و ئایا بە شێخی وتووە، بە پەلەپەل لێی دەپرسی چیت کرد؟ شێخت بینی؟ داوای فاتمت کرد بۆم؟ شێخ چی وت؟ هەڵوێستی چۆن بوو؟ شێر بووی یان ڕێوی؟
– شێر بووم.
– یانی شێخ رازی بوو فاتمم بداتێ؟
– نا، کە ئەڵێم شێر بووم مەبەستم ئەوەیە مەسەلەکەم لای باس کرد. کە لەگەڵی دانیشتبووم و باسی ژن و ژنخوازیمان هێنایە پێشەوە، شێخ وتی بە بۆنەی ئەم کچەوە گوناهبار بووم و کەسێکی باش نییە فاتمی بدەمێ، منیش وتم یا شێخ وای بە باش ئەزانم ئەم کچە بدەی بە دکتۆر ئاتیلا، ئەو کوڕێکی زۆر باش و ڕاستگۆ و خزمەتگوزارە و لەخوابەزیاد بێت ئیمانداره و خۆشتان باش دەیناسن.
– ئێ ئەو چی وت، قسەم بۆ بکە؟
– وتی ئەمە چۆن ئەبێ، ئێمە شێخ و ئەو مسکێن چۆن ئەبێ کچ بدەین بە مسکێن؟

- ئەی تۆ چیت پێ وتەوە؟
- وتم یا شێخ ئەم قسەی تۆ لادانە لە شەریعەت و قورئان و فەرموودەکان، پێغەمبەرمان درودی خوای لەسەر بێت پورزایەکی خۆی دا بە کۆیلەیەک.
- ئێ، ئەو چی وت؟
- وتی بابەگەورەمان وتوویەتی ژن مەدەن بە مسکێن، وتم ئاخر ئەم قسەیەی تۆ خیلافی شەرعە، شێخ تووڕە بوو وتی کچی خۆمە و نایدەم بە مسکێن، ئەیدەم بە ژن بۆ کوڕەکەم.
- ئەی خۆ بابەگەورەیان پێی وتوون ژن بە ژنیش نەکەن، ئەو خۆی وای بە من وتووە.
- ڕاست ئەکەی منیش ئەوەم پێ وتەوە و وتم ژن بە ژن حەرامە و ئێوە نایکەن، کەچی تووڕە بوو وتی لەوە زیاتر سەغڵەتم مەکە کچی خۆمە و نایدەم بە مسکێن. برا گیان ئەمە نابێت، واز لەو کچە بێنە و دەست لەم عەشقەت هەڵگرە، نابێ و نابێ و ئەمانە کەلەیان ڕەقە و کە قسەیەکیان کرد نابێت بە دوو.
- واز ناهێنم و دەستی لێ هەڵناگرم، دنیاش وێران بێت دەست لەم عەشقە هەڵناگرم. ئێمە پەیمانمان بەیەکتری داوە یان بۆ یەکتری ئەبین یان بۆ خاک.
- ئەی خاک بە سەرم بۆ خۆت و عەشقت!

ئەوەندەی تر سەختی و بەڵکو مەحاڵی بەیەکگەیشتنی خۆی و فاتمی بۆ دەرکەوت. دەبوایە زیاتر و زیاتر بیر بکاتەوە لەوەی کێ کاریگەری لەسەر شێخ هەیە و بینێرێ بۆ لای. بیری لە هەندێ لە فەرماندەی پێشمەرگەکان کردەوە و لە مێشکی خۆیدا داینان بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا داوای فریاکەوتنیان لێ بکات. فەرماندەیەکی وەکو سامان گەرمیانی بە باش دەزانی کە هەموو کەس خۆشیان دەوێ و شێخیش بەهەمان شێوە، ئەوی لە مێشکی خۆی دانا بۆ داهاتوو. فاتم بەمەی نەزانیبوو، کە بۆی باس کرد زۆر ترسا و زۆر شڵەژا و پێی وت: «بۆ باسی خۆمانت لای خەڵک کرد، ئەوە بۆ دوو کەسی باس بکەی، بۆ ناردت بۆ داوام؟ من ئیتر چۆن ڕووم بێت سەیری باوکم بکەم!“ دڵنیای کردەوە کە حەمە بە ناڕاستەوخۆیی بە باوکی وتووە و وەک داخوازی حساب ناکرێت، ئەویش تکای لێ کرد کە جارێ نەنێرێ بۆ داخوازی، ئەو کچە لە هەموو کەس زیاتر باوکی خۆی دەناسی و دەیزانی شکاندنی داب ونەرتی ماڵانی شێخ چەند سەخت ئەکەوێتەوە. دەترسا گەر ڕاستی بزانن بیکوژن و ئاتیلاش بکوژن، ئەگەرچی هیچ شتێکی ناشەرعی لە پەیوەندییاندا نەبوو، بەڵام هەر زانینی ئەوەی کچەکەیان حەزی لە کوڕێ کردووە و کوڕێکی مسکێن وێراویەتی حەز لە کچی شێخ بکات، خۆی کارەسات بوو بە پێی داب و نەریتی ئەوان.

حەمە کە حاڵی ئەوی زانی، لەوەودوا زیاتر و زوو زوو سەردانی دەکرد. مانگێکی بەسەر چوو بوو، ئەمجارە داوای لێ کرد لە برا گەورەکەی داوای بکات بزانێ ئەو هەڵوێستی چۆنە. بەڵێنی پێ

دا دەمی ئەویش تاقی بکاتەوە، بەڵام وای پی باش بوو بە برا ناوەنجییەکەی بڵێت، دوو رۆژی نەبرد ئەم کارەشی بۆ کرد و بۆی باس کرد کە هەڵوێستی چۆن بووە:
- براکەی هەڵوێستی زۆر باش بوو، وتی بە دەستی من بێت بە کراسەکەی بەرییەوە ئەیدەم بە دکتۆر ئاتیلا، بەڵام بە دەستی من نییە و بە دەستی باوکمە.

هەڵوێستی برا ناوەنجییەکەی ئاتیلای دڵخۆش کرد، بەڵام هیچی تیا بەسەر نەبوو کە دەسەڵاتی ئەوەی نەبێت کار لە باوکی بکات. ئەم هەڵوێستەی بۆ فاتم باس کرد و دیسانەوە ترسا و وتی: »ئەی نەمووت جارێ داوام مەکە، بەخوا زۆر زۆر ئەترسم. دایکم بزانێ دنیا ئەرووخێنی بەسەرما، ئەترسم کاکم بۆ دایکمی باس بکات.» ئەو ترسەی لە جێگەی خۆی بوو، راستی دەکرد، دایکی لە رێگەی کوڕە ناونجییەکەیەوە زانیبووی و زۆر زۆر تووڕە بوو بوو. بە فاتمی وت ئەگەر واز لەو کوڕە نەهێنی ئەتسوتێنم و ناتدەم بەو مسکێنە. ئەم قسەیەی گەیاندە خۆشەویستەکەی و زانییان کێشەکە ئاڵۆزتر بووە. بەیانی زووی رۆژی دوای ئەوە دایکی هات و لە دەرگای دکتۆری دا، کە فەرمووی لێکرد بۆ ماڵەوە، هاتە حەوشە و لەسەر ئەو قەرەوێلەیە دانیشت کە دکتۆر لەسەری دەنووست. بە هێمنییەوە پێی وت: »فەرموو، چی ئەمرێکتان هەیە؟»

- کوڕە باشەکەم تۆ چۆن وێرایت داوای فاتم بکەیت. ئێمە شێخین و تۆ مسکێن، ئیتر قبوڵ ناکەم داوای کچەکەمان بکەیت.
- تۆ ئێستا لە ماڵەکەی مندایت و هیچ ناڵێم ئەوەندە نەبێ کە من هەڵەم نەکردووە، کچ پردە و هەموو کەس بەسەریدا دەپەڕێتەوە، منیش وەک ئەو خەڵکە داوای کچێکم کردووە، ئەمە چی تیایە؟
- باشە من ئەڕۆم، بەڵام ئیتر نابێ داوای بکەی!

ئەم هەموو نابێ نابێیە نارەحەتتر و نارەحەتتری کرد. دایکی فاتم ئەوەندە تووڕە بوو، وەک ئەوەی کەعبە کەچ بووبێ و مزگەوت ڕووخابێت. چی بکات و ئەمجارە چ چارەیەکی هەیە کە ئیتر وەڵامێکی تری مەحاڵبوونی نرایە دەست لە لایەن نزیکترین کەسی خۆشەویستەکەیەوە کە دایکێتی. وەرەوردی ناخی خەریکە شێتی بکات، خۆی دایک دەبوایە هەست بە دەردی کچەکەی بکات، چونکە سەر بە هەمان توخمی چەوساوە مرۆڤن و هەردوکیان ئافرەتن. ئافرەتبوون لە کۆمەڵی ئێمەدا کارەساتێکە بۆ خۆی، هەر لە ساتی لەدایکبوونەوە ماڵی بۆ دەکەن بە بەندیخانە و برا و باوک و تەنانەت دایکیشی بۆ دەکەن بە پاسەوان. دایک چۆن دەبێ ئەوەندە دڵڕەق بێت بەرامبەر بە جگەرگۆشەی خۆی، کاتێ دەزانێ ئەو کەسێکی خۆشدەوێ و لێی قەدەغە دەکات و دەیەوێت خۆشەویستییەکەی سەرکوت بکات. لەبەر خۆیەوە سکاڵای بوو: بەس نەبوو کچ نەبووم؟ کچ بوون چ کارەساتێکە لە وڵاتی ئێمە. بەڵام خۆ کوڕیش ئەوەندە ئازاد

نییە، خۆ کوڕیش دڵی بە دار و بەردا ناچێت، عاشقی کچێک دەبێ و ئەو کچە بچەوسێتەوە ئەمیش دەچەوسێتەوە، ئەو خەم بخوا ئەمیش خەم دەخوا. ئەو کوڕە عاشقانەی ولاتی ئێمە چەند چەوساوە و قوڕبەسەرن، چەند دیلی دیلەکانن. هۆنراوەکەی هێمنی بیر کەوتەوە و بە دەنگی بەرز ئەمەی وت:

عاشقی بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشاکەن چ سەیرێکە، بە دەستی دیلەوە دیلم

شاعیرەکان لە کەیەوە هاوار دەکەن و هیچ ناگۆڕێت، ئەمە کەی حاڵە، ئەمە کەی مرۆڤایەتییە مرۆڤ ئاوا بە حەسرەت و ژانەوە سەر بنێتەوە. ئەحمەدی خانی بۆچی داستانی مەم و زینی نووسی؟ خۆ بۆ خۆشی نەبوو، مەگەر ئەو مەبەستی ئەوە نەبوو پیشانی بدات کە عەشق چەند پیرۆزە و داب و نەریتەکان چەند زاڵمن بەرامبەر بە عاشقەکان! ئەی بۆ کەس لەوەوە فێر نەبوو، بۆ کەس پەندێکی لەوەوە وەرنەگرت، بۆ عەشق ئازاد نەبێت و مرۆڤەکان ئازاد نەبن پیادەی بکەن؟ خوایە بۆ کەس لەم ولاتەی مندا ناگۆڕێت و کەمێ باشتر لە باوباپیران بیر ناکاتەوە. بۆچی چوارسەد ساڵ دوای مەم و زینی خانییش کچێکی کوردی عاشق هەمان چارەنووسی زینی هەبێت و نەهێڵن لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بژی؟ تا کەی زینەکانی ئێمە بۆ گڵ بن و بۆ خۆشەویستەکانیان نەبن، کاکەمەمەکانییش شێت و شەیدا بن. گفتوگۆکەی ناوەوەی هەر بەردەوام بوو، مەلی خەیاڵی لە شەقەی باڵی دابوو، دەمێ لای عاشقان و دەمێ لای شاعیران و دەمێ لای فەیلەسوفان و وتەکانیان دەمێ لای پێشینان و پەندەکانیان دەنیشتەوە. شاعیرەکانی ئێمە چەندیان هاوار کرد و کەس گوێی پێنەدان. شەرمکردنی کچان کەی جوانە کە باوباپیرانمان هانیان داوە»کچی شەرمن شارێ دێنێ و کوڕی شەرمن شانەیەک ناهێنێ»، ئەمە کەی قسەی نەستەقە، ئەمە قسەی قۆڕە، کەچی پەیڕەوی دەکەن. ئەو قسە جوانەی بێکەس ناگرنە گوێ کە هانی کچان دەدات شەرم نەکەن»نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە، گیرۆدەی بەندی و ژیانت زوڵمە، وا من پێت دەڵێم چونکە لە سەرمە، سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە»، بەڵام نەسرینەکانی ئێمە کەی بە دەستی خۆیانە، بە دەستی خۆیان بوایە سەرپۆشیان فڕێ دەدایە نێو زبڵدانی مێژووەوە. بە دەستی خۆیان بوایە دەهاتنە مەیدانی عیلم و عیرفان وەک ئەوەی بێکەس دەیخواست «مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی، موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی، مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی، هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە، سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە». کوا دەهێڵن بخوێنێ؟ کوا دەهێڵن عیلم و فەنی هەبێت؟ کوا دەهێڵن خزمەت بکات، کوڕە ئەسڵەن کوا دەهێڵن بژی؟ مەگەر فاتم حەزی نەدەکرد خوێندەوار بوایە و ئازاد بوایە و بژیایە. بزانە چییان بەسەر ئەودا هێناوە. بزانە منیش کە پیاویشم چیم بەسەر هاتووە! ئەمە کەی حاڵە ئێمەی تیاین؟!

هیچ ناهەقی نەبوو تا سەر ئێسقان لەم کولتوور و داب و نەریتە پەست بێت کە ئەوەندە ناهەقی دەرهەق بەوان کردووە. ڕقی لە چینایەتی و توێژایەتی دەبووەوە، ئەمە چییە مرۆڤگەلێ خۆیان پی بەرز بێ و ئەوانی تریان پێ نزم، ئەمە کەی ڕەوایە ڕێز لە دەوڵەمەند بگیرێ و هەژار نا! کچ بە شیخ بدرێ و بە مسکێن نا! خوا کەی ئەمە قبوڵ دەکات؟! شێخ چییە و مەلا چییە و دەروێش چییە و سەید چییە؟ دەوڵەمەند چییە و هەژار چییە؟ پاشا چییە و گەدا چییە؟ مەگەر هەموویان مرۆڤ نین و بەڕووتی لە دایک نەبوون؟ بۆ کەس لەو حیکمەتەی خوا تێناگات کە مرۆڤ بە ڕووتی دەهێنێتە دنیاوە و بەڕووتیش دەیباتەوە. نە پەند لە ژیان وەردەگیری و نە لە مردن؟ شێخێک کە دەمرێ هەر ئەو کفنەی لەبەر دەکرێ کە لەبەری دەروێشەکەی دەکرێت. پاشایەک کە دەمرێ هەر ئەوەندە دەسەڵات لەگەڵ خۆیدا دەبات کە گەدایەک دەیبات. تا ئێستا دەوڵەمەندێک مردووە لە هەژارێک زیاتر سامانی لەگەڵ خۆی بردبێت؟ ژن و پیاویش هەر وان و هیچ پیاوێک لای خوا لە هیچ ژنێک سەروەرتر نییە، ئەوەی غەیری ئەمەی وتووە ناحەزی خوایە و قسە بە دەمی خواوە هەڵدەبەستێ. ژن و پیاو یەکسانن و ئەوەی ئەمەی قبوڵ نییە دژی مرۆڤایەتی و دژی خوایشە.

## ((١٢))

# دکتۆری برین ، دەروێشی ئەوین

ئەو ڕۆژەی کە دایکی فاتم هاتە لای و لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشت و سەرزەنیشتی دکتۆری کرد و ئاگاداری کردەوە کە ئیتر داوای نەکات، لە پشت دیوارەکەی ئەو دیووەوە ژنێکی دراوسی گوێی لێ بووە. ئەویش لە سەر کانی بۆ دەستەخوشکانی باسی کردووە، دەستەخوشکانیش هەر یەکە و بۆ دەستەخوشکانی تر و خوشک و باوک و برا و مێردیان و لە ئاکامدا ئەم هەواڵە خێراتر لەوەی کە ئاگرێ لە پوشێ بەر بێ و بە دارستاندا بڵاوبێتەوە، بە ناو دێدا بڵاو بووەوە. لە ماوەیەکی پێوەرییشدا بە دێیەکانی تردا بڵاو بووە و ئیتر هەر کەسە و بە جۆرێ چیرۆکەکەی دەهۆنییەوە و دەگێڕایەوە.

هاوەڵەکانی خۆی لێیان دەپرسی و پێشمەرگەکان لێیان دەپرسی و خزمانی خەڵکی گوندەکە لێیان دەپرسی و لەبەر خاتری فاتم ناچار بوو ڕەتی بکاتەوە. ماڵی شێخیش ئەم قسانەیان دەبیستەوە و پێی نارەحەت بوون داوایان لێی کرد پێیان لێ نەبڕێ و وەک جاران هاتوچۆیان بکات بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕ بەو قسانە نەکەن کە دەوترێت. وەکو جاران دەچووە تەکیە و هاتوچۆی ماڵی شێخی دەکرد، بەڵام دیار بوو ڕێیان لە فاتم دەگرت زۆر خۆی پێ پیشان بدات. ڕێی چوونە سەر کانی و بیریان لێ نەگرت لەبەر گومانی خەڵکەکە، بەڵام لە ژێر چاودێری ورد دایاننابوو نەوەک قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەی بکات. کە خەڵک دەیانبینی دکتۆر هاتوچۆی ماڵی شێخ دەکات و فاتم دێتە دەرەوە، سەریان لێ شێوابوو نەیاندەزانی باوەڕ بکەن یان نا. دکتۆر لە دڵی خۆیدا دەیگووت بڕوانە چ مەهزەلەیەکە، ئەوانیش وەکو خۆم سەریان لێ شێواوە.

سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان جارو بار هەر یەکیان دەبینی، بەڵام لە جیاتی ئەوەی چێژ لەم بینینانە وەربگرن ئازاریان دەچێشت، فاتم دەگریا و دەیگووت: «نەمووت ئەمانە زۆر بێڕەحم و زۆردارن و من نادەن بە تۆ؟!» ئەو جارەیان کە وای وت بە کوڵ دەگریا و دەنگی بەرز بوو، ئاتیلا بە چرپە پێی وت:

– لەسەر خۆت بدوێ ئازیزم، نەوەک کەسێ گوێی لێ بێ.
– توخوا با بزانن ئێمە یەکتریمان خۆش دەوێ و بێ یەک ناژین، با بمانکوژن لەم حاڵە باشترە، ئەگەر بمانکوژن شەهید دەبین چونکە عەشقی ئێمە زۆر خاوێنە، خواش ئاگای لەمەیە، لەو دنیاش بێت هەر بۆ یەک ئەبین.

ئەم بارودۆخە ئاسان نەبوو بەرگەی بگیرێت، فاتم لەو ماوەیەدا زوو زوو نەخۆش دەکەوت، بەڵام باوانی دکتۆریان ئاگادار نەدەکردەوە. ئەو ژنە دراوسێیەی کە بەڵێنی هاوکاریکردنیانی دابوو دەهات و هەواڵی فاتمی دەدایە و ئەمیش دەرمانی بۆ دەنارد. ماڵی شێخ دوای ئەم ڕووداوانە مشوری ئەوەیان دەخوارد کوڕەشێخێک پەیدا بکەن و کچەکەیانی پێ بدەن، دکتۆر ئەم هەواڵەی لە ڕێگەی هاتوچۆکەرانی تەکیەوە زانی بۆیە چاودێری ماڵی شێخی دەکرد و هەر میوانێکیان بهاتایە دڵی دەکەوتە خورپە و دەستی دەکرد بە سۆراخ تا بزانێ بۆ هاتوون و چییان دەوێت.

بەیانیانێک دکتۆر خەریکی ئامادەکردنی ماتۆرەکەی بوو بۆ ئەوەی بچێت بۆ دێی توکن، بۆ ئەنجامدانی پشکنینی برینداریێک لەوێ. دایکی فاتم هاتە لای و کە زانی بۆ ئەوێ دەچێ، داوای لێکرد هەندێ خوری هەیە بۆی ببات بۆ لای هەلاج. هەر کارێ بۆ ماڵی شێخ بوایە، بە خۆشحاڵییەوە ئەنجامی دەدا، بە تایبەتی کە ڕاسپاردەکە لە لایەن شێخ و ژنی شێخەوە بوایە، هەر ئومێدی ئەوەی هەبوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دڵیان نەرم ببێت و ڕەحمیان پێ بکەن و بهێڵن خۆی و فاتم ببن بە هاوژینی یەکتر. کە دەچووە شوێنانی تر، دڵی هەر لە بنەکە بوو، وەک ئەوە وابوو بە بێ دڵ بسوڕێتەوە، بۆیە لە هیچ کوێ بەن نەدەبوو، زوو دەگەڕایەوە بنەکە، کە بووبوو بە بنکەی دڵی، بە تایبەتیش ئەو ماوەیە کە بەردەوام چاودیری ماڵی شێخی دەکرد نەوەک خوازبێنی فاتم بکرێت. تەنها شەوێک لە توکن مایەوە و برینداراەکەی تیمار کرد و خورییەکەی برد بۆ لای شوکرخانەی هەلاج و بۆ بەیانی زوو گەڕایەوە بنەکە. هەر بۆ سبەینێ بە دەنگی گوڕەی ئوتۆمبیلێک هاتە بەر دەرگا، بینی سێ پیاو لە ئۆتۆمبیل دابەزین، بۆ ماڵی شێخ هاتبوون. ئەوان لە دێی «پێنج مووسە»وە هاتبوون. دووانیان خەڵکی پێنج مووسە بوون و خزمی ماڵی شێخ بوون، سێیەمیان ئەورەحمان بوو، خەڵکی کفری بوو بەڵام لە پێنج مووسە دادەنیشت، دکتۆریشی دەناسی و هەندێ برادەرێتی هەبوو لە گەڵیا هەر لەو کاتەوە کە لە شار بوو. بۆ ئەوەی هۆکاری هاتنی ئەوان بزانێ چووە تەکیە و لەگەڵیاندا دانیشت. دەستیان بە قسە و باس کرد و گومانی نیازەکەیانی کرد، بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە لەو گومانەی، داوای لە ئەورەحمان کرد لەگەڵی بچێتەوە بۆ ماڵەکەی. ئیزنیان لە شێخ خواست و تەکیەیان بەجێهێشت. لە ماڵەوە یەکسەر لە ئەورەحمانی پرسی:
– ها کاک ئەوڕەحمان، خێرە وا هاتووی بۆ بنەکە؟
– هاتووین بۆ خوازبێنی فاتمی کچی شێخ بۆ خزمێکی خۆیان.

کە ئەم قسەیەی بیست لە جێی خۆی ڕەپ ڕاوەستا و خەریک بوو دڵی لە سینگی بێتە دەرەوە، ڕەنگی بزرکا و ئەورەحمان هەستی بە تێکچوونی حاڵی کرد و پرسی:
- بیستوومە خۆشەویستی لە نێوانتان هەیە، وایە؟
- ئەی کە بیستووتە بۆچی بۆ ئەوانت باس نەکردووە؟
- تۆ مەترسە ئەگەر کچەکە تۆی بوێ ئەوا شوو ناکات، خۆ ئەگەر شوویشی کرد ئەوە تۆ ڕزگارت ئەبێ!
- ئەمە چ قسەیەکە کاکە گیان، ئەگەر شێخ بێت و داوای کچی شێخ بکات دەیدەنێ و بە زۆریش بێ ئەیدەن بە شوو.
- پەلە مەکە و بزانین ئەمشەو چی ئەبێ.

مامۆستا غالب پیاوێکی شاعیری خەڵکی کفری بوو، برادەرێکی زۆر خۆشەویستی دکتۆریش بوو، راز و نیازی دڵی خۆی بۆ باس کردبوو، ئەویش زۆر جار ڕێی پیشان دەدا چۆن سەرنجی ماڵی شێخ رابکیشێ لە پێناوی ئەوەی بە ئاواتەکەی خۆی بگات. ئەوجارەش پەنای بۆ بردەوە و لێی پرسی ئەمجارە چی بکات کە خوازبێنی فاتم دەکرێ و مەترسی لەدەستدانی هەیە، مامۆستا غالیب ڕێی بۆ دانا و پێی گووت: «ئەمشەو دەچین بۆ تەکیە، تۆ لە دوورەوە دانیشە و منیش دەچمە نێوانیانەوە تا بزانم چی ئەبێ و چی دەڵێن.» بۆ ئەوەی هەواڵ بە فاتم بدات دەیویست بیانوویەک بدۆزێتەوە و بچێت بۆ ماڵی خێزانەی شێخ، یەکەم جار رۆیشت بە بیانووی ئەوەی نانی بدەنێ فاتمی نەبینی، بۆ دووەم جار گوریسێکی بەدەستەوە گرت و رۆیشتەوە، فاتمی بینی، لەوکاتەی کە گوریسەکەی دایە و بە دەنگی بەرز پیی گووت:»ئەمە گوریسی ئێوەیە»، بە دەنگی نزمیش کە کەس نەیبیستێ جکە لە خۆی پێی گووت: «ئاگادار بە ئەو میوانانە هاتوون بۆ داوای تۆ.»

ئیتر ئەم نەوەستا و زوو گەڕایەوە، شەو لەگەڵ مامۆستا غالیب چووە تەکیە، هەر چاودێری ماڵی خێزانەکەی شێخیشی دەکرد تا بزانێ کەی شێخ دەچێتە ئەوێ بۆ پرسیار لە فاتم. وەکو هەواڵگرێک بۆ هەواڵ دەگەڕا و ماخۆلانی تێ کەوتبوو، سەیری ئەملا و ئەولای دەکرد و دەیویست زوو زانیاری پێ بگات. تا یانزەی شەو خۆی و مامۆستا غالیب لە تەکیە مانەوە، کە گەڕانەوە، هەر لە بەردەرگاوە لێی پرسی کە چی روویدا لەو نێوانە، پێی گووت: «هەر ئەوەندە تێگەیشتم کە کچەکەیان پێ نەداون، چونکە ئاگام لێبوو یەکێک لە پیاوەکان دەیویست بەو شەوە بڕۆنەوە و ئەویتریان پێی گووت عەیبە تازە با بمێنینە سبەینێ.» لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیارییەکەی مامۆستا غالیب جێگەی باوەڕ بوو، لێکدانەوەکەشی بۆ ئەو گفتوگۆیە لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام هەر دڵی ئاوی نەدەخواردەوە، تا ئەورەحمان هات و پێی گووت:»چاوت روون کچەکەیان نەدا. شێخ ئەیووت ئەگەر کچەکە شوو نەکات خۆ بە زۆر نایدەم.»

یەک دنیا سوپاسی ئەورەحمانی کرد کە بەو خەبەرە دڵی خۆش کرد. سەر لە بەیانی کە فاتم نانی دەکرد، چوو بۆ لای و بە رووییەکی خۆش و پر لە دڵنیایەوە پرسیاری ئەوەی لێ کرد کەخوازبێنییەکەت گەیشتە کوێ، ئەویش بە چرپە گووتی:
– ئەمشەو دایکم ئەوەندە زۆری لێکردم کە شوو بکەم بەو کوڕە شێخە، وتی ئەی ئەتەوێ شوو بە کێ بکەیت بە مسکێن؟ منیش وتم بەخوا لەت لەتم کەن شوو ناکەم، تا دەمەوبەیان شەڕی بوو لە گەڵما و قسەی سووکی پی ئەوتم و دۆعای لە تۆ ئەکرد. منیش لە داخا پێم وت بڕۆ خۆت شووی پێ بکە، ئیتر نازانم لەمەودوا چیم لێ ئەکەن. تۆ ئاگات لە هەموو شت هەیە، دوێنێش هەر تۆ بە منت وت.
– ئازیزەکەم، ئەی کار و کاسبی من چییە، ئەگەر ئەوانە نەزانم مانای ئەوەیە لە دنیا بێئاگام.

ئەو رۆژە ورەی بەرز و دڵی خۆش بوو. هەستی بە شانازی دەکرد بە خۆشەویستەکەیەوە و بە پەیمانەکەیانەوە. هێندەی تر فاتمی لا خۆشەویست و پیرۆز بووەوە کە توانی بەرهەڵستی ویستی دایکی بکات و کوڕەشێخ ڕەت بکاتەوە. فاتمیش ئەو رۆژە هەستێکی جیاوازی هەبوو، لە دڵی خۆیەوە سوپاسی خوای کرد کە یارمەتی دا و ئەو بوێرییەی پێ بەخشی کە بڵی نا لەبەرامبەر ویستی ناڕەوای دایکی و بەشوودانی بە کەسێک کە خۆشی ناوێت تەنها لەبەر ئەوەی کوڕی شێخە دەیانەوێ بیدەنێ.

دکتۆر هەر لە زانیارییە هەواڵگرییەکانییەوە کە لەبارەی ماڵی شێخەوە لەمەڕ فاتم بەدەستی دەهات زانی کە ئەو سێ پیاوە پێش ئەوەی بێن بۆ لای شێخ، چووبوونە لای شێخ حسێنی هەزارکانی و داوایان لێ کردبوو بێت لەگەڵیان بۆ خوازبێنییەکە و ڕەتی کردبووەوە. ئەم هەڵوێستەی شێخ حسێنی هەزارکانی زۆر ئاتیلای دڵخۆش کرد، چونکە بۆی دەرکەوت ئەو شێخەی هەزارکانی چەندپیاوێکی ڕاستگۆیە و خاوەنی قسەی خۆیەتی وحەزیش لە کاری ناڕەوا ناکات. ماوەیەک پێش ئەوە دکتۆر راستەوخۆ بۆ ئەو باسی خۆشەویستییەکەیانی کردبوو، داوای لە شێخ حسێن کرد کە خوازبێنی بۆ بکات، وەڵامەکەی وا بوو:
– بە دەستی من بێت حەزدەکەم هەر ئێستا کچەکەت بدەنێ، بەڵام چی بکەم ئەوان لە شەریعەت لا ئەدەن و بە قسەی منیش ناکەن.
– بەڵام من یەک داواکاریم لە تۆ هەیە کاکە شێخ حسێن، مادەم لەگەڵ من نایەی بۆ خوازبێنی فاتم، بۆهیچ کەسێکی تر نەڕۆی بۆ خوازبێنی، تەنها ئەو داوایەم لێت هەیە.
– باشە بەڵێن بێت نەچم.

هەفتەیەک بەسەر ئەو سەرکەوتنەدا تێپەری کە بە ڕەتکردنەوەی شووکردن لە لایەن فاتمەوە کۆتایی هات، ژنەکەی خزمیان کە دراوسێی ماڵی شێخیش بوون و کە ئاگای لە کەینو وبەینی

نێوان ئەم و فاتم بوو، هات بۆ ماڵیان و پێی گووت دایکی فاتم لە ماڵیانە و دەیەوێت بیبینێ.
کە دکتۆر گەیشتە ماڵیان، پێش ئەوەی بهێڵێ سەلامیش بکات، یەخەی خۆی دادڕی و هەردوو لەپی دا بە عەرزا و هاواری کرد:

- کوڕم بۆ خاتری خوا بۆ وازمان لێناهێنی. تۆ مسکینی و ئێمە شێخین و هەرگیز ژن بە تۆ نادەین. ئیتر بۆ ناهێڵی کچمان شوو بکات. تۆ بۆچی شەڕمان پێ دەفرۆشیت، ئێمە تۆ هەر ناناسین، تۆ ئامۆزامانی؟ پورزامانی؟ خالۆزامانی کە داوای ژنمان لێ ئەکەی؟!

- بۆکچ هەر ئەبێ بە خزم بدرێ؟ ئەوەی خزم نەبێ ئیتر نابی ژنی بدرێتێ؟ خەڵک هەیە حەوت مەملەکەت لە یەکەوە دوورن و هاوسەرگیری ئەکەن، ئێوە لای خۆتان موسوڵمانن و نابی ئەم جیاوازییە بکەن. منیش کوڕە موسوڵمانێکی هەژارم و داوای کچتانم کردووە، خۆ تاوانم نەکردووە کچتانم خۆش ویستووە، ئێوەش بەزەییەک لە دڵتاندا بێ و بەیەکمان شاد بکەن، بەڵکو خواش ڕەحم بە ئێوە بکات. لە ئاهی ئێمە ناترسن؟ بزانە خوای ئێمە چیتان بەسەر دێنێ!

کە ئەم قسانەی پێگووت، دایکی فاتم وەخت بوو شێت و هار بێت و ئاگری تێبەربێت. بەوپەڕی تووڕەییەوە پێی وت:

- ئێمە تۆ ناناسین و هەر ئەوەنە ئەزانین خزمت لەم دێیە هەیە و پێت ئەڵێن ئاتیلا تورکمان و ئارەقخۆری!

- بەڵێ ئارەقخۆر بووم، بەڵام تۆبەم کردووەو خواش فەرموویەتی ئەوەی تۆبە بکات لێی ئەبوورم، ئیمامی عومەریش کافر بوو کە تۆبەی کرد و بوو بە موسوڵمان بوو بە خەلیفەی پێغەمبەر. ئێوە خۆتان لە خوا و پێغەمبەر پێ بەرزترە؟! بۆ ئەوەندە زاڵمن؟

کە ئەم وەڵامانەی بیست لە تووڕەییان خەریک بوو بتەقێت، دەستەکانی دا بە عەرزا و سوێندی خوارد:

- شەرت بێ ئەگەر هەر پێنج کوڕەکەشم دابێ بە کوشت نەهێڵم فاتم شوو بە تۆ بکات. ئەگەر واز لە فاتم نەهێنی خوێن دەرژێت، ئەوە پێتم وت ها!

- دە با منیش پێت بڵێم کە قەت قەت واز لە فاتم ناهێنم، خۆشەویستی فاتم تێکەڵ بە خوێنم بووە، مەگەر خوێنم برژێنن، بێ ئەو هیچ ژیانم ناوێ، بۆیە بێ منەت بە ئەگەر بە کوڕەکانت من ئەدەی بە کوشت فەرموو بمدە بە کوشت!

کە بینی دکتۆر ئەوەندە بێباکە و ئەوەندە سوورە لەسەر خۆشەویستییەکەی و هەڕەشەکەشی فایدەی نەبوو، ئەمجارە هێمن بووە وە بە ئارامییەوە پێی وت:

- ئەرێ کوڕم، باوکم، براکەم، تۆ بۆ واز ناهێنی، ئاخر ئەمە ناکرێ.

- با تۆزێ میهر و بەزەیی لە دڵتانا بێ و ئەوەندە فیزتان زل نەبیت، لای خۆتان موسوڵمانن،

من ئەمەوێ ببم بە کوڕتان و خزمەتتان بکەم.
- کوڕێتی تۆم ناوێ.
- ئینشاڵڵا دڵت نەرم ئەبێ.
- وەڵا دڵم بەردە لە ئاستی تۆ قەت نەرم نابێت.
- ئەی ئەگەر خوا بیکات چی ئەڵێی؟
- خواش بیکات من ناهێڵم!

ئەوەی کە وتی بە پێی ئیسلام کفر بوو، بەڵام پێی سەیر نەبوو ژنی شێخ بێت و ئاوا وەڵام بداتەوە، چونکە دەیزانی لەو کوفرەش گوناهتر ئەوەیە دوو ئینسان کە خەریکن شێت دەبن بۆ یەکتر و لەیەکیان بکەن. دکتۆر بەم شەڕەقسەیەی نێوان خۆی و دایکی فاتم زۆر دڵتەنگ و پەست بوو، لە ڕێگای مزگەوت شێخ حسێنی برای بینی و پێی وت: دایکت ئەمڕۆ زۆر قسەی ناشیرین و سارد و سڕی پێ وتم. تکات لێ دەکەم پێی بڵێ با ئیتر یەخەم نەگرێ و لەناو خەڵکدا نەمشکێنێتەوە و قسەم پێ نەڵێ.

هەر لەو ڕۆژانە فاتمی بینی و هەواڵەکانی ماڵی خۆیانی پێگەیاند. گووتی: «دایکم زۆر لێت پەستە، کە بانگ دەدەی ئەڵێ تەماشای ئەم ئارەقخۆرەکە خۆی کردووە بە ئامۆزای خوا، زۆر قسەی سوکت پی ئەڵێ و هەر دۆعات لێ ئەکا و ئەڵێ خوایە ئەم عارەقخۆرە بکوژی و رزگارمان کەی، منیش پێم گووت دایە هەقمان چییە بەسەریەوە بۆ دۆعای لێ ئەکەی تاقانەی دایکیەتی، بۆ ئەوەندە کافری، ئەتەوێ جەرگی دایکی بسوتێنی، خۆت ئەگەر کوڕێکت بمرێ چی ئەکەی، دایکم وتی وەڵا تۆ دڵت پێوەیەتی بۆیە ئەم قسانە ئەکەی، یەک دنیا قسەی سوکی بە منیش کرد.» بۆ دڵدانەوەی فاتم، دکتۆر دەیگووت «گوێ مەدەرێ ئازیزەکەم، خوا دۆعای ناڕەوا قبوڵ ناکات، خوا دۆعای من و تۆ قبوڵ ئەکات کە لەسەر هەقین.» فاتم باوەڕی وا بوو ئەگەر خۆشەویستەکەی بچێتە ناو ئاگریشەوە هیچی لێنایەت چونکە بەردەوام لە خوا دەپاڕایەوە بیپارێزێت.

لەم هەموو دۆعایانە ئاخۆ کامیان قبوڵ دەبێت و کامیان قبوڵ نابیت، رەوا و ناڕەوا کەی یەکلا دەبێتەوە، تۆ بڵێی رۆژێ بێت ئەمانە بە چاو ببینن و سەرکەوتنی هەق دەرکەوێت، ئەمە تەنها پرسیار نەبوو ئاواتێ بوو بۆ هەردوکیان.

پابەندی فاتم بۆ عەشقەکەی و دڵسۆزی بۆخۆشەویستەکەی سنووری نەبوو، تا زیاتر ئەم هەڵویستانەشی لێ دەبینی خۆشەویستتر و گەورەتر دەبوو لە لای ئاتیلا، تەنانەت وەک کەسێکی پیرۆز تێی دەڕوانی. هەستی دەکرد پابەندێتی فاتم بۆ عەشقەکەی بەرامبەر بە خۆی، هیچی

کەمتر نییە لە پابەندێتی زولەیخا بۆ عەشقەکەی بەرامبەر بە حەزرەتی یوسف، بۆیە باوەڕی وا بوو موعجیزەیەک هەر ڕوو دەدات و خوا پاکیی ئەوان دەبینێ و فەرامۆشیان ناکات.

لە دوای دەماقاڵێکەی نێوان دایکی فاتم و ئاتیلا لەو ماڵە دراوسێیە، هەواڵەکە بە ناو تەواوی دێدا بڵاو بووە و ئیتر کەس گومانی نەما لەوەی کە عەشقێک لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە. باسی ئەم عەشقە بووە بنێشتە خۆشەی دەمی خەڵک و نەک هەر بنەکە، تەواوی دێیەکانی دەوروبەریش. خەڵکی ئەو دێیانە هەموویان ئاشنای دکتۆر بووبوون بەهۆی ئەو بە خۆبەخشی خزمەتکردنەیان و قسە خۆشەکانی و دڵەفراوانەکەی، بۆیە بەشی هەرە زۆری خەڵک هەڵوێستیان پشتگیریکردنی بوو، لۆمەی شێخیان دەکرد کە کچەکەی نادات بەو کورە باش و میهرەبانەی کە عاشقی بووە و یەکتریان خۆش دەوێ، بەشێکی کەمیشیان لەگەڵ هەڵوێستەکەی شێخ بوون و دەیانوت شێخ هەقیەتی و نابێت شێخزادە بدرێ بە خەڵکی سادە! وای لێهات پیاوماقوڵانی دێ پۆل پۆل خۆیان بچن بۆ لای شێخ و داوای فاتم بکەن بۆ ئاتیلا. دەستە دەستە پێشمەرگەکان خۆیان دەچوون بۆ تەکیە و دەبوون بە تکاکار لە شێخ کە فاتم بدات بە ئاتیلا، دەیانووت "یا شێخ ئەمە زوڵمە و خوا قبوڵ ناکات، ئەم کوڕ و کچە یەکتریان دەوێت بۆ دەبیتە باعیسیان.»

- نابێت، ئەو مسکێنە و ئێمە شێخین!
- یا شێخ بەخوا لە ئاهی ئەم دووانە شتی خراپ روو دەدات، ئەمە زوڵمە، گوناهن ئەمانە.
- بەسە، ئەگەر وازم لێ نەهێنن لەم دێیە بار دەکەم.

سووربوونی شێخ لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆی و پابەند بوونی بە وەهمی جیاوازی شێخ و مسکێن زۆر سەیر بوو بە لای ئاتیلاوە. گوێنەدان بە دڵشکاندنی کچەکەیان و فەرامۆشکردنی قسەی ئەو هەموو پیاوماقوڵ و ریشسپییانەی کە هەموویان ئەو هەڵوێستەیان بە هەڵە و بە زوڵم دەزانی، سەیر بوو! خەڵکی گووند و پیاو ماقوڵ و پێشمەرگەکان هەموویان ڕێزیان لە شێخ دەگرت، لەبەر خاتری ئەوانیش بووایە دەبوو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو باوەرە هەڵە و جیاکاری نێوان شێخ و مسکێنە بگۆڕێت، بەڵام نەیگۆڕی و هەر سوور بوو!

پێنج ساڵ کەم نییە دوو مرۆڤ لە ناو ئەو هەموو عەشق و ژانەدا بژین و ئەو هەموو بەربەست و کێشەیەیان بۆ دروست بکرێت! عەشقێک ئەگەر ژانەکانی کۆ بکرێتەوە بە قەد بەرزترین شاخ، درێژترین رووبار، چڕترین دارستان حەسرەتی لە دڵی دوو کەس دروست کردووە. ڕووداوەکان تا زیاتر بوونایە ڕەشبینتریان دەکردن لەبەیەکگەیشتن، بەڵام سوورتریشی دەکردن لەسەر پابەند بوون بە عەشقەکەیان.

هەواڵی زۆر ناخۆشتر لە بارەی هەڵوێستی ماڵی شێخەوە بە ئاتیلا گەیشت. فاتم پێی ڕاگەیاند کە دوێنێ لە کاتێکدا براکەی لە ماڵەوە لەگەڵ دایکیدا باسی خۆشەویستییەکەی ئەمانیان کردووە و باسی ئەوەیان کردووە کە دنیا پێی زانییوە، باوکی هاتووە بەسەردا هەموو بێدەنگ بوون و ئەویش پرسیوویەتی باسی چی ئەکەن، دایکی هانی داوە و وتوویەتی:
– ئەی ئەو دنیایە ئەزانێ و باسمان ئەکا تۆ نازانی ئاتیلا دڵی بە کچەکەتەوەیە و واز ناهێنێ؟
– کەواتە سبەینێ خۆم ئەچم بۆ دێی پێنچە مووسە و ئەیدەم بەو کوڕەی خزممان تا کۆتایی بێت.

کە ئەم قسانەی بۆ ئاتیلا دەگێڕایەوە هۆن هۆن فرمێسکیش بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە. وەک بۆرکانێک لە ناخیدا بێت حەسرەتی هەڵدەڕشت و شتێ نەمابوو لە ژیانیدا ناوی خەندە و خۆشی بێت، بەشی لەم ژیانەدا بوو بوو بە گریان و ناڵین. ئاتیلاش ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی بە توانەوەی خۆی دەکرد لە نێو ئەو تێزابی ئازارەی کە بە ناهەق تووشیان کردووە. فاتم دەگریا و دەیگووت:
– من چی بکەم ئەترسم بە زۆر بمدەن بەو کوڕە، بەخوا من بێ تۆ ژیانم ناوێت.
– فاتم گیان خۆ من بە درۆ بەڵێنم بە تۆ نەداوە، بەخوا مەگەر بەسەر لاشەی مندا بتبەن بە بووکی بۆ کەسێکی تر، چۆن دەهێڵم کاری وا بکەن.

– ئەم کافرانە بۆ وامان لێ ئەکەن، بۆ بەزەیی لە دڵیان نییە؟ من وا شێت ئەبم.
– فاتم گیان دان بە خۆتا بگرە و خۆت بە داخ و خەفەتەوە مەفەوتێنە، با جارێ بزانین خوا چی ئەکا!

کە گەڕایەوە ماڵەوە بیری خستە کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێ بۆ ئەم کێشە تازەیە. هیچی تری لەوە بە باشتر نەزانی کە کەسێ بنێرێ بۆ لای ئەو کوڕەشێخەی خزمیان کە بڕیاڕیان دابوو فاتمی بدەنێ. بە خەیاڵی خۆی دوو ئەگەر هەبوو بۆ سەرگرتنی هەڵوەشاندنەوەی بەشوودانەکەی فاتم بەو کوڕە، یەکەمیان ئەگەر بەزەیی لە دڵیدا بێت و بزانێ ئەم دووانە وا عاشقن و شێت و شەیدای یەکتریین، واز دێنێ و فاتم ناخوازێ، ئەگەری دووەمیش لەحاڵەتی نەبوونی بەزەییش لە دڵیدا خۆ وەک زۆربەی پیاوانی کورد کچێکی ناوێت کە پێشتر دڵداری کردبێت. یەکسەر برادەرێکی نارد و ئەو پەیامەی بە کوڕەشێخ گەیاند، ئەگەری یەکەمیان سەری گرت و کوڕە شێخ گووتبووی:
– کەواتە بەوخوایە ئەگەر شێخ دەستیشم ماچ بکات ئەو کچەم ناوێت، مادەم ئەوەندە زاڵمە ئەم دوو دڵدارە لە یەک دەکاتەوە.

((١٣))

# نزاکان و سزاکان

ئەو کێشەیەشی دەرباز کرد، بەڵام بەم شێوەیە ژیان وەک دۆزەخ بەسەر دەچوو بۆ خۆی و فاتم، دەبووایە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەری بکەن. هەر هاوڕێ و دۆستێکی دڵسۆز بهاتایە، دادەنیشتن و گفتوگۆیان دەکرد پێکەوە و تەگبیریان دەکرد چی باشە بکرێت و چی خراپە نەکرێ. برادەران و هاوڕێیان زۆر بە پەرۆشی بوون، پێشمەرگەکان بە هەمان شێوە. بە دەگمەن پێشمەرگە هەبوو باسی ئەمی نەبیستبێ. چیرۆکی عەشقەکەی ئەوەندە دڵتەزین بوو کەس نەبوو سۆزی لەگەڵیدا نەبێت و هەموو ئامادە بوون هەرچییەکیان لەدەست بێت بۆی بکەن. ئەو شەوەیش لەگەڵ کەنعانی هاوڕێی دانیشتبوو هەر باسی ئەو کێشەیە و چارەسەرەکەییان دەکرد، لە دەرگایان دا و داوای دکتۆریان کرد لەگەڵیان بچێت بۆ هەوارە رەقە بۆ تیمارکردنی سێ بریندار. دکتۆر هەزار کێشەی هەبوایە لەو ئەرکەی دوانەدەکەوت و قەت داوای یارمەتیدانی کەسی رەت نەدەکردەوە. داوای لە کەنعان کرد ئاگای لە دەنگوباس بێت تا ئەو دەڕوا و دێتەوە.

هەوارە رەقە چوار سەعات بە تراکتۆر لە بنەکەوە دوور بوو، لەگەڵیاندا رۆیشت و هەرسێ برینددارەکەی بینی، دووانیان پیاو و یەکێکیان ژن بوو. برینددارەکانی تیمار کرد. بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە دەبوایە سێ رۆژ لە هەوارەڕەقە بمێنێتەوە. ئەو سێ رۆژە وەک سێ ساڵ بۆی بەسەر چوو، دڵی هەر لای فاتم بوو. فاتمیش نیگەران دەبوو کە ئەم بۆ شوێنێکی دوور بچوایە و دەترسا لە ڕێگا و بان شتێکی لێ بێت و کە لە دێ دەربچوایە هەر دۆعای بۆ دەکرد خوا بیپارێزێ. هەرچۆنێ بوو ئەو سێ رۆژەش تەواو بوو، کە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ بنەکە بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو سێ رۆژە بارانێکی زۆر باریبوو، وتیان ڕێگا قوڕاوە و مەکینە ڕێ دەرناکات. داوای کرد ئەسپێکی بۆ پەیدا بکەن چونکە هەر دەبێ بڕواتەوە، خاوەنماڵ ئەسپێکیان پێدا و بە سواری ئەسپ ئەو ڕێگا دوور و درێژەی بڕی و رۆژی چوارەم گەیشتەوە بنەکە و پێش هەر شتێ لە کەنعانی پرسی:

- هەواڵ چییە کەنعان، شتی تازە هەیە.
- هەیە، بەداخەوە شتی خراپ رووی داوە.
- بەقوربانت بم زوو پێم بڵێ چی ڕوویداوە؟
- ژنێ هاتووە بۆ ماڵی شێخ و وتوویەتی ئەو دکتۆرە مەشرووبخۆرە شێتە چییە ژنی ئەدەنێ کەوا حەیاتانی بردووە و دنیا باستان ئەکات. هەموو ئەوانەشی ئاشکرا کردووە کە یارمەتیتانی داوە لە پەیوەندیتان، ئەوانیش فاتمیان لە ماڵەوە بەند کردووە و ناهێڵن لەگەڵ کەس قسە بکات و تەنانەت ناهێڵن بۆ ناو حەوشەش بڕوات.

- ئەی هاوار! باشە ئەم ژنە کێیە کەوا قوڕی کردووە بەسەرما؟
- فەیمی ژنی ئەحمەدە، لە عەلیانی تازە.

زۆر ڕقی هەستا، لە تووڕەییان دەلەرزی چونکە باوەڕی نەئەکرد مرۆڤ هەبێ ئەوەندە بێ وەفا و بێ سفەت بێ، ئەم زۆر بە کەڵکی ئەوان هاتبوو، چەندین جار چوو بووە عەلیانی تازە بۆ چارەسەری نەخۆشیان و بۆ تیماری برینداریان، کەچی بەو شێوەیە پاداشتیان دایەوە. بڕیاڕی دا بەیانی زوو بچێتە عەلیان و سەرزەنیشتیان بکات و بزانێ هۆی چییە ئەو ژنە ئەو بەدرەفتارییەی کردووە. چەند برادەرێکی تریشی هاتن و بۆ حاڵی پەرێشانی ئەم زۆر بە پەرۆش بوون، هەموویان دەترسان ئەم ئازار و مەینەتییە شێتی بکات یان لە داخا شتێک لە خۆی بکات. لەگەڵ میوانەکانی لەگەرمەی باسکردنی ئەو کێشە تازەیە بوون، کێشەیەک تەواو دەبوو یەکێکی خراپتر یەخەیانی ئەگرت. جاران کە هاوڕێیان دەهاتنە لای بە گۆرانی و نوکتە و قسەی خۆش کاتیان بەسەر دەبرد ئێستا باس هەر باسی کێشەیە. لە دەرگا درا و چوو بۆ دەرگا، بینی برا ناوەنجییەکەی فاتمە، گووتی:
- کاک دکتۆر هەندێ قسەم لەگەڵتا هەیە.
- ئێستا قسەکانت مەکە، میوانم هەیە، دوایی دوو بە دوو قسە ئەکەین.
- نەخێر ئێستا قسە ئەکەین.
- دەباشە فەرموو قسەکانت بکە.
- کاکە ئێمە هیچ کاتێک بەڵێنمان بە تۆ داوە ئەو خوشکەمان بدەین بە تۆ؟ فاتم خۆی ئەڵێ من ئامادەنیم شووی پێ بکەم و هەر قسەشم لەگەڵ نەکردووە.
- نەخێر وا نییە و ئەمە زوڵمە ئێوە دەیکەن. من و فاتم شەش ساڵە حەزمان لە یەکترە و بەڵێنمان داوە یان بۆ یەک ئەبین یان بۆ خاک. دیارە فشارتان بۆ هێناوە و ئازارتان داوە بۆیە وای وتووە، ئەسڵەن هەر باوەڕیش ناکەم وای وتبێت.

– کەواتە ئەو کچە خیانەتی لێمان کردوە.
– نەخێر خیانەتی نەکردووە، تەنها هاوسەری ژیانی خۆی هەڵبژاردووە. منی کردووە بە موسوڵمان و گۆڕانی بەسەر مندا هێناوە، ئەمە خراپ و خیانەتە؟. بیکەن بۆ خاتری خوا و سیاقەی سەرتان بەس وامان لێ بکەن، بەزەییتان پێمان بێتەوە، بۆ خاتری خوا ئێوە چین؟ دارن، بەردن، بۆ هیچ ناتانبزوێنێ، تو ئەو خوایە بێن من بکوژن و ئازاری ئەو مەدەن!

کە ئەم قسانەی دەکرد وا دەگریا و وا فرمێسکی بەکوڵی بەردەدایەوە کە کوڕەشێخ نەیتوانی بەرگەی بگرێ و ئەویش فرمێسک لە چاوی قەتیس ما. بەڵێنی دا ستەمی لێ نەکات، بە ساردییەوە خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. هاورێکانی بەم دیمەنە کاریگەرە ئەوەندە نارەحەت بوون، کەسیان نەیتوانی خۆی بگرن و فرمێسک لە چاویان بەرنەبێتەوە. نەیاندەزانی چۆن دڵی ئاتیلا بدەنەوە. نەیاندەزانی چ چارەیەکی بنەرەتی بۆ بدۆزنەوە. تا درەنگانێکی شەو لە لای مانەوە، دواتر ئەوان ڕۆیشتنەوە و ئەمیش هەر بەو شەوە بڕیاری دا بچێت بۆ دێی عەلیانی تازە بۆ ماڵی ئەحمەد. لەو ڕێگا دوورودرێژەی نێوان دوو دێکە، هەر حەسرەتی هەڵدەکیشا و دەگریا و هەندێ جار دادەنیشت و هاواری لە خوا دەکرد: ”خوایە بۆ من وام بەسەرهات؟ من گوناهم چییە وام بەسەر بێت، خوای گەورە ئەگەر گوناهێکم هەیە و خۆم نایزانم، بمبەخشە خۆ تۆ بەخشندە و میهرەبانی. خوایە خۆ تۆ عەلیمی و حاڵی من دەزانی چۆنە، خۆ تۆ سەمیعی و گوێت لە ناڵەناڵی من و فاتمە، خۆ تۆ خەبیری و ئاگاردارم کەرەوە لەوەی من چی بکەم و چۆن ئەو شێخە ڕازی بکەم ئەو کچەم بداتێ؟ خوایە ئەو کچە ئێستا بەند کراوە و ئەچەوسێنرێتەوە خۆت ئاگاداری بە و بیپارێزە خوایە.»

لە کەمخەوی و زۆرخەمی و ماندوێتی و لەبەر حەسرەت و ژانەکانی بەرچاوی تاریک ئەبوو، سەری ئەسوڕایەوە. جاران لە گورج و گۆڵیا وەکو ئاسک بوو، ئێستا لۆژە لۆژ دەڕوا و دەکەوێ و هەڵدەستێتەوە و دەکەوێ. لەو ڕێگا پڕ لە هەڵدێر و نشێوەدا دەڕوا و لەبەر خۆیشییەوە وەکو شێتێک قسە دەکات: «خۆزگە داوام لێ بکرایە وەکو فەرهاد کێوێکی ئەم کوردستانە هەڵبکۆڵم، شەرت بێ بمکردایە لەبەر خاتری گەیشتن بە فاتم، بەڵام ئەوان داوای شتی وا ناکەن و تەنیا یەک شت دەڵێن نابێ نابێ، تەنیا یەک هۆکاریان هەیە ئەوان شێخن و من مسکێن. ئەم خەڵکەش زۆر سەیرن! ئەو هەموو نادادپەروەرییەش دەبیستن و  دەبینن و هەر پۆل پۆل دەچنە تەکیە و ڕێزیان لێدەگرن، پێیان وایە لە ڕێگەی شێخەوە دەچنە بەهەشت، بەهۆی شێخەوە خوا لە گوناهیان خۆش دەبێ! ئەوان هیچ لێک نادەنەوە و لە خۆیان ناپرسن ئەمانە نەخوێندەوارن و هەر نازانن قورئانیش بخوێننەوە، ئیتر چۆن لە شەریعەتی خوا تێدەگەن. خوا دادپەروەرە، خوا بەخشندەیە، خوا میهرەبانە، پەروەردگار نەفرەت لە نادادپەروەری و نابەخشندەیی و نامیهرەبانی دەکات، ئەی چۆن کەس ئەمە نابینێ.»

بە خەیاڵی تاڵ و وەروردەوە هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت و ئەوەندەی زانی گەیشتووەتە بەردەرگای ماڵی ئەحمەد نەوات، دەرگایان کراوە بوو، یەکسەر چووە ژوورەوە و سەلامی کرد، چەند میوانێکیشیان هەبوو، هەموویان سڵاوەکەیان دایەوە. ئەحمەد فەرمووی لێ کرد، بەڵام ئەو گووتی بۆ میوانی نەهاتووم تەنها چەند قسەیەکم هەیە لەگەڵ ژنەکەت.

- خێرە دکتۆر گیان چی ڕووی داوە، زۆر شێواو دیاری؟
- کاک ئەحمەد، بۆ ئەوە هاتووم بزانم بۆ واتان لە من کرد؟ بۆ فەیمی ژنت چووەتە ماڵی شێخ و وتوویەتی ئەم دکتۆرە شێتە؟ ئاخر شێت ئەبێ بە دکتۆر؟ بۆ بەم جۆرە چاکەم ئەدەنەوە؟ من خراپیم لەگەڵ کردوون؟ من کەمم بۆ ئێوە کردووە؟
- بەخوا ئاگام لە هیچ نییە دکتۆر ئاتیلا. ئەترسم ئەو گەماڵباوکە قسەی وای کردبێت؟ فەیم، فەیم، ئا وەرە بۆ ئێرە بزانم هەی نارِەسەن، بزانم چیت قەومانووە و چی فیت و فاتێکت کردووە.
- فەیم پێم بڵێ بۆ وات کرد، برات بریندار بوو تیمارم کرد، خوشکت نەخۆش بوو چارەسەرم کرد، ئامۆزات بریندار بوو ئەو ڕێگایەم بڕی بە زستان و بە هاوین بۆ ئەوەی چاکیان بکەوە. خۆت نەخۆش بووی هەر وام بۆت کرد، ئیتر بۆچی ئەم چاکانە وا ئەدەیتەوە؟ بۆچی لە ماڵی شێخ وات وتووە؟

- چیم وتووە وەڵا درۆ ئەکەن هیچم نەوتووە، خۆیان وتیان. مێردەکەی وتی:
- فەیم چۆنت دڕاندووە ئاوا پینەی کە، بچۆ ماڵی شێخ و پێیان بڵێ درۆم کردووە و وا نییە.
- وەڵا نارِۆم ، حەقم چییە، من نەمووتوە، خۆیان وتوویانە بۆ ئەیکەنە ملی من.

لەوێ بەن نەبوو، چۆن ئەو ڕێگا دوورو درێژەی بڕی ئاواش گەڕایەوە. نە نانی خوارد و نە ئاو، جلەکانی چڵکن و قژی بژ و ریش و سمێلی درێژ و تێکەڵ بە یەکتری بوو، هیچ تاقەتی ئەوەی نەمابوو سەیری ئاوێنە بکات و ئەو شێواوییە ببینێ. لەو چۆڵ و هۆڵییەی ڕێگا بە هەمان شێوەی ئەوسەر، هەر دڵی دەگووشرا و دڵی پر دەبوو، بەزەیی بەخۆی دەهاتەوە و دەگریا. خەیاڵی زۆر خراپی دەکرد و دیمەنی زۆر ترسناک دەهاتە پێش چاوی. خەیاڵی دەکرد کە ئەو باوک و برایانە و ئەو دایکە ئازاری فاتم دەدەن، فاتمیش لە داخان نان ناخوات و ئاو ناخوات. وەکو گوڵێکی گەش کە ئاوی نەدەی وردە وردە سیسس دەبێتەوە و هەڵدەوەرێ، فاتمیش وای لێ دێت. فرمێسکی بۆ فاتم هەڵدەرشت و هاواری دەکرد: «فاتم گیان ئاخۆ ئێستا حاڵت چۆنە؟ فاتم گیان خۆزگە حاڵی من دەبینی چیم بەسەر هاتووە! فاتم گیان، دڵەکەم، ڕۆحەکەم، چاوەکەم، تۆم داوەتە دەستی ئەو خوایە بتپارێزێ. خوایە ئەگەر ئەوان فاتم بە داخەوە دەکوژن، تۆش من بۆ خۆت ببەرەوە و هەر هەمان کات بمکوژە! خوایە، توخوا کارێکی وا نەکەی ئەو پێش من بمرێ، ئەم دنیایە بە بێ ئەو بۆ من دۆزەخە. خوایە من هەر چاوەڕێی بەخشندەیی تۆم، ئەوان نایدەن تۆ پێم ببەخشە خوایە. لە گوناهەکانم ببەخشە و فاتمم پێ ببەخشە خوایە.»

سێ ڕۆژ دواتر چووە هەوارە ڕەقە بۆ بینینەوەی بریندارەکان و چارەکردنیان. کە حاجی عەزیز بەو جۆرە بینی، زۆر بە پەرۆشەوە لێی پرسی:
- ئەوە چیتە کوڕم، بۆ وات لی هاتووە؟
- توخوا وازم لێ بێنە حاجی با بە دەردی خۆمەوە بناڵم.
- تۆ قسەم بۆ بکە کوڕم، جارێ با بزانم چیتە.
- دەردی من بە تۆ چارە ناکرێ حاجی، دەرمانی من لای شێخە.
- وەڵا ئەگەر شێخ کچەکەیت بداتێ هەرچی گەرەک بێ ئەیدەمێ. « دەستی هەڵبڕی بۆ ئاسمان»، خوایە بەرانێک ئەکەم بە خێری خۆت و مەولووی پێغەمبەر دڵی شێخ نەرم بکەیت و ئەو کچە بدات بە دکتۆر ئاتیلا.
- حاجی خۆت ماندوو مەکە، ئەو دڵی نییە تا نەرم بێت، هیچ کاتێک کچەکەی نادا بە من.

لە هەوارە ڕەقە دوو ڕۆژ مایەوە، نە نانی بۆ دەخورا و نە خەوی لێدەکەوت، ژاکاو و داماو، کاری تیمارکردنی تەواو کرد و گەڕایەوە بۆ بنەکە. هێشتا نەگەیشتبووە بەر دەرگا، برا گەورەکەی فاتمی بینی و داوای لێکرد پیاسەیەک بکەن پێکەوە. دڵی داخورپا و دەترسا شتێک بەسەر فەتمدا هاتبێت، شێخ گووتی:
- دکتۆر ئاتیلا تۆ ئەزانی هەموو خەڵکی دێ بەو خۆشەویستییەی تۆ و فاتم ئەزانن و ئەمەش لە کوردەواریا زۆر ناشیرینە.
- خەڵکی چ شتێکی ناشیرینیان لە ئێمە دیووە؟ تا ئێستا دەستم بەر دەستی نەکەوتووە و بۆ ئەمە سوێند دەخۆم. ئێوە خۆشتان ئەزانن ئێمە پاکین و خیانەتمان نەکردووە، ئیتر بۆ گوێ لە قسەی خەڵک ئەگرن؟ ئێوەش کە ئەزانن من و فاتم یەکتریمان خۆش ئەوێ بۆچی کارێک ناکەن نە شیش بسوتێ و نە کەباب؟
- پێت ئەڵێم و ماوەی یەک مانگ مۆڵەتت ئەدەمی ئەبێ لەم دێیە بار بکەی. ئەگەر بار نەکەی ئەتکوژم.
- بەخوا زۆر سەیری یاشێخ، ئەمە چ عەقڵێکی کشمشییە تۆ هەتە، ئەمە هەر قسەی خۆتە یان هی هەمووتانە؟
- ئەمە تەنیا قسەی خۆمە و ئەبێ وا بێت!
- ئەوە ئەڕۆم بۆ لای باوکت و پێی ئەڵێم.
- بۆ لای کێ ئەڕۆی بڕۆ.

هەردووکیان گەڕانەوە بۆ دێ، ئاتیلا یەکسەر ڕێگەی تەکیەی گرتە بەر و داوای لە شێخ کرد گفتوگۆی لەگەڵ بکات، ئەویش هاتە تەکیە و لەگەڵیدا دانیشت، شێخ حسێنی براگەورەش هاتە تەکیە و ئەویش هەر دانیشت، دایکی فاتمیش بە بوغزێکەوە هات و دانیشت، ئاتیلا بابەتەکەی کردەوە:

- یا شێخ، حسێنی کوڕت هاتووە بۆ لام و ئەڵی ئەبێ بار بکەی لەم دێیە ئەگینا ئەتکوژم، ئەمە قسەی هەمووتانە یان هەر قسەی خۆیەتی.
- نەخێر کوڕم ئەوە هەر قسەی خۆیەتی. ئەگەر تۆ بار بکەی خراپتر ئەبێ. کوڕم حوسێن چۆن قسەی وات کردووە، دکتۆر عاقڵە، ئەگەر بڕوات خراپتر ئەبێت خەڵک ئەڵێن دیارە شتێکی خراپی لە کچەکە کردووە بۆیە ڕۆیشتووە.
- یا شێخ با لە دایکی بپرسم، ئەرێ دایک زۆر باش ئاگاداری لە هەموو جموجۆڵی کچی خۆیەتی، ئەزانم زۆر رقت لێمە، بەڵام توخوا راست بڵێ تا ئێستا هیچ شتێکی خراپت بینیوە لە من و فاتم؟

- نەخیر نەمدیووە، لە چاوم پاکترن.

شێخ حسێن بەم قسەی دایکی زۆر هەڵچوو، بە تووڕەییەوە دای بە چاویدا و پێی گووت:» کەواتە بۆ بەردەوام ئەڵێی چۆن تووشمان بوو بە تووشی ئەم ئارەق خۆرەوە.» شێخ بە هێمنییەوە گووتی:
- ئەم کوڕە تۆبەی کردووە ئیتر کەس بۆی نییە پێی بڵێ ئارەق خۆر... کوڕم ئاتیلا تۆ هیچ خۆت سەخڵەت مەکە و وەک جاران هاتوچۆشمان بکە. من هەندێ ئیشی خۆم هەیە و ئەچم بۆ دێی پێنجەمووس و بەیانی ئەگەڕێمەوە.

زانی شێخ بۆ دەڕوا بۆ دێی شێخەمووس، بۆ ئەوەی کچەکەی بدات بە کوڕی شێخ و ئەمی لە کۆڵ بێتەوە. هاتەوە بۆ ماڵ و نامەیەکی بۆ فاتم نووسی و هەموو شتێکی بۆ باس کرد، لەو ماوەیەدا کە نەیاندەتوانی یەکتری ببینن بە نامە هەواڵی یەکیان دەپرسی و هەواڵیان دەدا بەیەک، فاتم خوێندەواری نەبوو، خوشکە بچوکەکەی قوتابخانەی سەرەتایی خوێندبوو، نامەکانی بۆی دەنووسی و دەخوێندەوە. لە ماڵەوە وەک دەستبەسەر رەفتاریان لەگەڵ فاتم دەکرد و دایکیشیان کردبووە پاسەوانی ئەو زیندانیکراوە، دایکی خۆی لەگەڵی دەچووە سەر کانی و لەوێش نەیدەهێشت لەگەڵ کەس قسە بکات، نەوەک هەواڵ و قسە بۆ ئاتیلا بنێرێت، بەڵام ئەمان نامەیان کردبووە ئامرازێکی تازەی پەیوەندی کردن. وەک جاران یەکتریان نەدەبینی و هەر لە دوورەوە دەیبینی و حەسرەتیان بۆ یەکتر هەڵدەکێشا. ئاتیلا کە هەناسەی پر لە حەسرەتی هەڵدەکێشا، لەبەرخۆیشییەوە دەیگووت: «هەر باشە بنەکە لە بەر هەناسەی ئاگرینی ئێمە ناسوتێ! ئەم هەموو ئاگری حەسرەتە لە هەر کوێ بێت، هەر دەیسوتێنێت!»

هاوڕێیان هەر بیریان لە چارەسەری ئەم کێشەیە دەکردەوە، ئەبو فەلاح لە هەمووان زیاتر پەرۆشی بوو، دەیزانی گەر حاڵ وا بڕوات ئەو پیاوە شێت دەبێت. ئەو ماوەیە بەردەوام لەگەڵی

بوو تا ئاگای لێ بێت، چونکە یەک دوو جار باسی خۆکوشتنی کرد و ئەمەش هاورێکەی نیگەران کرد. ئەبو فەلاح پێشنیاری کرد بچنە دێی هەزار کانی و داوا لە شێخ حسێنی هەزارکانی بکەن بچێتە خوازبێنی فاتم. ئەم بیرۆکەیە بەلای ئاتیلاوە جێی ئومید نەبوو، بە دەنگێکی پڕ لە شکست و خەمبارەوە گووتی:

- شێخەکان هەموویان وەک یەک بیر دەکەنەوە، ئێستا ئەویش هەمان شت دەڵێ، شێخ و مسکێن، شێخ و مسکێن، شێخ و مسکێن. تاقەتی بیستی ئەو دوو وشەیەم نەماوە ئەبوفەلاح واز بێنە، ناچین بۆ ئەوێ، بیرێکی باشتر بکەرەوە.

- هەموو پەنجەکانی دەست وەکو یەک نییە، شێخەکانیش هەموویان وەکو یەک نین، من شێخ حسێنی هەزار کانی باش دەناسم، ئەو پیاوێکی زۆر راستگۆ و ساکار و بێ فیزە، تۆ ئەگەر ببینی تەکیەکەی ئەو چۆن پڕە لە هەژار و داماوی ئەم گەرمیانە و هەمووشیان چەند خۆشیان دەوێ، ئینجا ئەزانی ئەو چەند جیاوازە.

- ئەی خۆ تەکیەکەی ئەمیش دایم پرە لە خەڵک، دڵیشی وەک بەرد وایە لە ئاستی من. بەوە نییە تەکیەت پڕ بێت لە خەڵک، ئەمانە خۆیان لە خەڵک جیاکردۆتەوە، خەڵک بە خولامی خۆیان ئەزانن.

- دەبا بچینە هەزار کانی و خۆت ئەو سێخەش ببینی ئینجا ئەزانی جیاوازییەکەی چۆنە. گەر بڕۆین چی خەسار ئەکەین، یەک دنیا خەڵکمان کردۆتە تکاکار با ئەمیش تاقی بکەینەوە.

ئەبوفەلاح توانی قایلی بکات و رێی هەزار کانییان گرتە بەر بە ماتۆڕەکەی، ئێوارە گەیشتنە بەردەم تەکیەی شێخ حسێن. لە تەکیە کۆڕێکی زۆر گەرمی دەروێشەکان بەڕێوە دەچوو. زیاتر لە پەنجا پیاوی پرچ شۆڕ بەسەر شانەکانیاندا، سەریان بە راست و چەپدا با دەدا و (حی الله) یان دەکرد. دوو سێ دانەی تریان دەفەکانیان بە دەستەوە گرتبوو، بە دەم حی الله وە دەفیان لی دەدا و یەکێکیشان دومبەڵەکێکی بچووکی بەدەستەوە بوو بە دوو داری باریک ئاوازێکی دەروێشانەی لێ دەدا. شێخ حسێن بە تیلەی چاو تەماشای کرد ومیوانە تازەکانی دی، بەڵام نەدەبوو کۆڕی زکری دەروێشان ببڕێ و کەشی پر لە وزەی خوداپەرستی تەواوی تەکیەکە و دێیەکەی داپۆشیبوو. شێخ حسێن پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بوو، خاوەنی روخسارێکی جوان و گەش بوو، چاوەکانی گەش و پر لە خۆشەویستی بوون و بە ئاسانی هەستت بە بوونی وزەی رووناکی دەکرد لە دەموچاوییەوە و لە دەوروبەرییەوە خەرمانەی داوە. جلوبەرگێکی کوردی زۆر پاک و خاوێنی لەبەر بوو، جامانەیەکی رەشوسپی کەمی لاری بەستبوو، فەقیانەیەکی سپی بە لای قۆڵاکەنییەوە شۆر ببونەوە. دەروێشەکان بێ پەروا سەریان با دەدا وشێخیش وەک ئەوەی بە تەماشاکردنیان وزەی نوێیان پی ببەخشێت، یەک یەک تەماشای دەکردن و هێندەی پی نەچوو هاتە ناویانەوە و لەگەڵیاندا دەستی بە زیکرکردن کرد. بە هاتنی شێخ کۆڕی زکرەکە چەند هێندەی تر گەرم بووەوە، بە جۆرێک وەک ئەوەی بۆرکانیک لە وزەی خودایی هەڵیسابی

و ئەو ناوەی کردبیت بە ئاگردان. دەرویشەکان نزیک دەبوونەوە لە شێخ و هەر کە دەستیان بەر دەستی شێخ دەکەوت وەک فرۆکە دەسورانەوە و رایان دەکرد و دە مەترێک دوور دەکەوتنەوە و دەهاتنەوە. کە شێخ دەستی بە پشتی یەکێکیان بدایە، ئەویان نومایشی دەست پێ دەکرد. لە سەر دیوارەکان چەندین شمشێر و خەنجەر و زەرک هەڵواسرابوون. لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ئەوانە لە دەستی دەروێشەکان بینران و هەر خەنجەر بوو بە سکی دەروێشێکدا ڕۆ دەچوو بە بێ ئەوەی خوێن لە هیچ برینێکەوە بێتە دەرەوە. دەروێشێک پاڵ کەوت و یەکێکی تر سەری لێ کردەوە، دیمەنەکان بۆ کەسی دەرەوەی بازنەکە تۆقێنەر بوو، بەڵام دەرویشەکان وەک ئەوەی هۆشیان لە جیهانیکی تر بێت و جەستەیان لەوێ، بەردەوام بوون لەو چالاکییانە. شێخ دەستی دەهێنا بە ملی سەربڕاو و چاک دەبووەوە، دەستی بە برینەکانی خەنجەردا دەهێنا و شوێنیشیان دیار نەدەما. جگە لەو پەنجا دەروێشە، پەنجای کەسی تریش لەو ناوە بوون، تەکیە و بەردەم تەکیە پر بوو لە خەڵکی جۆراوجۆر. کەمێ دوورتر لەوان کۆڕێکی تری زیکرکردن ساز کرابوو، دەروێشە ژنەکان بە پێوە سەریان بادەدا و ئەوانیش بە وتنی (حی الله) بەردەوامییان بەو کۆڕە دەدا. ئەم بەزمە سەعاتێ زیاتری خایاند، چەند سڵاواتێک بەرز بووەوە کە یەکەمیان لە دەمی شێخەوە بوو. هێدی هێدی هەست بە ئارام بوونەوەی دەروێشەکان دەکرا، هێدی هێدی وەک لە سەفەرێکی زۆر دوورەوە گەرابنەوە، هەستت بە ماندویتی و ئارەقەیان دەکرد کە فەرشەکانی نیو تەکیەی تەڕ کردبوو. پرۆسەی ئارامبوونەوەی هەمووان و نیشتنەوەی وزەکان چارەکیکی خایاند، ئیدی هەمووان لەسەر فەرشی ناو تەکیەکەدا دانیشتن و پاڵیان دایەوە، هەندێکیشان یەکسەر نووستن. شێخ، دوای تەواوبوونی کۆری زیکرەکە یەکسەر بە سادە و ساکاری خۆی هاتە لای میوانە تازەکان و بەخێری هێنان، تەوقەی لەگەڵ کردن. چەند میوانی تریش هاتبوون پەلاماریان دەدا دەستی ماچ بکەن، ریگەی ئەوەی نەدەدا و تەنها دەستی دەهێنا بەسەر شانیاندا و بەخێرهاتنی دەکردن. زەرەیەک هەستت بەوە نەدەکرد خۆی لە دەروێشەکان، یان میوانەکان بە زیاتر بزانێت، زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی هەموویانی کرد و هەموویان وەکو ئەڵقە لە دەوری کۆبوونەوە. کە سفرە راخرا بۆ نان خواردن، هەر هەموو پێکەوە نانیان خوارد، زیاتر لە سەد کەس نانیان خوارد، هەندێکیان پێشمەرگە بوون، هەندێکیان میوانی گووندەکانی تر و هەندێکیشیان لە شارەوە هاتبوون. گفتوگۆ دەستی پێکرد و شیخ حسێنی هەزار کانی دەستی کرد بە باسکردنی میهرەبانی و خۆشەویستی خوا بۆ مرۆڤەکان، باسی ئەوەی کرد کە خوا هەموو مرۆڤی بە یەکسانی خوڵقاندووە و کەس لە کەس گەورەتر نییە، تەنها خودا گەورەیە. ئەم قسانە دەروێشەکانی خۆشحاڵ دەکرد و هەستیان بە بایەخی خۆیان دەکرد و خۆیان بە هاوشانی شێخ دەزانی. لە ناو وشەکانی شێخەوە هەستت بە هەڵقوڵینی هاوسۆزی و خۆشەویستی دەکرد بۆ دەروێشەکانی و بۆ میوانەکانی و بۆ پێشمەرگەکان، ئەم وزەی خۆشەویستییە لە لای ئەوانەش دروست دەبوو کە لە نزیک و دوورییەوە دانیشتوون. هەستت دەکرد ئەو تەکیەیە تەنها شوێنێک نییە بۆ خوداپەرستی و زکیرکردن، بەڵکو ژووانگەی مرۆڤەکانە بۆ خۆشەویستی ژیان.

دوای تەواوبوونی نانخواردن، شێخ هاتە لای دکتۆر ئاتیلا و ئەبوو فەلاح و پێی گووتن: «ئێوە لە دەموچاوتانەوە دیارە داخوازییەکتان لە من هەیە و بۆ شتێک هاتوون، فەرموون با بچینە دیوی ئەودیوو و قسە بکەین.»

ئاتیلا دوای بینینی کەشی تەکیە و ساکاری شێخ و رووناکی گەشی چاوەکانی و ئەو میواندۆستییەی، هەستی کرد بۆ لای خەمخۆرێکی هەمووان هاتووە و دەشێ چاری دەردی ئەمیش بکات. ماجەرای خۆی بۆ گێڕایەوە و شێخ حسێن ئاخێکی هەڵکێشا و گووتی:
- من بەم خۆشەویستییەی تۆ ئەزانم و پێش ئەوەی خۆت بێیت بۆ ئێرە من بە شێخم وتووە و تکاشم لێ کردووە کە کچەکەیت بداتێ، بەڵام بەداخەوە بە قسەی منی نەکرد. من پێم وت کە ئەو بیری شێخ و مسکینە بناغەی نییە و هەموومان یەکسانین لەبەردەم خوای گەورە، بەڵام فایدەی نەبوو ئەوان بە هەڵە ئەمە چووەتە مێشکیانەوە و دەرناچێت.

- ئەی چار چییە یاشێخ.
- چی بکەم، گەر کچی من یان خوشکی من بووایە هەر بە کراسەکەی بەرییەوە پێشکەشم ئەکردی، تۆ مرۆڤێکی باشیت و خوا دەناسی و خزمەتی خەڵکیش دەکەی، ئیتر لەمە باشتر چییە؟
- کەواتە ناتوانی داوایم بۆ بکەیتەوە، بەڵام یاشێخ مادەم وایەدووبارە داوات لێدەکەمەوە و کە ناتوانی بۆ من داوای بکەیتەوە، وەعدم پێ بدەرەوە ،بۆ کەسی تریش داوای نەکەیت ئەگەر هاتن و پێیان وتی.
- بەڵێنت پێ دەدەمەوە، شەرت بێ بۆ کەسی تر داوای نەکەم.

بە ماتۆر گەڕانەوە بۆ بنەکە، دڵی ئاتیلا وەک ئاگردان کڵپەی سەند بوو، هێند بەخێرایی لێی دەخوڕیی بەسەر ئەو هەرد و گردانەدا وەک ئەوەی بیەوێ رووداوێک بکات و کۆتایی بە ژیانی بێت، بێ ئومێدی روو لە هەر کەسێک بکات وێرانی دەکات. کە گەیشتەوە بنەکە بینی لە کفرییەوە میوانی هاتووە، میوانێکی زۆر خۆشەویست، بەڵام ئاخۆ ئازیزەکان چەند دەتوانن دڵی ئەم خۆشبکەن و لەو گێژاوە دەربێنن.

## ((١٤))

# خۆزگە بمکوژن!

دایکی هاتبوو بۆ سەردانی تاقانەکەی. لەوەتی ئاتیلا لە بنەکە بوو هەموو مانگێ دەهاتە لای و یەک دوو رۆژ لەلای دەمایەوە. خۆشەویستی نێوان خۆی و دایکیشی لە جۆرێکی دەگمەن بوو. خوشکەکانی نەیاندەتوانی زوو زوو بێن بۆ لای، یەکێکیان دوای سێ ساڵ ئینجا توانی سەردانێکی بکات، ئەمیتریشیان بۆ یەکەم جارەد دێ و سەردانی دەکات.. ئەوان سەرپێی لەبارەی خۆشەویستی ئاتیلا و کچەشێخ شتیان بیستبوو، نەیاندەزانی جەوهەری ئەو عەشقە چییە و چۆنە و هەر ئەوەندەیان دەزانی کە ئەم خۆشی دەوێ و داوای کردووە، بەڵامماڵی شێخ نایدەن. دایکی بیستبووی کوڕی شێخ هەڕەشەی کوشتنی لێ کردووە، زۆر ترسا و بە پاڕانەوەوە پێی گووت:

- کوڕم واز لەو کچە بێنە، ئەوان کچەکە نادەن بە تۆ، ئەگەر واز نەهێنی ئەترسم بتکوژن و جەرگم بسوتێ. بە قوربانت بم وازی لێ بێنە با بەڵایەک نەهێنن بەسەرتا.

خوشکەکەی خوێندەواریی تەواو کردبوو، هەردوو خوشکەکەی ئەو بارودۆخەیان بە دڵ نەبوو کە براکەیانی تێدایە و یەکێکیان  بە تەوس و توڕەییەوە وتی:

- دە واز بێنە لەو کچە نەخوێندەوارە عەشایرە! عەیب نییە نەخوێندەوار بخوازی، خەڵک لێمان بپرسێ براکەت کێی هێناوە چی بڵێین، بڵێین کچێکی لادێی عەشایری هێناوە؟

لەو نێوانەدا تیا مابوو، بارودۆخەکە خۆی تراژیدی بوو کەچی ئەمان کردیان بە کۆمیدیایەکی رەش و تاڵ. لە دڵی خۆی ئەو بیرەی دەکردەوە و بە دەنگی بەرزیش پێکەنی و گووتی:

- تۆ سەیری ئەم مەسخەرەیە بکە. کەسوکاری ئەو بە من دەڵێن مسکین و کچم نادەنێ، کەسوکاری منیش بەو دەڵێن عەشایەر و پێم دەڵێن ئەو کچە مەهێنە!

- ئەی چی، خۆمان لە شارەوە ژنت بۆ دێنین، کەسێکی خوێندەوار، مامۆستا یان فەرمانبەر، هی

وا هەیە ئامادەشە بێتە ئێرە لەگەڵت بژی. تەنها تۆ رازی بە، ئێمە بۆت دەهێنین.
– ئەم بابەتە داخەن. من و فاتم یان بۆ یەک ئەبین یان بۆ گڵ، پەیمانمان بە یەک داوە و بڕاوەتەوە.
زانیان ناتوانن کار لە براکەیان بکەن، زانیان براکەیان خۆشەویستییەکی ئاسایی ناکات و عاشقێکە و عەشقەکەشی خەریکە دەیتوێنێتەوە. زۆر خەمیان خوارد کە ئاوا بینییان، داهێزراو و شێواو، براکەیان زۆر گۆڕابوو، لە روخسار و لە رەفتاریش. پێیان سەیر بوو ئەوەندە بە جدی ئەدوێ، ئەوەندە پەرۆشی کارەکەی و خزمەتکردنی خەڵکە، کتێب دەخوێنێتەوە، کە شەڕ بێ تفەنگەکەی دەکاتە شانی و لەگەڵ پێشمەرگەدا دەچێتە سەنگەرەکانەوە، کە شەڕیش نەبێت خزمەتی نەخۆشەکانی خەڵک دەکات. ئەوان لەشار ئاتیلایەکی تریان دیبوو، ئێستا یەکێکی ترە. ئەوساش هەر میهرەبان بوو، بەڵام بێباک بوو. گۆڕانێکی زۆریان بینی لە رەفتاری، لە گوفتاری، لە رەنگی لە شێوەی، هەندێ لەو گۆڕانەیان بە باش زانی و ئەوانەشی کە پەیوەست بوو بە پابەندێتی عەشقەکەیەوە بە خراپیان دەزانی. ئاتیلا لە دڵی خۆیەوە دەیگووت: «هەر ئەم نابێ نابێیانەی ئێوەم کەم بوو، خۆم حاڵم زۆر جوانە!»

تەنیا لە کاتی وادا هەست دەکرێ مرۆڤ چەند ناسکە و چەند بەهێزیشە. مرۆڤێک پێنج شەش ساڵ بەهەست و سۆزی عەشقێکی مەحاڵ گەمارۆ بدرت، دەیان جار دڵی بشکێندرێت، رەت بکرێتەوە و لە لایەن بنەماڵەی دڵخوازەکەیەوە بەکەم سەرنجی بدرێ لەبەر ئەوەی بە هاوپایەی خۆیانی نەزانن، بەرگەش بگرێ و واز نەهێنێت، سوریش بێت لەسەر عەشقەکەی و گەشبینیشی تێدا بمێنێ بە گەیشتن بە ئامانجەکەی، چیتر نییە جگە لە دەرخستنی توانای لەبن نەهاتووی مرۆڤ. ئەمە پەرجووی عەشقە مرۆڤ وا بەهێز دەکات.

کە دایکی و خوشکەکانی گەڕانەوە و ئەمیش بۆ هەناسە هەڵمژینێک لە ماڵ چووە دەرەوە، چەکەکەشی لە شان کرد، چونکە بارودۆخ باش نەبوو، رژێم لێرە و لەوێ دەستی بە لێدانی بنکە و بارەگای پێشمەرگە کردبوو، فەرمان کرابوو هێزی پشتگرییش لە ئامادەباشیدا بن. لەبەر دەرگای خۆیان شێخ حسێنی برای فاتمی بینی و سڵاوی لێکرد، ئەو چەقۆکەی دەرهێنا و لێی نزیک کردەوە و بەوپەڕی تووڕەییەوە گووتی:
– وەڵا ئێژی بتکوژم.
– کاکە گیان من لە خاڵی لاوازیمەوە نییە کە بێدەنگم لەم رەفتارەت، لەخاڵی بەهێزیمەوەیە. من ئێوەم خۆش ئەوێ، هەمووتانم خۆش ئەوێ لەبەر خاتری فاتم. خۆ ئەبینی من چەکم پێیە، بۆ من ناتوانم ئێستا تەواوت بکەم، بەڵام من نامەوێ لە ئێوە دوور بکەومەوە، ئەمەوێ ببمە براتان.

براکەی دیکەی فاتم هات بەسەردا و ئەم مشتومڕەی بینی و چەقۆکەشی بینی بە دەستییەوە و داوای لێبوردنی کرد و وتی لێی مەگرە ناڕەحەت مەبە براکەم. دەمەوعەسر دایکی لە دەرگای دا و داوای لێبوردنی لە ئاتیلا کرد لەبەر ڕەفتاری کوڕەکەی کە چەقۆی لێ هەڵکێشاوە و پێی وت ئەمەوێ بێی ئاشت ببنەوە و وەک جارانیش هاتوچۆمان بکە.

– ئەی تۆ نەتووت هەر پێنج کوڕەکەم ئەدەم بە کوشت، ئەوە خەریکی یەکەمیان بدەی بە کوشت، ئەمجارەش لەگەڵی ئاشت ئەبمەوە، بەڵام تکات لێ ئەکەم چیتر کوڕەکانت هان مەدە گیانم، با ئەم کێشەیە گەورەتر نەبێتەوە.
لەگەڵ کوڕەشێخ ئاشت بووە و دەستیان لە ملی یەکتر کرد، ئەگەرچی لە دڵی خۆیەوە گووتی: «سەد خۆزگە لێی دابام و بریندارى کردبام تا فەسڵی عەشایری بکەوێتە نێوانمانەوە و بۆ لێخۆشبوون داوای فاتم بکەم.»

سبەینێ کە ژنی شێخ خۆی چوو بۆ سەر کانی، فرسەتی هێنا و چوو لە کادانەکە فاتمی بینی. ئەوەندە بیری دەکرد خەریک بوو شێت بێت بۆی، هیچ کات نەبوو ماوەیەکی ئەوەندە درێژ یەکتری نەبینن. فاتم بۆی گێڕایەوە کە دوێنێ دوای ئەو ڕووداوە باوکی زانیویەتی و بە براکانی گووتوە:
– ئەوەی دڵی دکتۆر ئاتیلا بشکێنێ نابێ لەو ماڵە بمێنێ، ئەبێ هەر ئێستا بچن ئاشتی بکەنەوە، چونکە کوڕێکی موسوڵمانە.

ئەوە بۆیە دایکیشی هات و بە نەرمی ئەمی دواند و لەگەڵ کوڕەکەی ئاشتی کردەوە. دکتۆر نەیدەزانی ئەمانە چییان لێی دەوێ، خۆشیان دەوێ یان ڕقیان لێیەتی، بە موسوڵمانی دەزانن یان بە کافر، سەری سوڕمابوو لە ڕەفتار و گفتاریان، چەقۆی لێ هەڵدەکێشن و داوای لێبوردن دەکەن، پێی دەڵێن موسوڵمان و بە ئارەقخۆریشی دەزانن، دەڵێن پێمان لێ مەبڕە و سەردانمان بکە، ئەو هەموو کێشەیەشی بۆ دروست دەکەن، نەیدەزانی ئایا دەیانەوێ شێتی بکەن یان چی؟

تا دەهات نێوانیان ئاڵۆزتر دەبوو، ئەمیش تا دەهات فاتمی زیاتر خۆش دەویست، فاتمیش تا دەهات زیاتر پابەند دەبوو بە عەشقی ئەمەوە و بۆی سەدپات دەکردەوە یان بۆ ئەم دەبێ یان بۆ گڵ. بازنەکە تا دەهات تاریکتر و تەنگتر دەبووەوە، لە هیچ کوێوە تروسکایی هیوایەک شک نەدەبرا. حەمە سێ خڕانی هاتبوو بۆ سەردانی و ئاگاداری کێشەکانی ئەو هەموو ماوەیە بوو بە وردەکارییەکانیشییەوە، بیری هێنایەوە:
– ئەی نەمووت ئەو خۆشەویستییەی ئێوە وەک ئەوە وایە شاخ بە دەرزی کون بکەی؟! چونکە من باش دەروونی شێخ شارەزام و ئەمزانی کچ نادا بە مسکێن.

- ئاە نەفرەت لەم ڕستەیە. ئەم شێخ و مسکێنە نەبڕایەوە! خەڵک گەیشتنە سەر مانگ، سەر مەریخ، ئەمانەش هەر سوورن لەسەر لووتبەرزی و جیاکاری و هەڵەی خۆیان. ئەمانەی ئەمانە دەیڵێن لە هیچ کتێبێکی ئاسمانی و زەمینی نییە. باشە کاکە حەمە، پێم بڵێ من چی بکەم باشە؟

- چاوەڕێ بکە بزانە خوا چی ئەکات، بەس نییە فاتم لێتەوە نزیکە، ئەی ئەگەر لێتەوە دوور بوایە چیت ئەکرد. تازە ئەو کچە شوو ناکات، هەموو خەڵکیش بەم خۆشەویستییە ئەزانن و باوەڕ ناکەم ئیتر کەس داوای بکات.

ئەم قسانە نەک هەر خۆشحاڵی نەکرد، ئەوەندەی تر بێتاقەتی کرد. فاتم پاکترین فریشتەی دنیایە، راستگۆترین ئافرەتە، بوێریشە بەشی خۆی و لەو هەلومەرجە دژاوەری تێیدایە، کەچی باسی ناوزڕانی دەکرێ! ئاخۆ خەڵک چۆن باسی بکات، ئاخۆ چەند بوختانیان هەڵبەستبێت، ئاخۆ چەند بێبەزەییانە باس لە عەشقەکەی دەکەن و وەک تاوانبار لە دادگای کۆمەڵایەتی داب و نەریتدا سزای بۆ دادەنێن. ئاخۆ سزای قسەی سووک گووتن بە فریشتەیەکی پاکی خوایی چییە؟ تۆ بڵێی خوای مەزن و داهێنەری ئاسمانەکان سزای ئەوانە نەدات بوختان بە فریشتەکانی دەکەن. سەدان پرسیار لە دەروونییەوە دروست بوو بوون و لە خۆی دەکرد: «ئاخۆ خوا لە پای ئەمە چی بەسەر ئەوانە بێنێ کە سوکایەتی دنیایان بە فاتم و خۆی کرد و هەردوکمانیان چەوساندەوە. بۆ ئەو هەموو ساڵە کەمە؟

حەسرەتەکان زۆر بوون و ئەمیش لە هەوڵی خۆی نەدەکەوت. لە بیرکردنەوە نەدەکەوت. سامان گەرمیانی بیر کەوتەوە، بە خۆی گووت ئێستا کاتی ئەوەیە کاک سامان گەرمیانی بنێرم بۆ لای باوکی فاتم، ئەو زۆر خۆشەویستە لای خەڵکی گوندەکان و کەس قسەی ناشکێنێ، لای شێخیش خۆشەویستە و بەڵکو شێخ قسەی ئەو نەشکێنێ!
هەواڵی پرسی تا شوێنی بزانێ و بچێت داواکەی لێ بکات. بیستی کاک سامان لە دێی عەلیانی تازەیە. ماتۆرەکەی خستە کار و بە خێراییەکی زۆرەوە لێی خوڕی، پێی وابوو گەر سەعاتێ زووتر بگات، سەعاتێ زووتر دەگاتە فاتم. گەیشتە لای و بەسەرهاتی خۆی بۆی باس کرد، ئەویش هەموو شتێکی لەسەر ئەم خۆشەویستییە بیستبوو، بە دەنگێکی پڕ لە تکاوە پێی گووت:
- کاک سامان وەک برایەکی باش بەڵکو هەوڵێکم بۆ بدەی، لەوانەیە شێخ قسەی تۆ نەشکێنێ.
- باشە بەسەر چاو، ئێستا من سەفەرێکم هەیە بۆ ئەوروپا بۆ چارەسەری خێزانەکەم، کە هاتمەوە بەسەرچاو دەچمەلای.
- هایهوو! تا تۆ دێیتەوە دنیا وێران دەبێ!

بە دڵشکاوی گەڕایەوە بۆ بنەکە، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی جارێکی تریش بنێرێتە داوای فاتم. نامەی بۆ فاتم نارد و ئەو نیازەی بۆ باس کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە و بۆی نووسیبوو با بنێرێت هەرچی ئەبێت با ببێت. یەک بە یەک چووە لای ریش سپییەکانی دێ، داوای لە هەموویان کرد و هەموویان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ یارمەتیدانی. بیست پیاو ماقوڵ و سەرسپی چوون بۆ تەکیە و داوای فاتمیان کرد بۆ ئاتیلا، شێخ ئەمجارە زۆر بە جیدی و تووڕەییەوە وەڵامی دابوونەوە:»ئەگەر واز نەهێنن و جارێکی تر بێن بۆ داوای لەم دێیە بار دەکەم. چەند جار بڵێم کچ نادەم بە مسکێن.›

مەلای دێیەکە مامی فاتم بوو، شێخ ئەحمەد پیاوێکی باش بوو، هەر ئەو ئێوارەیە وەک نێردراوی ماڵی شێخ هاتە لای ئاتیلا و بە زمانێکی شیرین و نەرمەوە پێی گووت:

– کاک دکتۆر ئێمە ناڵێین تۆ پیاوێکی خراپی بۆیە فاتمت نادەینێ، داب و نەریتی ئێمە وای بەستووینەتەوە کە نابێت ژن بدەین بە مسکێن و بە غەیری شێخ، تا ئێستا نەمانداوە و ئیتر نابێت دڵگران بیت.

– شێخ ئەحمەد چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان شێخ و غەیرە شێخ، لە نێوان من و ئێوە؟ ئێوە بە چی شەریعەتێک کار ئەکەن کە خۆتان بە گەورە و خەڵک بە کۆیلە ئەزانن. پێغەمبەر (د.خ) دژی ئەو کەسانەیە کە خۆیان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن و ئێوەش خۆتان بە پێغەمبەرزادە ئازانن کەچی لە رێگەی باپیرتان لاتان داوە. ئێوە چیتان لە من زیاترە، نوێژ دەکەن نوێژ دەکەم، رۆژوو دەگرن رۆژوو دەگرم، بانگ دەدەن بانگ دەدەم، قورئان دەخوێنن قورئان دەخوێنم و بە پێی شەریعەت دەجوڵێمەوە. ئیتر پێم ناڵێی ئێوە چیتان لە من زیاترە؟ ئەگەر ئێوە توانیتان بە ئاسمانا بفڕن ئەوە من واز دەهێنم، چونکە من توانای فڕینم نییە.

– ئەوەندە ئەزانم نەریتی ئێمە قبوڵ ناکات کچ بدەین بە مسکێن. لە ماوەی ئەم دە رۆژەشدا ئەیدەین بە شوو.

ئەوە هەڵوێستی ئەوان بوو، هەڵوێستی فاتمیش پێچەوانەی ئەوان، کە دکتۆری دی و ئەم کەین و بەینەی بۆی گێڕایەوە، بەوپەڕی ئازارەوە و بە گریانەوە گووتی: «بە خوای تاق و تەنیا، سوێند بەو پەیمانەی بە تۆم داوە، ئەگەر بمدەن بە کەسێکی تر، خۆم دەسوتێنم.»

کاریان بوو بوو بە گریان و ژیرکردنەوەی یەکتر، بە ئازارچێشتن و دڵدانەوەی یەکتر. ئەو دەگریا و بە هەردوو دەستی دەیدا بەسەر خۆیدا و دەیگووت: «چیمان بەسەر هات، ئەم کافرانە بۆ وامان لێ ئەکەن، خوایە هەقمان بسێنی، خوایە هەقمان بسێنی، خوایە هەقمان بستێنی.»ئەمیش فرمێسکەکانی خۆی سرییەوە و پێی گووت «فاتم ، تۆ وات لە من کرد کە

خۆم بناسم، لە کافری و مەیخۆرییەوە منت کرد بە دەروێشێکی بەرماڵ لەشان، منت کرد بە مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ و بەخۆشەویستی تۆوە توانیومە وەو وزەیەم هەبێت و ماوەی حەوت ساڵە خزمەتی خەڵکی دێکان و پێشمەرگە بکەم، لە سەنگەری دژ بە فاشیستەکان خۆم ڕاگرتووە، تۆ منت کرد بە ئینسانێکی بەهێز، لەبەردەم ئێش و ئازارەکاندا چۆکم دانەداوە و هەر هەوڵ ئەدەم، وا لە خۆت مەکە فاتم، تۆ سەرچاوەی هێزی منی چۆن ئەبێ خۆت بێ هێز ببینی، چۆن باسی خۆسوتان و خۆکوشتن ئەکەی؟ من چۆن ئەتوانم بە بێ تۆ بژیم؟ دڵگیر مەبە لەو بڕیارەی باوکت، تا دە ڕۆژی تر خوا ئەزانی چی ئەبێ، خوا کەریمە، بە تەمای خوا ناتوانن بتدەن بە شوو. من بەردەوام دەبم لە هەوڵدان.»

بیری کردەوە کێ کاریگەری هەیە و دەشێ بتوانێ شێخ قایل بکات، حەمەڕەش فارماندەیەکی زۆر خۆشەویستی پێشمەرگە بوو، بڕیاری دا ئەویش تاقی بکاتەوە. چووە لای عوسمانی حاجی مەحموود، کە هاوڕێی حەمەڕەش بوو، داوای لێ کرد بچێتە لای و بۆ ئەو کارە رایبسپێرێت. درێغی نەکرد و ئەو داوایەی زوو پێ گەیاند، بەڵام کاتەکە نالەبار بوو، حەمەڕەش لە سەرکردایەتییەوە داوا کرابوو بچێت، گووتی:»بەسەرچاو با بچمە سەرکردایەتی و بێمەوە، دەچمە لای شێخ و بۆی داوا دەکەم.» هێشتا ئەو وەڵامە نەگەیشتبووەوە بە دکتۆر ئاتیلا، کە قیامەت هەڵسا و رژێمی بەعس پەلاماری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانی دا.

((١٥))

# شوباتی ڕەش و پەلامارەکانی سوپا

هەفتەی کۆتایی شوباتی هەشتاوهەشت بوو. تەمەنی شەڕی عێراق و ئێران گەیشتبووە هەشت ساڵ و هەر بەردەوامیش بوو. پارتە سیاسییەکانی شۆڕشی رزگاری کوردستان لەو بڕوایەدا نەبوون رژێمی عێراق کە بە شەڕی دەوەڵەتێکی گەورەی وەک ئێرانەوە گلابێ و هەشت ساڵیش بێت ئەم شەڕە بە سوپاکەی بکات، توانای ئەوەی مابێ لە قۆڵێکی تریشەوە شەڕ دەست پێبکاتەوە و هێرش بکاتە سەر کوردستانیش. لەوەتی شەڕی عێراق و ئێران دەستی پێکردبوو، خەڵکی دێکان بەردەوام لە کادیرەکانی پارتە سیاسییەکانەوە دەیانبیست ڕژیم زۆر لاواز بووە و ئەوەندەی نەماوە بڕوخێت، پێشمەرگە لە سەرووی خۆیانیانەوە دەبیست سەرکەوتن نزیکە و رژێمی عێراق بەرو رووخان دەچێ، سەرووی ئەوانیش پێشبینی ئەوەیان دەکرد بە شەڕی هەشت ساڵەی قادسییەی شووم سوپا ماندوو بووە و جبەخانەکان بەتاڵ بوون و ها ئەمڕۆ ها سبەینێ سەددام چۆک بۆ خومەینی دابدات. پێشبینی ئەوەیان دەکرد گەلانی عێراق لە دژی رژێم ڕاپەڕن و بیڕوخێنن، کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ئەو رژێمە لە ژێرەوە چ پیلانێک دەگێڕێ و چۆن پیادەی دەکات، کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد ئەو رژێمە چەند زۆر تۆپهاوێژ و فڕۆکەی جەنگاوەری هەیە و کارگەی گەورە گەورەی چەکی کیمیایی دروستکردووە و زۆربەی وڵاتانی دنیا کیمیایی پێ دەفرۆشن. ئەگەرچی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عێراق زوو زوو لە ئەکرانی تەلەفیزیۆنەکانەوە مەشقی سەربازییان پیشان دەدا و ئەو موشەکە دوورهاوێژانەیان پیشان دەدا کە کارگەکانی خۆیان بەرهەمی هێنابوو، بەڵام هەموو ئەمانە بە فشە تێدەگەیشتن و پێیان وابوو تەنها پڕوپاگەندی شەڕە و شەڕی دەروونییە دژ بە ئێران، دەنا ئەو توانایەی نییە، بۆیە ئەوەی ڕووی دا لە بڕوای کەسدا نەبوو، هەمووانی ئەبڵەق کرد.

هەفتەی کۆتایی مانگی شوبات لە ناوچە کوێستانییەکانی کوردستان سەرماکەی لە وزە نایە و چیاکان وەک پاڵتۆی سپییان پۆشیبێت، بەفر داپۆشیوون. لەو وەرزە تەڕ و ساردەدا دێهاتییەکان

هەست بە جۆرێک لە سڕبوون دەکەن و ڕۆژەکان دەژمێرن بۆ هاتنی بەهار و بڕانەوەی وەرزی سەرما. هەمووان چاوەڕوانی گەرما و تیشکی خۆر بوون، نەک بلێسە و گەرمای ئاگری تۆپەکان و بۆمباکان، بەڵام ئەوەی هات تیشک و گەرمای هەتاو نەبوو، ئاگری موشەک و تۆپ و بۆمباکانی سوپای عێراق بوو، کە ئەمجارەیان جیاوازتر لە هەر جارێ، بۆن و بەرامێکی کوشندەشی لەگەڵدا بوو. یەکەمین گورز کە وەشاندی بۆ سەر بارەگای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، ئەوەندە گورچکبڕ بوو کەس توانای بیرکردنەوەی نەما لە هیچ شتێکی تر، جگە لە هەوڵی خۆدەرباز کردن. یەکەمین گورز لێدانی سەرکردایەتی بوو، کە بارەگاکانی لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو بوو لە دۆڵی جافایەتی، بەڵام چۆن لێدانێک، بە هەموو جۆرێکی چەک، بە سوپای لەژمارەنەهاتووی پیادەوە، بە دەیان فڕۆکەی هێرشبەرەوە و بە سەدان زرێپۆش و بە تۆپی دوورهاوێژەوە و بە چەکی کیمیایی. بە لێدانی یەکەمجاری سەرکردایەتی دیار بوو ڕژێم وای بیرکردبووە گەر سەرەتا سەری لێکاتەوە، پارچەکانی تری جەستەی خۆیان لە خۆیانەوە لاواز دەبن و سست دەبنەوە و دەمرن. هەر واشیان کرد، چونکە بە لێدانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵوو بەرگەڵوو و داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی، شەهیدبوونی هەزاران کەس لەو دێهاتانەی دەوروبەری، خەڵکی دێکانی وا تۆقاند و وا پەشۆکان، کە لە بێچارەییا خۆیان بە پێی خۆیان بچنە نێو تۆڕ و داوەکانەوە. ئەو گورزە وورەی خەڵک و پێشمەرگەی وا ڕوخان کە ئەستەم بێت بیر لە شەڕکردن لە دژیان بکرێتەوە تەنانەت بۆ بەرگری لە خۆکردنیش.

لەناو شارەکاندا ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی چۆکیان شکا کە لە ڕۆژنامەکانی ڕژێمەوە ئەو هەواڵانە بڵاودەکرانەوە، مانشێتی ڕۆژنامەی ئەلسەورە خەڵکی شارەکانی بە تەواوەتی شڵەژاند»داگیرکردنی بارەگای خیانەت بە کوشتارێکی پاڵەوانانە و تۆڵەسێنانە»، «پیاوەکانی بەرگری نیشتیمانی و هێزەکانی بەدر و قەعقاع و موعتەسەم بارەگای جەلال تاڵەبانی بەکرێگیراویان داگیرکرد»، ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانە وەک بومەرلەرزە وابوون و دەروونی خەڵکی شارەکانی بە تەواوی هەژاند.

خەڵکی دێکان نە ڕۆژنامەکانی بەعسیان دەدی و نە تەلەفیزیۆنەکان، بۆیە کەمتر هەواڵیان پێ دەگەیشت. بە شڵەژانی پێشمەرگەکان و وورەی ڕوخاویاندا دەیانزانی زۆر خراپیان لێ قەوماوە. سەرکردایەتی گیرا و داگیرکرا، بەڵام بەهەر دەردەسەرییەک بێت سەرکردەکان خۆیان بۆ دۆڵێکی سنووری ئێران دەربازکردبوو، لەوێوە بە جیهازەکان دەیانتوانی پەیوەندییەک بە فەرماندەی تیپ و کەرتەکانەوە بکەن، بەڵام هەواڵەکان هەموویان خراپ بوون، زۆر خراپ.
پێشمەرگەی هەموو پارتە سیاسییەکان بە گشتی تووشی شڵەژان و سەرلێشێوان بوون، نەیاندەزانی چی بکەن و چی نەکەن! خەڵک لە پێشمەرگەیان دەپرسی چی بکەین، ئەمانیش نەیاندەزانی چییان پێ بڵێن هەواڵەکانی سەرکردایەتییەکانیان کە بە بێتەلەکان پێیان دەگەیشت سوپا بەردەوام بوردومان دەکات و ناوەستێ، ئامانجەکەیان تەنها سەرکردایەتی یەکێتی نییە و

هەموو ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانە و هەموو پارتەکانی کوردستانە. هەموو خەڵک خۆیان ئامادەی هەڵهاتن کرد، بەڵام بۆ کوێ بچن؟ ناتوانن بچن بۆ شار، لەم دێوە دەچوون بۆ ئەو دێ و دەیانبینی ئەوانیش بۆ هەڵاتن خۆیان ئامادە کردووە. خەڵکی دێکانی گەرمیان بۆ ئەوە خۆیان ئامادە دەکرد بەرەو قەرەداغ هەڵبێن، بەڵام هەواڵەکان تۆقێنەر بوون، چونکە دوای دۆڵی جافایەتی بە بێ وەستان شاڵاوی بردە قەرەداغ، بە هەموو چەکە قورسەکان و بە چەکی کیمیاییش. لە لێدانەکەی سەرکردایەتییەکتی توانرابوو ئێزگە دەرباز بکرێ، لەوێوە هەواڵەکان بڵاو دەکرانەوە و یەک وشەی دڵخۆشکەریان تێدا نەبوو.

لە شارەکانەوە خەڵک گوێقوڵاخی هەواڵ بوون، کەسوکاری پێشمەرگە بۆ چارەنووسی کوڕەکانیان دەروونیان وێران بوو. لە تاقە کەناڵی کوردییەوە تەلەفیزیۆنی کوردی کەرکوک و تاقە رۆژنامەی کوردییەوە کە لە بەغداوە دەهات هەواڵەکان پشتیان دەشکاند. بە مانشێتی گەورە لە رۆژنامەی هاوکارییەوە هەواڵێکی تر وەک ئاگر لە دەروونی خەڵک بەربوو «بە ئامۆژگارییەکانی فەرماندەی مەزنمان بەرێز سەرەک سەدام حسین ناوچەی قەرەداغ لە خۆفرۆشان پاک کرایەوە»، «جەنگاوەرە دلێرەکانمان بەکرێگیراوان لەناودەبەن و بنکەکانیان تێک دەدەن" ، «هەڵۆ و شاسواران لە ٢٠٩ ئەرکدا زیانی گەورە بە دوژمن دەگەیەنن.»، ئەم هەواڵانە هێز و هەرەکەتیان لە تاک بە تاکی خەڵکی شارەکان دەبڕی. هەمووخەمی خزمانی لادێیان بوو، کەس نەبوو خزمی لە لادێیەک یان چەند لادێیەکدا نەبێ، چاوەڕێ بوون بەڵکو بتوانن خۆیان دەرباز بکەن و بگەنە شار، بەڵام لادێیەکان دەنگیان نەبوو، هیچ ئامرازێکیش نەبوو بەهۆیەوە هەواڵی سەلامەتی کەسوکارەکانی دێهات و پێشمەرگەکان بگەیەنێت. رووی خەڵکی شارەکان هەمووی زەرد هەڵگەڕا و ترس دەروونی هەمموانی داگیر کرد.

خەڵکی دێیەکانی گەرمیان لەم دێوە بۆ ئەو دێ دەچوون و پیاوەکان بەردەوام بەیەکەوە کۆدەبوونەوە و بێئومێدانە تەگبیری دەربازبوونیان دەکرد و لە دەموچاوی هەموویاندا هێمای بێدەسەڵاتی و شێواوی و پەشۆکاوی دەبینرا. ئافرەتەکان لەناو یەکدا هەواڵە خراپەکانیان بۆ یەک دەگواستەوە و دەموچاوی هەموویان زەرد هەڵگەڕابوو، وەک ئەوەی خوێن لە جەستەیان نەمابێ و وشکی کردبێ، منداڵەکان کە ئەو ترسەیان لای گەورەکان دەبینی خەریک بوو زەندەقیان بچێت. کەس نەدەکەوتە بیری نان بخوات، ئاو بخواتەوە، برسێتی و تینوێتی هەر لەبیر نەمابوو، لە رەنگوڕووی خەڵکدا هێماکانی مردن بە زەقی دەخوێندرایەوە.

ناوەڕاستی مانگی ئازار، شاڵاوەکان وەکو هەورێکی ڕەش ئاسمانی کوردستانی بە تەواویی تەنیی. هەواڵی ناخۆشتر و ناخۆشتر دەگەیشتە خەڵکی گەرمیان، هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لێدرا و پێنج هەزار کەس شەهیدن و بە هەزارانیش بریندارن، ئەم هەواڵە ئەژنۆی هەمووانی بە تەواوەتی

شکاند، هیچ کاتێ بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە لێدانی وا لێبدرێن، ئیتر دێکانی گەرمیانیش بۆیان دەرکەوت دەربازبوون مەحاڵە و شەمەندەفەری مەرگ بەرەو لای ئەمانیش بەرێوەیە. چ لەوە ناخۆشترە لە وێستگەی نیگەرانی و ترس و تۆقیندا چاوەڕوانی مردن بکەیت؟ شالاوەکە ناوەستێ و بەردەوامە، هەواڵەکان خەریکە مێشک دەوەستێنن، تەواوی ناوچەی قەرەداغ بە چەکی کیمیایی و فڕۆکەی جەنگ و تۆپ لێدرا و خەڵکێکی زۆر شەهیدن، دێیەکانیان هەمووی سووتێندران، خەڵکێکی زۆریش گیراون و براون بۆ سەربازگەکانی شارەکان.

ئەمان ئومێدیان ناوچەی قەرەداغ بوو پەنای بۆ بەرن، بەڵام ئەویش چوو، ئەملایان ئاگر و ئەولایان ئاگر. گەرمیان ئیتر بۆ دەربازبوون بیر لە کوێ بکاتەوە؟! بۆ کوێ هەڵێن؟! چارەیان چییە و چی بکەن؟! وەک ئەوەی رانەمەڕێ بن و گەلەگورگێکیان تێبەردرابێت بەم لاو بەولادا ڕابکەن، بێ ئامانج لێرەوە بۆ ئەوێ و لەوێوە بۆ ئێرە، لەم دێوە بۆ ئەو دێ، دەهاتن و دەچوون و تۆقین لە چەکی کیمیاییش دەروونیانی هەراسان کردبوو.

کەس نەیدەزانی چی بکات، کەس نەیدەوێرا بەویتر بڵێ چی بکە و بۆ کوێ بڕۆ، ئاگر لە هەموو لاوە گەمارۆی دابوون. قەرەداغ گیرا و سوپا بەرەو گەرمیان بەڕێوەیە و نەک رۆژ بەڵکو کاتژمێر ماوە بۆ گەیشتنیان. گەیشتنی ئەوانیش یانی گەیشتنی وێرانی، گەیشتنی مەرگ، چەکی کیمیایی!

فەرماندەکانی پێشمەرگەی گەرمیان لە سەرکردایەتییان دەپرسی چی بکەن و چۆن رێنومایی خەڵک بکەن، بەرپرسیارێتییەکی گەورە بوو بە خەڵک بگوترێ بڕۆنە شارەکان و خۆتان تەسلیم بکەنەوە، چونکە ئەوە بژاردەیەکی مەترسیدار بوو، لەوەش مەترسیدارتر ئەوە بوو بە خەڵکەکە بڵێین بمێننەوە و بەرگریتان لێ دەکەین، چوونکە ئیتر بۆیان ڕوون بوو چ هێزێکی گەورە پەلاماری داون و چ جۆرە چەکێکی کۆکوژیان هەیە، چارەنووسی ئەمانیش وەک هی هەڵەبجە و ناوچەکانی تر دەبێت.

لە ئاکامدا پێشمەرگەکانی هەموو تیپەکانی گەرمیان، هی هەموو پارتە سیاسییەکان و ئەوانەشی کە هێزی پشتگیری بوون و چەکیان هەبوو لە گووندەکاندا دانیشتبوون، هەندێکیش لە پیاوانی خەڵکی دێکانی گەرمیان چەکیان هەڵگرت و خۆیان تەیار کرد بۆ شەڕ و بڕیاریان دا کە سوپا هات شەڕی بەرگری بکەن، بەڵام چەک و هێزی ئەمان لە کوێ و هی دوژمن لە کوێ، ئەمەیان دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریان دا بەرگری بکەن!

دکتۆر ئاتیلاش لە هێزی پشتگیری بوو، چەکی لە شان کرد و لەگەڵ پیشمەرگەکاندا بۆ ئەو شەڕی مان و نەمانە خۆیان ئامادە کرد. خەڵکی دێی بنەکەش چۆڵیان کرد، چونکە سوپا گەیشتبووە نزیک و بۆردومان دەکرا، ئەوانیش و خەڵکی هەندێ گوندی تریش لە ترسی مردن بەرەو دێیەکانی ژوورتر دەڕۆیشتن و دەهاتنە خوارەوە و بە تەواوی سەریان لێ شێوابوو نەیاندەزانی چی بکەن.

## ((١٦))

# هەفتەی بەرگریی

هەشتی مانگی نیسان بوو، ساڵی پێشووتر ئەو وەختە دێکان هەموویان سەوز دەچوونەوە، شاخەکان و دۆڵەکان پڕبوون لە گوڵاڵەسووره و نێرگز و بەیبوون و مێلاقە، هەموو ڕەنگەکانی گوڵ و سەوزی زەوی و شینایی ئاسمان تابلۆیەکی بێوێنەیان نەخشاندبوو کە لە جوانی جوانتر بوون و پێشمەرگە کە دیمەنی وای دەبینی سروودی «خوایە وەتەن ئاواکەی چەند دڵگیر و شیرینە»ی بیر دەکەوتەوە، خەڵک لەبەر جوانی دیمەنەکانی سروشت لەماڵەوە جێیان بە خۆیان نەدەگرت و دەچوونە سەیران بۆ ئەوەی چاوەکانیان بە کلی سەوزی سروشت بڕێژن، جاروباریش بارانێکی نەرم دەباریی، بەڵام ئەوەتا ئەمساڵ ئاگر دەبارێ و گەرمیانیش لەم ڕۆژەدا بە سوپای داگیرکەر گەمارۆدراوە.

گەمارۆیەکی بازنەیی لە هەموو لاوە، لە زەمینەوە لە هەموو قۆڵێکەوە دەهاتنە پێشەوە، سوپای پیادەی پر چەکی ڕژێم و فەوجەکانی موستەشار و جاشەکانیشیان پێشیان کەوتبوون، لە ئاسمانیشەوە فڕۆکە زیڕەی بە خەڵکەکە کردبوو. پێشمەرگە وەک بڕیارڕیان دابوو بەرگری بکەن، ئەگەرچی زانیشیان لە چاو چەک و ژمارەی هێزەکەوە وەک ئەوە وایە مێرولە بەرامبەر فیلی گرتبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان بەردەوام بوون. بەشێک لە هێزی پێشمەرگە، دابەش بوونە سەر قۆڵەکان لە جوگرافیای جیاواز جیاواز لەو گەرمیانە کە لەو ڕۆژەدا تەنها بۆنی خوێنی لێ ئەهات، لە سەنگەرەکان دامەزران. پێشمەرگەکانی حیزبەکانی تریش، پارتی و شیوعی و شۆسیالست و پاسۆک و پارتی گەل و ئەوانیتر لە گۆڕەپانی شەڕەکان بەشدار بوون، لێرەش بەشێکیان هاوئاهەنگ لەگەڵ پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە شاباڵی یەکێتی نیشتیمانی بوو، چوونە بەرەکانی شەڕی بەرگرییەوە. سەیدجەوهەر، سەی مەحەمەد، حەمەڕەش، عەلی بی کەی سی، عەلی سور، حەمە دوزی، مەلا ئەحمەد

کەلاری، ئەحمەد چوار شاخی، نازم بچکۆل، چەندین رۆڵەی ئازای تری ئەو گەرمیانە لە پارتە سیاسییەکان کە ساڵانێک بوو بۆ ئازادی وڵات گیانیان لە سەر دەستیان دانابوو، پێشمەرگە بوون و ئامادەی مردن بوون لە پێناوی ئازادی خەڵک و خاک، لەو شەڕی بەرگرییەشدا قارەمانانە لە سەنگەرەکاندا بەرەنگاری دڕندەترین دوژمن بوونەوە. لە هەموو قۆڵەکانەوە شەڕ بوو، شەڕێکی زۆر گەرم. سوپای ئەنفال وا هاتبوو کە گەرمیانیش وەک دۆڵی جافایەتی و قەرەداغ بە بێ هیچ بەرگرییەک بگرێت، پێشبینی ئەوەی نەکردبوو لێرە بەرگری هەبێت و بوێرن شەڕی لەگەڵ بکەن، بۆیە هاوکات لە هەموو لاوە هێرشی دەهێنا و لە هەموو ئەو قۆڵانەشەوە شەڕی بەرگری لە بەرامبەری کرا.

دەوروبەری نیوەڕۆ بوو، بەشێک لە هێزی پێشمەرگە لە گوندی لفتی ئاغا دامەزرابوون، بەرامبەر بە دوژمن شەڕی بەرگرییان دەست پێکرد. لە شوێنانێکەوە خۆیان حەشار دابوو کە ئەمان هێزەکانی دوژمنیان دەبینی کە دێتە پێشەوە، بەڵام ئەوان ئەمانیان لێوە دیار نەبوو. ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بەو ژمارە کەمەوە کە لە پەنجەکانی دوو دەست کەمێ زیاتر بوون بە جۆرێ شەڕیان کرد دوژمن وا بزانێت چەند سەد کەسێکن، بەردەوام تا ئێوارە شەڕیان کرد و زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیاند، ئەوان ناچار بوون بکشێنەوە و ئەمان دوایان کەوتن و هەر لێیان دەدان، پێنج کیلۆمەترێک دوژمنیان ڕاو نا، ئەوان سێ تەرمیان بە جێهێشت و کشانەوە.

پێشبینی ئەوەیان کرد دووبارە و بەهێزێکی زیاترەوە سوپا دەگەڕێتەوە، بۆیە بڕیاریان دا بگەڕێنەوە بۆ ئۆمەر بل، گەیشتن و نەگەیشتن ئەوێش گەمارۆدرابوو، شەڕێکی چەند سەعاتییان لەوێش کرد و دوژمنیان لەوێش تێکشکاند، لەوێوە بۆ دێی عەزیز قادر چوون هێرش بۆ سەر ئەوێش بەردەوام بوو، برسێتی و تینوێتی و ماندوێتی دوو رۆژی شەڕ و پەلاماری ئەم سوپا گەورەیە، پێشمەرگەی ناچاری کشانەوە کرد، بەڵام بەدەم کشانەوەشەوە بەرگری هەر بەردەوام بوو، لە هەرکوێ شەڕ هەبووایە شەڕیان دەکرد. چوونە دێی عەزیز قادر، لەوێش تووشی شەڕێکی قورس و چڕ بوونەوە. تۆپخانەکانی رژێم هەدایان نەدەدا، فڕۆکەکان کون بە کون بەدوای پێشمەرگەدا دەگەڕان و بۆمبیان بەردەدایەوە، جاشەکان پێش لەشکرییان دەکرد و زۆر لە نزیکەوە لێکیان دەدا. دەیانزانی زیانێکی زۆریان لە دوژمن داوە، بەڵام خۆشیان بێ زیان نەبوون، فوئاد حەبیب لەوێ پێکرا و ئەوەندەی پێ نەچوو گیانیشی سپارد و شەهید بوو. ڕوون بوو کە دوژمن هێرش دەکاتەوە، پێشمەرگەکان بە تەرمی شەهیدەکەشیانەوە بەرەو گوندی عەزیز قادر کشانەوە. سوپا هەر دەهات و شەڕی دەکرد و گووندەکانی دەگرت.

هەر ئەو کاتەی کە بەشێک لە پێشمەرگەکان لە قۆڵی لوتفی ئاغاوە شەڕیان دەکرد، لە قۆڵی ساڵەی بان شاخەوە، بەشێکی تریان شەڕی بەرگریان دەکرد، بەڵام لەبەر بێشوماری هێزی بەرامبەر لە شەڕەکەدا شکانەوە و ناچاربوون بکشێنەوە.

قۆڵی دێی چەوری، پێشمەرگە سەنگەریان لە بەرزاییەکانی لای دوراجی و دەشتی پەتەکی و دەورەوبەرییەوە دانا و زۆر بە تووندی بەرپەرچی دوژمنیان دایەوە. شەڕی گەرمی بەرگری مان و نەمانیان دەست پێکرد. هەربە یەکەمین گولەی ئاڕ بی جی پاشەکشێیان  بە دوژمن کرد و ماوەیەکیش بە تەقە دایان بڕین و پێدەچوو یەک فیشەکی پێشمەرگە بە خۆڕایی نەچووبێ، چونکە کە دوژمن کشایەوە پانزە تەرمی کوژراوەکانی خۆی لە مەیدانی شەڕەکەدا جێهێشت، جگە لە ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێت و چەک و تەقەمەنی. فڕۆکەکانی جەنگ ئاسمانییان لێیان تەنییەوەو  بۆردومانیان دەکرد و نزم بووبوونەوە بە دوایاندا دەگەڕان. ناچار بوون بڕیاڕی کشانەوە بدەن بۆ گووندی وارانی ژووروو، کە هێشتا شەڕی پێنەگەیشتبوو.

بناری گلیش قۆڵێکی تر بوو کە شەڕێکی زۆر قورسی تیا کرا بە سەرپەرشتی نازم بچکۆل، نازم نۆ پێشمەرگەی تریشی لەگەڵ بوو، کە یەکێکیان فاروقی برای بوو، لە دێی تازە شار لەگەڵ دوژمندا دەستەویەخە بوونەوە. کەرتێ پیشمەرگەی حزبی شوعییش لەو قۆڵەوە بەرگرییان دەکرد. شەڕێکی کەموێنە لەو قۆڵە روویدا و چەند سەعاتێکی خایاند و زیانی زۆریان بە سوپا و جاشەکان گەیاند، بەڵام هێزی تر دەگەیشتە سوپا و فڕۆکەش ئەوەندە نزم ببووەوە بە سەریانەوە کە بە چاوی خۆیان دەیاندی. بێ پەروا بۆردومانی دەکردن و لە ئاکامدا بە شەهیدبوونی هەموویان شەڕەکە لە بەرژەوەندی دوژمن کۆتایی هات. تاقە پێشمەرگەیەک توانی خۆی دەرباز بکات و بێتەوە لای هاوڕێکانی و هەواڵی شەهیدبوونی نازم و هەموو پێشمەرگەکانی کەرتەکەی بەوان بگەیەنێت. نازم بچکۆل دوای ساڵانێکی زۆر لە خۆشەویستی کچێک کە ناوی ئافتاو بوو، داب و نەریتهکانی کوردەواری کە مەخابن دژی خۆشەویستیین بوونە لەمپەر و بەربەست، پێکگەیشتنیانی زۆر دواخست، سەرەنجام لەو مانگەدا ئافتاویان پێدا و بەیەکتر شاد بوونەوە. ئافتاوی تازەبووک چاوەڕێی خۆشەویستەکەی بوو لە شەڕ بێتەوە، چونکە هێشتا مانگی هەنگوێنیان تەواو نەکردبوو، بەڵام مەخابن تەرمەکەشی بۆ نەچووەوە.

دێیەکان داگیرکران و تەرمەکان هەموویان لە ژێردەستی دوژمن بەجێمان، بەکۆمەڵ لە شوێنی خۆیان ناشتیانن. هەواڵی لێدانی ئەو کەرتە پێشمەرگەیە بە چەکی کیمیایی ترسی خستە دڵی پێشمەرگەوە و زانییان بەرگریکردن لەو بارودۆخە دژوارەدا خۆکوشتنە، بۆیە ناچاری بڕیاڕدان بوون بە کشانەوە، لە ڕێی کشانەوەیان لە دێی باوەکریش تووشی شەڕ هاتنەوە و بەرگرییەکی تووندیان کرد، لەوێ عەلی بی کەی سی شەهید بوو، دوو پیشمەرگەی تریش بریندار بوون.

بیست و پێنج پێشمەرگەی تریش کە لە قۆڵی گووندی مەسۆی بەرگەچ بوون، کە فەرمانی کشانەوەیان پێ گەیشت، بەرەو دەربەندی دەرەوار و بانیمۆرد رۆیشتن و بە خێرایی هەنگاویان دەنا و پێشمەرگەیەکی برینداریشیان پێ بوو کە جاسمی وەستا شەریفی ناو بوو، بە پێی فەرمانەکە دەبوایە تا ئێوارە بگەنە دێی هەزارکانی. لەو شوێنانەی کەنزیکی جادە بوو، بە دووربینەکان تەماشایان دەکرد و دەیانبینی لەسەر جادەی سەرەکی سەنگاوەوە هێزی پیادەی دوژمن چەند زۆرن و چەند چەکی گران گرانیان پێیە، دەیان زرێپۆشیان بینی بەرەو قولایی ئەو دێیانە دەرۆن. ئەبوفەلاح یەکێک لە پێشمەرگەکان بوو، بە دەم رێوە چاوی بڕیبووە ئەو هێلیکۆپتەرەی کە خەریکی نیشتنەوە بوو لەسەر ئەو شاخەی کە زۆر دوور نەبوو لێیانەوە و وەک شوێنێکی ستراتیجی کە دەیڕوانییە سەر ناوچەکە، بنکەی سەربازییان لێ دانابوو بە کۆپتەر خواردنیان پێدەگەیندا، هەر تەماشای ئەوێی دەکرد و لە ناکاو هەموو بە تەقینەوەی مینێک لە ژێر پێی ئەودا راچڵەکین و ئەویش دوو مەتر لە جێگەی خۆی بڵند بووە و کەوتەوە سەرعەرز. ئەو رووداوە بۆ ئەو کەرتە کارەساتێک بوو لە دژوارترین ساتدا کە ساتی کشانەوە بوو، کارەسات بوو بۆ ئەو پێشمەرگەیە خۆی و ژیانی هەموویانی خستە مەترسییەوە، لە لایەکەوە بینییان ئەبوفەلاح خەڵتانی خوێن بووە و بە تایبەتی پێی چەپی کە بەویان پێی بە مینەکەدا ناوە، لە لایەکی تریشەوە دەنگی تەقینەوەی مینەکە هێزی دوژمن لە بوونی ئەمان لەو ڕێگایە ئاگادار دەکاتەوە و گەر لێیان بدەن زەحمەتە یەک کەسیان بە ساغی لێی بێنە دەرەوە. زۆر خێرا بە پشتوێنی پیشمەرگەیەک برینەکەیان پێچایەوە و خوێنیشی هەر نەدەوەستا و چۆرەی دەهات، ئێشی مەرگ لە پێی و تەواوی جەستەیەوە بڵند دەبووە، بەڵام نە دەبوایە دەنگیش هەڵبڕێ و هاوار بکات. بیست و پێنج پێشمەرگەی ماندوو، برینداڕێکی خەڵتانی خوێنیان هەڵگرت و ناچاریش بوون ئاراستەی ڕێگاکە بگۆڕن و ئامانجەکەیان کە دێی هەزارکانی بوو، دوورتر بکەوێتەوە. تا ئێوارەیەکی درەنگ رۆیشتن و کە نزیکی دێکە بوونەوە، ئازارەکەی هی ئەوە نەبوو چیتر بێدەنگ بێ، لە جیاتی هاوارکردن لەسەر شانی هاورێکەیەوە دەستی کرد بە گۆرانی گووتن:»تەبیب ئامانە، دەردم گرانە. ماچی لێوی یار بۆ من دەرمانە« هەموو پێیان وابوو ئەو شەوە شەهید دەبێ و ئەو گۆرانییە گیاندانەکەیەتی، بەڵام ئەم لە دڵی خۆیەوە بیری لە ژیان دەکردەوە و دەیزانی هەر بگاتە جێ و دەستی دکتۆری پێشمەرگەی بەرکەوێ، ئیدی لە مردن ڕزگاری دەبێ، بۆیە لە جێی هاوار بە گۆرانی بانگی دکتۆری دەکرد، لە دڵی خۆیەوە دەیگووت بەڵکو دکتۆر ئاتیلا لەوێ بێت و دەمودەست چارم بکات، هەموو پەرتەوازە بوو بوون، گەیشتنە جێ، بەڵام دکتۆر واتیلای ل نەبوو، لەو دێیەدا دکتۆرێکی تری پێشمەرگەی لێ بوو ناوی فایق بوو، دکتۆر فایق گولپی گەیشتە فریای و دەمودەست لەسەر هەردوو بریندار ئامادەبوو.

بە هەموو قۆڵەکانەوە، پێشمەرگەی هەموو پارتەکانی کە لە گەرمیان بوون، تەنها هەفتەیەک توانییان شەڕی بەرگری بکەن، کە خۆی ئەوەش وەک پەرجوو وا بوو پێشمەرگە بتوانێ بەرامبەر بە هێزێکی گەورەی سوپای هێرشبەر بوەستێتەوە و شەڕ بکات، کە بە هەموو جۆرە تفاقێکی جەنگەوە شاڵاویان هێنابوو، لە هەموو لاوە گەمارۆی گەرمیانیان دابوو. لە زەمین و ئاسمانەوە ئاگریان دەباران و هەندێ جار بۆردومانەکان وەک ئەوە وابوو تاڤگەی ئاگر بێت.

لە دەی نیسان سوپای ئەنفال گەیشتە دێکانی زەردە و ملەسوورە و بەوەش هەموو ئەو دێیانەی گەرمیانی داگیر کرد. فەرمان بۆ پێشمەرگە هات بکشێنەوە، بەڵام هیچ ڕێگایەکی سەلامەت نەما بۆ دەربازبوونیان و گەیشتنیان بۆ بارەگای سەرکردایەتی تازەگوێزراوە بۆ قاسمەرەش لە دیووی ئێران.

دکتۆر ئاتیلا دەبوو چارەنووسی لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە بێت و بزانێ دواتر چ بڕیارێک دەدرێت، دڵوێران و ورە روخاو، بە چاو و بە رۆح و بە دڵ دەگریا و ئومێدی نەما و زانی بیرکردنەوە لەگەیشتن بە دڵدارەکەی تازە لە مەحالێش مەحاڵترە، بەڵام نەیدەتوانی وێنای بکات کە بە بێ ماڵئاوایی لە فاتم بڕوات و بەجێی بهێڵێت. هاوڕێکانی پێیان گووت مەترسییەکی گەورەیە چوون بۆ ئەوێ، بەڵام بڕیاری دا هەر بڕوات و بۆ دواجار فاتم ببینێت.

ئاتیلا پرسیاری ماڵی فاتمی کرد، ئەوەی زانی کە خەڵکی دێ هەموویان و ماڵی شێخیش بەرەو عەلیانی کۆن چوون. هەموو هێماکان ئەوەیان پیشان دەدا کە هەموو شتێک وێران دەبێت، قیامەت هەڵدەستێ لەو گەرمیانە! بە ماتۆڕەکەی و بەخێراییەکی زۆر رۆیشت بۆ عەلیانی کۆن، ناهیدەی هاوسەری ئەبوفەلاحی بینی کە تەنها دوومانگێک بوو هاوسەرگیرییان کردبوو. هەر لە دوورەوە هاواری لێکرد و پرسی: ناهیدە ماڵی فاتم لە کوێن؟ ناهیدە بەدەم گریانەوە گووتی: ئەبوو فەلاح بریندار بووە، مینی پێدا تەقیوەتەوە و پێیەکی بڕاوە. دکتۆر ئەگەرچی ئەبووفەلاح زۆر هاورێی بوو خۆشەویستیش بوو لە لای، بەڵام شپرزەیی ئەو بۆ بینینی فاتم وا شێواندبووی وەک ئەوەی هیچی نەبیستبێت، هاواری کردەوە بە دەنگی بەرزتر: ناهید ئەڵێم ماڵی شێخ لە کوێن، فاتم بۆ کوێ چووە؟ ناهیدە تەنها ئەوەندەی وت: لێرە بوون بەڵام چوون بۆ دێی کاکەبرا. هیچ نەوەستا و یەکسەر سواری ماتۆڕەکەی بووەوە بەرەو ئەوێ کەوتە ڕێ. ماتۆڕەکەی بەسەر گرد و هەردەکانەوە بازی دەدا و هەندێ جار وەک ئەوەی بفڕێت وابوو. گەیشتە دێی کاکەبرا و بینی خەڵکێکی یەکجار زۆری لێیە، هەموو خەڵکی ئەودێیانە ڕژابوونە ئەوێ تا لە لەوێشەوە لە دێی ملەسوورەوە بڕۆن بۆ شار، چونکە بیستبوویان رژێم لێبوردنی

گشتی دەرکردووە و گەر خۆیان بڕۆنەوە و تەسلیم بنەوە هیچیان لێ ناکات و دەیانباتە ئەو ئۆردوگایانەی کە بۆیانی ئامادەکردووە! ئەم قسانەیان لە جاشەکانەوە دەبیست!

لەناو ئەو خەڵکە زۆرەدا هەر چاوی دەگێڕا و چاوی دەگێڕا تا فاتم ببینێت. وەک چاوگێڕانی سەرەمەرگ رووانینەکەی پڕ بوو لە ئازار، جیاوازتر لەو هەموو ئازارەی کە ئەو ساڵانەی ڕابردوو چێشتبووی بۆ دیداری فاتم و لە پێناوی گەیشتن بە فاتم.
لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا فاتمی بینی لای دەرگای ماڵێک ڕاوەستاوە. بەرەولای رۆیشت، ئەویش ئەمی بینی و بەرەولای هات. گەیشتن بە یەک و لەبەردەم یەکدا ڕاوەستان، هەردووکیان نەیاندەتوانی هیچ بڵێن، گریان و گریان و گریان، خەڵکیش ئەم دیمەنەی بینی و کەس نەیدەتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە بگرێت و ئەوانیش گریان. دیارنەبوو بۆ حاڵی خۆیان دەگرین یان بۆ ئەم دوو عاشقە ڕەنجەرۆیە. هەردوکیان دەیانزانی ئەوە دوا بینینە، حەزیان دەکرد هیچ نەبێت ئەمجارە باوەش بکەن بە یەکتریدا و ماچی ماڵئاوایی یەکتری بکەن، ماچێک کە لە یادگایان بمێنێتەوە و تا ئەو کاتەی دەمردن هەناسەی پاکیان پێ ببەخشێت، بەڵام نەدەکرا و هەر تەماشای یەکتریان کرد و بە فرمێسکەوە ئەدووان. ئاتیلا ناچار بوو بە فرمێسکەکانییەوە ماڵئاوایی لێ بکات و بڕوات، هەر هێندەی پێ وترا:
– فاتم گیان، قەت ئەمەمان لە بیر نەبوو، هەرگیز نەمانئەوت ئەم رۆژە رەشە ئەبینین و لە یەکتر دوور ئەکەوینەوە، فاتم گیان ئاخ تازە دیدارمان کەوتە قیامەت!
– تۆ بۆ کوێ ئەڕۆی، من دوای تۆ چی بکەم، تازە دیداری من و تۆ کەوتە قیامەت! توخوا ئاگاداری خۆت بە ئەڵێن هەموو شوێنێکیان کردووە بە کەمین بۆ پێشمەرگە، دەخیلت بم ئاگاداری خۆت بە. بەو خوایە من بێ تۆ یەک دەقیقە ناژیم، دواهەناسەم لەگەڵ دواهەناسەی تۆ ئەدەم!
– فاتم گیان خۆزگە ئێستاش بێت، لەم قیامەتەی کە هەڵساوە، تۆ بدەن بە من و بتبەم لەگەڵ خۆم، نازانم چیمان بەسەر دێت.
– ناهێڵن، قەت ناهێڵن بەیەکەوە بین!
– فاتم گیان، باوک و براکانت لەکوێن با بچم بیانبینم و خواحافیزییان لێ بکەم.
– لە ماڵی مەلا عەزیزن.

ئەم بە فرمێسک و ئەو بە هەنیسکەوە، هەردووکیان دڵیان دەکوڵا و ناچار ماڵئاوایی لە یەکتر بکەن. وەک ئەوەی ئاسمانیش بۆ ئەم دیمەنە هەستی جوڵابێ و ویژدانی ئازاریدابێت و بگریی، نەرمەباران دەستی پێکرد. بە هەردوو چاوی لەبەرگریان سوورهەڵگەڕاوەوە چووە ماڵی مەلا

عەزیز، پیاوان لەوێ کۆبوونەوە و شێخانیش لەوێ بوون، باوکی فاتم و براکانی، شێخ حسێنی هەزارکانیش لەوێ بوو. خەریکی تەگبیربوون بۆ چوونە شار و دەشترسان لەوەی ئەوە پیلان بێ و هەموویان بگیرێن. هەر یەکەی شتێکی دەووت و پێشنیارێکی دەکرد، برۆن یان نەڕۆن، کەس هۆشی بەخۆیەوە نەمابوو، گەرمیان بە ئاگر تەنرابوو. لەبەری هەستان و فەرموویان لێکرد، بەڵام ئەم پەلەی بوو، خواحافیزییان لە یەکتر کرد. داوای گەردن ئازادییان لە یەکتر دەکرد، هەموو کەس پێی وابوو ئەمە کۆتایی ڕێگا بنبەستەکەیە و لەوێش مەرگ ڕاوەستاوە و چاوەڕێیانە. شێخ پرسی:

– ئەوە ملەسوورەش گیراوە، ئێوە بۆ کوێ ئەڕۆن، پێشمەرگە ئەتوانی دەربازی بێت؟

– خوا گەورەیە یا شێخ، دەرگایەک دابخات یەکێکی تر هەر دەکاتەوە، ئێوەش خواتان لەگەڵ بێت یا شێخ، دۆعای خێر بۆ ئەم خەڵکە و ئێمەش بکەن.

پێشمەرگەی هەموو کەرتەکانیش و پێشمەرگەکانی هێزی بەرگریش سەرپشک کران لە هەڵبژاردنی سێ ئەگەر، یەکەمیان، ئەگەر دەیانەوێ بە بێ چەک و وەکو خەڵکی دێکان تەسلیم ببنەوە و نەڵێن پێشمەرگەبوون و سوود لەو لێبوردنە گشتییە وەرگرن کە ڕژێم داویەتی و بۆ خۆڕادەستکردنی خەڵکی هەموو دێکان، دووەمیان، ئەگەر دەیانەوێ بە تاکتیک تەسلیم ببنەوە و دواتر لە ڕێگای ترەوە بگەڕێنەوە و خۆیان بگەیەننە بارەگای سەرکردایەتی، سێیەمیش ئەو پێشمەرگانەی کە دەیانەوێ لە گەرمیان بمێننەوە، خۆیان لە ئەشکەوت و کوونەشاخەکاندا حەشار دەن و خۆیان دەرنەخەن تا ئەو کاتەی هێرش و پەلامارەکان تەواو دەبێ و ڕێگەیەکی تر دەدۆزرێتەوە بۆ گەیشتنیان بۆ سەرکردایەتی.

لە نێوان سێ ئەگەری خراپ و خراپتر و خراپتریندا، کە هەرسێکیان پڕ بوون لە مەترسی و نەیاندەتوانی بزانن کامیان مەترسیدارە و کامیان مەترسیدارترە و کامیشیان مەترسیدارترینە، دەبوایە خۆیان یەکلا بکەنەوە و بڕیاڕ بدەن.

ناچار و بێئومێدانە، خەمبار و دڵشکاوانە، بڕێکیان دوو ئەگەرەکەی سەرەتایان هەڵبژارد و بە بێ چەک چوونەوە و خۆیان گەیاندە ملەسوورە بۆ تێکەڵبوون بە خەڵکی دێکان. کە بەهۆی گەمارۆکانەوە دێ بە دێ هەر ڕۆیشتبوون و ڕۆیشتبوون و لە ملەسوورەی نزیک سەرقەڵا کۆببوونەوە بۆ خۆڕادەستکردنەوەی ڕژێم کە ژمارەیان سەدان هەزار بوو، خەڵکی سادە و ساکار، ژن و مندال و پیر و لاو.

دکتۆر ئاتیلا لەگەل ئەم پۆلە پێشمەرگەیە بوو کە بڕیاری کشانەوەیان دابوو بەرەو ئێران بڕۆن. تا لەوێ بوو بەدەم تیمارکردنی بریندارەکان و تێکەڵبوون بە هاوار و ژانەکانی ئەوانەوە، ئازاری دابڕان لە فاتمیش دڵی ئەنجن ئەنجن دەکرد. دەیویست کەمێ گەشبین بێت و بیر لە ئومێدی گەیشتنەوە بە دیداری فاتم بکاتەوە، نەیدەتوانی و تروسکەیەکی بەدی نەدەکردبۆ گەیشتن بەو ئاواتەی پشتی پێ ببەستێ. بیری کەوتەوە کە چەند مانگێک لەوەو بەر کە داوای لە سامان گەرمیانی کرد خوازبێنی فاتمی بۆ بکات و ئەویش بەلێنی دا دوای گەڕانەوە لە سەفەرەکەی دەرەوەی وڵات بچێتە ماڵی شێخ و ئەو داوایەی لێ بکات، ئەمیش بە نائومێدییەوە گوتبووی» هەتا تۆ دێیتەوە دنیا وێران دەبێ.» فرمێسک بە لاچاویدا دەهاتنە خوارەوە و لە دڵی خۆیەوە مەنەلۆگی دەکرد و هەندی جاریش بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد و وای دەزانی لە دڵی خۆیەوە قسە دەکات و کەس نایبیستێ :»ئەی نەمووت دنیا وێران دەبێ، ئەوەتا دنیا وێران بوو. دنیای کورد وێران بوو، کوردستان وێران بوو، دنیای من و تۆ وێران بوو ئازیزم، لەم چۆڵەوانی و وێرانییەدا ئیتر چۆن هەواڵی تۆ بزانم؟! بۆ کوێ چووی؟ تۆ لە کوێی؟!».

## ((١٧))

# بەرەو نادیار

«نازانم، نازانم بەرەو کوێمان دەبەن» بە دەنگی بەرز ئەم ڕستەیەی وت، وەک ئەوەی گوێی لەو پرسیارە بێ کە لە دووری دەیان کیلۆمەترەوە لێی کراوە. لە ناو یەکێ لە زیلە سەربازییەکان بوو لەگەڵ هەموو بنەماڵەکەی و هەندێ خەڵکی تریش، کە نە ئەو نە هەموو ئەوانی تر دەیزانی بەرەو کوێ دەیانبەن، نە دەیانزانی و نەش دەیانتوانی بپرسن بۆ کوێیان دەبەن. جگە لەو دەیان زیلە، پاسی گەورە گەورەشیان هێنابوو خەڵکیان تێ دەئاخنی و دەیانبرد. هەموو خەڵکی گەرمیان لە دێی ملەسوورە بوون و گەمارۆدران و بەو دەردە بران. پاسەکان جێگەی چل کەس بوو، بەڵام هەشتا زیاتری تیا دەئاخنرا، جگە لە منداڵ لە هەموو تەمەنەکان، کە لەو دۆخە نائاسایییەدا لە ترسان و لە برسان دەگریان و دەنگی گریانەکانیان تێکەڵ بە گریانی دایکیان بوو بوو، کە لە بێچارەییدا خەریک بوو دڵیان لە قەفەزی سنگییانەوە بێتە دەرەوە. لە پێشیانەوە دەیان ئۆتۆمبیلی تر، پڕپڕ لە خەڵکی دێکان، لە پشتیشیانەوە دەیانی تری سیخناخ لە مرۆڤی بێ چارە، زیللەکان و پاسەکان هەر دەڕۆن و دەڕۆن، پرسیاری پەنگخواردووی نێو سەریان لە دەموچاوی هەموویاندا دیارە و لەو ساتەدا تەنها هاواری منداڵەکان، لە بێدەنگی پیاوەکان سامناکترە.

لە پێش ئەمانەوە زیلێکی تر دەڕوا کە شێخ حسێنی هەزارکانی و هەردوو ژنەکەی و منداڵەکانی و هەندێ لە دەروێشەکانیشی تێدایە. چەند سەربازێکی ڕەشتاڵەش ڕووی تفەنگەکانیان لێ کردوون و پاسەوانیانن. فاتم تەماشای ئەوان دەکات و بە ڕوووونی شکۆی شێخی هەزارکانی لێوە دیارە، بەڵام شکۆیەکی پڕ لە خەمباری دەبینێت. ئینجا تەماشای ناو زیلەکەی خۆیان دەکا و شێخی باوکی خۆی دەبینێ، هەڵکورماوە و وەک ئەوەی فرمێسک لە چاوەکانی ڕەق بووبێتەوە جار و بار چاوی هەڵدەگلۆفێت، بەڵام دایکی ترس و خەم پێکەوە لە هەموو ڕوخساریدا دەرکەوتووە و جار و بار دەدات بە سنگی خۆیدا و دەڵێ:»وەی خوایە چیمان بەسەر هات، ئەم کافرانە بۆ کوێمان ئەبەن؟» بەڵام پرسیارەکەی هیچ بەرپرسێک نایبیستێت و تەنها

ئەوانە دەیبیستن کە وەک خۆی پڕن لە پرسیار، سیخناخن لە ئازار و هەندێکیان بە ئاشکرا و هەندێکیان بە نهێنی دەگرین.

فاتم لەو ساتەوەی کە ماڵئاوایی لە ئاتیلا کردووە، چاوی وشک نەبووەتەوە، گریان بەری نادات، نازانێ بۆ دابڕانی یەکجاریی لەگەڵ ئاتیلا دەگریی، یان بۆ ئەم چارەنووسە نادیارەی کە خۆی و خێزانەکەی و هەموو خەڵکی دێکەی ئەو و هەموو دێکانی تری گرتووە.

چاو دەگێڕێ و دەبینێ هەموو کچەکانی تریش دەگرین، دایکی دەگریی و ژنانی تری ئاوایی دەگرین. هاوار دەکەن و دەپاڕێنەوە لە خوا یارمەتییان بدات، رزگاریان بکات. هەزار و یەک غایەلەی خراپ دێ بە مێشکیاندا، بەڵام جاروباریش دانەیەکی باش دێت و کەمێ ئومێدیان پێ دەبەخشێ، پیاوێک دێتە گۆ و مەزەندەیەک دەکات «ئەمانبەن بۆ شار و خانوومان دەدەنێ تیادانیشین، مەترسن قابیلە ئەم هەموو خەڵکە بکوژن، نە هەزارە و نە دووانە و نە دە، سەدان هەزار بۆ کوێ دەبەن. مەترسن، ناوی خوا بێنن و شایەتمانێک بدەن بە دیار پێغەمبەرەوە» هەموو ئەوانی تر سڵاوات دەنێرن و دڵی خۆیان دەدەنەوە و یەقینن کە پێغەمبەر دێت بە هانایانەوە.

ئەو کاروانەی نە سەری دیارە نە بنی لە لای کەلار راوەستا، سەربازی دیکە دەهاتن و دەچوون، هەندێک سوار دەبوون و هەندێکی تر دادەبەزین. چەند ئەفسەرێک هاتنە پێشەوە و کاغەزێکیان پێ بوو، لەبەردەم زیلەکەی پێش ئەمان ڕاوەستان و ناوی شێخ حسێن شێخ کاکەحەمەیان خوێندەوە، شێخ حسێنی هەزار کانی هەستایە سەر پێ و تەماشای کردن. پێیان گووت:
– تۆ و هەموو خێزانەکەت ئەمری تایبەتتان بۆ دەرچووە بەرتان بدەین، دابەزن ئێوە ئازاد کراون.
– ئەی ئەم خەڵکە چییان بەسەر دێ؟
– تۆ هەقت بەسەر ئەم خەڵکەوە نەبێت، تۆ و هەموو خیزانەکەت ئازادکراون، ئەمە فەرمانێکی تایبەتە.
– ئەگەر ئەم خەڵکەش ئازاد دەکەن منیش سوپاستان دەکەم، ئەگەر نایکەن منیش نامەوێت، خۆم و خێزان و ماڵ و منداڵم لەگەڵ ئەم خەڵکەین و جیانین لەوان.
– ئێستا ناتەوێت رزگارت بیت؟ بەڵکو ئەوان بۆ مردن دەبەن!
– چارەنووسی من و منداڵەکانیشم با وەک هەموو ئەم خەڵکە بیت. من نامەوێ بژیم و ویژدانم ئازارم بدات.

شێخ حسێن لە جێگەی خۆی لە نێو زیلەکە دانیشتەوە و هەمووانی بەو هەڵوێستەی سەرسام کرد. ئەفسەرەکان زۆر سەیریان لێ هات و ئەو خزمانەشی کە هەوڵیان بۆ دابوو ئەم فەرمانە

تایبەتییەی لای رژێمەوە بۆ دەربکەن، سەرسام بوون بەو هەڵوێستەی شێخ. کاروانەکە کەوتە ڕێ و شێخ لە دڵی خۆیدا رووی لە خوا کرد و وتی: سوپاست دەکەم خوایە گیان کە ویژدانێکی زیندووت پێ بەخشیووم و لاواز نەبووم بەرامبەر بەو دەرفەتەی بۆ ئازادکردنمان پێیان داین و رسوات نەکردم لە نێو خەڵکی گەرمیان، کە لەدڵەوە خۆشم ئەوێن و هەموویان بە برا و خوشک و کەس و کاری خۆم ئەزانم.

کاروانەکە بەرەو نادیارێک هەر دەڕوا و دەروا. تینوێتی شالاویان بۆ دێنێ، منداڵەکان دەقیژێنن بۆ چۆڕێ ئاو، کەس ئاوی پێ نییە، ئەوەی پێیان بوو تەواو بوو، چۆن ئەم منداڵە تینوانە ژییر بکەنەوە. ئافرەتەکان هێندە گریاون وەک ئەوەی ئاو لە لەشیاندا نەمابێت، لێویان وشک وشک بووە و بە زمانیان تەڕی دەکەن و یەکسەر وشک دەبێتەوە. دایکەکان وەختە شێت بن بۆ ئەو دۆخەی منداڵەکانیانی تێ کەوتووە، کەسیان تینوێتی خۆی لەبیر نەماوە و دڵنیاشن کە ئەوەندە نابات برسێتییش شالاو دێنێ.

فاتم، خەیاڵی چۆتەوە بۆ لای کادانەکەی ماڵیان و وەک ئەوەی زەمەن لەو ساتەدا وەستا بێت، خۆی و ئاتیلا دەبینێت بەرامبەر بە یەک وەستاون و دەگرین و دڵی یەکتر دەدەنەوە، سکالای دڵی خۆیان دەکەن بۆ ئەو دۆخەی کە تێی کەوتوون و ناهێڵن بۆ یەک ببن. فرمێسکەکان بە لاچاویدا فوارە دەکەن و نازانن وەستان چییە! خۆی سەیری لێ دێت بۆ ناتوانێ یەک چرکە بوەستێت و فرمێسک بەرنەداتەوە. سەیری لێ دێت مرۆڤ ئەم هەموو فرمێسکەی هەیە، چەند سەعاتە لە نێو ئەو ئۆتۆمبیلانەدایە و هەر دەگری و فرمێسکی هەر وشک ناکات. پێنج ساڵی پێشتریش گریان بەشی بوو، لە دووری ئاتیلا، بەڵام ئەوسا ئاتیلا تەنها سەد مەترێک لێی دوور بوو، ئەگەرچی نەیاندەهێشت وەک پێویست بە دیداری شاد بێت، بەڵام بەس نەبوو نزیک بوو لێیەوە، ئەی ئێستاکە چی بکات کە ئەوە رۆژەڕێیەک لێی دوور کەوتووەتەوە و خوا دەزانێ چەند رۆژەرێی تر دووری دەخەنەوە لێی.

هاواری دایکێک لە خەیاڵەکەی رایدەچڵەکێنێ و دەیهێنێتەوە ناو زیلەکە. کچێکی وەک فریشتەی لە باوەشدایە و گیانی دەرچووە. ژنەکە هاوار دەکات و بە دەستێکی سنگی خۆی دەکوتێ و ئەویتریان لە ژێرسەری منداڵە مردووەکەیە کە وەک پەری ئاسمان خاوەنی روخسارێکی پاک و بێگەردە. منداڵەکە شل شل بووەتەوە و دیمەنی روخساری ئەو و کزەی جەرگی دایکەکە بە یەکجاری ناو پاسەکەی کردە پرسە. هەر هەموو لەگەڵ ئەودا دەستیان کردە گریان و باوکەڕۆ. وەک ئەوەی بیانوویەکی باشیان دەستکەوتبێت، پیاوانیش فرمێسکە قەتیس ماوەکانیان، کە لە ئەنجامی هەست کردنیان بە بێدەسەڵاتی ماوەیەکە قەتیس ماوە، دەرفەتی پژان و رژانیان بۆ دروست بوو.

کاروانەکە هەر دەڕوا و تازیەیەکی گەڕۆکی تیایە. دایکەکە وەک ئەوەی پەڕۆیەکی سپی پاکی هەڵگرتبێت، جگەرگۆشە مردووەکەی تووند توووند لە باوەش ناوە. وەک ئەوەی بیەوێت سکی خۆی بکاتەوە و ئەو منداڵەی تێدا بنێژێت، توووند بەخۆیەوەی دەگوشێ و خۆی بەسەردا کووڕ کردۆتەوە. کاتژمێرەکەی دەستیان پیشانی دەدات دە کاتژمیرە بەرێوەن و جار و بار لە چۆڵەوانییەک وەستاون و دیسان ڕۆیشتوون. نەیان دەزانی بۆچی جار و بار کاروانەکە دەوەستێت و دوای چارەکێک دووبارە دەکەوێتە ڕێ، لە وەستانی ئەم جارەدا هۆیەکەیان بۆ دەرکەوت. دوو پاسەوانەکە بە بێ تەل لە مردنی منداڵەکە گەورەکانی ئاگادار کردبووە و ئەمجارەش وەستان. دوو پیاوی ڕەش ڕەش کە تەنها دانەکانیان سپی دەچووەوە هاتە نیو پاسەکە و داوای منداڵەکەی لە دایکە جگەرسووتاوەکە کرد. دایکەکە نەیدەدا و توووند توووند منداڵەکەی بە سنگی خۆیەوە نووساندبوو. ، جارێکی تر پێیان گووتەوە و هەر نەیدا و زیاتر بەخۆیەوەی دەنووساند، بۆ سێیەم جار بە کێبڵەکەی دەستیان لەهەردوو شانیان دا و ئافرەتەکە لە تاو شانەکانی دەستی لە جەرگەکەی بووەوە. یەکێکیان بە چنگ منداڵەکەی لە باوەشی دایکەکەی برد و دای بەوی تر. منداڵەکەیان برد و دایکەکەش لەتاو ئازاری دوو کێبڵەکە نیوە بورانەوەیەک بوورایەوە و هەمووان دەیانویست بە هۆشی خۆی بێننەوە. چارەکێکی برد و دووبارە کاروانەکە کەوتنەوە ڕێ.

تا دوورتر دەکەوتنەوە زیاتر هەستیان بە نامۆیی و تاڵیی دابڕان دەکرد. دابڕان لە ژیانی ساکاری لادێ و دابران لە کانی و لە باخ و لە شاخ و لە مێرگەکان. دابڕان لە شنەبای سازگاری بەیانیانی دێ، دابران لە دەنگی زەنگۆڵەی ملی مەڕ و بزنەکان کە ئێواران دەهاتنەوە و وەک ئەوەی تیپێکی مۆسیقای میللی بن، دڵی خەڵکی دێیان دەهێنایە جۆش. تا دوورتر دەکەوتنەوە هەستیان بە داماویی زیاتر و بێدەسەڵاتی زیاتر دەکرد.

دایکی کۆرپەمردووەکە هاتەوە هۆشی خۆی، هەست دەکات هیچی نەماوە، جەستەیەکی بەتاڵ بەتاڵی هەیە و هەست دەکات هەناوی نە دڵی تێدایە و نە جەرگ و نە سیی. هەناسەی تەنگ تەنگە، دنیا ئیدی بۆ ئەو تاریکییەکی بەردەوامە. حەوت ساڵ چاوەڕێی کرد تا خوا ئەو کچەی پێ بەخشی، ئێستا ئەمان لە باوەشیا دەریان هێنا و بردیان. مێردەکەشی پێشمەرگە بوو، هەفتەی پێشوو کە بەرگرییان دەکرد، هەواڵی بۆ هاتەوە کە شەهید بووە، خۆی و پێنج هاوڕێی بە کیمیایی لێدراون.

فاتم دووبارە گەڕایەوە نێو خەیاڵەکەی، ئەمجارە لای دوادیمەنی خۆی و ئاتیلا گیرسایەوە، ئەو کاتەی لە دێی کاکەبرا هاتەلای بۆ ماڵئاوایی. چەند سەختە ماڵئاوایی، چەند سەختە دابڕانی یەکجاریی، بۆ دەبێ مرۆڤ چارەنووسێکی وای هەبێت؟ لە دڵی خۆیەوە خۆی دواند: خۆزگە بە خۆزگایی خوا لەبەرچاوی هەموو خەڵکدا بمتوانیبایە دەستت لە مل بکەم و ماچت بکەم، هیچ

نەبێ بۆ ماڵئاوایی ماچتم کردبایە! گوناه نییە ئەم هەموو حەسرەتەمان کێشا، لە تەنیشت یەکتر بووین و پەنجەمان بەر یەکتر نەکەوت، گەر دەمزانی ڕۆژێ دێ ئەم کافرانە دەمبەن و نازانم بۆ کوێ و لە تۆ ئەوەندە دوورم دەکەنەوە، شەرت بووایە دەستەکانم لە نێو دەستت نابایە و تۆش نەتویستایە تێر ماچم بکردیتایە.

گفتوگۆکانی ئەوانی تر خەیاڵ دەبچڕێنن. هێنایانەوە نێو ئەو واقیعە تاڵەوە. پیاوێکی سەرسپی بەوانی تر دەڵێت: ئێرە تۆپزاوەیە، بۆ ئێمەیان هێناوەتە ئێرە؟

نەیاندەزانی چییە ئەو باڵەخانەیە، دیوارەکانی زۆر زۆر بەرزن و ئەوەندەش گەورەیە نە سەری دیارە نە بن. یەکێ لە پیاوەکان وتی ئەوە سەربازگەیە، ئەویتریان وتی کەواتە ئەمانخەنە زیندانەوە. زیل و پاسەکانی پێش ئەمان هەمووی چووبووە نێو باڵەخانەکە و ئەوەی ئەمانیش بەدوایاندا هەمان ڕێڕەوی گرتووە. چ خانوویەکی سەیر و سەمەرەیە، ئەڵێی خانووی سیحراوی نێو حیکایەتەکانە، ئەو هەموو زیل و پاسەی قووت دا. هەموو خەڵکەکەیان دابەزاند، ئەمانیش دابەزێندران. پیاوەکان بە دەم دابەزینەوە کێبڵیان تیا سرەواند، ئاواتی دەخواست بمردایە و ئەو دیمەنە نەبینێت، ئەمانە نە شێخ دەزانن نە سەرسپی، نە پیر دەزانن نە گەنج، هەموو دارکاریی دەکەن. شێخ و کوڕانی شێخیشیان هەر بەو جۆرە دابەزاند. فاتم وەخت بوو دڵی بوەستێ کە باوکی  خۆی بەو زەلیلییە بینی. ئەو هەردەم پیاوێکی شکۆداری پاک و پوختەی ڕێزلیگیراوی دەدی و ئەم دیمەنە نامۆیە خەریکە شێتی بکات. ئەگەرچی زووتر زۆر ئازاری چێشت بە دەستی نارەزایەتی باوکی و براکانی کە نەیانهێشت بە خۆشەویستەکەی شاد ببێتەوە، بەڵام ئێستا کە دەبینێ عارەبێکی ڕەش کە تەنها ددانەکانی سپی دەچنەوە بە کێبڵ لە شان و لە شکۆ و لە کەرامەتی باوکی دەدا. لەتاو ئەو دیمەنانە چاوەکانی خۆی دەنووقێنێ و دەگری، بە دڵ دەگریی و بە دڵ دەناڵێنێ، چاوەکانیشی دووبارە فوارە دەکەنەوە.

هەر بەوەندەش ناوەستن، کچە گەنجەکان جیادەکەنەوە لە دایک و باوکیان، بەیەکەوە دەیانبەن و دەیانخەنە نێو هۆڵێکی گەورە گەورەوە. پیاوە زەبەلاحەکە هات و لە قۆڵی فاتمی گرت، فڕێی دایە نێو قاعەکەوە، خوشکەکەشی بە هەمان شێوە، تەنها خوشکە بچوکەکەیان لای دایکی هێشتەوە. بینی پیاوێک لە قۆڵی گرتوون و دەیانبا، بە بێ ئەوەی دایک و باوکی بتوانن شتێکی بۆ بکەن. نەک هەر ئەمان منداڵەکانیشیان لە دایک و باوکانیان سەندەوە و بەتەنیا ڕیزیان کردن و بردیانن بۆ نێو هۆڵی گەورە گەورەوە. هەزاران منداڵ بوون و دەگریان بۆ دایک و باوکیان، بەڵام بێ چارە بوون. بە بەرچاوی باوانیانەوە کێبڵیان پێ دەکێشان و ئەوان هاواریان دەکرد و باوانیان ئەشکەنجەیان پێ دەگەیشت. کە خۆی و خوشکەکەیان فڕیدایە نێو ئەو هۆڵەی کە پڕاوپڕ بوو لە کچ و ژنی هاوتەمەنی خۆی و خوشکەکەی، بە دەم هاوارەوە

ڕایکردە لای پەنجەرەکە و تەماشای دایک و باوکی دەکرد، ئەوانیش بە دەم ڕشتنی فرمێسکەوە بێدەسەڵاتانە لەو پەنجەرەیان دەڕوانی. هێشتا هەر تەماشایان دەکرد، بینی زەبەلاحێکی تر هات و قۆڵی براکانی گرت، ئەوانیشی بە بەرچاوی دایکییەوە برد و یەکێ لە براژنەکانیشی فڕێدرایە نێو هۆڵەکەی ئەمانەوە. ئیتر هەر کچ و ژنی گەنج  بوو هەڵدەدرانە نێو ئەو هۆڵەوە و ئەوانیش لە تاوا بەرەو پەنجەرەکە رایان دەکرد تا لەو دەلاقەیەوە دوا نیگا لەگەڵ کەسوکاریاندا بکەن، بۆیە بەردەم پەنجەرەکە هێندە شلۆق بوو، جێگەی ئەمان نەمایەوە. خۆی و خوشکەکەی و براژنەکەی باوەشیان کرد بەیەکدا و گریان و باوکەگیان دایکەگیانیان دەکرد. شیوەنێکی ئینسانی هەرە سامناک لە ناو ئەو هۆڵەدا بەرپا کرا.

کە تەواو شەکەت بوون، گریانەکەیان وەستا و ئینجا فریاکەوتن ببینن چ شوێنێکە ئەوەی ئەوانی تێدا تووڕدران. هۆڵەکە بە ئاستەم کۆتاییەکەی دیار بوو، پڕاوپڕ بوو لە ئافرەتی نزیک لە تەمەنی خۆیان، ئەوان پێدەچوو چەند ڕۆژێ بێت هێنرابن، جێگەی خەوتن نا، بەڵکو جێگەی دانیشتنیان بۆ خۆیان گرتبوو. لەسەر چیچکان دانیشتبوون و دوو دوو، سێ سێ و زیاتر قسەیان پێکەوە دەکرد. ئەمان لە نزیک دەرگاکە بوون، هەر لە جێی خۆیان دەیانتوانی دابنیشن و چاوەڕێ بن بزانن چی تر ڕوو دەدات!

دانیشت و ئەبڵەق ئەبلەق دەیڕوانییە دیوارەکەی بەرامبەری. هەستی کرد ئیتر فرمێسکی نەماوە، هەستی کرد ئاو لە نێو لەشی نەماوە و وشک بۆتەوە بۆیە ئیتر فرمێسک لە چاوەکانییەوە نایەن. وژە وژەی ناو هۆڵەکە و زریکەی کچەکانیش نەیانتوانی لەو سەفەرەی خەیاڵی بیهێننەوە دواوە. لە جیهانی ناوەوەی خۆیدا غەرقی حەسرەتی دیدارێ بوو لەگەڵ دڵدارەکەی، لەحەژمەتدا خوا و خۆی دەدواند:» خوایە تۆ بڵێی ئاتیلا کە لە ملەسوورەوە ڕۆیشت نەکەوتبێتە کەمینی جاشەکان و ئەویشیان نەگرتبێت؟! خوایە هاوار، خوایە لە هەر کوێیە بیپارێزە، من تازە تەواو لە داوێکدام لەوەناچێ رزگاربوونی هەبێت، بەڵام ئەو بپارێزە خوای گەورە! دەخیلت بم خوایە بیپارێزە! خۆزگە لە کونی دەرزییەکەوە چاوم لێت بوایە ئاتیلا، خۆزگە بەس بمزانیبایە لە کوێی ئێستا!»

## ((١٨))

# بیرۆکەی پارتیزانی

بە کوڵێ خەمەوە کە شێوەکەی پێناسە ناکرێ، دکتۆرئاتیلا خەریکی پێچانەوەی برینی پێشمەرگەیەکە و چەند برینداریێکی تریش لە چاوەڕوانیدان. لەگەڵ ئەو وازارە رۆحییەشدا کە ناخەوەی هەراسان کردووە، بەوپەڕی خۆشەویستییەوە دەست بۆ برینەکانیان دەبات و ئەوانیش بەوپەڕی متمانەوە لەبەردەستی ڕاکشاون. هەست بە ئازار دەکەن، بەڵام غیرەتیان بەخۆیان داوە و نانالێنن، یەکێکیان نەشتەرگەری پێویستە و خەریکە ئامادەکاری بۆ دەکات. لەناخیشییەوە ئازاری دابڕانی لە فاتم وەک مشارێکی کول داربەڕوویەک ببڕێتەوە، ئاوا دەیبڕی. چۆن هەواڵی بزانێ و لە کێ بپرسێ؟

گەیشتنی هەواڵ لەبارەی چارەنووسی ئەو سەدان هەزارکەسەی کە بران، بەم پۆلە پیشمەرگەیەی کە هەر چەند کەسێکیان و لە کونەشاخێک خۆیان حەشارداوە نەک ئاستەمە بەڵکو مەحاڵتریشە لە مەحاڵ. هەندێکیان تەواوی ئەندامانی خێزانەکەشیان لە نێو ئاپۆرەی ئەو خەڵکەدا بوو کە لە ملەسوورەوە بردیانن. هەر یەکەیان خەیاڵیان لەو کونە شاخانەوە هەڵدەفڕی بۆ لای ئازیزانیان. هەر ئاتیلا نەبوو کە ئازاری بیرکردنەوە و بیرکردنی ئازیزەکەی بیخاتە دۆخی ئەشکەنجەی دەروونییەوە، هەر یەکەیان بیرکردنەوە و خەیاڵەکانیان بۆ شوێنێکی دەبردن کە لە ژان بترازێ هیچی تری تیا نەبوو. هەر یەکەیان سەربوردەی ژیانیان پر بوو لە چیرۆکی تراژیدی و لەوساتە دژوارەدا گرتە هەرە خەمبارەکانی ئەو ژیانەیان دەهاتەوە بەرچاو و مات دەبوون.

سەید مەحەمەد، بە تەنیا لە پشت تاوێرێکەوە خەیاڵی گەڕابووەوە لای ژنەکەی و دە منداڵەکەی کە لەگەڵ خەڵکەکە چوون و بەهۆی کاروباری پێشمەرگایەتیشەوە ماوەیەکیش بوو نەیتوانیبوو بچێتەوە لایان و هیچ نەبێ خواحافیزییان لێ بکات. زۆر بیری دەکردن، بیری هەموویانی دەکرد، نێرگزی ژنی کە بەهۆی ئەمەوە چەند جار لە کفری دەگیرا و زیندانی دەکرا و سوکایەتی

پێدەکرا. چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و لە دڵی خۆیەوە داوای لێبووردنی لە نێرگز دەکرد و ئەو جارەی بیرکەوتەوە کە نێرگزیان بە دووگیانییەوە راپێچی ئەمنی کفری کرد و لەناو ئەو زیندانەدا هێشتیانەوە و هەر لەوێ منداڵی بوو، شاخەوانی بوو. ئەو بیرە خەمناکە هی دیکەی خەمناکتری بە دوای خۆیدا کێش دەکرد و هەمووشیان ئازاراوی بوون. بیری ئەو کاتەی هاتەوە کە شاخەوان، کوڕە لە زیندان لەدایکبووەکەی، تەمەنی چوار ساڵ بوو، جارێکی تریش و ئەمجارە لەگەل باپیرەیدا گرتیان و ساڵێ لە زیندانەکاندا بوون لە باقوبە، کە باپیریشی تەمەنی لە سەد ساڵ تێدەپەری. بەو تەمەنە و بەو ریشە سپییەوە لەبەر کوڕەکەی، لەگەڵ کوڕەزاکەی لە زیندانیان نا. هەستی بە ئەشکەنجەی دەروون دەکرد و ویژدانیشی ئازاری دەدا و لە دڵی خۆیەوە داوای لێبوردنی لە شاخەوان دەکرد و لە باوکی دەکرد کە سەری نایەوە و نەیبینی. لە دڵی خۆیەوە دەیگووت من چارەنووسی هەموویانم خستە خەتەرەوە و ئێستاش نازانم چییان لێ بەسەر دێ! بەڵام وەک هەموو کاتێ زوو لەو لۆمەکردنەی خۆی وریا دەبێتەوە و بە شانازییەکی ورەبەرزانەوە بەخۆی دەڵێ: نا سەید، تۆ هەڵەت نەکردووە، تۆ بۆ رزگارکردنی نیشتیمانە داگیرکراوەکەت بووی بە پێشمەرگە، پێشمەرگایەتی شەرەفێکی گەورەیە، ئەی ئەگەر تۆ گیان نەبەخشی و یەکێکی تر نەیبەخشێ و یەکێکی تر نەیبەخشێ، ئەم وڵاتە داگیرکراوە بە چی ئازاد دەبێت؟ ئینجا بە دەنگی بەرز خۆی نا بەڵکو ئەمجارە لە شێوەی سرودا نیشتیمان دەدوێنێ، سەیری شاخەکەی بەرامبەری دەکات و دەیڵێتەوە:

کوردستان نیشتیمانی کورد/ بەرز و پیرۆزی سوێندت پێ ئەخۆم/ بۆ سەربەخۆییت، بە خوێن و بە گیان/ بە ماڵ و منداڵ بە قوربانی تۆین/ کوردستان، کوردستان.

کوردستان بەرزەن بادینان/ چیای مەتین پیران هەندرین سەفین/ ئەزمڕ زمناکۆ بە گیان و بە کۆ، بە خوێنی ئاڵی لاوانت نەخشین/ کوردستان کوردستان/

کوردستان پەیمانم داوە/ یان ئازاد ژیان یان ئازا مردن/تازە بەسەر چوو وەک جاری جاران/ لە رووی داگیرکەر سەرنەویکردن/ کوردستان کوردستان.

کە لە سروودەکە بووەوە، هەستی بەسەربڵندی کرد و ئازارەکانی ناخی قووت دایەوە و پەڕاوێکی لە هەگبەکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە تەماشاکردنی لیستی ناوی ئەندامەکان و لە دڵی خۆیەوە گووتی: پێویستە ئەندامانی ناوشار سارد نەبنەوە و ورەیان نەڕوخێ، پێویستە هەر زوو نامەیەکیان پێ بگەیەنم و هانیان بدەم ئەوانیش خۆراگر بن.

بەو ئازارانەوە، پۆل پۆل لەو ئەشکەوت و کونەشاخانە خۆیان حەشار دابوو نەیاندەتوانی سەر دەربێنن، سوپای پیادە و جاشەکان هێشتا لەو ناوچانەدا بوون و دێ بە دێیان دەسووتان و دەڕووخان و تالآن دەکرد. لەو کونە شاخانەوە بە دووربین دەیانبینی ڕانەمەرە بەجێماوەکانی خەڵکی دێ لە لایەن جاشەکانەوە دراونەتە بەر و دەیانبەن. دەیانبینی دارەکان دەسوتێنن و کانییاوەکان کوێر دەکەنەوە. دەیانبینی ڕێگاکان مینڕێژ دەکەن.

سوپای پیادەی ئەنفال گومانی ئەوەی هەبوو پێشمەرگە لە گەرمیاندا مابێت، بۆیە لەو ناوە هەر مابوون و دێ بە دێ دەچوون و دەیانپشکنی. ئەو گومانەیان هۆی هەبوو، ئەو هەموو پێشمەرگەیەی کە تا دوێنێ شەڕی بەرگرییان دەکرد بەرامبەریان چییان لێهات؟ بە تایبەتیش چونکە لەناو ئەو خەڵکەی خۆیان ڕادەست کردەوە هیچ چەکدارێک نەبوو، هەموو وەک خەڵکی لادێکان خۆیان ڕادەست کردبوو، بۆیە دەیانویست هیچ کانییەک نەهێڵنەوە، سەرچاوەکانیان کوێر دەکردەوە ومادەی ژەهراوی کیمییان دەڕشتە نێو جۆگەلە و گۆمە وەستاوەکانەوە، تا چۆڕێ ئاوی پاک لە ناوچەکەدا نەمێنێتەوە نەوەک پێشمەرگە بیخواتەوە. بێستانەکان و باخەکانیان دەسووتان نەوەک پێشمەرگە هەبێت و لە بەری ئەو بێستان و باخانە بخوات. خەریک بوون و هەر لە ناوچەکەدا بوون و کێومالّیان دەکرد، ئەمان لە دوورە جولەی دوژمنیان دەبینی، جاشەکانیان دەبینی بە جلی کوردییەوە پێشیان کەوتوون، ئاخیان هەڵدەکێشا بۆ ئەو خیانەتەی کە ئەو کوردانە لە هاوزمان و هاونیشتیمانی خۆیانیان دەکرد.

هەفتەیەک تێپەڕی و بوو بە ناوەڕاستی مانگی نیسان، هەستیان کرد سوپا ئیتر وەو ناوچەیەی وەوانی تیان لە گەرمیان بەجێی هێشتووە و گەر ماشێ هێزی کەمیان لێرە و لەوێ ماوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیاندەویرا لە ئەشکەوت و کونەشاخەکانەوە بێنە دەرەوە لە ترسی ئەو هەزاران هەزار مینەی کە بۆیان چێندرابوو، ئەو هەموو کیمیاییەی کە کرابووە ئاوەکانەوە، ئاوی گۆماو و چەم و چالەبارانەکانەوە. مانەوە لەوێ لەو ماوەیە زیاتر، مەترسی لەناوچوونی تیابوو بۆ ئەو چەند سەد پێشمەرگەیە و هێزەکانی بەرگریی، کە چەکیان هەڵگرتبوو لەگەڵ پێشمەرگەدا بوون و چارەنووسیان بەوانەوە گرێ دا.

کە لە نێو ئەو کوونە شاخانەوە بە ماتی و خەمباری دانیشتبوون، هەر یەکەیان یەکێ لە داستانەکانی سەرکەوتنیان وەبیر دەهاتەوە، کە دواتر لە ئێستگەی دەنگی شۆڕشەوە لە چالاکییەکانی پێشمەرگەدا دەیانبیستەوە و خەندەی شانازی دەکەوتە سەر لێوەکانیان. لە ناکاو یەکێیان دەیدایە پرمەی گریان و شەهیدەکانی هاوڕێی وەبیر دەهاتەوە. ئەوانەی کە تا هەفتەی پێشوو چاوەکانیان پر بوو لە هیوا و خۆشەویستی و ئێستا هەر نازانن لە کوێن.

عوسمانی حاجی مەحمود، دڵی پڕ بووە و خەمی لێدەڕژێ، نەیدەتوانی سیمای نازم و هاورێ خۆشەویستەکان لە کەرتەکەی نازم لەبەر چاوی لابات، کە هەموویان پێکەوە هەفتەی پێشوو شەهید بوون.

عوسمان لە دڵی خۆیەوە کەوتبووە دواندنی خۆی و بیری دەکردەوە، زۆریش رقی هەڵسابوو، "ئەو هەموو خەڵکەی کە نائومێدانە ماڵ و حاڵەکانی خۆیان بە جێ هێشت و خوادەزانێ ئەو رژێمە چییان بەسەر دێنێ، ئەو رژێمە سڵ لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاییش ناکاتەوە و کێ دەڵێ هەموویان ناکوژێت؟! ئەم رژێمە بۆگەنە دەیەوێت کوردستان چۆڵ بێت و هەموو کوردیش سەرکووت بکات، ئەی ئەگەر نەهێڵین ئەو ئاواتەی بێتە دی و بمێنینەوە لەم هەردە و دەشت و گردۆکە و شاخ و دۆڵانە چی دەبێت؟! بۆ نا، بەراستی نابێت ئەم زێدەیان بۆ چۆڵ بکەین و ئاواتی دوژمن بێتە دی! راستە ئەوان ئێستا بە چەکی کیمیایی و بە تۆپ و تانک و تەیارە گورزی مردنیان لە شۆڕشی رزگاریخوازی کورد و خەڵکی کوردستان وەشاند، بەڵام پێویستە ئێمە ئیرادەی بەردەوامی و مانەوەمان تێدا بێت.» کە ئەم بیرانەی دەکردەوە، هەستی بە بینینی پڕشنگێک کرد لە شێوەی وزەی بەرگرییدا لە چاوەکانییەوە دێتە دەرەوە. هێزەکە خەریکی خۆئامادەکردن بوون بۆ کشانەوە، بەڵام ئەم هەر بیری دەکردەوە و نەیدەویست بڕوات و گەرمیان بەجێ بهێڵێت. بڕیاری دا لەگەڵ یەکێکی تر لەو پێشمەرگانە باسی ئەوە بکات کە بیری لێکردۆتەوە و حەمەڕەش بۆ ئەو نزیکترین بوو، چوە لای و پێی گووت:

– کاکە، ڕاستە بڕیاری کشانەوەی پێشمەرگە دراوە، بەڵام ناکرێ هەندێکمان بمێنینەوە و وەک پارتیزان درێژە بە خەباتی خۆمان بدەین؟ من وا بیرم کردۆتەوە و دەمەوێ بمێنمەوە، تۆ چی دەڵێی؟

– بیرکردنەوەیەکی دروستە، منیش پێم وایە دەکرێ وابکەین، منیش دەمێنمەوە، بەڵام دەبێ جارێ ئەم هێزەی ئامادەی کشانەوە کراوە بپەڕێنمەوە لە رێگای سلێمانی بازیان چەمچەماڵەوە، خۆم یەکسەر دەگەڕێمەوە.

– زۆر باشە، منیش لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تر قسە دەکەم و بزانم کێی تر لەگەڵمان دەمێنێتەوە.

– منیش لای خۆمەوە بە چەند کەسێکی تر دەڵێم، لە سەرەتاوە گروپێکی بچوکیش بین هەر باشە، گرنگ ئەوەیە بە تەواوی چۆڵی نەکەین.

عوسمان لەناو ئەو ئازارە گەورەیەی کە بەسەر گەلەکەیدا هاتبوو، بەم بڕیارڕدانی مانەوەیە، زۆر دڵخۆش بوو، هەستێکی پڕ لە شانازی لە لای دروست بوو بەو ئیرادەی بەرەنگاربوونەوەیە و لە دڵی خۆیەوە وزەی دەدایە خۆی و ئەو ویستەی دەبوژانەوە. لە ناخی خۆیەوە دەیگووت: «دڵنیام زۆر زۆر سەخت دەبێت پێشمەرگایەتی پارتیزانی لەم بارودۆخەدا کە هەموو شوێنێکیان

لێ کردووین بە ئاگر و سەرچاوەکانی نان و ئاویشیان لێ ژەهراوی کردووین، بەڵام لەوە سەختتر ئەوەیە ئەم کوردستانە بەتەواوی بکەوێتە ژێر دەستی بەعسەوە و هەست بکەن پیلانەکەیان سەری گرتووە.»، «زۆر سەختە بەڵام مەحاڵ نییە، هیچ شتێک مەحاڵ نییە، دەشێ دەرفەتێ دروست بێت و دووبارە ئەم وڵاتە ئازاد بکەینەوە.»

بریندارەکان، دوای هەفتەیەک و بە دوورکەوتنەوەی دوژمن ئینجا توانییان ئاخ و ئۆفێک بکەن کە برینە سەختەکانیان دەکولایەوە. ئەو خۆراک و ئاوەی پێیان بوو خەریک بوو کۆتایی دەهات، هەرەشەی تینوێتی و برسێتیش پێشهاتێک بوو دەبوو بیری لێبکەنەوە. پەیوەندییان کرد بە سەرووی خۆیانەوە و پێیان گووترا رەتڵ رەتڵ بکەونە ڕێ و خۆیان بگەیەننە لای ئەوان. هەموو پێشمەرگەکانی تیپەکانی تریش بە هەمان شێوە لە ناوچە جیاجیاکانەوە رەتڵ رەتڵ بەرەو ئەوێ کەوتبوونە ڕێ.

ڕێی وا دوور و پر مەترسی لە وڵاتێکی بەسووتماککراودا، بۆ پێشمەرگەی ماندووی گەلیکی قوڕبەسەرکراو، دەبێ چۆن تەواو بێ؟ مەرگەساتەکانی گواستنەوەی ئەو هەموو بریندارە بەو لێرەوار و زەلامەزێ سەختانە عەقڵی دەوێ وێنای بکات و شێت نەبێت، بەڵام لە ئاکامدا مرۆڤ سەرسەختە و هەر دەگاتە جێ. ژمارەیان لە پێنجسەد تێدەپەڕی و بەرەو ئەو جێگای بۆیان دانرابوو ڕێنومایی کران.

ئێران چەند ئۆردوگایەکی کاتیی لە کوردستانی ئەودیوو سنوور بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە هێرشەکان دەربازیان ببوو، تەرخان کردبوو. چەند دێییەک بوو کە بەهۆی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، دانیشتوانەکەی چۆڵیان کردبوو. بێجگە لە ژمارەیەکی کەم لە پێشمەرگەکان کە بڕیاریان دا لە کوردستان بمێننەوە وەک پیشمەرگەی پارتیزان، ئەوانیتر بەرەو ئەو ئۆردوگای پەنابەرییە چوون. پێشمەرگەکانی گەرمیان لە شوێنێ دانراناوی مەرگەوان بوو لە نزیک شاری مەریوان لە دۆڵێ بە ناوی دزلێ، دکتۆر ئاتیلا لەگەڵ ئەو رەتڵە پیشمەرگەیە بوو کە خۆیان گەیاندە ئەودیو و لە مەرگەوانی دزلێ مانەوە.

هەموو ئەوانەی ڕوویدا و پێشتر لە خەیاڵی کەسدا نەبوو شۆکی دەروونی بۆ زۆربەیان دروستکردبوو، بەهۆی ڕێی دوورودرێژ و پڕ مەترسیشیانەوە بەرەو ئەو سنوورە، قۆناغی شۆکەکە لە لایان چەقی بەستبوو، توانای بیرکردنەوەی راگرتبوون، بەڵام کە گەیشتنە ئەوێ وەک ئەوەی بەستەڵەکێ لە مێشکیاندا توابێتەوە، دەستیان کردەوە بە بیرکردنەوە لە کارەساتەکان و مەرگەساتەکان، لە شەڕەکان و لە شەهیدەکان، لە ئازیزەکانیان کە زۆر دوورن لێیانەوە و بیریان دەکەن.

ئاتیلا لە هەمووان پەریشانتر بوو، ئەو خۆشەویستەکەی چوو بوو، هەر لە هەفتەی یەکەمەوە لەوێ هەستی دەکرد بەقەد هەموو دنیا بیری فاتم دەکات. سات بە سات لە سۆراخی ئەو خەڵکانە بوو کە لە ملەسوورەوە گەمارۆ دران وبران و لە لایەن سوپا و جاشەکانی رژێمەوە، بەڵام لە کێ بپرسێ، هەموو ئەوانەی لەوێن وەکو خۆی لە کارەسات دەرباز بوون و ئەوانیش بۆ هەواڵی ئازیزانیان پەژمووردە و خەمبارن. دەیوویست هەواڵێ بزانێ، وەخت بوو شێت بێت ئەمجارە بۆ دیدارێکی نا، بەڵکو بۆ هەواڵێکی فاتم، بەڵام هیچ کەس هێشتا نەیدەزانی ئەوانە چییان لێ بەسەرهاتووە. نە سەرکردایەتی و نە بنکردایەتی و نە پێشمەرگە، کەس نەیدەزانی ئەوان کە لەوێوە چوون چییان بەسەر هات. گوێی لە ڕادیۆکان دەگرت و دەنگوباسەکانی دەنگی مۆنتیکارلۆ، بی بی سی، دەنگی ئەمریکا، ئیسرائیل، بەڵام هیچ، کەس باسی ئەنفالی نەدەکرد. کەس باسی شاڵاوەکانی ئەنفالی نەدەکرد، وەک ئەوەی هەموو ئەمانەی ڕوویانداوە بە نهێنییەوە ئەنجام درابێت. لە دەنگوباسەکانەوە، لە تەلەفیزیۆنەکانی ئێرانەوە بە چڕیی باسی کارەساتی هەڵەبجە دەکرا، دوو مانگ تێپەڕیبوو بەسەر ئەو کارەساتە و تا ئەو ساتە پێشمەرگەکان نەیانزانیبوو قەبارەی ئەو کارەساتە چەندە کە لەو شارە ڕوویداوە، کە لەوێوە و لە تەلەفیزیۆنەکانی ئێران و لە کەناڵەکانی جیهانەوە هەزاران تەرمی بەچەکی کیمیایی شەهیدبووی هەڵەبجەیان بینی، ئینجا بۆیان روون بووەوە کە چی کارەساتێکی لەوەش گەورەتر ڕوویداوە کە ئەمان بینییان!

ئاتیلا کە ئەوانەی دەدی، دەگریا و گۆرانی خەمباری دەوت و ئەمجارە لە سۆزی لاوانەکانییەوە خەمی لە قەتران ڕەشتر دەباری. گۆرانییەکەی شڤانی گوێ لێ بوو کە بۆ هەڵەبجەی گووتبوو، هاوار هاوار، فەرمانە فەرمانە، کاری دەکردە سەر دڵ و دەمارەکانی و هەموو جەستەی موچوڕکی پێدا دەهات و مووی لەشی بەرزدەبووەوە. دڕندایەتی ئەو رژێمە رقێکی ئەوەندە ئەستووری تیا دروست کرد کە هەرگیز لە یادی نەکات. دوای بینینی دیمەنەکانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، مەترسییەکی ڕاستەقینە کەوتە دڵییەوە و لە دڵی خۆیدا دەیگووت: «رژێمیکی ئەوەندە دڕندە، بە هەزاران کەسی لە هەڵەبجەدا بە کیمیای کوشتبێ، چۆن ئەو خەلکە ئازاد دەکات کە لەدێکانی گەرمیانەوە گەمارۆدران و بردران؟» کە منداڵە کۆرپەکانی دەدی چۆن بەرژەهری کیمیاکەتوون و چاوەکانیان پوکاوەتەوە، کە ژنەکانی دەدی مەمکیان لە دەمی ساواکانیانە و بە ژەهری کیمیای مردوون، کە پیرەمێرد و کە مندال و کە لاوەکانی دەدی چۆن بە چاوی کراوەوە ژەهرباران کوشتوونی، بە مەحاڵی دەزانی کە ئەو هەزاران هەزار گەرمیانییانەش لە دەستی ئەو رژێمە رزگاریان بێت. بە بینینی ئەوانە باری دەروونی وا شێوا کە نە دەیتوانی بە شێوەیەکی ئاسایی خۆراک بخوات و نەش دەیتوانی ئارام بخەوێت. ئەو ساتە کورتانەی کە دەخەوت، کابووسەکان هەراسانیان دەکرد و وەک شێت ڕادەپەڕی لە خەو و هاواری دەکرد فاتم مەکوژن، فاتم مەکوژن، من بکوژن بەڵام ئەو مەکوژن.

ئەودەمە زوو زوو ئەو کابووسە خەوەی بیر دەهاتەوە کە لە سەرەتای پەیوەندییەکەیان لەگەل فاتم، پێنج ساڵ لەوەوبەر بینیبووی، لە خەویا «لە ڕێگایەکی زۆر دوورەوە بە ئاستەم تارمایی فاتم دیارە و بەرەو لای ئەم دێ، نزیک دەبێتەوە و دەیەوێ باوەشی پێدا بکات، لەو ساتەدا بارانێکی ڕەش دەبارێ و هەردووکیان غەرق دەبن لە بارانێکی قەترانی و بارانەکە هێندە تاوە ناتوانن یەکتری ببیننەوە. دەگەڕێت و تەماشای هەموو لایەکی خۆی دەکات، دیار نامێنێت و نازانێت چی لێهات. بانگی دەکات، بەڵام دەنگی دەرنایەت و ئەو نایبیستێ.»

بە بیرهاتنەوەی ئەو خەوە دەداتە پڕمەی گریان و لە دڵی خۆیدا دەڵێ» ئەوسا من وام لێکدایەوە و لەوە دەترسام ئەو خەوە مانای ئەوە بێت کە کەسوکاری فاتم لێکمان دادەبڕن و ناهێڵن بۆ یەک ببین، کە ماڵی شێخ ئەو هەموو بەربەستەیان بۆ دروستکردین و کە ئەو هەموو ئازارەی من و فاتمیان ئەدا، چەندین جار ئەم خەوەم وەبیردەهاتەوە و ئەمووت خەوەکەم مانای ئەو لەمپەرانەیە کە ئەو داب و نەریتانەی ماڵی شێخ بۆمانی دروست دەکەن و لە یەکترمان دادەبڕن، ئێستا دەزانم لێکدانەوەکەی پێشووم وا نەبوو، ئەو بارانە ڕەشەی کە لە خەوەکەدا باری و ئێمەی لە یەکتر ون کرد بارانی کیمییای بوو کە رژێم بەسەر میللەتەکەماندا باراندی و من و فاتمی لەیەک دابڕی و ون کرد، هەزاران هەزاری وەکو ئێمەشی لە یەکتری دابری و ون کرد.»

گۆرانی، کە لە سەردەمی لاوێتیدا بۆ ئاتیلا بۆ چێژوەرگرتن بوو لە تەمەنی پر لە وزە و بزەی گەنجێتی، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە بە مەستی تێی دەچریکاند و لە خۆشیان وەکو باڵدارێک بە ئاسمانی سۆز و ئاوازەکانەوە هەڵدەفڕیی و کە گۆرانییەکەش تەواو دەبوو، وەک ئەوەی لەسەر دارسێوی ئەوین نیشتبێتەوە، دەخەنییەوە، بەڵام ئەو کاتەی کە گیرۆدەی عەشقێکی مەحاڵ بوو، گۆرانی بۆ ئەو بوو بە ئامرازێک بۆ دەربرینی قوڵترین خەم، بەڵام هێشتاش هەستی بە شیرینی خەمەکە دەکرد، چوونکە خەمی ئەوین، شیرینە وەکو هەنگوین. لەم شوێنە دوورە دەستەی سنووری ئێراندا ئیتر گۆرانی بۆ ئەو تاقە هۆکارێکە بۆ ئەوەی هاوار بکات، وەک ئەو هاوارەی بەدەم ڕاکردن لە بوومەلەرزەوە دەکرێت.

رژێمی ئێران گۆرانی قەدەغەکردبوو، هەر لەسەرەتای هاتنەسەرحوکمی خومەینییەوە، چونکە گۆرانی و چالاکی هونەری بە حەرام دەزانی. ئەم بڕیارە لە تەواوی وڵاتەکەدا دەبووایە پەیڕەوی بکرێت، لە دزڵیش کە ئەمانی تێدا بوون وابوو، دەبوایە بە پێی ئەو پەیڕەوانە بجولینەوە و موزیکلێدان و موزیکژەنی و گۆرانیگووتن و سەما و هەڵپەرکێ و هەموو چالاکییەکی هونەری قەدەغەبوو. ئەمە بۆ ئاتیلا زۆر ئاستەم بوو بتوانێت پەیڕەوی بکات، چونکە گۆرانی بۆ ئەو بە تایبەتی لەو دۆخەیدا یارمەتییەک بوو بۆ هەناسەدانی. ئەو بەردەوام بیری دەکردەوە و لە نێو ئەو خەمەدا غەرق دەبوو، دوای غەرق بوون هەناسەی تەنگ دەبوو، تەنها بە گۆرانی دەیتوانی هەناسە بداتەوە.

هێشتا هەفتەی یەکەم بوو لەو شوێنەدا و پەنگخواردنەوەی ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوانە لە بیریدا خەریک بوو دڵی لە قەفەزی سنگییەوە بێنێتە دەرەوە، هەستی بە هەناسە تەنگی کرد و لە نێو ئەو دۆڵەدا لە ژێر سێبەری دارێک بەرامبەر بە چیاکەی ئەوبەر دانیشت و بە هەموو هێزی دەنگی خۆیەوە  دەستی کرد بە گۆرانییەکی تورکی «گیتمە سێڤگویلم سەنە موهتاجم»، کە دەبێتە»مەرۆ خۆشەویستم پێویستم بەتۆیە»، هی زەکی مورەن، ئەو گۆرانیبێژەی عومرێکە لەگەڵ ئاواز و وشەکانیدا دەژیی، کە وشەکانی ئەو گۆرانییەش پر بە رۆحی، پر بە پێستی دۆخی ئەو بوو، لەو ساتەدا.

کە گۆرانی دەگووت چاوەکانی دەنوقاند، تەنانەت ماوەیەک دوای کۆتایی گۆرانییەکەش نەیدەکردەوە. ئەم گۆرانییەشی سێ جار بە بێ پچڕان بە سەر یەکەوە گووت و بە هەموو هەستەکانییەوە، بە سۆزیکی بێ سنوورەوە و بە بڵندترین توانای دەنگی. هاورێکانی دەیانزانی گۆرانی بۆ ئەو جێگەی گریانی گرتووە، بۆیە هەر کاتێ بە ماتی بیاندیبایە، دەیانزانی هەناسەی تەنگە و داوایان لێدەکرد گۆرانییان بۆ بڵێت.

هەواڵەکانی کە دەیانبیست هیچیان لەبارەی چارەنووسی ئەو خەڵکەوە نەبوون کە بەدەم لێبوردنی گشتی و لە بەر نەمانی چارەیەکی تر خۆیان رادەستی رژێم کرد، هەواڵەکان لەبارەی بەردەوامی هێرشەکانی ئەنفال بوون، کە دوای گرتن و سوتاندنی گەرمیان ڕووی لە دەڤەری تر کرد ڕاپیماڵێت. هێرشی دوای گەرمیانی سوپای ئەنفال بۆ سەر سنووری عەسکەر و گۆپتەپە بوو، دوای ئەویش هێرش بۆ سەر شەقلاوە و رەواندوز و دێهاتەکانی دەشتی هەولێر، ئینجا تەواوی دێهاتەکانی دەڤەری بادینانی کیمیاباران کرد و تا هەفتەی یەکەمی مانگی نۆش تەواو بوو، هەواڵەکان تەنها و تەنها لەسەر پەلامار و شاڵاو و لێدان بە چەکی کیمیا و گرتنی ئەو خەڵکە بێگوناهە بوو، کە ژیانێکی ساکاری خۆیان لە نێو ماڵی قوڕی لادێکاندا دەژیان و سوپاسگوزاری خوا بوون کە کەمێ دۆی مەشکە و ساوەر و نانی گەنمیان هەبێت بۆ خواردن، بەڵام رژێم هەموویانی دا لەبەر و بردنی بۆ ناشوێنەکان لە جوگرفیا ترسناکەکانی عێراق، کە نەدەشیا ناوی وڵاتی لێ بنێی و دەبوو پێی بووترایە سەربازگەیەکی گەورە.

عوسمان و حەمەڕەش، سەرەتا دەستەیەک پیشمەرگەی تریان قایل کرد ون بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەرمیان مانەوە. دەیانزانی سەختترین ژیان و مەترسیدارترین چاوەڕێیان دەکات، بەڵام ئەوە بڕیاڕی ویژدان و دڵیان بوو، باوەڕیان بەو هەنگاوەی خۆیان پتەو بوو.

لە نێو ئەو هەموو نیگەرانییە بێسنوورەدا ساڵی هەشتاوهەشتیان تەواو کرد و هەمووان ئاواتیان دەخواست ساڵی هەشتاو نۆ جیاواز بێت و باش بێت بۆ کورد. ساڵی هەشتاوهەشت ئەوەندە ژانئامێز بوو لە جیهانی هەستەکاندا وەک هەشتا وهەشت ساڵ تێپەڕی.

سەرەتای سالّی هەشتاونۆ، تاکوتەرا هەوالّ دەگەیشت لەبارەی ئەو خەلّکانەی کە گیران چییان لێ بەسەرهێنراوە. هەوالّەکان دەمادەم دەگەیشتنە ئەو شوێنەی کە دکتۆر ئاتیلا و هاورێکانی تیا دەژیان. ئەو هەوالانە نەگەیشتبان باشتر بوو، چونکە بە گەیشتنیان باری دەروونی ئاتیلا تەواو وێران بوو، زانی کە فاتم گیراوە و لە سەحرای عەرعەر لە زیندانە بەدناوەکەی نوگرەسەلمانە و لەبەردەستی دڕندەکاندایە! لەمەودوا چی بکات و چۆن بژی؟

چی بکەم و چۆن بژیم خوایە؟ ئەمە پرسیاری بەردەوامی بوو لە خوا و بڕیاڕی دا زیاتر نوێژ بکات و نزا بکا و لە خوا بپاڕێتەوە فاتم لە دەستی ئەو دڕندانە ڕزگاری بێت.

## ((١٩))

# دۆزەخێک لە عەرعەر

شتێک نەماوە لەناو دڵیاندا ناوی ئومێد بێت بۆ رزگاربوون. لەوەتی گواستراونەتەوە بۆ ئەم شوێنە وەک کۆیلە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت. هەر وێستگەیەک کە بردیانن لە هی پێشتر خراپتر بوو، ئێستا خۆزگە بە دۆزەخەکەی تۆپزاوا دەخوازن. مەحاڵە دۆزەخ لە دنیایەکی تر بێت، ئەم بیابانە دۆزەخە و ئەم زیندانەش سەرچاوەی کووانووی ئاگرەکەیەتی.

کە هێنایانن هاوین بوو، کچەکانی دێ، کە وەک گوڵی گەشاوە بوون، پەڕ پەر هەڵدەوەرێن. نزیکەی ساڵێکە لەو شوێنە دەبنە شاهیدی هەڵوەرینی گوڵەکان. فاتم، کوڵمە گەشەکانی جارانی نەماوە و وەک لیمۆ زەرد هەڵگەڕاوە، چاوەکانی چوونەتە قوڵاییی و قژە درێژە خورماییەکەی تەنک بووەتەوە. گیانی بەوەیە ئاوێنەیەک نییە خۆی ببینێت، هۆی ئەوەیە هێشتا شێت نەبووە و بیر دەکاتەوە. بیری ئەو وەک باڵدارێکی ئازاد هەڵدەفڕێ و دەڕوا و ئاسۆکان دەبڕێ، لە هیچ کوێیەکی ئاسمانی بیابان پشوو نادات و هەر دەفڕێت و دەفڕێت. دەگاتەوە لای چیاکان و لەوێ نزم دەبێتەوە، بەڵام هێشتا هەر هەڵدەفڕێت و نێو کونەشاخەکان و دۆڵە قوڵەکان دەپشکنێ و بۆ یارەکەی دەگەڕێت. دەزانێ ئێستا ئارامی لەبەر بڕاوە و ترسی ئەوەی هەیە شێت بێت. دەیەوێ لەو گەشتی فڕینەدا بیدۆزێتەوە و پێی بڵێت خۆشەویستەکەم خەمت نەبێت من ماوم، کە وا بیردەکاتەوە گومان دڵی دادەگرێت و لە خۆی دەپرسێت، ئەرێ بەراست من ماوم؟ ئاخۆ من لە ژیاندام یان کوشتوویانم؟ ئەی ئەگەر لە ژیاندام بۆ لە نێو ئەم دۆزەخەم؟ دەشێ کوشبێتیانم و ئەمە ئەو دنیا بێت و خوا لەبەر گوناهەکانم فڕێی دابمە دۆزەخەوە! بەڵام بۆ دەمخاتە دۆزەخەوە؟ من چ گوناهێکم کردبوو؟ تۆ بڵێی خۆشەویستی گوناه بێت؟ تۆ بڵێی دایکان و باوکان هەقیان بێت کە رێگریی لە خۆشەویستی دەکەن؟ بەڵام ئەوەی ئێمە کردمان بە هیچ پێوەرێک نە هەڵە بوو نە گوناه، ئێمە رۆحمان تێکەڵ بە یەکتری بوو بوو نەک جەستەمان، ئێمە خواشمان فەرامۆش نەکردبوو، هەردەم دەمانپەرست و خۆشمان دەویست! ئەی ئیتر بۆ منی خستۆتە نێو ئەو دۆزەخەوە؟

باڵەکانی هەست و نەستی لێک دەدات و بەدەم فڕینەوە لە یارەکەی دەگەڕێت، وەختە شێت بێت کە لە هیچ کوێیەکەوە دیار نییە. جاران دەهاتە نێو چەقی خەیاڵەکانییەوە، بەڵام ئێستا دەرناکەوێت. ترس دایدەگرێت؟ نەوەک شەهید بوبێت؟ چاوی داخستووە و نزا دەکات، خوایە تکا دەکەم هەرچی نزایەکی ترمت قبوڵ نەکردووە ئەمەیان قبوڵ بکە، خوایە یەک چرکە دوای ئەو نەژیم.

دەیزانی هێشتا لە ژیاندایە، چونکە ئەگەر لە ژیاندا نەبوایە هەستی پێ دەکرد، مادەم هێشتا چاوەکانی ڕووناکی دەبینێ، ئەو لەژیاندایە، چونکە تاقە سەرچاوەیەک ڕووناکی ببەخشێتە هەست و نەستەکانی، ئاتیلایە. مادەم لە نێو ئەم زیندانە تاریکەشدا هەست بە ڕووناکییەک دەکات، مانای وایە خۆشەویستەکەی هێشتا هەناسە دەدات و بای ئەم زەمینە هەڵدەمژێت. لە هەر کوێیەکی دنیایە قەینا، گرنگ ئەوەیە لە ژیاندایە و لە شوێنێکی ئەم دنیایەدایە. ئیتر دەزانێ ڕێیەک نییە بیگەیەنێتەوە بەو، بەڵام ئەو دەبینێت بە چاوی نەستی دەیبینێت، بە ترپەی دڵی خۆیدا بۆی دەردەکەوێت ئەویش هێشتا دڵی لێ دەدات.

برینەکانی دەموچاوی هێشتا چاک نەبوونەتەوە، ئەو ڕۆژەی دڕندەکانی ڕژێم هاتن چەند کچێکی جوانیان هەڵبژارد و بردیان، یەکسەر بە نینۆک هەموو دەموچاوی خۆی هەڵدڕی، بۆ ئەوەی هیچ جوانییەک لە روخساریدا نەمێنێتەوە. روخساری ئێستای لە کچێکی بیست و چوار ساڵیی ناچێت، ئەو بەو برینانەوە کە شوێنەکانی لەسەر دەموچوی هەوییان کردووە وەک پیرەژنێکی شەست حەفتا ساڵە دەردەکەوێت. دڵنیابووەتەوە لەوەی ئیتر کچێکی جوان نییە و نایبەن. دەیزانی ئەگەر ئێستا ئاتیلا بەو روخسارەوە بیبینێت شێت دەبێت و لۆمەی دەکات بۆچی وای لە خۆی کردووە و چۆن توانیویەتی ئەو دەموچاوە فریشتانەی خۆی هەلاهەلا بکات. لەبەرخۆیەوە کەوتە دواندنی خۆشەویستەکەی: بمبوورە عەزیزم، بۆ ئەوەی دەستی گڵاوی ئەوانم بەرنەکەوێت، بۆ ئەوەی لەبەر جوانی نەمبەن و نەمفرۆشن بە عەرەبەکانی بیابان، بۆ ئەوەی لەسەر بەڵێنی خۆم بم و لەو دنیا بە تۆ بگەمەوە، ویستم لە جنۆکە بچم نەک فریشتە، بۆیە بە نینۆک دەموچاوی خۆم هەڵدڕی و ئێستاش برینەکانم دەکزینەوە. سوپاس بۆ خوا ئەو پیاوانە کە دەمبینن بێزم لێ دەکەنەوە و بە تایبەتی حەجاج، ئەو پیاوەی کە بەرپرسی ئێرەیە و لە ستەمکارییدا وێنەی نییە. ئێرە پێی دەڵێن نوگرەسەلمان ئازیزم، دەزانم ئێستا دەتەوێ بزانی لە کوێم. من لە نوگرە سەلمانم و هیچ سیمایەکی مانەوە هەست پێ ناکەم. دەستە خوشکەکانی ئێرەم وەک گوڵ هەڵدەوەرێن، براژنم و خوشکەکەم، مردن و بە بەرچاومەوە تەرمەکانیان بردە دەرەوە و نازانم، دەڵێن سەگ دەیانخوات. دەشێ ئەوە چارەنووسی منیش بێت ئازیزم، دەشێ منیش لاشەکەم فڕێ بدرێتە بەردەم ئەو سەگانەی تێرناخۆن لە گۆشتی مرۆڤ. هەر کاتێ گۆشتیان نەبێت و مردوویەکیان نەبێت دەست دەکەن بە وەڕین، کە ئەوان دەوەڕن حەجاج گەنجێک سەربەرەوخوار

هەڵدەواسێت و تێی بەردەبێت بە کێبڵ و بە سۆندە، خۆی تا دە کێبڵیان تێ دەسرەوێنێ و بە جێیان دێڵێ بۆ ئەوانی تر، سیان تێی بەر دەبن و خوێن وەک جۆگە بازرەقە دەبەستێت، کە دڵنیابوون مردووە وازی لێ دەهێنن و بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، لەو کاتەدا ئێمە دێننە حەوشە تا ببینین، ئەمە گەورەترین ئەشکەنجەیە بۆ ئێمە و زراومان چووە. من نازانم چۆن تا ئێستا بەرگەم گرتووە و نەمردووم، نازانم چاوەڕێی چی دەکەم خۆ هیچ تروسکەیەکی هیوا بەدی ناکەم. گومان دەکەم لەبەر تۆ بێت هێشتا ماوم، چونکە تۆ ماویت و لە شوێنێکی ئەم دنیایەدا دەژیت. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە یەقینم لایە گەر من بمرم تۆ لە دووری هەزاران هەزار میلەوە هەستی پێ دەکەیت و دەمریت. من نامەوێت تۆ بمریت، بۆیە بەرگەی ئەم ئەشکەنجەی دۆزەخەم گرتووە و نەمردووم.

فاتم وەک ئەوەی تیرێ لە باڵی خەیاڵەکانی دابێت، راچلەکی و کەوتە خوارەوە. هاواری کچە چواردەساڵییەکەی کە بەدەم رشانەوەوە دەیقیژاند، تیر ئاسا هەستەکانی پێکا و هێنایەوە نێو دۆزەخی نوگرەسەلمان. رشانەوەکەی خەست و خوێناوی بوو، وەک ئەوەی ئەوە گیانی بێت و لە شێوەی کڵۆی خوێن جەستەی بەجێ بهێڵێ، دوای کڵۆخوێنەکان، گیانی سپارد.

سەیرە، چیتر ئەو مردنانە هیچ کاریگەرییان نەماوە و هاوڕێکانیان وا راهاتوون بەو مەرگانە، فرمێسکیش ناڕێژن. دەشێ هۆی ئەوەش بێت کە فرمێسکیان نەماوە و سەرچاوەی فرمێسکیان وشکی کردووە. نەک هەر فرمێسک، هیچ تەڕاییەک لە جەستەیاندا هەست پێ ناکرێت. ئێسکەکانیان بە زەقی دەرکەوتووە و کە دەست بۆ قەفەزی سنگی خۆیان دەبەن، یەک بە یەک پەراسۆکانیان دەژمێرن.

سەگەکان هێشتا لە خواردنی لاشەی کوڕە گەنجە هەڵواسراوە بە کێبڵ کوژراوەکە، نەبوونەتەوە، ئەوەتا بانگهێشتی لاشەی کچێکی چواردەساڵیش کران. فاتم، لە سەرسەختی خۆی سەرسام دەبێت، دووبارە گومان دەکات لە بوون و نەبوونی خۆی، لە مانەوە و مردنی خۆی. بەدەم ئەم ڕامان و سەرسامییەوە خەوێکی قووڵ، زۆر قووڵی لێ دەکەوێت.

خەوێکی زۆر سەیر دەبینێت، خەونەکەی ئەوەندە ڕوونە دەڵێی راستییە، ئاتیلا دەبینێ لە نێو دێیەکدا پیاسە دەکات کە دەکەوێتە دۆڵێکی نێوان دوو شاخی بڵند. ریشی بستێک درێژە و قژەکەشی دوو بست، چاوی تەڕ تەڕە، سەیری هیچ کوێ ناکات و دەڕوا و دەڕوا، دەبینێ لە سێبەری دارهەنارێک دانیشت، دەستی کرد بە گۆرانی وتن، وشەکانی لە هەڵاوی ئەو تەنوورە دەچوو کە لە دێی بنەکە لە نێو حەوشەیان بوو، بە تایبەتیش هالاوی ئەو جارەی کە نانی دەکرد و یەکەمین نانی دا بە ئاتیلا. گۆرانییەکەی زۆر خەمبار بوو، دەنگیشی زۆر لە جاران خەمبار تر،

بە گۆرانییەکەدا زانی ئاتیلاش بێ ئومێد بووە لە دۆزینەوەی ئەو، دەنگی و وشەکانی بەردیشیان دەهێنایە جۆش و خرۆش:

له زیادبووندایه ئێشی دڵ، برینداری شێخ زادەیە
من تامەزرۆی بەحری عەشقم لە چاوانی فاتیمەیە.
چەرخی رۆژگار، پیسسی بەعسی، ئاوارەی ئێرانی کردم
بێ گوناهم، مەکەن لۆمەم، بە نیگای چاو، دڵی بردم
کافرێک بووم فێری کردم کەوا چۆن رووکەمە مزگەوت
ئەو لە عەرعەر، من لە دزلّی، وا گڕم گرت هەر وەکو نەوت
بە ئەنفالێک گوڵی ژینم بە شێوەیەک دوور کەوتەوە
ئەگەر خوا ئارەزووی لێ بێت دووبارە یەک دەگرینەوە
من دکتۆرم بۆ برین و ژانی زۆربەی هاوەڵانم
بۆ دەردی خۆم جگە لە ئاخ، سووتام، برژام، هیچ نازانم
بەو پەیمانەی بەتۆم داوە پێنج فەرزە نوێژ دەخوێنم
هەموو کاتێ، لە پێش نوێژا فاتیمە ناوت دەهێنم
چونکە ناوت تاجی سەرە، خوێنی دڵە، خەم رەوێنە
دە ئەی تریفەی مانگەشەو، لە گەرمیانۆ خەبەر بێنە
بڵێ دکتۆر، ئەی دێوانە، ئەی سووتاوی رووی زەمانە
وا فاتیمە بۆ گەرمیان هات، دووبارە تەشریفی هێنا
دەبم بە سۆفی خوایە گیان، لە تەکیەکەی بابی فاتم
هەوراز دەبڕم بە شەوی تار، دەگەمە لات، ماندووم، ماتم
ئەو کاتە فرمێسکی خۆشی گۆنای هەردووکمان تەڕ دەکات
هەست دەبزوێ، دڵ لێ دەدا، باخچەی ژیان بەفەڕ دەکات
لە شیرینی شەربەتی لێو، هەر یەک خەڵات داوا دەکەم
بڵێ بمرە، خۆش بە حاڵم، جەرگ و دڵ بە فیدا دەکەم
ئەوانەی من دەیڵێم خوایە، ئەترسم هەر خەیاڵ بێ و بەس
کافرێ لێکی دابڕیووین، مەحاڵە ڕەحم کا لە کەس
دەسا برین هەتا دێ زیاد دەکا و لێی ئەچێ زوخاو
عەرعەر و دزلّی قەفەزن بۆ دوو دڵی عاشق و داماو.

لەگەڵ گۆرانییەکەی تەواو کرد، چاوەکانی سڕییەوە، سەری هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد، باران دەباری، ئاسمان خۆی لەبەر بۆکڕوزی هەناسەی نەگرت و گریا. هەڵنەستا و بارانەکەش تا دەهات زیاتر دەبوو. ئەم بانگی دەکرد و ئەو نەیدەبیست، لە خەو ڕابوو، بەدەم ناوهێنانی ئاتیلاوە، بەدەم هاوارێکەوە کە وەک چەقۆ گەرووی شەق دەکرد.

سەیری دەوروبەری خۆی کرد و دەستەخوشکە لات و پاتەکانی بینی و خوێنی سەر دیوارەکان و هی سەر زەمین، رشانەوەی کچە تازە گیانسپاردووەکەی بینی و زانی ئەوەی بینی خەون بوو، بەڵام چ خەوێکی سەیر بوو، هەموو خەوەکەی هێنایەوە بەرچاوی خۆی و گۆرانییەکەش لە گوێیا هەر دەزرِنگایەوە و سەرسامی کردبوو. نەیدەزانی ئەوەی ڕوویداوە خەون بووە، یان رۆحی لەو کاتەدا ئەو زیندانەی بەجێ هێشتووە و رۆیشتووە و گەڕاوە و دلدارەکەی دۆزیوەتەوە. هاوڕۆحەکەی دۆزیوەتەوە و بە چاوەکانی خۆی بینی. بە شێوەیەکی دڵنیاییەوە و بە باوەر بە خەونەکەی کە دەشێ گەشتی رۆحی بووبێت، بە خۆی ووت: کەواتە ئاتیلا شەهید نەبووە و رزگاری بووە و گەیشتووەتە ئێران. لە ئێران لە دێیەکی نێوان دوو دۆڵ دەژی، کە دارهەنارێکیشی تێدایە و ئەم کردوویەتی بە پەنای رۆحی خۆی و لە ژێریا گۆرانی دەڵێت. چ خەمناک بوو گۆرانییەکەی، کەواتە ئەو دەزانێ من لە کوێم، ئەو دەزانێ من لە بیابانی دۆزەخئاسای عەرعەرم. دەبێ چۆن زانیبێتی؟

((٢٠))

# گەڕانەوە بۆ گەرمیان

یەکێ لە پیشمەرگە پارتیزانەکان، لەوانەیە کە لە گەرمیان مابوونەوە هاتە دزلّی و یەکسەر پرسیاری ئەوانی لێ کرد، ئەو گووتی کە هەندێک لە خەڵکی دێکان، ئەوانەی تەمەنیان لە شەست بەرەو ژووره، لەگەڵ هەندێ منداڵی ژێر تەمەنی دەساڵ بەردراون و ئێستا هاتوونەتەوە بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان. ئەوان گێڕاویەنەتەوە بۆ کوێ براون و چییان لێ بەسەر هاتووە. دوا مەنزڵگایان بیابانی عەرعەر بووە لەسەر سنووری عێراق و سعودییە، شوێنێک زۆر نزیک لە ماڵی خوا، لە مەزاری پێغەمبەری خوا. لەوێ بە ئەشکەنجەوە، بە زام و ژان و ناسۆرەوە، بە خەفەتەوە دەیانکوژن.

هەر ئەو پێشمەرگەیە گێڕایەوە کە یەکێک لەو پیاوانەی کە هاتووەتەوە، بە دزییەوە بۆ خێزانەکەی خۆی گێڕاوەتەوە کە گەنجەکانی هاوتەمەنی ئەویان بردووە و لە بیاباندا چاڵیان هەڵکەندووە و دەستریێژییان لە هەموو خەڵکەکە کردووە و بە کۆمەڵ فرێیان داونەتە نێو چاڵەکانەوە. ئەم بە برینداری لە نێو یەکێکیانەوە ڕای کردووەو بە پێ بە دەشت و چۆڵ و بیاباندا کەوتووە و هەستاوەتەوە و پێیەکانی هەلا هەلا بوون، تا لە ئەکامدا گەڕاوەتەوە و باسی ئەو مەرگەساتانەی کردووە.

ئافرەتەکان گێڕاویانەتەوە کە کچانی گەنجیان جیاکردۆتەوە، کوڕانی گەنجیان جیاکردۆتەوە، منداڵی سەرووی دەساڵیان جیاکردووەتەوە و پیرەمێرد و پیرەژنانیشیان جیاکردووەتەوە. هەر خێزانێکیان دابڕاندووە لە یەکتر و لە چوار پێنج شوێنی جیاواز زیندانییان کردوون و دواتریش گروپ گروپ بۆ چاڵەکانی مەرگ لە بیابانی عەرعەر ڕاپێچیان کردوون.

ئەم هەواڵانە جەرگ و دڵ کوون دەکەن، لەوەتی ئەو هەواڵانەی بیستبوو، هەستی دەکرد بەسەر ئەو دنیایەوە نییە، تاوێ بێ ئومێد دەبوو، تاوێکی تر ئومێدی بۆ دەهاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەیگووت: نا هێشتا فاتم ماوە، نەیانکوشتووە، ئەگەر ئەو مردبایە بێ شک من هەستم پێی دەکرد، گوێم لە ترپەی دڵییەتی، ئاخر ترپەی دڵی من و ئەو بەیەکەوە لێدەدەن و بەیەکەوە دەوەستن، ئێمە وا بڕیارمان داوە، بەڵێن و پەیمانمان بۆ یەکتری بەو جۆرەیە بۆیە لە دووری هەزاران هەزار کیلۆمەتریشەوە هەست بە ترپەی دڵ و هەناسەکانی دەکەم. بەڵام دڵنیام ئەو لە شوێنێکی زۆر زۆر خراپدایە، جاروبار هەناسەی تەنگ دەبێت، چونکە منیش لێرەوە هەناسەم توووند دەبێت. ئەو ئازارێکی زۆری هەیە و بریندارە، من بە چاوی دڵم دەیبینم هەمووو دەموچاوی خوێناوییە و برین پەڵەپەڵەی کردووە، بەڵام ئەو هەر جوانترین کچی ئەم دنیایەیە، بەڵێ بە چاوی دڵی خۆم دەیبینم چەند جوان و شیرینە. لە تینوانا وشک بووە، لە برسانا لاواز بووە، بەڵام هێشتاش هەر دەڵێی شاجوانی ئەم دنیایەیە، من بە چاوی هەستەکانم دەیبینم. دەڵێن دایکی و باوکی بەردراون و هاتوونەتەوە بۆ کەلار، ئاخۆ حاڵی ئەوان چۆن بێت کە هەمووو خێزانەکەیان تیاچووە و بە تەنیا خۆیان ماون؟ دەڵێن تەنها کچە بچووکەکەیان بۆ ماوەتەوە و لەگەڵیان بووە، ئەو کچۆڵەیەی کە نامەکانی بۆ فاتم دەنووسی، ئاخر تەنها ئەو خوێندەوار بوو لە نێویاندا. گومانم لەوە نییە کە ئێستا ئاواتی مەرگی خۆیان دەخوازن. تۆ بڵێی ئێستا پەشیمان نەبووبێتنەوە لەو هەمووو هەست بریندارکردن و دڵشکاندنەی من و کچەکەیان؟ نە من و نە فاتم قەت هیچ نزایەکی خراپمان لێیان نەکرد، ئەی بۆ وایان لێ بەسەرهات؟ خۆ من گەردنی هەموویانم ئازاد کرد، خوێن لە برینی دڵم دەچۆڕا و گەردنیشیانم ئازاد کرد، بڕواناکەم فاتمیش نەیانبیەخشیبێت، ئەی کەواتە بۆ وا جگەرسووتاویان کردن. هۆی نەکوشتنی ئەوان چی بوو لە لایەن بەعسەوە ئەشکەنجەدان نەبێت؟! ئەوان نەیانکوشتوون بۆ ئەوەی تا دواهەناسە ئازار بچێژن، تا بە ئەشکەنجەوە بمرن!.

هاوڕێکانی دێنەلای بۆ ئەوەی دڵی بدەنەوە، هەموویان هەستیان کردووە لەو ڕۆژەوەی هەواڵە خراپەکان هاتووە، بەردەوام بیری گەشتی کردووە و هۆشی بەخۆیەوە نییە. گۆرانی دەڵێ دەمێ بۆ دووری فاتم و دەمی بۆ دووری دایکی. زۆر بیری دایکیشی دەکات، زۆر زۆر تامەزرۆی دیدارێکی دەکات و دەزانێ ئەویش چەند بیری ئەمی تاقانە دەکات. مانگەکان تێدەپەڕن و ئەم هەمووو ڕۆژێکی ئەو مانگانە بیریان دەکات. دیداری فاتم بۆ ئەو ئەستەمە، ئەی خۆ دایکی لە عەرعەر نییە، ئەو لە کفرییە و هەرچۆنێ بێت دەبێ چاوی پێ بکەوێت.

شانۆی ئەو دیدارە دەهێنێتە بەرچاوی خۆی، دایکی هەردووباڵی بۆی دەکاتەوە و ئەمیش وەکو بووبێتەوە بە کۆرپەیەکی گرینۆک لە ئامێزیا دەگری و ژیر نابێتەوە. دەستەکانی ماچ دەکات و دەموچاوی ماچ دەکات و دادەنوشتێتەوە هەردوو قاچەکانیشی ماچ دەکات. ژێر پێیەکانی ماچ

دەکات و دەڵێ دایەگیان گەردنم ئازا کە، من تۆم بە تەنیا جێهێشتووە لەو ڕۆژگارە سەخت و دژوارە، بمبوورە دایەگیان.

تەنانەت ڕۆژگارە هەرە سەختەکانیش تێدەپەڕن و بەشێکی تەمەن لەگەڵ خۆیاندا دەپێچنەوە. دەردەسەرییەکانی ساڵی هەشتاوهەشت و هەشتاونۆ لە ژمارە نەدەهاتن، بەڵام تێپەڕین. کەڵکەڵەی بینینی دایکی تا دەهات زیاتر شاڵاوی بۆی دەهێنا، وەک ئەوەی قەرەبووی فاتمیش هەر بەو بداتەوە. بڕیاری دا بچێتەوە دێیەکانی گەرمیان و لەگەڵ دەستەیەکی پێشمەرگەی پارتیزاندا لە دەوروبەری کفری بمێنیتەوە، تا دەرفەتێکیشی بۆ هەڵکەوێت و دایکی ببینێت.

چەند پێشمەرگەیەک لە پارتیزانەکان ماوەیەک بوو بۆ پشوو وەرگرتنێک هاتبوونەوە بۆ دزلێ، سەی جەوهەر سەردەستەیان بوو، لە هاوینی ساڵی نەوەتدا دەبوو بگەڕێنەوە بۆ لای هاوڕێکانیان. دکتۆر ئاتیلا بڕیاری دا لەگەل سەی جەوهەر و ئەواندا بڕواتەوە بۆ گەرمیان.

ڕێگایەکی زۆر دریژ و سەخت بوو، دوو هەفتەی دەویست تا بگەنە لای ئەو دەستانەی کە لە دەوروبەری کفری دەمانەوە. گەیشت و لەگەل دەستەکەی عوسمانی حاجی مەحموددا مایەوە. ئەم ژیانەیان زۆر سەخت و دژوار بوو، پێی سەیر بوو ئەو هاوڕێیانە دوو ساڵە بەم شێوە سەختە گوزەرانیان کردووە، سەرەڕای ئەوەش دەیبینی ورەیان بەرزە و گاڵتەش دەکەن و پێدەکەنن. کە هاتە لای ئەم هاوڕێیانەی کەمێ خەندەش گەڕایەوە بۆ سەر لێوەکانی، ڕووخۆش و دەم بە خەندە و ورەبەرز بوون، لەوانەوە وزەی گەشی وەردەگرت. لە نێو ئەو ئەشکەوتانەدا کە کردبوویان بە جێگەی حەوانەوە، زەخیرەی خواردنیشیان هەبوو، شتەکان کەم و ساکار بوون، بەڵام کە بەدەم نوکتە و قسەی خۆشەوە لێیان دەنا و پێکەوە دەیانخوارد، زۆر بە تام و چێژ بوو.

هەموو بە خەمەکەی ئاتیلایان دەزانی و نەیاندەویست برینی بکولێننەوە و لەو بارەیەوە هیچ پرسیاری لێ بکەن، بەڵام ئەو پێویستی بە پرسیار نەبوو، هەر خۆی زوو زوو ناوی دەهێنا و لە نێو هەر گۆرانییەکدا کە دەیگووت، بە هەرچی زمانێک بووایە ناوی فاتمی تێدەخست. هەموو هاورێکانی ئەو سۆزەیان لەبەر بوو کە گەرمیانیانە دەیان جار دەیگووتەوە:
دارەکەی سەرکەل وەک سووتەمەڕۆ/ دەبا من بکوژن فاتم ڕەنجەڕۆ. گوڵاڵەی بەهار دەشنێتەوەفاتەم لە عەرعەر بیر ئەکاتەوە ئاخ ئاخ ئای ئەمان ئای ئای

کەڵوەزەی پشتم شەقار شەقار بێت/ هەر پێنج پەنجەکەم پڕ لە بزمار بێت/ هەی هاوار
ڕێگای نزیکم لە بەسرە وەخوار بێت/ بەڵام بەو شەرتەی برادەرینە چاوم لە یار بێ
لە بن ئاسمانێک فاتەم لێ دیار بێت/ ئاخ ئەمان ئەمەن/ ئاخ ئەمان ئەمان
لە ئێرانێ دێم فاتە گیان گڵالە ڕێمە/ لە دوای باڵای تۆ هەر باوکەڕۆمە/ هەی هاوار هاوار

ماوەیەکی زۆر بوو هەواڵێکی جیاواز نەدەبیسترا، جگە لە جەرگبڕەکانی پێشوو کە دووبارە دەبوونەوە و ئازەرەکانیان جۆش دەدا، شتێکی نوێ نەبوو. خۆشبەختانە شتێ ڕوویدا، جیاواز و سەیر، پێدەچوو ئەم ڕووداوە گۆمە مەنگەکە بشڵەقێنێ.

لە سەرەتای مانگی ئابدا بوو، هەواڵێکی سەیر لە بارەی ڕژێمی سەددام و سوپای عێراق بیسترا، کە بوو بە هەواڵی یەکەمی هەموو میدیاکانی جیهان. پێشمەرگەش لە ڕادیۆکانەوە چرکە بە چرکە بەدوای هەواڵی نوێ و نوێتردا دەگەڕان. سوپای عێراق، لە دووی ئابدا وڵاتی کوەیتی داگیر کرد و ناوی نا پارێزگای نۆزدەیەمی عێراق. وڵاتانی زلهێز هاتنە سەر خەت و داوای کشانەوەی سوپای عێراقیان دەکرد، بەڵام ڕژێمی سەددام گاڵتەی بەو زلهێزانە دەهات و بە پێچەوانەشەوە لە تەلەفیزیۆنەکانی خۆیانەوە نومایشی تازەترین موشەک و چەکە قورسەکانی دەکرد کە لە کارگەکانی خۆیان بەرهەمیان هێناوە. وڵاتی سعودییەی عەرەبی بە تەواوەتی تەنگاو بوو، هەستی بەو مەترسییە دەکرد بۆ سەر خۆیشی. وڵاتانی تری کەنداو، دەترسان لەوەی سوپای عێراق پەلاماری ئەوانیش بدات. ئێران، کە ئەوەندە نەبوو لە شەڕی خۆی دژ بە عێراق بەرێککەوتنێک ئاگربەستیان کردبوو، شاگەشکە بوو بوو، چونکە دەیزانی ئەوەی سەددام کردوویەتی گەوجێتییە و کوەیت چونکە دەوڵەتێکی دانپیانراوی خاوەن نەوتە، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بێدەنگ نابن و لەسەری دێنە دەنگ. کۆمەڵەی نێودەوڵەتی وەفد لە دوای وەفدیان دەناردە لای سەددام بۆ داواکردنی کشانەوە، بەڵام سوودی نەبوو. سەددام هەستی بە شانازییەکی گەورە دەکرد کە دنیا ئێستا لەبەردەم ئەودا دەستەوەستانە و تکای لێ دەکەن بکشێتەوە. لە تەلەفیزیۆنەکانی خۆیەوە هەرەشەی لە ئیسرائیل دەکرد و نەک هەر ئەوەندەش بە کرداریش چەند موشەکێکی تێگرتن. هەموو ئاماژەکان ئەوەیان دەخستە ڕوو کە گۆڕانکارییەک لە ناوچەکەدا ڕوودەدات. پێشمەرگە پارتیزانەکان لە نێو ئەو ئەشکەوتانەوە دەکەوتنە شرۆڤەکردن و گفتوگۆ و ئومێدێک دروست بوو لە لای هەموویان، چونکە پێیان وابوو دەشێ ئەمەریکا هێز بەکار بێنێ و کوەیت ئازاد بکات و گورزی گەورە لە سوپای عێراق بوەشێنێت. دکتۆر ئاتیلاش چاوەڕێی ئەوە بوو، ئەو گورزە عێراق تەفروتووونابکات، وەک چۆن ئەوان هەموو خۆزگە و ئاوەتەکانی خۆی و فاتمیان تەفر و توونا کرد، وەک چۆن کوردستانیان وێران کرد و ئەو دەیان هەزار کەسەیان بێ سەر و شوێن کرد. تامەزرۆ بوو هەواڵێکی دروست لەبارەی فاتمەوە بزانێت.

لە هاوینەوە تا پاییزی ساڵی نەوەد، لە چیاکانی دەوروبەری کفری، لە نێو کونەشاخ و ئەشکەوتانەدا لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکاندا، ژیانێکی سەختی بردە سەر، بۆ ئەوان کە ساڵێ زیاتر بوو لەو ناوچەیە بوون ڕاهاتبوون، بەڵام بۆ ئەم یەکەم جار بوو ئەو هەموو برسێتییە بکێشێت. ئەو ماوەیە لە هەموو کاتەکان زیاتر برسێتییان کێشا و خۆراکێکی ئەوتۆیان نەمابوو، هەندێ گەنمی وشک نەبێت، کە لەبەر ناچاری یان دەیانکوڵاند و دەیانخوارد، یانیش دەیانکوتا و لە

گیرفانەکانیاندا دایاندەنا، کە بە ڕێگەی دووردا دەڕۆیشتن بۆ جێگۆرکێ، کە برسی دەبوون چنگێ لەو گەنمەکوتاوەیان دەخوارد. ئاتیلا بەردەوام مەتارەی ئاوی پێبوو، زوو زوو دەمی وشک دەبوو ئاوی دەخواردەوە. ئەو چونکە بەردەوام لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەگووت، زیاتر پێویستی بە ئاو بوو.

تەواو شێوابوو بۆ دیدارێکی دایکی، زۆر زۆری بیر دەکرد، لەو دەوروبەری کفرییە بێ و نەتوانێ ببینێ، ئەمە زۆر سەخت بوو. مەلا سەعید، پێشمەرگەی پارتیزان چونکە بست بە بستی ئەو ناوچەیە شارەزا بوو، پەیوەندییەکی باشیشی لەگەڵ هەندێ خەڵکی دڵسۆزی ناوچەکەدا بەستبوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوو لە ڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە هەواڵ بۆ دایکی ئاتیلا بنێرێت. ماوەیەک لە هەوڵدا بوو، ئەنجامی هێنا و کات دانرا کە میمکە گوڵە لە لای کێڵگەیەکی پەلەوەر کە خاوەنەکەی ناسیاوی مەلاسەعید بوو چاوەڕوان بێت. کۆتا ڕۆژی مانگی دە بوو، ئێوارەیەکی درەنگ مەلاسەعید لەگەڵ دکتۆر ئاتیلادا ڕۆیشتن، لە ڕێگە بێستانێکی شووتی و کاڵەکیان بینی، دکتۆر ئاتیلا :»راوەستە خۆ ئێمە لەبەرسا مردین هێندە گەنمی وشک بخۆین.» شووتییەکی گەورەی لێ کردەوە، گازی گەورە گەورەی لێدەگرت و زۆر بە خێرایی دەیخوارد، ئینجا کاڵەکێکی شکاند و ئەویشی بە هەمان شێوە بە دوو دەست خوارد. خەیاری لێکردەوە و خواردی، تەماتەی لێکردەوە، تا ئیتر جێگەی هیچ لە گەدەیدا نەما و ئینجا لەبەر پریی گەدەی بە ئاسانی نەیدەتوانی بڕوات و دەیگووت ئەوە من بۆ وام کرد، بەخوا هیچ ئاگام لە خۆم نەمابوو، کە ئەو خواردنانەم دی بێ ئەوەی بیر بکەمەوە دەستم بە خواردنیان کرد. گەیشتنە ئەو کێڵگەیەی کە دایکی چاوەڕێی دەکرد، بە مەلا سەعیدی وت:»دەکرێ تۆ نەیەیت؟ دەمەوی ساتی یەکەم هەر خۆم بم کە دایکم دەبینم.» بەلای مەلا سەعیدەوە ئاسایی بوو، کەمێ لە دوور وەستا و ئاتیلا بە تەنیا ڕۆیشتە نێو ماڵی خاوەن کێڵگەی پەلەوەرەکان. بینی دایکی لەوێ دانیشتووە، هەر کە یەکتریان بینی هەردووکیان دایانە پڕمەی گریان، ئاتیلا هەردوو دەستی ماچ کرد و نووشتایەوە هەردوو پێی دایکی ماچ کرد و ماوەیەک هەر باوەشیان لە یەک دابوو دەگریان. کە هاتنەوە خۆ دانیشتن و دەستیان بە قسەکردن کرد، ئینجا ئاتیلا مەلاسەعیدیشی بانگ کردە ژوورەوە و لەگەڵ پاسەوانەکەشدا ماوەی دوو سەعات لەوێ مانەوە. دایکی خواردنی خۆشیشی بۆ هێنابوو، پێکەوە نانیشیان خوارد. بەسەرهاتەکانی شار و شاخیان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە. ئاتیلا ڕاکشا و وەک منداڵێک کە ناز بکات بەسەر دایکیدا، سەری خستە سەر ڕانی و ئەویش پەنجەکانی دەخستە نێو قژە چڕوپڕەکەی و وەک سەردەمی منداڵی کە بەدەم چیرۆک گێڕانەوەوە خەوی لێ دەخست، بەڵام ئەمجارە قسەی شاری بۆ دەگێڕایەوە. هەستی کرد کوڕەکەی زۆر ماندووە و زۆر قووڵ خەمبارە، بە تایبەت کە دایکی هەواڵی ئەوانەی پێی دا کە لە هێرشەکانی هەشتا و هەشتدا بران، ئەو باسی خزمەکانی خۆی دەکرد کە دەیان خێزانی بنەکە بوون و تاک و تەرا پیرەژن یان پیرەمێردیان گەڕاوەتەوە و ئەوانیتر هەموو بێ سەر و شوێنن. هەر جەختکردنەوەیەکی زیاتر لەبارەی چارەنووسی ڕەشی ئەوانەوە، ئەمی پەشێوحاڵتر دەکرد.

حەزی نەدەکرد دیداری دایکی کۆتایی پێ بێت، بەڵام ناچار بوون بڕۆنەوە نێو کونەشاخ و ئەشکەوتەکانی خۆیان و دایکیشی برواتەوە بۆ کفری پێش ئەوەی کەس پێ بزانێت. داوای لە دایکی کرد گەردنی ئازا بکات کە ئەو چەند ساڵە بە تەنها جێی هێشت، دایکی پێی گووت: تەنها تۆ سەلامەت بیت و هیچت لێ نەیەت، قەینا من تەنها بم کوڕم. ئاگاداری خۆت بە و خۆتان پیشان مەدەن، دنیایان بە ئەمن تەنیووە، کەس متمانەی بە کەس نەماوە، برایان کردووەتە جاسووس بەسەر براوە، دەخیلتان بم خۆتان باش بشارنەوە و خۆتان دەرمەخەن.

دیدارەکە کۆتایی هات و گەڕانەوە، لە ڕێی گەڕانەوە گریان قورگی گرتبوو، تا ماوەیەک بە بێدەنگی دەرۆیشتن، مەلاسەعید هەستی دەکرد لە لایەکەوە دیداری دایکی و لە لایەکی تریشەوە ئەو قسانەی کە بیستی لەبارەی ئەنفالکراوەکانەوە سوێی برینەکانی هێنایەوە کول، بۆیە دەیویست لە نێو ئەو رامانە قووڵ و بێدەنگییەی بیهێنێتە دەرەوە و دڵی بداتەوە:»دکتۆر، بۆ ئەو شتانەی کە دەیسبیستی دەربارەی خەڵکی دێکان، پێویست ناکات خۆت سەخڵەت بکەی، هیچ مەرج نییە ئەوانەی بەرنەبوون کوژرابن.» یەکسەر و زۆر بە هێمنی وەڵامی دایەوە:»منیش وا بیر دەکەمەوە، بۆ ئەوە سەخڵەت نیم کە فاتم کوژرابێت، چونکە هێشتا نەکوژراوە، گەر کوژرابایە دڵم خەبەری پێم دەدا و لەوانەش بوو لە لێدانیش بکەوتایە، بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئێستا لە بارودۆخێکدایە زۆر لە مردن خراپترە، ئازاری دەدەن، ئێشی هەیە، دەزانی هەست دەکەم زۆر ئێشی هەیە، زۆر بریندارە، رۆحی بریندارە. من دەزانم ئێستا چەند بیرم دەکات، چەند نزام بۆ دەکات خوا من بپارێزێ، منیش زۆر نزام کرد خوا ئەو بپارێزێ، نزاکەی ئەو گیرا بوو خوا منی پاراست، بەڵام نازانم بۆ نزاکەی من گیرا نابێت و خوا ئەوی نەپاراست؟! نازانم بۆ هاوڕێ گیان؟!

هاتنەوە نێو ئەشکەوتەکە و هاوڕێکانی تریان چاوڕوونییان لێ کرد کە دایکی بینییووە، بەڵام بینییان پەژموردە ترە لە جاران، پرسیاری ئەوەیان لێکرد هۆی خەمبارییەکەی چییە، مەلاسەعید وتی لێی گەڕێن با هێشتا بحەسێتەوە. چووە ئەولاترەوە و پاڵی دایەوە، زۆریش هیلاکی ڕێگاکە بوو، خەوی لێکەوت، خەوێکی زۆر قووڵ، خەوی بینی، تاریکییەکی بێسنوور هەموو دنیای گرتۆتەوە، لە نێو ئەو تاریکییەدا هیچی تر دیار نییە جگە لە دەموچاوێک ئەویش زۆر بە تەڵخی، دەترسێ و دەلەرزێ، بەڵام هەر دەڕوا بەرەو ئەو تارماییەی کە وەک رووناکی دەنکەشقارتەیەکی داگیرساو بێت لە بیابانێکی کاکی بەکاکیی نوتەکدا. دەروا و دەڕوا و نایگاتێ، دەست دەکات بە نەرمەغار، هێدی هێدی خێراتر ڕادەکات و لە دواییدا وەکو ئەوەی پێشبڕکێی راکردن بکات بە هەمووهێزی خۆی رادەکات. تاریکییەکە تا دێ رەشتر دەبێ، بەڵام دەموچاوەکە روونتر دەبینێ، چاوەکانی دەناسێتەوە، چاوەکانی فاتم بۆ ئەو ئەوەندە ئاشنایە کە لە نێوان چاوی پێنج ملیارد مرۆڤیشدا ون بکرێت، لێی تێک ناچێت و دەیدۆزێتەوە. هاواری لێی کرد: فاتم ئەوە تۆ لە کوێی، من تەنها چاوەکانت دەبینم، دەستتم بدەرێ با لەم تاریکییە بتهێنمە دەرەوە. فاتم وەک

ئەوەی تەنها سەرێک بێت و جەستەی نەمابێت وا بوو. وەک ئەوە وابوو تاریکییەکە جەستەی بێت و دەموچاوەکە لەسەر ئەو دانرابێت. دەموچاوەکە دەیویست شتێکی پێ بڵێت، دەمی بە ئاستەم دەجوڵاند بەڵام دەنگی دەرنەدەهات. تەنها بە جوڵەی لێوەکانیدا زانی دەڵێ هێشتا نەمردووم. بە جوڵەی لێوەکانیدا زانی دەڵێ زۆر زۆرت بیر دەکەم. دەموچاوەکە دوور دەکەوتەوە، وەک ئەوەی کەسی بێت و دووری بخاتەوە، ئەم هەر هاواری لێدەکرد: فاتم، فاتم، دەستەکانت بێنە من راتدەکیشمە ئێرە، رزگارت دەکەم، فاتم بۆ دەستی خۆتم نادەیتێ، فاتم رزگارت دەکەم!

هاوڕێکانی لە دەنگی ئەو بێدار بوونەوە، چونکە ئەو بەدەم ئەو کابووسەوە هەر بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد فاتم فاتم. بۆ ئەوەی لەو کابووسە رزگاری بکەن، خەبەریان کردەوە. ڕاچڵەکی و هەموو جلەکانی لەبەر ئارەقە تەڕ بوو بوو. ئارەقی ڕاکردنەکە بوو، یان هی ئەو هاوارانەی کە بۆ بانگکردنی فاتم کردی. لێوەکانی وشک بووبوون، ئاویان پێدا و خواردییەوە. ئینجا لەرز گرتی، پێیان وتی هی جلە تەڕەکانیەتی و جلەکانی گۆڕی بەڵام هەر لەرز بەری نەدەدا. کە دەستیان لە نێوچەوانی دا، بینییان تای لێهاتووە و پلەی گەرمای لەشی زۆر زۆر بەرز بۆتەوە. خەوەکەی بۆ کەس نەگێڕایەوە، بەڵام زۆر زۆر شڵەژاندی. دەیزانی ئەو خەوە دەلیلی ئەوەیە کە شوێنی فاتم زۆر ناخۆشە، زۆر تاریکە، ڕێگەی دەربازبوونی نییە، رزگاربوون بۆ ئەو زۆر ئەستەمە.

دکتۆر نەخۆش کەوت، جاران ئەو هاوڕێ نەخۆشەکانی تیمار دەکرد، ئێستا ئەوان خزمەتی دەکەن و دایدەپۆشن و ئاوی دەدەنی و حەبی تاشکێن و ئازارکەمکەرەوەی دەدەنێ. چی ئازاری ئەم کەم دەکاتەوە؟ چی حەبێک، چ دەرزییەک، چ گیادەرمانێک دەتوانێ ئازاری ئەم بشکێنی و برینی رۆحی ئەم سارێژ بکات؟!

بۆ ئەوەی عیلاج بکرێت، دەبووایە بچێتەوە بۆ دزلی، لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی کە نۆرەی پشوویان بوو، گەڕایەوە بۆ ئەوێ و بۆ ئەوەی مۆڵەتی بدەن بچێتە نەخۆشخانە، داوای لە مەئموورەکانی ئەوێ کرد و پێیان نەدا. دەستی کرد بە گۆرانی گووتن، گۆرانییەکی ئازەری گووت، بەرپرسەکەی ئەوێ شەیدای دەنگی بوو، جگە لەوەش چونکە خۆی ئازەری بوو بەو گۆرانییە هەستی جوڵا. مانگێک مۆڵەتیان پێ دا و لەگەڵ ئەبو فەلاح چوون بۆ لای دکتۆر و دواتریش چوون بۆ ماڵی بلەئامە لە شاری یەزد. مانگێک لەوێ مانەوە و بە هەموو شێوەیەک خزمەتی باش کران.

بلە ئامە خەڵکی کفری بوو، باوباپیریشی هەر لەو شارە بوون، بەڵام لەسەرەتای هەشتاکان بەناوی ئەوەی ئەمانە ئێرانین، لەگەڵ هەزاران ماڵی تری کوردی فەیلی، کە ئەوانیش بە ئێرانیبوون تۆمەتبار کرابوون، بەعس هەموویانی بە بێ حاڵ و ماڵ، رەوانەی ئێران کرد. بلە

ئامە پیاوێکی میواندۆست و دڵسۆزی کورد بوو، زۆر پێشمەرگەی تریش دەچوون و لەماڵەکەی دەحەسانەوە و خزمەت دەکران. ماڵی ئەوان وەک بنکەیەکی لێهاتبوو بۆ پێشمەرگەکان، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی کفری بوون. ماڵی کوڕە گەورەکەشی لە کرماشان بوو، ئەوێش بنکەیەکی تری پێشمەرگە بوو، میوانی لێ نەدەبڕا. خۆشەویستی ئەو بنەماڵەیە بۆ پێشمەرگە تازە نەبوو، براکەی ئەو کە ناوی عەبە ئامە بوو، پێشمەرگەیەکی ناودار بە ئازایەتی و دڵسۆزی بۆ کوردایەتی بوو، پیشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوو کە بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد و ئەو کاتە رژێمی عێراقی هێنابووە سەرچۆک. عەبە ئامە، لە شەرێکدا دەستگیر کرا و ئەو ئەفسەرەی سوپا کە هێرشەکەی کردبوو، داوای لێکرد جنێو بە مستەفا بارزانی بدات کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و ربەرایەتی شۆڕشی کوردی دەکرد، تەنانەت پێی ووت گەر جنێو بدەی هەر ئێستا ئازادت دەکەم، بەڵام ئەو لە جیاتی ئەوەی جنێو بە سەرۆکەکەی خۆی بدات، تفێکی خەستی هەڵدایە رووی ئەفسەرەکەی سوپای دوژمنی کورد. ئەفسەرەکە وەک ئەوەی فێی لێ هاتبێت بەو تفە شێت بوو، پەلی ئەمیان گرت و بە لێدان شەکەتیان کرد، پاڵیان خست و فەرمانی کرد بە زرێپۆشەکە بیشێلن، کە زرێپۆشەکە نزیک بووەوە، فەرمانی کرد راوەستێ، ئینجا رووی لە عەبە ئامە کردەوە و وتی: ئەمە دوا شانسی تۆیە یان جنێو بە بارزانی بدە یان ئێستا لە ژێر زنجیری ئەو زرێپۆشە پان دەبیتەوە. عەبە ئامە بە هەموو دەنگی خۆی هاواری کرد: بژی بارزانی! بە زرێپۆشەکە شێلرا و شەهید کرا. ئەم رووداوە بووە داستان و هەموو خەڵکی شارەکە دەیانگێڕاوە.

## ((٢١))

# دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین

لە سەرکردایەتییەوە بە بێ تەل ئاگادارکرانەوە کە دەستە دەستە بێن بۆ ئەوێ تا بەشداری لە خولێکی سەربازیدا بکەن. ئەم هەواڵە پشکۆی ئومێدی هەمووانی گەش کردەوە. دیار بوو پێشبینی شتی باش کراوە بۆیە ئەم ئامادەکارییە دەکرێت، خۆیان ساز دا، کە بە چەند دەستەیەک بچن و بەشداری ئەو خوولە بکەن.

هەواڵەکان لە میدیاکانی جیهانەوە بڵاو دەبوونەوە و پیشانیان دەدا کە چۆن هەموو کوەیت لە لایەن سوپای عێراقەوە فەرهوود دەکرێت. هەرچی کۆگاکانی بازاڕ و شت و مەکی ناوماڵی خەڵکە، تالان کرا و هێنرایەوە بۆ شارەکانی عێراق. بە تەن ئاڵتونیان دەکێشایەوە. سەرانی کوەیتیش ئاوارەی وڵاتانی تری کەنداو بووبوون و لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی دنیا لەسەر خەت بوون و داوای رزگارکردنی کوەیتیان لێ دەکردن.

هەواڵەکان، هاوپەیمانێتی سیی وڵاتیان راگەیاند کە ئامادەن بە سەرۆکایەتی ئەمریکا لە دژی رژێمی عێراق بەشەڕ بێت و سوپای عێراق بشکێننەوە و لەکوەیتی وەدەرنێن. ئەمە موژدەیەکی زۆر گەورە بوو بۆ کورد. پێشمەرگە سەرقاڵی خولەکانی سەربازی بوون، رێکخستنی ناوشارەکان هەموویان ئەکتیڤ کرانەوە و ئامادە کران.

پۆل پۆل وەفد دەچوونە لای دیکتاتۆرەکەی بەغدا و داوایان لی دەکرد بکشێتەوە لە کوەیت، ئەویش رەتی دەکردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی کوەیت بەشێکە لە عێراق و وەک کۆرپەیەک هاتووەتەوە باوەشی دایکی خۆی. رۆژنامەنووسەکان دەچوون و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکرد، هەموو لەسەرسەختییەکەی سەددام سەریان سووڕمابوو کە ملی نەدەدا و بەردەوام بوو لەسەر داگیرکاریی کوەیت. تا ملهوڕی زیاتری بنواندایە، بۆ کورد باشتر بوو، چونکە لێدانی رژێمی بەغدا لە لایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانەوە مسۆگەرتر دەبوو.

سەرەتای ساڵی نەوەت و یەک، وێنەکان روونتر دەبینران و هەموو چرکە بە چرکە گوێبیستی دەنگوباس بوون. پێشمەرگەکانی دزلّی و ئەوانیتریش کەوتنە جموجوڵ و هاتوچۆی یەکتری بۆ ئەوەی بزانن چی دەبێت و سەرکرایەتی چۆن رەفتار لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێ و ناوازەیەدا دەکات. هەمووان پێیان وابوو ئەمە دەبێتە دەرفەتێکی دەگمەن بۆ کورد، دەرفەتێک کە سەدەیەکە گەلەکەیان چاوەڕوانی دەکات.

دکتۆر ئاتیلاش لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی لە ناوەراستی مانگی یەکی نەوەد و یەک، لە دزلّییەوە بەرەو قاسمەرەش هاتن و لەوێ مانەوە. بە چڕیی هەموویان چاودێری و گوێقوڵاغی هەموو هەواڵەکان بوون. دوو رۆژ دوای ئەوە پەلامار بۆ سەر عێراق دەستی پێکرد، سیی وڵاتی هاوپەیمان بە نوێترین جۆری فڕۆکە و موشەک بەر بوونە بۆردومانکردنی ئامانجەکانیان لە عێراق و لێدانەکانیان بۆ سەر خاڵە دیاریکراوەکان لە سوپای عێراق گورچکبڕ و ئەستۆ شکێن بوون. دکتۆر ئاتیلا زۆر بە پەرۆشەوە ئەم هەواڵەی لەناو رۆژژمێرەکەیدا نووسی: شەڕ دژی عێراق هەڵگیرسا، زاڵم زەواڵی بۆ دەبێت، ئەو رژێمەش کە وڵاتی ئێمەی وێران کرد و تاڵان کرد و سووتان، ئێستا باجەکەی وەردەگرێت.

هاتوچۆی پێشمەرگە بۆ لای یەکتری و بۆ زانینی دواهەواڵ چڕ و پڕ تر بووەوە. هەستیان دەکرد تەواو ئیتر دەبێ خۆ ئامادەبکەن بۆ چوونە نێو خاکی نیشتیمان. دکتۆر ئاتیلا رۆژ بە رۆژ ئەو هەنگاوانە لە نێو رۆژژمێرەکەی خۆیدا تۆمار دەکات.

بیست و دووی کانوونی دووەم: لەگەڵ هەندێ هاوڕێ چووین بۆ سەقز.

بیست و سێی کانوونی دووەم: سەقزمان بەجێهێشت و هاتینە بانە.

بیست و حەوتی کانوونی دووەم: لە چێوەرەین. ئێران کۆمەکی مرۆیی گەیاندە خەڵکی عێراق، عێراق موشەکی ٥١ ی بەکار هێنا، تا ئێستا هاوپەیمانەکان ٢٢٠٠٠ هێرشی کردۆتە سەر ئامانجە سوپاییەکان لە عێراق.
بیست و نۆی کانوونی دووەم: لە چێوەرەین، ئەمشەو خەوێکم بینی، لە خەوما شیرینییەکی زۆرم کڕیووە و لەگەڵ مام ڕۆستەم پێکەوە سەفەرمان کردووە. خوا بەخێری بگێڕێت.
یەکی شوبات: هێشتا لە چێوەرەین، ئەمشەو خەوێکم بینی، لە خەوما لە ژوورێکم لە شوێنێکی نادیار، سندوقێکم هەیە سەد هەزار دیناری تێدایە، بەڵام ئەو پارانە ون و دزراون. خوا بە خێری بگێڕێت.

دووی شوبات: لەگەڵ کاک عەلی چەلەبی هاتینە بانە، لەویشەوە بۆ سەقز. ئێستا لەگەڵ هاورێ سەرکەوت و پێشڕەو لە ماڵی کامەرانین. هەر باسی شەڕی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەکەین.

سێی شوبات: کاک ئازادم بینی و لەگەڵ کاک حمید شوشە پێکەوە بووین. باس هەر باسی شەڕی کەنداوە.
پێنجی شوبات: سەقزمان بەجێهێشت و گەیشتینە شاری سنە، بەرەو دێی کانی دینار دەچین.

شەشی شوبات: لە ماڵی کاک شێخ کەریمین لە دێی کانی دینار.

حەوتی شوبات: لە ماڵی کاک حەمە دووزیین لە کانی دینار، ئەمڕۆ دەگەڕێینەوە بۆ دزلی.

هەشتی شوبات: لە ماڵی کاک عادل میوانین، کاک مەلاسەعید و سەلام و جەبارەرەش وئازاد و فەرەج پێکەوەین. باسی جەنگی ئەمریکا دژ بە عێراق دەکەین. گفتوگۆ زۆر گەرمە، هیوای زۆرمان بۆ دروست بووە.

نۆی شوبات: ئێوارەیە و لە ماڵی سەلاح عیزەدینم لەگەڵ برادەران مەلاسەعید و مامۆستا ئیکرام. باسی هەر باسی شەڕی کەنداوە..

دەی شوبات: ئەمڕۆ لە ماڵی مامۆستا جوامێر بووین لەگەڵ برادەران مەلاسەعید و مامۆستا ئیکرام. ئێوارەش چووین بۆ ماڵی کاک رزگار.

یانزەی شوبات: لە ماڵی کاک فاتیح بووم، ئێوارەش لەگەڵ مامۆستا ئیکرام چووین بۆ ماڵی کاک عومەر سەنگاوی.
پانزەی شوبات: داوا لە عێراق کرا بکشێتەوە، بەڵام عێراق رەتی کردەوە. ئومێدێکی زۆر بۆ ئێمە دروست بووە. برادەرانی ئێمە پارتیزانەکان لە نزیک شارەکانەوە لە ئامادەباشیدان. لە پاش هەموو تاریکییەکی شەو هەڵهاتنی خۆر هەیە، بۆیە مرۆڤ نابێت بێ ئومێد بێت. خوای گەورە بیکردایە فاتمیش ئازاد بوایە و بەیەکتر شادبووینایەتەوە. ئاخ فاتم گیان چەند بیرت دەکەم.

بیست و چواری شوبات: لەگەڵ مامۆستا جوامێر هاتین بۆ چێوەرۆ. جەنگی پیادە لە خەلیج دەستی پێکرد. بە وردی بەدوای هەواڵەکانەوەین. بە تەمای خوا ئەم رژێمە کۆتایی پی دێت و زیندانییەکانیش ئازاد دەبن. فاتم گیان چاوەرێی دیدارتم، خوا یار بێت بەیەک دەگەینەوە.

بیست و پێنجی شوبات: شەڕ بەردەوام و گەرمە و تێکشکانی سوپای عێراق لە کوەیت بە گەرمی باس دەکرێت. ئەو سوپایەی بە ئاگر و ئاسن وڵاتی ئێمەی سوتان و خەڵکی ئێمەی بێسەروشوین کرد، ئێستا وا پەلامار دەدرێن و لووتیان دەشکێندرێت. ئەم هەواڵانە بۆ کورد موژدەی گەورەیە و چێژیان لێ دەبینین.

بیست و شەشی شوبات: سوپای عێراق بەزی و لە کوەیت بەدەرنرا. ئای چەند دڵخۆشین بەم بەزین و شکستەی ئەو سوپا داگیرکەر و تاوانبارە. فاتم گیان ئەوە خوا تۆڵەی ئێمەی لەو خوێنمژانە کردەوە. فاتم گیان لای خوا کوون فەیەکوونیکە و دەشێ ئێمەش بەیەکتر بگەینەوە. چەند قووڵ بیرت دەکەم، چەندم خۆش دەوێی ئازیزەکەم.

بیست و حەوتی شوبات: ئێمە لە چێوەرەین، شەڕی ئەمریکا دژ بە عێراق بەردەوامە، ئێمەش هەمووو خۆمان ئامادە کردووە بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی نیشتیمان. تەواو ئامادەین. هاوڕێ پارتیزانەکانمان لەگەڵ خەڵکی شارەکان و ڕێکخستنەکان لەسەر خەتن و هەموو ئامادەکارییەک کراوە. چاوەڕێی سەعاتی سفر دەکەن.

بیست و هەشتی شوبات: سەعات هەشتی بەیانی جۆرج بوش لێدوانی دا و ئاگربەستی ڕاگەیاند. ئێمەی بێ هیوا کرد، هەموو خۆمان بۆ گەڕانەوە ئامادە کردبوو. نازانین چۆن دەبێت، ئێمە ئامادەی گەڕانەوەین و چرکەی بۆ دەژمێرین. بە تەمای خوا، بارودۆخەکە بە دڵی ئێمە دەبێ و لە بەرژەوەندی گەلە ستەمدیدەکەمان دەبێت.

یەکی ئازار: بەردەوامین لە بەدواداچوونی هەواڵەکان، هەمووان بە نیگەرانییەوە لە بارودۆخەکە دەکۆڵینەوە، هیوامان بۆ گەڕایەوە، هەواڵەکان دەڵێن سەددام لە نێو فڕۆکە دانیشتووە و خۆی بۆ ڕاکردن ئامادە کردووە. لەم ماوەیە من زۆر خەو دەبینم، خوایە بە خێری بگێڕیت. لە خەوما خەریکی ماسی گرتن بووم، ماسییەکی زۆر گەورەم گرتبوو، ژمارەیەکی زۆر خەڵکی خانەدانم لە دەوروبەرەوە بوون.

دووی ئازار: ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە هاورێیانی کەمپی دزڵین و ئێستا لە چێوەرەین، لە چاوەڕوانیداین و بەدوای هەواڵەکاندا دەچین. هەموومان دڵمان لەسەر هەزار لێدەدا و چرکە دەژمێرین بۆ گەڕانەوە بۆ خاکی نیشتیمان. هەواڵەکان دەڵێن لە بەسرە و شارەکانی باشووری عێراق ڕاپەڕین دژی ڕژێم دەستی پێکردووە.
سێی ئازار: ئەمریکا شەڕی بۆ سەر عێراق ڕاگرتووە و ڕژێم لە خەڵکی باشووری عێراق دەدەن بۆ سەرکووتکردنی ڕاپەڕین. هەموو سەرمان سوڕماوە لەوەی ئەمەریکا کردی، پێمان وابوو بە

تەواوی ڕژێمی سەددام ڕادەماڵێت. ئەمڕۆ تووڕە بووم و کفرێکم کرد، بەڵام پەشیمان بوومەوە و داوام لە خوای میهرەبان کرد بمبەخشێت بۆ ئەو کفرە و میهری خۆیم بەسەردا بارێنێ. بمبورە خودایە، بمبوورە فاتم گیان، هیوادارم ئەم کفرەی کردم خراپ نەشکێتەوە سەر تۆ و ئازارت نەدەن. خودایە ئەگەر لە سەر ئەو کفرە هەر سزایەک دەدەی با دوور بێت لە فاتم و لە گیانی خۆم بکەوێت.

چواری ئازار: هەندێ لە برادەرانی پێشمەرگە بەرەو نیشتیمان گەڕانەوە، ئێمە هێشتا لە چیۆەرەین، تەواو بڕیاڕی گەڕانەوەمان هەیە و خوا یارمەتیمان بدات، ئێمەش لەم یەک دوو ڕۆژە دەگەینەوە نیشتیمانی خۆشەویستمان. خودایە نیشتیمانەکەم و خۆشەویستەکەم ئازاد بکەیت، خودایە خۆشەویستەکەم و نیشتیمانەکەم ئازاد بکەیت. چەند باشە کە بەرەیەکی کوردستانی لە هەموو حیزبەکان دروست بووە و پێکەوە پلانیان بۆ وازادکردنی کوردستان داناوە، خودایە کورد هەمیشە تەبا بن پکەوە.
پێنجی ئازار: هەواڵی خۆش گەیشت، ئێستگەکەمان بە دەنگی زوڵالەوە موژدەی سەرکەوتنی ڕاگەیاند. ڕاپەڕین لە کوردستان دەستی پێکرد، پێشمەرگە و گەل شاری ڕانییەیان ئازاد کردووە لە دەستی دوژمن.

حەوتی ئازار: بەسەرپەرشتی مام ڕۆستەم لە چیۆەرەوە سەعات چواری بەیانی کەوتینە ڕێ بەرەو شاری سلێمانی. بە گوریس لە بەربەستە ئاوەکە پەڕینەوە. برادەرانی ترمان لە دوێنێ شەوەوە لەوێ بوون و ئەمڕۆ لە سلێمانی ڕاپەڕینە و ئازاد دەکرێت.

هەشتی ئازار: بە سەختی چیای گمۆمان بڕی، چونکە بەفر چیاکەی داپۆشیبوو. گەیشتینە سەر شەقام و بە ئۆتۆمبیل چووینە ناو شاری سلێمانی. شاری سلێمانی لە دوێنێوە ئازادە، خەڵکی شاری سلێمانی ئەوەندە دڵخۆش و پەرۆشن کەس ناچێتەوە ماڵ، هەموو لەسەر شەقامەکانن و دەچنە ئەمنە سوورەکە و زیندانەکانی تر. لەم شارەدا یەک پیاوی ڕژێم ڕزگاری نەبووە، بژی شاری سلێمانی، شاری هەڵمەت و قوربانی. هەڵمەتی پێشمەرگە بەرەو گەرمیان دەستی پێکردووە و شاری دەربەندیخان ئازاد کراوە.

نۆی ئازار: ئێستا ئێمە لە سلێمانین، سلێمانی بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە. هاوڕێیانی گەرمیانمان بەرەو ئازادکردنی گەرمیان چوون، دوێنێ ڕاپەڕینی ئازادی لە دەربەندیخان و ئەمڕۆ لە کەلار بووە و ئازادکراون. هەواڵەکان زۆر خۆشن، ورەمان زۆر بەرزە، ئەم دۆخە لە وەسفکردن نایەت.

دەی ئازار: سلێمانیمان بەجێهێشت و بەرەو چەمچەماڵ کەوتینە ڕێ. چەمچەماڵ هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی بەعسدایە. شەڕ و ڕاپەڕین بەردەوامە. لە دوێنێ شەوەوە هاوڕێیانی پێشمەرگەمان پارتیزانەکانی گەرمیان بۆ ئازادکردنی شاری کفری چووبوون بە سەرپەرشتی کاک حەمەڕەش و عوسمانی حاجی مەحمود ئەمڕۆ کفری ئازاد کرا. ئەمڕۆ نەمدەتوانی خۆم بگرم و هەر فرمێسکی شادیم دەڕشت. بیری کفری دەکەم و دەمەوێ بە زووترین کات بگەمە ئەوێ.

یانزەی ئازار: من لە چەمچەماڵم، ئەم شارەش کەوتە دەستی پێشمەرگە و کاربەدەستانی ڕژێمی تیا لەناوبران. برادەرانمان بەردەوامن لە ئازادکردنی شارەکان و هاوڕێیانی ئێمەش بە سەرپەرشتی مام ڕۆستەم بەرەو قەرەهەنجیر دەچن. لە قۆڵی گەرمیانیشەوە، شەڕی ئازادکردن لە کفرییەوە بەرەو دووز چووە، بەسەرپەرشتی کاک حەمەرەش و کاک عوسمانی حاجی مەحمود.

دوانزەی ئازار: من لە چەمچەماڵم، پێشمەرگە خەریکی پلاندانانە بۆ ئازادکردنی کەرکووک. هەواڵەکانی کفری ناخۆشن، برادەران بۆ ڕزگارکردنی دووز چوون و لەوێ توشی شەڕێکی زۆر قورس هاتوون، دەوترێ کاک حەمەڕەش بە سەختی بریندار بووە کاک عوسمانی حاجی مەحمود بە تەنیا ئێستا سەرپەرشتی ئەو شەڕە دەکات، ژمارەیەک پێشمەرگەی زۆر قارەمانیش لەو شەڕە بەشدارن. هەواڵی خۆشیش هەیە لەم قۆڵەی ترەوە ئەمڕۆ شاری هەولێریش راپەڕیوە و پێکەوە لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان ئازادیان کردووە. لە قۆڵی هەولێریشەوە ئامادەکاری بۆ ئازادکردنی کەرکووک دەکرێت. رەنگە هەر سبەینێ شاروشارۆچکەکانی نێوان کەرکووک و هەولێر ئازاد بکرێن. رەنگە ئازادکردنی کەرکووک دوا خاڵی راپەڕین بێت. هەموومان چاوەڕێی ئەو ڕۆژەین، ڕۆژێکی مێژوویی دەبێت.

سیانزەی ئازار: ئێمە ئێستا لە چەمچەماڵین، چاوەڕێی کۆتایی راپەڕین دەکەین، لە هەموو قۆڵەکانەوە شارەکانی کوردستان ئازاد دەکرێن. ئەمڕۆ لێرە پێشمەرگە فڕۆکەیەکی بەردایەوە و ورەی هەموو کەسێک زۆر بەرزە. بە پێی هەواڵەکان لە ئەهوارەکانی خوارووی عێراق راپەڕین سەری هەڵداوە و ڕژێم بە توندی سەرکوتی کردوون و خەڵکیکی زۆر کوژراوە. شیعەکان لە کەربەلا و نەجەفیش دەستیان بە ڕاپەڕین کردووە و ڕژێم تێیان بەربووە.

بەداخەوە لە دووز هەر شەڕەکە بەردەوامە و دەوترێ هێزەکانی بارق لەوێ ڕووبەڕووی پێشمەرگە بوونەتەوە و بریندار و شەهیدیشمان زۆرە. بەداخەوە هەڤاڵی تێکۆشەرمان کاک حەمەرەش شەهید بووە. کاک عوسمانی حاجی مەحمود و هاوڕێ پێشمەرگەکانی لە ناو شاری دووز گەمارۆ دراون، بەڵام هەواڵەکان دەڵێن زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاندووە. ئەو هێزەی بۆ پشتگیری پێشمەرگە چوون بۆ دووز لەناو پاسێکی گەورە، بەداخەوە لە سێڕیانی سلێمانبەگ لێدراون و

هەر هەموویان شەهید کراون، برا و باوکی کاک عوسمانیش لەناو ئەو پاسەدا بوون و هەموو سەرنشینی پاسەکە شەهید کراون.

چواردەی ئازار: ئێمە هێشتا لە چەمچەماڵین، برادەرانمان دەستیان پێکرد و بەرەو کەرکووک چوون بۆ هێرشکردن و ئازادکردنی کەرکووک. گەرمیان دیسانەوە دەکولێ، شەر لە دووز زۆر گەرمە و کاک عوسمان هەر لەوێیە و گەمارۆ دراوە. هەندێ هێزی تر بۆ هاوکاری نێردراون بەڵام ڕێگاکان لە لایەن سوپاوە کۆنترۆڵ کراون. لە ڕێگاکانی تکریت و سلێمان بەگ و کەرکووکیشەوە بەرەو دوز سوپا نێردراوە و گەمارۆی هێزی پێشمەرگە دراوە و کاک عوسمان هێشتا لەوێ شەڕ دەکات. دڵم زۆر تەنگە و وەختە شێت بم بۆ بینینەوەی هاوڕێیانمان و بینینەوەی شارەکەم کفری، دەوترێ تۆپبارانی کفریش دەستی پێکردووە. ئەی هاوار ئەم رژێمە چەند دڕندەیە!.

پانزەی ئازار: من هێشتا لە چەمچەماڵم و خۆ ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ کەلار و کفری. خواحافیزیم لە مام رۆستەم و هاوڕێ پێشمەرگەکانی ئێرەم کرد و من دەبێ بگەمەوە کفری. پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی لێرە لە پێشڕەویدان بەرەو کەرکووک، لە قۆڵی هەولێریشەوە پێشرەوی بەرەو کەرکووک دەکرێ. هێزەکانی بەرەی کوردستانی هەموویان لەم راپەرینەدا بەشدارن. وا دیارە پلانێکی تۆکمە بۆ ئازادکردنی کەرکووک دانراوە. قۆڵی ئەملا مام رۆستەم سەرپەرشتی دەکات، ژمارەیەکی یەکجار زۆر پێشمەرگەش ئامادەی هێڕشکردنن بۆ کەرکووک.

شانزەی ئازار: هێشتا لە چەمچەماڵم، نزیکەی هەموو شارەکانی کوردستان ئازادکراون و دوائامانج کەرکووکە و هەمووان لێرە بە چاوی گەشەوە لەو ئامانجە دەڕوانن. لە هەموو ساتێکدا هەر لە بیرمی فاتم گیان، وانەزانی چرکەیەک لە بیرم کردووی، بەتەمای خوا رزگاربوونت نزیکە.

حەڤدەی ئازار: چەمچەماڵم بەجێهێشت و بەرەو کەلار کەوتمە ڕێ. بەداخەوە شەڕ لە دووز هەر بەردەوامە و تا ئێستا نەتوانراوە دووز ئازاد بکرێت، بەڵام پێشمەرگە بە سەرپەرشتی کاک عوسمان لەناو دووزن و بەردەوامن لە شەڕ و کۆڵیان نەداوە. وا دیارە هێزەکەی بارقیان شپرزە کردووە. کوژراوێکی زۆریان لەناو دووز بەجێ هێشتووە و ژمارەیەکی زۆریش کە چەند سەدێک دەبن سەربازی فەیلەقەکەی بارق خۆیان بەدەستی پێشمەرگەوە داوە و چەکەکانیان کەوتووەتە دەستی پێشمەرگە.

هەژدەی ئازار: من گەیشتمە کفری و بە دیداری دایکم شاد بوومەوە. کفری لە دوورەوە تۆپ باران دەکرێت و کەم خەڵک لێرە ماون و خەڵکی شار بەردەوام دەڕۆنە دەرەوە لەبەر ئەو تۆپبارانە. هێزەکانی موجاهیدینی خەلقی ئێرانکە موعارەزەی ئێرانن و سەددام یارمەتی داون، ئێستا ناردوونی بۆ گرتنەوەی شارە ئازادکراوەکانی کوردستان و ئەوان کفری و دووز بۆردومان دەکەن. لە سەربانی ماڵەکانەوە زرێپۆشەکانیان دیارە لە دێی کارێز و قنگربان دێن و دەچن. هێزەکانی بارقیش لە دووز لە لایەن پێشمەرگەوە تێکشکێندران، بەڵام موجاهیدین بۆ ئەوێش بە چەکی قورسەوە نێردراون.

نۆزدەی ئازار: من ئێستا لە کەلارم، لەبەر تۆپباران کفری چۆڵ کراوە، بە پێی هەواڵەکانی ئێستگە موژدە گەورەکەش دراوە و هەواڵی خۆش هەیە، لەناو کەرکووک راپەڕین و شەڕە و دوژمنی داگیرکەر سەری لیشێواوە و دەکشێتەوە.

لە دووز بە هاتنی هێزی زۆری موجاهیدین و ئەو سوپایەش کە لە کەرکووک شکستیان هێنا و هاتنە ناو دووزەوە بۆ شەڕ. ئەم ئێوارەیە پێشمەرگە لە دووز دەستی بە کشانەوە کردووە.

بیستی ئازار: من چوومەوە بۆ کفری، لە کفری تۆپبارانە و خەڵکیش کەمی ماوە لەناو شار، هەموو بەرەو سمود و کەلار و دەربەندیخان بە رێکەوتوون و کۆچ دەستی پێکردووە.

بیست و یەکی ئازار: رۆژی نەورۆزە و  موژدە گەورەکە راگەیەندرا، کەرکووک بە تەواوی ئازاد کرا. بەڵام بارودۆخەکە کارەساتبارە، رژێم راپەڕینی باشووری عێراقی سەرکووت کردووە و دەوترێ بەرەو کوردستان هێزی تر بەرێوەیە. خوایە ئاگاداری ئەم گەلە بە، دەترسم کارەساتێکی تری وەک هی هەشتاوهەشت دووبارە بێتەوە. مقۆ مقۆیەکی زۆر هەیە و خەڵک لە چەکی کیمییا زۆر ترساوە.

بیست و دووی ئازار: لە کفریم و تۆپباران بەردەوامە. دوای رۆژێ لە ئازادکردنی کەرکووک، رژێم پەلامارێکی زۆر گەورەی داوەتەوە و چەند فەیلەقێکی بۆ ئەو پەلامارە ناردووە. کۆچی خەڵک بۆ سنوورەکانی وڵاتانی دراوسێ دەستی پێکردووە، بارودۆخەکە زۆر کارەسات بارە.

بیست و پێنجی ئازار: رژێمی بەعس پەلامارێکی فراوانی بۆ هەموو شارەکانی کوردستان دەست پێکردووە.

چواری نیسان: دە رۆژە بەرگری پەلامارەکانی رژێمی بەعس بەردەوامە لە لایەن هێزەکانی بەرەی کوردستانییەوە. هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەئارادایە. ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگەش دەستی بە کشانەوە کرد. خەڵکی شارەکان هەمووی لەسەر سنوورەکان وەستاون و چاوەڕێی دەربازبوون دەکەن. ئێران سنوورەکانی نەکردۆتەوە بۆ ئاوارەکان. بارودۆخێکی زۆر کارەساتبارە.
پێنجی نیسان: لە سەر سنوورین لەگەڵ خەڵکەکە، پێشمەرگە بۆ پاراستنی خەڵکەکە شەڕی لەگەڵ سوپای رژێم و موجاهیدینی خەلق کرد و کە خەڵک گەیشتنە سەر سنوورەکان ئینجا پاشەکشە دەستی پێکرد.

دەی نیسان: پێنج رۆژە لە سنووری ئێران وەستاوین و سەدان هەزار ئاوارەش لەم سنوورەن و هێشتا ئێران سنوورەکەی نەکرۆتەوە. ژمارەیەکی زۆر منداڵ و پیرەمێرد و پیرەژن لە برسان و لە سەرمان مردن. بارودۆخێکی کارەساتبارە. چاوەڕوانی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان سەبارەت بە دۆخی ئاوارەکان. با بزانین هەڵوێستی ئەمریکا و رۆژئاوا لەسەر چەند ملیۆنێ ئاوارەبووی کورد چی دەبێت.

دوانزەی نیسان: هەندێ رێکخراوی مافی مرۆڤ و رۆژنامەنووسانی جیهانی گەیشتوونەتە ئێرە و لەگەڵ خەڵک سەبارەت بەم کارەساتە ئەدوێن.

سیانزەی نیسان: نازانم دایکم وماڵی خوشکەکانم کەوتوونەتە کوێ. لێرە ئەوەندە خەڵک زۆرە کەس کەس نادۆزێتەوە. چوومە کۆمەڵگای کانی رەش و قلاچی بەڵام نەمدۆزینەوە.

چواردەی نیسان: سوپای عێراق تا ئەم سنوورانە خەڵکیان راوناوە و ئەمڕۆ شەرێک لە نێوان ئەوان و پاسەوانەکانی ئێران هەڵگیرسا. سیانزە کەسی مەدەنی لە ئاوارەکان لەم شەڕە شەهید بوون.
هەژدەی نیسان: لەگەڵ کاک عوسمان و هاوڕییانی پێشمەرگە چووین بۆ سەرتەک و بارەگامان لەوێ داناوە. بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز و کارەساتبارە. چاوەڕوانی هەواڵێکی جیاوازین.
بیست و چواری نیسان: حکومەتی عێراق داوای کردووە مفاوەزات لەگەڵ کورد بکات. مام جەلال کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە بەغداوە کرد.

سیی نیسان: هەفتەیەکی ئاڵۆز و ناخۆشمان گوزەراند. دوێشەو خەوێکی زۆر ناخۆشم بینی خوا بە خێری بگێڕێت. لە خەوما ماڵئاواییم لە دایکم کرد و پێم گووت ئیتر نامبینیتەوە.

یەکی ئایار: ئێمە لە سەرتەکین لە بارەگا. دوێنێ شەو دیسانەوە خەوێکم بینی، خوایە خێر بێت. لە خەوما لەسەر پاسکێلێکم و سەگێک بەدوامدا ڕادەکات و پەلامارم ئەدات، پێشەوەی پێمی گرت و گەستی، دەمویست خۆم رزگار بکەم، هەموو جلەکانی لەبەرم دڕاند.

شەشی حوزەیران: لەوساوە هەر لە سەرتەکین و هەر چاوەڕوانین، ئەمڕۆ دایکم هات بۆ ئێرە و بە دیداری شاد بووم. وردە وردە ئاوارەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناو شارەکان. بە پێی ڕێکەوتنەکان نابێت ڕژێم عەزیەتیان بدات. تۆ بڵێی راست بکات. ئەی هەر ئەو ڕژێمە نەبوو کە خەڵکی لادێکانی هەمووی بێ سەروشوێن کرد. خوایە گیان چی ڕوو دەدات؟ دیسان برینم کولایەوە، دەبێ فاتم ئێستا لە کوێ بێت؟ دڵنیام ماوە، ئەگەر نەمابایە دڵم دەیزانی و یەکسەر دەوەستا. مادام دڵم جارێ نەوەستاوە، مانای ئەوەیە ئەویش هێشتا دەژی! خودایە ئاگات لێی بێت.

حەوتی حوزەیران: لەگەڵ کاک عوسمانی حاجی مەحمود و مەحەمەد مالیە سەرتەکمان بەجێهێشت بەرەو پێنجوێن. بۆماڵی کاک مەحمود سەنگاوی دەچین.

نۆی حوزەیران: ئەمڕۆ لەگەڵ مامۆستا جوامێر پێنجوێنمان بەجێهێشت بەرەو هەڵەبجە.

سیانزەی حوزەیران: ئەمرۆ هەڵەبجەم بەجێهێشت و هاتم بۆ ناڵپارێز و مامەوە. ئەم برادەرانەم بینی: د. کەمال شاکر، یوسف و لەتیف و ئەمین عەلی سەفەر.

چواردەی حوزەیران: گەیشتمە قەلاچوالان و لێرە هەموو برادەران یەکترمان بینی.

پانزەی حوزەیران: کاک عەلی چەلەبیم بینی و بەیەکەوە چووین بۆ سیتەک و ئینجا بۆ سلێمانی.

بیستی حوزەیران: ئەم چەند رۆژەی پێشوو لەگەڵ کاک عەلی چەلەبی لە سلێمانی بووم و دەچووینە سەرچنار. ئەمڕۆ لەگەڵ کاک عەلی و برادەران ئەکرەم و حەمەعەزیز چووین بۆ سیتەک.
بیست و یەکی حوزەیران: ئەمرۆ سیتەکم بەجێهێشت و گەیشتمەوە قەڵاچوالان، لەوێشەوە چووم بۆ پێنجوێن بۆ ماڵی مامۆستا تالیب. هەندێ برادەری خەڵکی دووزم بینی مامۆستا ئەکرەم و مەلا حەسەن و مەجید.
بیست و دووی حوزەیران: لە پێنجوێنەوە لەگەڵ مامۆستا تالیب بەرەو گۆخلان چووم بۆ ماڵی مامۆستا جەوهەر و لەوێ مامەوە. شێخ کەریم و نازم و بەرزانم بینی.

بیست و سێی حوزەیران: گەڕاینەوە بۆ پێنجوێن و ئینجا بۆ نالّپاریز.

بیست و چواری حوزەیران: چووین بۆ تەوێڵە و بیارە.

بیست و پێنجی حوزەیران: ئێستا لە هەڵەبجەم، لەگەڵ ئەبو فەلاح و کاک کەریم و دکتۆر عاسی مامەوە. چووین بۆ کانی پانکە و گەڕاینەوە بۆ سەید سادق لەگەڵ برادەران مەلاحەسەن، مامۆستا تالیب، مامۆستا ئەکرەم و نورەدین و دکتۆر عاسی و سەردار. باوکی مامۆستا ئەکرەم کۆچی دوایی کردووە و دەچین بۆ هەڵەبجە بۆ پرسە.

سیی حوزەیران: ئەو چەند رۆژەی پێشوو لە هەڵەبجە بووین و گەڕاینەوە بۆ گۆخلان. بارودۆخ ئاڵۆزە و نیگەرانی دەروونی بە هەموومانەوە دیارە. وا دیارە گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەغدا هیچ ئەنجامیکی نەهێناوە.

یەکی تەمووز: هێشتا لە گۆخلانین، لەگەل برادەران جەوهەر و شێخ کەریم و رزگار و دکتۆر عاسی.

دووی تەمووز: گەڕاینەوە بۆ قەلاچوالان.

سێی تەمووز: لەگەڵ هەندێ لە برادەران چووین بۆ ماسی گرتن. دەمەو عەسر چووم بۆ بەندیخانەی کناریۆ. لەگەڵ برادەران حەمەدوزی و دکتۆر عاسی و بەرپرسەکانی بەندیخانە ریبوار و ڕەسوڵ، مامەوە.

دەی تەمووز: چەند رۆژی پێشوو لە هەڵەبجە و سەید سادق بووم. ئەمڕۆ گەیشتمە سەرتەک.

یانزەی تەمووز: لەگەڵ ئەبو فەلاح و کەنعان گەڕامەوە بۆ کفری.
نۆزدەی تەمووز: هەفتەی پێشوو هەمووی لە کفری مامەوە. ئەمڕۆ هاتمە گۆخلان لەگەڵ ئەبوفەلاح و کەنعان.
یەکی ئاب: ئێستا لە سەرتەکم لە بارەگای پێشمەرگە. برادەران خەریکی ئامادەکارین بۆ سازدانی ئاهەنگێکی هونەری و فیستیڤاڵێکی ئەدەبی و بڕیارە چەند رۆژێک بخایەنێت.
هەشتی ئاب: ئەمڕۆ فیستیڤاڵەکە دەستی پێکرد.

## ((٢٢))

# مەرگی ئومێد لە بناری بەمۆ

لە سەرتەکی بناری بەمۆ، ئەو شوێنەی پێشمەرگە کردبووی بە بارەگا، هاوینەهەوارێکی دڵرفێن بوو. کە لە دەربەندیخانەوە ڕێگاکە لای دەدا بەرەو ئەوێ، دوای چەند کیلۆمەترێ شەقامێکی قیرتاو بە نێوان دوو زنجیرەشاخی بڵندا دەیبردی و دیمەنی ئەو شاخانە کە لەبەر داری چڕ سەوز دەچووەوە و ئەوەندە جوان بوو، دەتگووت سیحرت لێ دەکا و ڕاتدەکیشێ بەرەو خۆی. هەر ئەو ڕێگایە دەیبردی و دەیبردی بۆ نێو باخێکی جوان، کە ئاوی ڕۆشن بە ناویا تێدەپەڕی. لە نێو ئەو باخەدا کە هەموو لایەکی شاخی بەرز و سەرکەش بوو، چەند خانوویەکی گەشتیاری و گۆرەپانێکی سەوزی بە خشت و کاشی چێکراو لە ناوباخان دروست کرابوو. لە مانگی ئابدا گەرمیان وەکو کوورەیەک دەگڕێ، بەڵام ئەو باخی نێوشاخانە فێنک و هێمن و خۆش بوو. ڕژێمی بەعس لەو شوێنە دڵرفێنەدا بارەگای بۆ خۆی دروستکردبوو، دوای ڕاپەڕین ئەم شوێنانە بوونە بارەگای مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان، ئەوانەی خاوەنی ڕاستەقینەی کوردستانن، ئەوانەی بۆ پاراستنی ئەو نیشتیمانە گیانیان لە سەر دەستیان داناوە و پیش مەرگ کەوتوون.

ساڵانێکی زۆر بوو هونەرمەند و شاعیر و نووسەران، بە هونەر و ئەدەبەکەیان، شانبەشانی پێشمەرگە کوورەی خەباتیان جۆش دەدا. ڕژێمی بەعسیس ئەو ڕاستییەی باش دەزانی کە وشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستی لە فیشەک کاریگەرترە، بۆیە بەردەوام ڕاوەدووی شاعیران و نووسەرانی دەنا و زیندانەکانی بەردەوام سیخناخ بوون لە ڕۆشنبیران. بۆ ئەوەی خۆیان لەو ڕژێمە بپاریزن، ڕەمزەکانیان بەکار دەبرد بۆ گوزارەکردن لە کۆژانەکانی نەتەوەکەیان. وشە وزەبەخشەکانی سروودەکان کە شۆڕشەکانی کورد بۆ جۆشدانی خوێنی جەماوەر و پێشمەرگە، بۆ بەرزکردنەوەی ورەی گەل بەکاری دەبردن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە وزەی وشە چەند کاریگەرە. وزەی دەنگی هونەرمەندان و بەتایبەتش سروودخوێنەکان، ئەو جۆشەی زیاتر و زیاتر دەکرد، بۆیە دەیان داستانی قارەمانیان ئەنجام دەدا و لە زیندانەکانیشدا بێباکانە بە دەم

گووتنەوەی سروودی «ئەی رەقیب ماوە قەومی کورد زمان، نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان»، سەربەرزانە دەچوونە بەر پەتی سێدارە و لە سەرەمەرگیشدا هەر دوژمن لەوان تۆقیبوو.

بۆ یەکەم جار لە کەش و هەوای ئازادیدا لە سەرتەکی بناری بەمۆ فیستیڤاڵی شیعر و هونەر و پێشمەرگە ساز کرا. لە کەشێکی شۆرشگێڕانەدا ژمارەیەک لە شاعیر و نووسەرانی گەرمیان و سلێمانی لەو بارەگایەی پێشمەرگەیەدا گرد بوونەوە و چەند رۆژێک گۆرانی و مۆسیقا، شیعر و چیرۆک ئاوێزانی یەکتری بوون و بەو پەڕی ئازادییەوە گوزارەیان لە هیوای دەیان ساڵەی ئەو گەلە دەکرد.

لە رۆژی کۆتایی فیستیڤاڵەکە، سەنجی ئامادەبووان بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک راکێشرا کە سەرەتا وەک ئاسایی دەهاتە بەرچاو، بەڵام لە یەکەم پرسیار و وەڵامییەوە کەشی هەموو فیستیڤاڵەکە گۆڕا.

ئەو چەند سەد کەسەی کە لەوێ بوون هەموو بێدەنگ بوون و ئیتر چرپەیەک لە کەسەوە نەدەبیسترا. ئەوەی کە قسەی دەکرد مێردمنداڵێکی سیانزەساڵی بوو کە لە ساڵی هەشتاوهەشت، کە ئەودەم تەمەنی یانزە ساڵ بووە، لەگەڵ خیزانەکەی کە لە گووندی کوڵەجۆی سەر بە کفری ژیاون، لەگەڵ خەڵکی هەموو لادێکانی تری گەرمیان براون. مێردمنداڵەکە ناوی تەیموور بوو، تەیموور چونکە ئەو دەم تەنها یانزە ساڵ بووە، لەگەڵ دایکی و دوو خوشکی و لەگەڵ هەموو ئەو ژن و منداڵانەی دیکەی لادێکان براون بۆ خوارووی عێراق. کاک رەئوف بێگەرد پرسیاری دەکرد و ئەو وەڵامی دەدایەوە. تەیموور باسی کرد کە براون بۆ تۆپزاوا و لەوێ پیاوەکان جیاکراونەتەوە، کچە گەنجەکان جیاکراونەتەوە و کوڕە گەنجەکانیش هەروا، پیرەمێرد و پیرەژنەکانیش جیاکراونەتەوە و لە ناو هۆڵی گەورەگەورە دانراون. ئەم لە نێو ئەو هۆڵە بووە کە ژنان و منداڵەکانی خوار دوانزەساڵیان لەگەڵ بووە. لەوێوە بە ئۆتۆمبیلی گەورە گەورە گوێزراونەتەوە بۆ نوگرە سەلمان، لەوێشەوە براون بۆ چۆڵەوانی و بیابانێک کە شۆفڵ دەیان چاڵی هەڵکەندووە و ئەم ئافرەت و منداڵانەیان بردووەتە گوێی ئەو چاڵانە و دەستڕێژییان لێ کردوون و کەوتوونەتە چاڵەکانەوە. دایکی و دوو خوشکەکەی و سەدان ژنی تر و منداڵی کوڕ و کچی تر لەناو ئەو چاڵە بوون کە تەیمووریشی تێدا بووە، دوای ماوەیەکی کورت هەستاوە و بینیویەتی برینداره بەڵام نەمردووە، سەربازەکانیش دوای دەستڕێژییەکە دوور کەوتوونەتەوە بۆیە تەیمووتی ئانزە ساڵە فرسەت دەهێنێ و لە جالەکە دێتە دەرەوە، دەبینێ کچێکی هاوتەمەنی خۆیشی هەر برینداره و لەوێیە پیی دەڵێ با بڕۆین، ئەو ناوێریت و ئەم هەڵدێ، بە تاریکی و لەوبیابانە بە تەنیا هەر ڕادەکات و ڕادەکات تا دەگاتە ماڵیکی عەرەب و تیماری دەکەن و داڵدەی دەدەن، لەبەر نەزانینی زمانی عەرەبیش هەر نەیتوانیوە تێیان بگەیەنێت کە ئەو کێیە و بۆ وای

بەسەرهاتووە. دوای دوو ساڵ کە فێری زمانی عەرەبی دەبێت و بەسەرهاتەکەی دەزانن، لە ڕێگەی کورێکیانەوە کە سەربازە لە کوردستان سۆراخی ماڵی خزمەکانی دەکەن و ماڵی مامی تەیموور دەدۆزنەوە و دەچن کورەکەیان دەهێننەوە.

دوای باس و بەسەرهاتەکەی تەیموور، ئیدی هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون ئەبڵەق بووین و تاسابن. ئەوانەی کە کەسوکاریان ئەنفال بووە و هێشتا بەتەمایان بوون بێنەوە، ئومێد بڕاو بوون. ئیدی کەس ئاگای لە هیچ نەما و فرمێسکەکانمان دەڕژا و دڵمان جەخاری لێدەچۆڕا. دکتۆر ئاتیلا، کە تا ئەو ساتە هەر بە تەمای گەڕانەوەی فاتم بوو، کە پێی وا بوو دەشێ موعجیزەیەک ڕوو بدات و رزگاری بێت و بەیەکتر بگەن، بە بیستنی ئەو تراژیدیا بێوێنەیە، مات و بێدەنگ و سەرسام و پەشێو فرمێسکی دەباراند. زانی ئیتر موعجیزە ڕوو نادات، چونکە خوڵقینەری موعجیزەکان لەبەردەم رژێمێکی لە تاوانکاریدا بێوێنە لە جیهان، دەستەوەستانە. هەستا و ئەو ناوەی بەجێ هێشت.

بە تەنیا چووە نێو ئەو دۆڵە چۆڵانە، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی دڵ بگری. ناڵەناڵی دڵی ئاتیلا وەک ئەوەی لە بۆرکانیکەوە هەڵبقوڵی ئاوا بوو. گریانەکەی ئاتیلا بەردی دەتوانەوە. بە دەنگی بەرز دەدوا و تاوێ لەگەڵ خوا و تاوێ لەگەڵ فاتم قسەی دەکرد:» خودایە، فاتم چ تاوانێکی هەبوو کە بەم دەردەبچێت، بۆچی نەتپاراست، بۆ، خۆ من شەو ورۆژ نزام بۆ دەکرد و بە گریان و هاواراوە داوام لێ دەکردی بیپارێزی. بۆچی نەتپاراست خودایە بۆ؟ بۆچی نەتتوانی بیپارێزی؟ بۆ؟ خۆ فاتم باوەرێکی بێپایانی بە تۆ هەبوو، نوێژی دەکرد و بەرۆژوو دەبوو، دڵفراوان و دەستفراوان بوو، بە قەد هەموو دنیاش خۆشەویستی لە دڵیدا بوو. ئەی ئیتر بۆ یارمەتیت نەدا ئەی خوای گەورە ئەی خۆ وەو هەردەم بە میهرەبانی تۆ دڵی منی دەدایەوە و دەیووت خوا دێ بەهاوارمانەوە! کوا بۆ نەچووی بەهاوارییانەوە! بۆ نەتپاراستن خوایە؟! ئەو خۆشەویستەی منت نەپاراست کە بەردەوام باوەڕ و ئومێدی بە میهر و بەخشندەییت هەبوو. فاتم گیان، من چی دەبیستم ئازیزەکەم، بشێ ئێستا ئەو گیانەی تۆ فڕیبیت و لە ئاسمان بێت، ئەگەر وایە منیش ئەوەی خۆمم ناوێ و با گیانی منیش بێتە دەرەوە و بفڕێ بۆ ئاسمان، دێمە لات فاتم گیان دێمە لات دڵنیابە. من بەڵێنم پێدابووی و هەر لەسەر بەڵێنەکەمم، ئەم دنیایە تۆی تیا نەبیت بە کەڵکی من نایەت. فاتم گیان، ئەوەی ئەمرۆ بیستم هەڵیوەشاندمەوە، تەفروتووناى کردم، بەرچاوم تاریکە و هیچ نابینم، باوەر بە گوێی خۆم و بە چاوی خۆم ناکەم، یانی ئێستا ئەو جەستە پیرۆز و پاراوەی تۆ لەناو گۆرەبەکۆمەڵەکانە؟ یانی ئێستا تۆ لەو چاڵانەی عەرعەردا فڕێدراوی! ئەی هاوار! ئەی هاوار! ئیتر من چی بکەم فاتم گیان، پێم بڵی من چی بکەم؟

هێندە دوور کەوتبووەوە کە جگە لە شاخەکان و بەردەکان کەس گوێی لەو هاوارانەی نەبوو، شاخەکان دەیانبیست و دەنگەکەیان دەدایەوە. دەنگدانەوەکان ترسناک دەهاتنە بەر گوێی خۆی. هاوارەکانی کە دەنگیان دەدایەوە وەک نەڕەی شێرێکی بریندار بەهێز و بەرز و ترسناک بوون. دەروونی وێران وێران بوو، هیچ وزەی گەڕانەوە بۆ نێو کۆری هاوڕێیانی نەما و هەر لەوێ پاڵکەوت و خەوی لێکەوت. خەوی بینی و دەموچاوی فاتمی بە روونی لێ دیار بوو، بەڵام کەمێ دوور بوو لێیەوە. رێک وەکو مانگێک دەدرەوشایەوە. رۆشناییەکی سپی بە دەوروبەرییەوە خەرمانەی دابوو. بە روویەکی خۆش و خەندەیەکی نەرمەوە گووتی: ئاتیلا گیان وا لە خۆت مەکە، من لەم دنیایەم و بەجێم نەهێشتووی. هەستا بەرەو دەموچاوەکە چوو، ویستی لێی نزیک بێتەوە و نەیدەتوانی بیگاتێ، تا ئەم دەرۆیی ئەو دوور دەکەوتەوە، بەڵام هەر تەماشای دەکرد. هێدی هێدی دەموچاوەکە دیار نەما و تەنها چاوەکانی دیار بوو، گەش گەش دەیڕوانییە نێو چاوەکانی وەم و هەستی دەکرد لە هەردوو چاوی فاتمەوە رووناکی شەپۆل دەدات و بەرەو هەموو جەستە و گیانی وەم دێت و پڕ پڕی کردەوە. لە خەوەکە ڕاپەری و هەستێکی سەیری لا دروست بوو، بڕوا بەخەونەکەی بکات یان بە قسەکانی ئەو شاهێدحاڵەی ئەنفال. ئومێدی بەستەوە بە خەونەکەی، بەڵام دەروونی ئەوەندە ئاڵۆز بوو نەیدەزانی خۆی بەکام لادا ساخ بکاتەوە. هەستا و کەوتەوە رێ، دۆڵ بە دۆڵ رۆیشت و گەڕایەوە بارەگا. ئاهەنگ و فیستیڤاڵ تەواو بووبوو. چووە جێگاکەی و پاڵی لێ دایەوە و نەیدەتوانی بیر بکاتەوە. هەستی دەکرد لە نێو جەستەیدا کارەبا شۆرتی کردووە و هەموو دنیای ناوەوەی ئەوی سوتاندووە.هەستی بە بۆکروزی دڵی خۆی دەکرد.

چەند رۆژی فیستیڤاڵەکە تەواو بوو، دکتۆر ئاتیلا چوو بۆ سلێمانی، هەفتەیەک لە سلێمانی مایەوە، سەردانی هەندێ لەو برادەرانەی کرد کە لە دزڵی لەگەڵی بوون. داوەتیان کرد بۆ سەرچنار، نانیان خوارد و خواردنەوەیان هێنا. دەستی بردەوە بۆ پێکەکان و دووبارە دەستی کردەوە بە خواردنەوە. لە دڵی خۆیدا گووتی، من دەروێشی تەریقەتی عەشقی فاتم بووم، کە ئەویش عاشقی خوا بوو، بەڵام هەرچیمان کرد، ئەو هەموو نوێژ و پاڕانەوە و نزایە،هیچی بە فریامان نەکەوت. ژیان راستی نییە و وەهمکی گەورەیە، بۆ مردن ژیاوین، کە دەمرین وەک ئەوە وایە لەم دنیادا قەت نەژیابین.

لەوێشەوە گەڕایەوە بۆ کفری، دیسانەوە بارەکانی کردووە بە حەشارگەی رۆحە ماندووەکەی. دەیویست خۆی لەو واقیعە تاڵە دابڕێت و بگەڕێتەوە دنیای بێهۆشی. پێی باشتر بوو هەستەکانی سڕ بکات و هەست بە هیچ نەکات. دەیویست خەیاڵی ببێتە شانۆی ژیانی و ئیتر هیچ کاتێ ئەو ژیانە راستەقینەیە هەست پی نەکات کە ژاراوی رق و تاوانەکان قێزەوەنیان کردووە. دنیای خەیاڵ دنیایەکە دەتوانی ئێشەکان دوور بخاتەوە و خەندەی تۆراو بانگ بکاتەوە بۆ سەر

لێوەکان. دنیای ڕاستەقینە دنیای درۆزنەکانە، دنیای تاوانبارەکان و عەشقکوژ و مرۆڤکوژەکانە، دنیای راستەقینە دنیای عاشقەکان نییە، خۆشەویستی تیا قەدەغەیە، بۆیە دنیایەکی پر لە شەڕ و ئاژاوەیە.

لەو دنیای خەیاڵەدا گۆرانی دەگووت، سۆزی دەنگی بەردی دەکردە ئاو، وشە خەمبارەکانی گۆرانییەکانی بە دەنگێکی بڵند تێکەڵ بە گوزارەی ئەیهاوار هاوار، دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەک.

سوودی چییە هاوارەکان بگەنە کەشکەلانی فەلەک، ئەگەر وەڵامنەدرێنەوە و ئاوات و هیواکان بەردەوام لەگۆڕ بنرێن. ئەو دەیان هەزار کەسەی بران و لەپاڵ چاڵەکان دەستریژییان لێ کرا و داپۆشران، چەند ملیۆن هاواریان هەناردەی کەشکەلانی فەلەک کرد. ئەی چەند ملیۆن نزای تر هی کەسوکار و خۆشەویستانیان گەیشتە کەشکەلانی فەلەک بۆ ئەوەی ئەوان پاریزراو بن! لەو ملیۆنان نزایە تەنها یەک منداڵمان لێ دەرباز بووە؟! منداڵێک کە بە چاوی خۆی گولەبارانی دیووە و لەناو چاڵی کوژراوەکانەوە، لاشەی دایک و خوشکەکانی بە خەڵتانی خوێناوی دیووە و ناچاریش بووە ئەوان بەجێبهێڵێ و هەڵێ! ئاخر ئەم دەربازبووەمان، ئەم قوربانییەمان کە بووە بە شاهێدحاڵی سەدان هەزار بێ سەروشوێن، کە هەواڵی یەقینی پێیە کە ئەوانە شەهید کراون، ئاخۆ چ چارەنووسێک چاوەڕێی دەکات!

ئاتیلا، لە دوای ئەو چیرۆکە تراژیدییەی کە تەیموور گێڕایەوە، کە حەقیقەتی تاڵی ژیانی کورد بوو، ئیتر وەک ئەوەی بەسەر دنیاوە نەبێت وابوو. گۆرانی دەگووت، بەڵام گۆرانییە کۆنەکانی کە دەیچریی دادی کۆژانی ئەوی نەدەدا، لە وشەی نوێ دەگەڕا، لە شیعری وا کە بتوانێ گوزارە لە بێزاری و تاسە و خەم و عەشقی خۆی بکات. بۆ ئەو مەبەستە بیری کردەوە و بڕیاری دا: دەچمە لای مەهاباد و داوای لێ دەکەم شیبرم بۆ گۆرانییەکانم بۆ بنووسێت.، دەزانم ئەو دەتوانێ لەم دەردەی من تێ بگات و عەشقەم بهۆنێتەوە.

## ((٢٣))

# فاتم هێشتا دەژیی!

هێشتا هەناسە دەدا، بەڵام چیتر هەناسەدان مانای ئەوە نادات کە لە ژیاندایە. ئەو زیندانە گەورەیە کە نە ئەمسەری دیارە نە ئەوسەر، جمەی دەهات لە خەڵکی گەرمیان و هەڵەبجە و قەرەداغ، چەند سەد کەسێکی تێدا ماوە. پۆل پۆل لێیان دەبردن و کەس نەیدەزانی بۆ کوێیان دەبەن، هەندێکیان کە سواری ئۆتۆمبیلەکان دەکران دڵیان خۆش دەبوو، دەیانگووت رەنگە بۆ بەردان بێت، بەڵام لە دوورەوە دەنگی شۆفلەکان دەبیسرا و دوای بردنی ئەوان هەمیشە دەنگی دەستڕێژی گولە مرۆڤی دەشڵەژاند، هەندێ جاریش هاوار هاوارێک دەبیسترا.

فاتم پێستێکی وشک بەسەر ئێسکەکانییەوە ماوە. ڕاستە هەناسە دەدات، بەڵام هەست بە ژیان ناکات. لە دەوروبەری خۆیەوە تەنها بیست ئافرەت دەبینێت کە لە تەمەنی خۆیدان یان هەندێ گەنجترن، بەڵام ئێستا دوای زیاتر لە دووساڵ مانەوەی ئەشکەنجەئامیز لەو زیندانە، کەسیان ناکرێ پێیان بگوترێ گەنج، چونکە ئەوە ساڵەکانی تەمەن نییە کە گەنجێتی دەستێنیشان دەکات، بەڵکو ئەزموونەکانە تەمەن دیاری دەکات. ئەزموونی مانەوەیەکی درێژخایەن لە زیندانی نوگرەسەلمان و ئەشکەنجەی بەردەوامی دەروونی، ئەوانی بەساڵدا چواندووە.

فاتم بیر دەکاتەوە، خۆیشی سەیری پێ دێت چۆن دەتوانێ لەو ژیانەدا کە ناوی ژیانە و ناوەڕۆکی مردنە، بیردەکاتەوە و هێشتاش چرکە بەچرکەی ساتەکانی دێی بنەکەی لە بیرە. بیرە ئاوەکەی پشتی ماڵیان، کە لەگەڵ کچانی دێ لەوێ دادەنیشتن و راز و نیازی دڵیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. ئەو رۆژەی هاتەوە یاد کە لەسەر ئەو بیرەدا وێنەکەی ئاتیلای پیشانی هاورێکانی دەدا و دەگریا و دەیگووت لەم خۆشەویستەم دامدەبڕن و ئارامی نەمابوو. کچەکان دڵیان دەدایەوە و ئەوانیش هەر یەکە و بۆ دڵدارەکانی خۆیان پەریشان بوون و رێگری کەسوکاریان لە

شووکردن بەو کوڕانەی کە خۆشیان دەویستن، دڵی هەموویانی تەنگ کردبوو.
بیری دەکردەوە لە تەکیەکەی باوکی، کە هەمیشە جمەی دەهات لە میوان، بیری دەکردەوە لە دایکی و هەموو ئەو قسە ناخۆشانەی بیر دەکەوتەوە کە پێی دەگووت و ئەو هەڕەشانەی لێی دەدا بۆ ئەوەی واز لە ئاتیلا بێنێ. فاتم ئەوانەشی بیر دەهاتەوە بەڵام هەستێکی زۆر قووڵی بیرکردنی دایک و باوک و خوشک و براکانی، ژیانە لە دۆزەخچووەکەیان زیاتر لەوەش بۆ ناخۆش دەکردەوە. لە دڵی خۆیەوە دەیگووت: ئاخۆ ئێوە ماون یان مردوون دایکە گیان، باوکە گیان، برا ئازیزەکانم، خوشکە بچووکەکەم! ئەگەرچی دەیپرسی بەڵام گومانی هەبوو کەسیان مابن، چونکە ئەوەی ئەو بینی لەم دووساڵ و سێ وەرزەی رابردوودا، بوارێک ناهێڵێتەوە بۆ بیرکردنەوە لە مانی هیچ کەسێک کە لە ملەسوورەوە هێنرانە ئەو بیابانانە. لەبەر خۆیەوە بە دەنگێک کە ئیتر لە دەنگ ناچێت و تەنها لە نووزەیەکی گیاندان دەچێت دەڵێت: گەر ئەو بەڵێنەی پێمان دراوە راست بێت، لەودنیا یەکتر دەبینینەوە. لە بەهەشت بێت یان لە دۆزەخ هەر یەکتر دەبینینەوە. ئێمە ئەم دنیامان لە دۆزەخدا تەواو کرد، تۆ بڵێی لەودنیاش هەر بخرێینە ناو دۆزەخەوە. لەگەڵ خوای خۆی دەکەوێتە گفتۆگۆوە: تۆ بۆ ئێمەت دروست کرد خوایە گیان؟ تەنها وەڵامی ئەو پرسیارەم بدەرەوە و هیچی تر، پێم بڵێ بزانم تۆ ئێمەی کوردت بۆچی دروست کرد، ئەگەر ناتوانی بمانپارێزی لە دوژمنەکانمان؟ خوای گەورە من تا ئەم ساتەش هەر باوەڕم پێتە و بیستوومە تۆ تاقیمان دەکەیتەوە، ئەمە چ تاقیکردنەوەیەکە و پێویستە چەند هەزار رۆژ لە تاقیکردنەوەدا بین تا ئەنجامی دەرچوون یان دەرنەچوونمان بدەیتێ. خودایە، تکایە با ئەم تاقیکردنەوەیە کۆتایی بێت و ئەگەر دەریشمان ناچوێنی، هەر کۆتایی بێنە بەم تاقیکردنەوەیەی کە لە هۆڵی پیسترین و کوشندەترین زیندان پێمان دەکەیت.

بەردەوام دەبێت لە دواندنی خوای خۆی و پێی دەڵێت: من داوام لە ئاتیلا کرد واز لە مەی بێنێ، نوێژ بکات و نزا بکات و پێم گووت کە تۆ چەند میهرەبانی و چەند بەخشندەی و وەڵامی نزاکانمان دەدەیتەوە. بە بی سێ و دوو بە قسەی کردم، باوەڕی هێنا و دەستی کرد بە نوێژ و رۆژوو، بە قورئانخوێندنەوە و نزا. بە جووتە نزامان دەکرد یارمەتیمان بدەی، بمانبەخشی، لە میهری خۆت بێبەشمان نەکەیت، هیچ وەڵامت نەدایەوە! ئێستا ئاتیلا لە دڵی خۆیشیدا بێت دەڵێ: کوا فاتم خۆ تۆ وتت ئەگەر نوێژ بکەیت و لە خوا بپاڕێیتەوە یارمەتیمان دەدا، کەچی رۆژبەرۆژ خراپتر بوو، نە بۆ یەک بووین و نەش هێشتا بۆ خاک بووین، من لێرە لە ناو ئەشکەنجەدا دەتلێمەوە و ئەویش دڵنیام لە من خراپترە. ئێستا کێ دڵی دەداتەوە و کی دەتوانێ ئارامی بکاتەوە، کێ دەتوانێ دڵە لە هەزارلاوە شکاوەکەی بداتەوە و وای لی بکات ڕووناکی ژیان ببینێت. من ئەو باش دەناسم، دەزانم ئێستا دەژی، بەڵام ژیانەکەی وەک دۆزەخ وایە،

چونکە هەست دەکات من لە دۆزەخدا دەژیم. من ئەو باش دەناسم، دەمار بە دەماری شارەزام و دەزانم ئێستا بە دەم گۆرانیگووتنەوە وەکو مۆم دەتوێتەوە. گۆرانییەکەی ئاتیلای بیر دەکەوێتەوە کە بەردەوام دەیگووت و بە دەنگێکی زوڵاڵ و بڵند. وشە بە وشەی گۆرانییەکە و سۆزی دەنگ و دڵی ئاتیلا دەبێتە میوانی هەست و بیری:

ئاخ ئاخ با بمرم/ لە پاش مەرگم لە پاش مەرگم لە پاش مەرگم

چی فایدە بێیە سەر قەبرم لەبۆ شیوەن/ ئای ئای هەر کە ماوم نەفەس بفەرمە چۆن ئەبێ ماڵم، بفەرمە چۆن ئەبی حاڵم سەد جار بناڵم/ لە دەرد و میحنەتی فیرقەت گەلێ لەم حاڵەبێزارم/ لە دەرد و میحنەتی گران گەلێ لەم ژینە بێزارم گەلێ لەم حاڵە بیزارم/ دەغیلت بم ئەگەر عەفوم نەکەی گەلێ دڵ بە ئازارم/ سەرم ببڕە گۆشە گۆش لەسەر ئەم سێڕێگە بمنێژە بمنێژە بمنێژە/ بە خودا و بە پێغەمبەر حەقت بە دەستە تۆ گەورەی خۆم غولامم بی دین/ نە ماڵم دەوێ نە گەنجی دونیا/ باڵای تۆم دەوێ بە تاقی تەنیا/ ئەی هاوار نەمام.

بە بیرهاتنەوەی ئاتیلا و گۆرانی و سۆزی دەنگی، رۆحی فاتم کەوتە ناڵین و زاری، بەڵام تنۆکێکیش فرمێسک نەمابوو بیرێژێت. چاوەکانی وەک ئەو کانیاوانە بوون کە لە دێیەکاندا ساڵانێک ئاوی پاک و پاراویان دەبەخشی و سەرچاوەکان کوێرکرانەوە و ژەهراوی کران. کانی فرمێسکی فاتمیش وشکی کردووە. هەستیش بە کزبوونەوەی تەواوی چاوی خۆی دەکات، هەموو شتێ لە دەوروبەری خۆی بە لێڵی دەبینێ، بەڵام خەمی ئەوەی نییە کە شتەکان باش نابینێ، باشترە کە روون نایانبینێ، چونکە ئەوەی لە دەوروبەرییەوەیە جگە لە پیسی و خوێن و رشانەوە و مەرگ و تاوان و پاسەوانی جەلاد و بەرپرسی بێویژدان، هیچی تر نییە. تەنانەت پێویستی بەوەش نییە کە ئەو هاوڕێ ستەمدیدانەی خۆی ببینێ کە هەر یەکەیان خەڵکی دێیەکی ئەو گەرمیانەن و دوو ساڵ و نیوە بوونەتە دەستەخوشکی زیندانی لەم نوگرەسەلمانە. ڕوون نەیانبینێ باشترە، چونکە دۆخی ژیانیان ئەوەندە نالەبارە، ئەوەندە ئەشکەنجەبارە کە تەنها ئازار دەبەخشێت.

فاتم وەبیری دێتەوە کە هێشتا چاوەکانی بەهێز بوون و ڕوون دەیانبینی چەند ئازاری دەچێشت کە پیاوەکانیان دەهێنا و هەڵیان دەواسین و دارکارییان دەکردن تا دەمردن. باشترە چاوەکان نەک هەر کز بن، کوێر بن و دیمەنی ئەوەندە ئەشکەنجەبار نەبینن. ئەو چی نەبینی؟ مردن چەند میهرەبانە ئەگەر لەوساتانەدا بێت و فریات بکەوێت، بتباتەوە و دیمەنی وا نەبینی.

هەڵواسینی شێخەکەی هەزار کانی چۆن لە یاد دەچێتەوە. هەڵواسینێکی جیاواز هەڵیان واسی وەک ئەوەی چوارمێخەی بکێشن وابوو. دیمەنی هەڵواسینەکەی لە هی مەسیح دەچوو، کە شکۆی ئەو و رووناکی ڕووی هێشتا هەر دەدرەوشایەوە. بێباک بوو لەو هەموو کێبڵ و قامچییانەی لێی دەدرێ لە هەموو لایەکەوە، لێدانەکان نە ڕەنگیان بزرکاند و نە ئاخێکیان پێی هەڵکێشا. وەک ئەوەی لە کۆڕی زیکرێکدا بێت لەگەڵ دەروێشەکانی، بە ئاستەم دەمی دەجوڵا و لەگەڵ کەسێکدا دەدوا، پێدەچوو لەگەڵ هێزێکی ئاسمان بێت، چونکە چیتر متمانەی نەمابوو بە هیچ هێزێکی سەرزەمین، کە هەموویان دەستیان سوور بوو بە تاوان و خوێنرشتن.

شێخەکەی هەزار کانی، بە دەم ئەو زیکری مەرگەوە، سوپاسی خوای دەکرد کە ئەو مەرگەی کرد بە بەشی کە لەگەڵ هاونیشتیمانی و هاوگوندییەکانی گەرمیاندا بێت و جیای نەکردەوە لەوان. دەیزانی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی و دەروێشەکانیشی تیاچوون و پێش خۆی کوژران، هێشتاش پەشیمان نەبوو لەو چارەنووسەی کە هەڵیبژارد. ئەو تا سەرئێسقان ژیاندۆست بوو، بەڵام نەیدەویست ژیانێک هەڵبژێرێت کە دابڕاو بێت لە ویژدان و باوەڕ و خۆشەویستی. ئەو پێی سەیر نەبوو بۆچی نزا و پاڕانەوەکان سوودیان نییە، چونکە دەیزانی دوژمنەکانی ئەمان داماڵراون لە مرۆڤایەتی و ئەو جەستانەی ئەوان بە رۆحی دڕندەکان پر کراوەتەوە. شێخ حسێن بەو لێدانانەی لە هەموو لایەکەوە بەر جەستەی دەکەوت رووی گرژ نەبووەوە، بە پێچەوانەشەوە، رێک ئەو کاتەی دواهەناسەی سپارد، خەندەیەک لەسەر لێوی نەخشا و جەلادەکانی سەرسام کرد. جەلادەکان شێت بوون کە بینییان پیاوێکی کورد بە دەم ئەشکەنجەوە دەمرێ کەچی خەندەی لەسەر لێوە. تووڕە بوون و پێیان وابوو ئەوە تەوسکردنە و بەوان پێدەکەنێ. ئەوان نەیانزانی ئەو پیاوە کوردە جوامێرەکەی هەزار کانییە و ئەو پیاوەیە کە فەرمانی ئازادبوونیان بۆ دەرهێنا و لە زیلەکان دانەبەزی و چارەنووسی خۆی لەخەڵکی گووندەکان جیانەکردەوە. رۆحی ئەو سووک و ئاسان وەک پەپوولەیەک بەرەو ئاسمان هەڵفڕی و جەستەیەکی خوێناوی بەجێ هێشت بۆ جەلادەکان، کە تووڕەی کردن، چونکە لە روخساریدا خەندەیەکی تەوساوی هەبوو، کە تەنها ئەو خەندەیە لەو ماوەیەدا توانی جەلادەکانی رژێمی بەعس تووڕە بکات.

دەبێ دنیا ئێستا چۆن بێت؟ تۆ بڵێی هەر هەموو خەڵکی کوردستانیان نەهێنابێتە ئێرە و نەیانکوشتبن؟ فاتم لە نێو ئەو زیندانەوە بیری دەکردەوە و لە دڵی خۆیەوە پرسیاری دەوروژاند. ئەبێ ئێستا ئاتیلا لە کوێ بێت؟ دەزانم ماوە، بەڵام ئەو نازانێ من ماوم، دەزانم ئێستا بێ ئارام و رەشبینە، چونکە نازانێ من ماوم و هەر وا دەزانی کە مردووم. دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیدا: من نەمردووم ئاتیلا، بەڵام لەو بروایەشدا نیم کە هێندە زۆریشم لە ژیان مابێ. من هەستەکانم پێم

دەڵێن دواساتەکانی ژیانم و دواهەناسەکانم نزیک بوونەتەوە، بەڵام ئێستا خەمی ئەوەمە ئازیزم کە بمرم، تۆ دڵت خەبەرت پێ دەدات و ئازاری زۆر دەچێژیت، نەک هەر ئازار، بەڵکو گومان دەکەم بمریت. من تۆ باش دەناسم ئاتیلا، دەمارەکانت شارەزام و دڵیام لە ڕاستگۆییت، دەزانم لەسەر بەڵێنی خۆتی و دەیگەیەنیتە جێ، دەزانم مەرگم نزیکە و دوێنێ کە هاتن و ناوی ئێمەیان نووسی و لەبەر خۆیانەوە وتیان، ئەمانە دواوەجبەن کە بیاننێرین بۆ جەهەنم، بۆیە دەزانم هەر سبەینێ ئێمەش دەبەن. ئەم زیندانەش چۆڵ دەبێت، دوا وەجبەی کوردین و بەمەش خەتمی سوورەتەکەیان دەکەن، سوورەتی ئەنفال. ئاتیلا گیان، من لێرە زانیم کە ئێمە پێمان دەگووترێت ئەنفالکراوەکان، لە لیستەکاندا کە ناویان دەنووسین دەیانونوسی ئەمانە ئەنفالکراوەکانی سێن، هی گەرمیان. بمبوورە ئاتیلا گیان کە رۆژێ لە رۆژان بەڵێنی ئەوەمان بەیەکتر دا کە پێکەوە بمرین، من ئێستا لەبەڵێنەکەم پەشیمان بوومەتەوە، حەز دەکەم دوای منیش تۆ هەر بمێنیت، حەز دەکەم تۆ بژیت، بژیت و گۆرانی بڵێیت، دنیا پر بکەی لە سۆزی دەنگت، بەڵام دەزانم تۆ وا ناکەیت و لە بەڵێنەکەت لانادەی، من تۆ دەناسم و دەزانم چەند دڵسۆزی بۆ پەیمانەکەت.

❊❊❊

((٢٤))

# ئاویتەبوونی تاهەتایی
# ( فاتیلا)

لە دوای کۆڕ و فیستیڤاڵەکەی سەرتەکەوە هیچ شتێک، تەنها وشەیەکیشی لە نێو ڕۆژژمێردەکەیدا نەنووسی. ئەم بەیانییە کە هاتە دەرەوە تەماشایەکی ڕۆژژمیرەکەی ئەمساڵ، ساڵی ڕاپەڕینی کردەوە و لە سەر لاپەرەی ڕۆژی پینجی مانگ دە ڕاوەستا، هەستێکی سەیری هەبوو، هەستی بە ڕاوەستانی کات کرد و ویستی لەسەر ئەو هەستەی شتێک بنووسێت. ویستی وشەیەک بنووسێت کە لە دڵی خۆیدا وەک دوا وشە ناوی برد، بەڵام نەیتوانی و پینووسەکەی فڕێ دا و ڕۆژژمیرەکەشی لە سەر ڕەفەکە لە ماڵی دایکی دانایەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆی، دڵی تەنگ بوو، ڕەنگە لەبەر ئەو خەوە سامناکە بێت کە دوێنێ شەو بینیبووی و هەستێکی ناحەزی لا دروستکردبوو.

لە خەویا لە شوێنێک زەوی قڵیشا و فاتم لە کەناری قڵیشەکەدا بوو، کەوتە نیو قڵێشەکەوە، بە هەموو هێزی خۆی هاواری دەکرد و کەس هاوارەکەی نەدەبیست، بە هەموو هێزی خۆیەوە غاری دەدا  تا بڕوات و لە نێو ئەو قڵێشە فاتم دەربێنێت، بەڵام هەر غاری دەدا و نەدەگەیشت.

کە لە خەو ڕاچڵەکی ترسێکی ڕاستەقینە هەموو ئەندامەکانی جەستەی هێنایە لەرزین. هەستەکانی چالاک بوونەوە و وەک ئەوەی چاوێکی نهێنی لە نێو سەریدا هەبێت. ئەوە چاوی دەرکی بوو یان هەستی شەشەمی کە بەهۆیەوە بەردەوام هەستی بە ترپەی دڵ و بە هەناسە و بە ئازار و ژانەکانی فاتم دەکرد. وەک ئەوەی شاشەیەک لە بەر دیدەیدا بکرێتەوە وابوو،  شتێکی سەیر بە بەرچاوی ئەو چاوە نهێنییەیدا تێپەڕی، لە ئۆتۆمبیلێکی سەرداخراوی زیندان دەچوو سیخناخ

بوو لە کچ و لە نێویاندا فاتمی بینی. ئەو کچانە بۆ کوێ دەبەن؟ نەیدەزانی خەو بوو یان زیندە خەو، خەیاڵ بوو یان واقیع، هەموو شتەکان بۆ ئەو تێکەڵاو بوو بوو. ئەم خەوە تەواوی بوونی شڵەژاند، دەنگێک لە ناخیەوە هاراسانی کرد، گوێیەکانی خەریک بوو لە حەژمەتا هاوار بکەن. لە خۆیەوە گوێی لە دەنگی شۆفڵ بوو کە زەوی هەڵدەدڕێت، تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و بینی ماڵەوەیە و ئەو ئێستا لە لای دایکێتی. بەیانییەکی زۆر نائاسایی بوو، ئەگەرچی لەوەتی چاوی فاتمی لێ دیار نییە هیچ بەیانییەکی خۆی بە ئاسایی نەزانیووە، بەڵام ئەم بەیانییە زۆر جیاوازترە. وەک ئەوەی ئەم بەیانییە لە جیاتی خۆرهەڵاتن خۆر گیرابێت و دنیا تاریک بێت، هەستەکانی ئەو لەو تاریکییەدا بەهۆی ئەو خەوەوە هەراسان بووبوون.

دایکی بانگی کرد نانی بەیانی بخوات، بەڵام دڵی هیچی نەدەبرد و لەبەر دایکی پیاڵە چایەکەی خواردەوە. هەوڵی دەدا دڵی خۆی بداتەوە و خەوەکە لەبیر خۆی بباتەوە، بەڵام بێ سوود بوو. هەوڵی دەدا ئۆباڵی ئەو خەوە بخاتە ئەستۆی ئەو مەیخواردنەوەیەی دوێنێ شەوی، بەڵام دڵی زۆر خێرا لێی دەدا و دەتگووت دەهۆڵی شەڕ لە نێو سەریدا لێدەدات و کاری لە لێدانی دڵی کردووە.

جلەکانی پێشمەرگایەتی لەبەر کردەوە، جگە لە دەمانچەکە، کلاشینکۆفەکەشی لە شان کرد و مەخزەنی فیشەکەکانیشی بە پشتوێنەکەیەوە کرد. پێش ئەوەی لە ماڵ بێتە دەرەوە، لە گۆشەیەکی ژوورەکەوە سازەکەی بینی و وەک ئەوەی سازەکە بانگی بکات، بە خۆشەویستییەوە بەرەو ڕووی چوو. سازەکەی لە باوەشی نا، فرمێسک پڕ لە چاوەکانی بوو، وەک ئەوەی خۆشەویستێکی بێت و دواجاری دیداری بێت لەگەڵی ماچێکی کرد و فرمێسکەکانی بەر بوونەوە و کەوتنە سەر ژێی سازەکە. بە پەنجەکانی ژێیەکانی لە فرمێسکەکانی وشک کردەوە. سازەکەی لە سەر ڕانی دانا و گۆرانیی خۆم و عودەکەمی عەلی مەردانی وت، بەڵام ئەم وشەکانی گۆڕی و کردی بە خۆم و سازەکەم، لەیلاکەشی گۆڕی بۆ فاتم. دوای دێڕەکانی یەکەمی هەر خۆی هەندێ وشەی بۆ فاتم و سازەکەی داهێنا و بە دەنگێکی کە دڵی دەتواندەوە، گۆرانییەکەی چڕیی:

خۆم و سازەکەم شەو هەتا بەیان/ من سۆز ئەکەم و بۆ فاتم ئەویش بە گریان/ یار یار یار یار بە لارەی دەنگی ئاهی دڵ ئەکا بریان/ من سۆز ئەکەم و بۆ فاتم ئەویش بە گریان.

خۆم و سازەکەم هەردوو سوتاوین/ من دەناڵێنم بۆ فاتم هەردوو داماوین/ یار یار یار یار شێتم لە دووریت/ وەختە بتوێمەوە لە کوێی کوانێ سەبووریت/ من سۆز ئەکەم و فاتمیش بە تاوی گریان/ جەرگ و دڵ و هەناوی من ئەکاتە بریان.

خۆم و سازەکەم بەرگە ناگرین/ وەختە لە تاوی حەسرەتی فاتەکەم بمرین/ یار یار یار یار یەکجاریی مەڕۆ/ ژیانم ناوێ بە بێ تۆ خۆمم رەنجەڕۆ/ هەر دەڕۆی منیش لەگەڵ خۆت ببە ئەو دنیا/ نامەوێ هەناسە بدەم بە تاقی تەنیا.

بەدەم گۆرانییەکەوە سەرچاوەی فرمێسکەکانی هەڵدەقوڵی و سەر و ریشی درێژیان ئاو دەدا. جارێکی تریش سازەکەی لە ئامێزی نا و ماچی کرد. لە گۆشەی ژوورەکە دایناییەوە و هەنگاوی قورس قورسی دەنا بەرەو دەرگای دەرەوە. لەبەر دەرگا، دایکی پێی گووت: - کوڕم بۆ کوێ دەچی؟

- بمبورە دایەگیان، گەردنم ئازاکە کە ئەوەندە سەرەڕۆ بووم و بەردەوام بەجێم دەهێشتی و نەمتوانی خزمەتت بکەم.
- کوڕم ئاگات لە خۆت بێت، گەردنت هەزار جار ئازاد بێت.

کە لە ماڵ هاتە دەرەوە نەیدەزانی سەرەتا بەرەو کوێ هەنگاو بنێت، هەستی دەکرد پەلەیەتی و ناپەرژێتە سەر هیچ شتێک و بانگ کراوە بۆ شوێنێ. لە دڵی خۆیدا وتی دەچم بزانم مەهاباد شیعرەکەی تەواو کردووە یان نا. هەنگاوەکان خۆیان تا بەر دەرگا بردیان و چووە ژوورەوە،پێش ئەوەی تەنانەت سڵاویش بکات، بە پەلە پەل گووتی:
- مەهاباد، حەیاتم خێراکە بۆ شیعرەکە هاتووم، خۆ تەواوت کردووە؟
- نووسیوومە دکتۆر بەڵام هێشتا تەواوتەواو نەبووە، دەبێ پێدا بچمەوە. ئەم جارە هاتییەوە حەتمەن وەریدەگریت.

لەگەڵ دوا وشەمدا دەنگی بۆمبێک شارەکەی هەژاند. هێند نزیک بوو دەتگوت لەو گەڕەکە لە زەوی داوە. دەرگا و پەنجەرەکان لەرینەوە و شووشەکان هاڕەیان کرد. خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد و بە خێرایی گووتی:
- حەیاتم شیعرەکە بکە بە چیرۆک، بە ڕۆمان، بە داستان، من دەبێ بڕۆم چاوەڕێمن. ئێوەش ئاگاتان لە خۆتان بێت لەوانەیە بۆردومانێکی خەستی شارەکە بکەن. باشترە لە شار بچنە دەرەوە. باشە؟! بڕۆن ها!
- خوات لەگەڵ! باشە، باش.. ئێوەش ئاگاداری خۆتان بن.
لە چاوتروکانێکدا ئەو لە ماڵەکە و لە کۆڵانەکەش دوور کەوتەوە و لە چاو ون بوو. سەرەتای رۆژەکە بەو بۆمبایانە دەستی پێکرد کە دەتگووت تەپڵی جەنگی یەکلاکەرەوەیە لە نێوان ئاهورامەزدا و ئەهریمەن.

لە سەری کۆڵانەکەوە کەنعان چاوەڕێی دەکرد و پێکەوە سواری ئۆتۆمبیلەکەی کەنعان بوون و بەرەو لای باوەشاسوار لێی خوڕی. لەو نزیکانە ئۆتۆمبیلەکەی راوەستاند و بە پێ بەرەو ناو چەمەکە کەوتنە ڕێ، دەیانویست بپەڕنەوە ئەو بەر و هێشتا لە پشتی کەژەکاندا بمێننەوە تا هەواڵ لە پێشمەرگەکانی ترەوە دەبیستن و بزانن دەبێ چی بکەن. کەنعان پێی گووت دەبێ بروات ئۆتۆمبیلەکە بباتەماڵەوە و بگەڕێتەوە بۆ لای. ئەو رۆیشت و ئەم بە تەنیا مایەوە و لەو جێگایەدا هەستێکی سەیری هەبوو، دەتگووت موگناتیسێک لە زەوی ئەو شوێنەوە کێشی دەکات. ئەو منداڵ بوو، بەڵام بۆیان گێڕابووەوە کە لەو شوێنەدا تەیمووری برای، پێشمەرگە قارەمانەکەی شۆرشی ئەیلوول، هەر لەو جێگایە شەهید بووە کە ئێستا ئەمی لێیە. سیمای تەیمووری کاکی هاتەوە پێش چاو، سمێڵە رەشە ئەستوورەکەی کە تا پشتی گوێی هاتبوو، سام و شکۆی دەموچاوی هاتەوە بەرچاو، هەستی کرد تەیموور دەستی هێناوە تەوقەی لەگەڵ بکات، ئەمیش خۆرسکانە دەستی درێژ کرد، بەڵام دەستی لە بۆشاییدا مایەوە. لە جێی دەستی ئەو هەستی بە دەستی فاتم کرد. وزەیەکی سەیر رژایە نیو دڵ و دەمارەکانییەوە، بە دەنگی بەرز و بە گریانەوە گووتی: فاتم ئەوە دەستی تۆیە، ئەوە تۆی دەستی منت گرتووە. فاتم گیان بمبوورە کە ئەوسا دەستی تۆم نەگرت و پێم وابوو گوناهە، هیچ گوناه نییە فاتم دەستت بێنە لە نێو دەستمی بنێ، چەند گوناهین ئێمە فاتم کە نۆ ساڵە خۆشەویستییەکی خوایی یەکمان خۆش دەوێ و دەستی یەکمان نەگرتووە، یەکتریمان ماچ نەکردووە. فاتم گیان ئەوەی دەڵێ ماچی دڵداران گوناهە، گوناهی گەورە دەکات. ئێمە گوناهی گەورەمان کرد بەرامبەر بە خۆمان. خۆشەویستەکەم، سوپاس کە ئێستا دەستت هێناوە و لەناو دەستی منت ناوە. وەرە با باوەش بە یەکدا بکەین و تاسەمان لە یەک بشکێ، وەرە با تا هەتاهەتاییە لە ئامێزی یەکتری بین.

دەنگی بۆمباکەکانی ناوشار و ئەوانەی کە دەیاندا لە سنگی شاخی باوەشاسوار، کاسیان کردبوو، ئەو جارەیان دانەیەکیان لە نێو چەمەکەدا تەقییەوە. هەستایە سەر پێ، مەخابن دەستی فاتم لە ناو دەستییا نەمابوو، نەفرەتی لە بۆمباکان کرد، لە دەنگی بۆمباکان کە رایانچڵەکاند و ئەو ساتە قەرەبوونەکراوەیان پێ بڕی، ئەو ساتەی کە دەستەکانی فاتم لەناو دەستی بوو، دەیوویست هێدی هێدی لە خۆی نزیکی بخاتەوە و لە باوەشی بگرێت، توند بە خۆیەوەی بگوشێت و ئیتر لەو ساتی ئاوێزانەدا بشمرن قەینا.

لەناو چەمەکەدا راوەستابوو سەیری هیچ لایەکی نەدەکرد، دەتگووت سەرسامە و لە ڕامانیکی قوڵدایە. دەتگووت لە خەڵوەتێکی قوڵدایە و نایەوێت ئەو خەڵوەتەی لێ ببڕێت. چەند پێشمەرگەیەک لە دووەرەوە بینییان، یەکێکیان هاتە لایەوە. مەلا سەعید بوو، بە خێرایی چەند وشەیەکی پێ گووت:

– دکتۆر ئەوە بۆ لێرە ڕاوەستاویت، خێراکە لێرە برۆ، تۆ پێویست ناکا بێی بۆ شەر، ئێرە زۆر خەتەرە و تۆپەکان هەموویان بەرەو ئێرە دەهاوێژرێن. ئێمە دەڕۆینە لای بەشی ناوخۆییەکە و لەوێ دەبین، یان وەرە بۆ ئەوێ بۆ لای ئێمە، یان لەم کەژ و هەردانەوە بڕۆ و خۆت لە شار دوور بخەرەوە. بڕۆ بۆ سەرقەڵا، لێرە مەمێنەوە.

لەبەر پەلەپەل، مەلاسەعید رۆیشت، بەڵام ئەم وەک ئەوەی هیچ یەکێک لە وشەکانی مەلا سەعیدی نەبیستبێت وا بوو. پیشمەرگەکان دوور کەوتنەوە و ئەم هەر لە شوێنی خۆی راوەستابوو. هێشتا لە نێو خەڵوەتەکەدا بوو. وەک ئەوەی لەسەر سنگی باوەشاسوار ئەکرانی سینەمایەکی بۆ کرابێتەوە دیمەنێکی بینی، دیمەنێکی زۆر سەیر و ترسناکی بینی. شۆفلەکانی بینی کە چاڵێکیان تەواو کردووە و بەرەو ئەولا دەڕۆن، ئینجا پاسێکی درێژ هات و لەوێ ڕاوەستا. ڕامانەکەی نەپچڕاو هەر تەماشای ئەو شاشەیەی دەکرد کە لە سنگی باوەشاسوارەوە کرابووەوە و دەرکی ئەمەش وێنە و گرتەکانی لێ وەردەگرت. هێندەی پێ نەچوو لە پاسەکەوە کەسانێکیان دابەزاند. ئاتیلا وردتر و قووڵتر سەرنجی دا تا بزانێ کێن ئەوانەی هێنرانە لای ئەو چاڵەی کە شۆفلەکە بەجێی هێشت. کۆمەڵێ ئافرەتن بە جلوبەرگی کوردییەوە، کە لەبەر چڵکنی نازانرێت ڕەنگی جلەکان چۆنن. وردتر دیقەتی دا، سیمای فاتمی بینی، ناسییەوە، شێواوی و لاوازبوون و برینەکانیشی نەیانتوانی روخسارەکەی لێ ون بکەن. ڕامانەکەی هێندە قووڵ بوو تەنانەت نەیدەتوانی بانگێکیشی بکات، هەر چاوەڕێ بوو بزانێ چی ڕوو دەدات. ئافرەتەکانیان بەڕیز ڕاوەستاند لە پەنای ئەو چاڵەی کە شۆفلەکە بە جێی هێشت. لە بەرامبەریان هەندێ دەعبای سەیر راوەستان و هەر یەکەیان دەمانچەیەکی پێ بوو. ئاتیلا وەک ئەوەی لە نێو ئەو رامانەدا بورابێتەوە نەیدەتوانی هیچ کاردانەوەیەک بکات و بچێت فاتم رزگار بکات. دەنگی تەقە بڵند بووەوە، هەموو ئافرەتەکان کەوتن و هێشتا فاتم بە پێوە مابوو. وەکو ئەوەی فاتمیش ئەم ببینێ بە چاوێکی پر لە خۆشەویستییەوە پێی گووت: ئاتیلا گیان، نەمگووت من و تۆ پێکەوە دەمرین، بینیت نزاکەمان هاتە دی و بەیەکەوە بۆ دنیایەکی تر دەچین، هەر ئێستا ئیتر بەیەکتر دەگەینەوە، چونکە ئیتر من و تۆ جەستەمان نییە تا بەربەستمان بۆ دروست بکات، ئێمە ئیتر تا دنیا دنیایە پێکەوەین و کەس ناتوانێ لە یەکتری جیامان بکاتەوە.

دەستی بۆ سەرسنگی خۆی برد، لە ئاستی دڵی ئازارێک دەیقریشکاند، دەستەکانی پر بوو لە خوێن. پرشێکی ئەو تۆپەی کە لە نزیکییەوە هەر ئەو ساتە دابووی لە زەوی، بەر دڵی پر لە کۆژانی عەشقی کەوتبوو.

هێشتا چەند هەناسەیەکی مابوو کۆتایی بە چیرۆکی ئەم ژیانەی بێت، لە شاشەی سینەماکەی دەرکییەوە، کە لەسەر سنگی باوەشاسوار ڕەنگی دابووەوە، جەستەی فاتمی بینی بۆ ناو چاڵەکە بەر بووەوە. شۆڤڵەکەی بینی هات و خۆڵی بیابانی عەرعەری دەکرد بەسەریدا. کۆتا هەناسەکانی تێکەڵ بە هەنیسک بوو، گریانێک گریا بەردەکانی کەنار چەمی بوغازی هێنابووە جۆش، ئاوەکەش وەک ئەوەی فرمێسکی خوێنینی زەوی بێت سووڕ هەڵگەڕا. ئاتیلا، عاشقە ڕاستگۆکە گریانی گیاندان گریا، بۆ هەردووکیان بە جووتە، بۆ مەرگی خۆی و فاتم، کە ئیتر ئەوە یەقین بوو بۆی کە فاتم تا ئەو ساتە مابوو، وا ئێستا دوژمنەکان کوشتیان و فڕێیان دایە چاڵەکانەوە، بەوەش سوورەتی ئەنفال کۆتایی هات، کتێبی پیرۆزیان خەتم کرد، دوژمنەکانی مرۆڤایەتی، دوژمنەکانی خۆشەویستی!

فاتمیش لەوێ، لەناو چاڵەکەی بیابانەوە، دوا هەناسەکانی تێکەڵ بە هەنیسک و فرمێسک بوو. شاشەی سینەمای دەرکی ئەویش دیمەنی شەهیدبوونەکەی ئاتیلای پیشان دا، بۆیە هیچ باکی نەبوو لەو فیشەکانەی کە لە دەمانچەی دەستی جەلادەکەوە بەرەو جەستەی دەهاتن و کونکونیان دەکرد. پێی خۆش بوو پێش ئەوەی کۆتا هەناسەی بدات گوێی لە دەنگی خۆشەویستەکەی بێت.

گیاندانەکەشی جیاواز بوو عاشقە سترانبێژەکە، وەک ئەوەی گوێی لە دوائاواتی فاتم بێت، دەستێکی لەسەر سنگی پڕ بوو لە خوێن و دەستەکەی تری نایە پەنا گوێی و تێی چریکاند، دواچریکەی بولبولیکی عاشق، کە جیاواز بوو لە هەموو چریکەکانی جیهان.

ڕەفیقان من ئەوە ڕۆییم لە لاتان
لە مەزڵومان بلا چۆڵ بێت وڵاتان
مەڵێن کەڵکی نەبوو، ڕۆیی، جەهەنم
سەرم قەڵغانە بۆ تیری جەفاتان

دوای بەدیهاتنی ئاواتەکەی و بیستنی دەنگی دڵدارەکەی، کۆتا هەناسەی فاتم خۆڵە بۆگەنەکەی بیابان داپۆشی، کە لە دەمی شۆڤڵەکەوە بەسەریدا کرا.

لاشەکان زۆر دوور بوون لە یەکترەوە، بەڵام لە چاڵەکەی سەحرای عەرعەرەوە کۆترێکی سپی مێینەهەڵفڕی و لە ناو چەمی کفری بناری باوەشاسواریشەوە کۆترێکی سپی نێرینە هەڵفڕی. هێدی هێدی بەرز دەبوونەوە و بەرە لای یەک هەڵدەفڕین. بێباک بوون و دەیانزانی ئیتر

بەربەستێک نەماوە و هێزێک نییە بتوانێ رێی بەیەکگەیشتنیان لێ بگرێت. رۆحیان لە کورتترین ساتدا بەیەک گەیشت و تێکەڵ بە یەکتری بوون، هەردووکیان بوون بەیەک ڕۆح و بڕیارڕیان دا بە بێ جەستە، تا هەتایە لە گەردوونی عەشقی باڵادا بمێننەوە.

رۆمانەکە تەواو بوو/ بەڵام/ عەشق تەواوبوونی بۆ نییە
٢٠١٥/٤/١٤ تا ٢٠١٥/٥/٢٧
مەهاباد قەرەداغی
هەولێر

# سوپاسنامە

کە دەستم بە نووسینی ئەم ڕۆمانە کرد، کەرەستەی سەرەکی بەردەستم ئەو زانیارییانە بوون کە د.ئاتیلا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیبووی و پێش شەهیدبوونی لای دانابووم، بەڵام ئەوەندە بەس نەبوو بۆ من، چونکە لەوێدا تەنها باسی عاشقبوونی خۆی بە فاتم دەکات و هەندێ لەبەربەستەکانی بەیەکگەیشتنیان دەخاتە ڕوو. پێویستم بە دۆزینەوەی بازنە نادیار و ونەکانی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی دکتۆر ئاتیلا بوو. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە دۆست و ئاشنا و هاوڕێکانییەوە کرد، ئەوانەی کە لە سەردەمی جیاوازدا لەگەڵی بوون، هەمووان بە پەرۆشەوە بیرەوەرییەکانی خۆیان لەگەڵ د.ئاتیلا بۆم دەگێڕایەوە و لە هەر هەمووشیانەوە دەمبیست سەرسامن بە پاکیی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزییەکەی. سوپاس و پێزانینیم بۆ هەر یەك لە بەڕێزان ئەبو فەلاح، عوسمانی حاجی محمود،مام ڕۆستەم، عەلی چەلەبی، مامۆستا جوامێر، حەمەی مالیە، مەلاسەعید و مامۆستا سۆران و ئەردەمی خوشکەزای شەهید ئاتیلا.

سوپاس و پێزانین بۆ هاوڕێی هێژام بەڕێز کاك ئەحمەد ئەسکەندەری بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە و سەرنج و تێبینییە وردەکانی کە بۆ من لە پێداچوونەوەیدا سوودبەخش بوون.